
کورد

دوژمنی خۆت بناسە

بیرەوەری لێزانێکی موخابەرات

رەفیق پشدەری

بەرگی چوارەم



کورد دوژمنی خۆت بناسە

یاداشتەکانی لێزانێکی موخابەرات

بەرگی (١)

ڕەفیق پشدەری

٢٠٠٢ ز

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز

خزمەتکاری کورد و کوردستان دوو شتتان عەرزدەکات ، سلاوێك و پرسیارێك ...یەکەمیان سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی بەدل و ڕاستگۆیانە ، دووەمیشیان ئەوەیە ئامانجێکی پیرۆز لەبەرچاوبگرن و ئەو پرسیارە لە مێشکی خۆتان دەربکەن کەئێوە چی بوون و بیروباوەڕتان چی بوو ، بەڵکو باهەموو مەبەستێکمان هەوڵدان بێت بۆ خۆکۆکردنەوەو پاراستنی یەکڕیزیمان لەژێر یەك ئالادا ، بێئەوەی بایەخ بەڕەنگی ئەو ئالایە بدەین بەلام بەمەرجێك ئالایەکە گەلی کورد بنوێنێت بەهەموو چین ولایەن و توێژێکیەوە ، دوور لە بەرژەوەندیی تەسکی کەسیو دوور لەسایەو سێبەری هیچ دەولەتێك لەدەولەتانی دراوسێ...

کەواتە بابەدل و بەکول ؛ کار بۆ دواڕۆژێکی پرشنگدارو ئارام و ئاسوودەتر بکەین بەلام ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزمان لەبەرچاوبێت کەخوا دەفەرموێت ﴿ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم ﴾ .

بەڕێزان :

لەدوا بەشی کتێبەکەم (بەرگی سێیەمی کتێبی : کورد دوژمنیی خۆت بناسە)دا ئامارژەم بەوەدابوو کە بەهۆی باری ناجۆری کوردستان بەتەمانیم کتێبێك دەربارەی موخابەرات دەربکەم ، چونکە چاوەڕێی بارودۆخێکی جیاوازو ئارامترم دەکرد ، بەلام چەند ڕووداوێکی سیاسی بەشێوەیەکی کتوپڕ بەسەرداهاتن وایان لێکردم بترسم ئەم هەلەی ئێستام لەدەست دەرچێت ، لەولاشەوە خوێنەرانم بەگەرمەوە داوایان لێم دەکرد کەدەست بکەم بەنووسین و بلاوکردنەوەی ئەم کتێبە ئەویش بۆ شارەزابوون (ئەگەر کەمیش بێت) لەلایەنە پەنهانەکانی دەزگای موخابەرات و ڕاستی ئەم

پێشکەشە ...

بەهەموو کوردێکی پشت ئەستوورو باوەڕدار بەڕەوایی مافی گەلی کوردستان ...

بەگیانی شەهیدە پاك و بێگەردەکانمان؛ ئەوانەی بەخوێنی گەش و ئاڵیان ئەم بەشە ئازادکراوەی کوردستانیان رزگارکردو ئازادیی و هێمنیی و ئاسایشیان فەراهەم هێنا.

ئەو شەهیدانەی بەرگریان کرد لەگۆڕەپانی جەنگداو، لەڕاپەڕینی پیرۆزدا وەك قەڵغانێك وەهابوون و، لەکۆڕەوی گەلی کوردستاندا بەرگریان کرد لەکاتێکدا خەڵکی لەزوڵم و ستەمی سەدام هەڵدەهاتن..

بەوکەسانەی خولیاو ئالوودەی ڕاستین... خاوەن بیروباوەڕوو دەروونە پاکەکان...

باهەموو دەست لەنێو دەست کەین بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی حزبە سیاسیەکانی کوردستان دروستیان کردووەو، بووەتە هۆی پێکهاتنی بەربەستێك لەنێوان گەل و ئیدارەی حکومەتی کوردستاندا.

هەروەها بۆنەوەی یەك دەنگ و رابین چاوپۆشین لەگلەیی و گازندەو رق و کینە؛ کەئەنجامی دوولەمەندبوونی سەرکردەو بەرپرسەکان لەسەرگیانی گەل پێکهاتووەو دەرە نجامەکەشی بەخۆش گوزەرانی هەندێك و بێبەش بوونی هەندێکی تر کۆتایی هاتووە...

بۆیە ئەرکی سەرشانی گەلی کوردستانە رازیبێت بەو واقعە؛ چونکە چارەنووسی ئەزموونەکەمان راگیراوە لەسەر پشتگیریی گەل بۆ ئەو حکومەتەو، لەپێناوەی ئەوەشدا گەل بەهیواو ئاواتەکانی خۆی بگات.

دەبا دەست بەرداری خەونە وەنەوشەییەکان و گلەییوگازندە ببین و مامەڵەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ واقعدا بکەین بەو چەشنەی بەبارهاتووە، با هەمووشمان بەیەك دەنگ هاوار بکەین و بڵێین : بژی کورد ... بژی کوردستان ...

دەزگایـە کـە لەئـەنجامی کـارکردن و زانیـاری کۆکردنـەوەی خۆمـەوە ؛ کەسالأنێکی دووروودرێژ بەدەستم هێناوە لەم بوارەدا ، لەوانەیە بەهۆی ئەم کتێبەمەوە لایەنە پەیوەندارەکان بەمەرامی خۆیان بگەن .لێرەدا پێویستە هـاندەری سـەرەکی لـەبیرخۆم نەبەمـەوە بـۆ بلأوکردنـەوەی ئـەم کتێبـە، ئـەویش ئـەو بارودۆخـە شارسـتانیەی کـەدەتوانم بلێـم بارودۆخـە دەگمەنەکـەی ئـەم بەشـە رزگـارکراوەی خـاکی کوردسـتانە کـەئازادیی لەچاپدانی کتێب و بلأوکردنەوە سیمایەکی دیاریـەتی، کەلـەم بارەیـەوە نـابێت کاریگـەریی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان وەك حزبێکـی فەرمانڕەوا پشتگوێ بخرێت کەکاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر رەوتی ئازادیی لەچاپدان و بلأوکردنەوە لەناوچەی دەسەلأتیدا ، چونکە هەروەکو چـەند کەسـێك لەوانـەی لـەولأتانی رۆژئـاوا نیشـتەجێبوونە دەلێـن کتێبخانـەکانی شـاری سـلێمانی کتێبـی وایـان تێـدا دەفرۆشـرێت و نیشـاندەدرێت زەحمەتـە لەئـەمریکاو بـەریتانیا رێگـە بەبلأوکردنـەوەو فرۆشتنیان بدرێت .

سەرباریشـی بەقایلییـەوە دەلێـم کـەبنیاتی کۆمەلگـەی شۆرشـگێرو رۆشـنبیری ئەم ناوچەیـەی لێـوان لێـوە بـەگیانی نیشـتمانیو ئاراسـتەی داهێنەری رۆشنبیری، بۆتە سەنگەری پاراستنی کەسانێکی وەکو من... کەئەمـە هـانم دەدات بەئاشـکراو بێتـرس بنووسـم و ئـەوەی لەدلمدایـە بەنووسین بلأوی بکەمەوە ...خوای گەورە ئاگاداریی هەمووومان بکات .

دەزگای موخابەرات

هەرکەباسی ئەم دەزگایە دێتە ئاراوە پرسیارێك بەمێشکدا دێت کەئایا دەزگـای موخابـەرات چیـیە؟ لـەچی پێکدێـت وکـاری چیـیە؟... لەگـەڵ چـەندین پرسـیاریتر کەئـەوەندی شـارەزاییم لـەماوەی کـارکردنم لەداموودەزگا ئەمنییەکانی عێراق و ئەزموونی تەمەنم کەلەدنیای سیاسەتدا بردوومەتەسـەر، هـەروەها تێکـەڵبوونم لەگـەڵ سیاسـەتمەداران بۆیـان رەخساندووم ، وەڵام دەدەمەوە .

لەهەرسێ بەشی کتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدووروودرێژی باسی ئەوەمکردووە کەچۆن پێم نایە جیهانی موخابەراتیەوە ، وابـزانم ئـەوەش بـایی وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەیە ، بەڵگەیـەکیش هەیـە کەهەرچـەندە شـایەدییەکە لەلایـەن دوژمنـەوە بـەڵام هێشـتا شـانازی پێوەدەکـەم ، ئـەو بەڵگەیـەش لەبـەرگی یەکـەمی کتێبـی ناوبراودا بـاسمکردووە ، هیـوادارم کـەلێرە باسـیدەکەوە گلـەییم لێنـەکرێت. لەدانیشتنێکمدا لەگەڵ بەرێوەبەری پێشووی موخابەراتی عێراقی ، بەرێز سەعدون شاکردا ، دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەیەکمان کاتێك مۆڵەتم لێخواست برۆم ، ئەو پێشم کەوت دەرگای ئەسانسۆرەکەی بۆ کردمەوە . سەرەتا وامزانی لەگەڵ مندا دێتـە دەرەوە کـەچی گوتـی: مامۆسـتا رەفیـق فەرموو. گوتم: رێی تێناچێت بەرێزتان دەرگام بۆ بکەنەوە چونکە لەپلەدا جیاوازیمان زۆرە. گوتی: لەراستیدا دەبوایە سێیەکی دەزگای موخابەراتم بدایەتـە دەسـتی تـۆ بـەڵام... لـێرەدا قسـەکەیم پێبـڕی و گـوتم : ئەگـەر بەرەگەز عەرەب بوومایە هەموو دەزگاکە دەخرایە بەردەستم. ئەو پێکەنیو گوتی: بەخوا ڕاست دەکەیت ، تۆ شایەنی ئەوەیت .

راستییەکی ئاشکرا هەیە ئەویش ئەوەیە کەهەموو دروستکراوێکی مرۆڤ ، چاکەو خراپەی خۆی هەیە چ لەرووی تەکنیکی بێت چ لەڕووی ئایدۆلۆجی. ئەرەی دەنکە شخارتەیەکی داگیرساو بەدەستیەوە بگرێت دەردەکەوێت کەبۆ مەبەستێکی چاکیەتی یان مەبەستێکی خراپ ، لەوانەیە بۆ داگیرساندنی زۆپایەکی بێت یان ئامادەکردنی خۆراك ، یان لەوانەیە بۆ گرتێبەردان و وێرانکردن بێت .

بۆیە دەڵێین خراپ بەکارهێنانی دەزگای موخابەرات لەلایەن فەرمانڕەوا ستەمکارو شۆڤێنیستەکانەوە بۆ سەرکوتکردنی گەلە داماوو کلۆڵەکانیان ، ناوی ئەم دەزگا بایەخدارەی زڕاندووەو لەبەرچاوی خەڵك رەشی کردووەو کردوویەتی بەدەزگایەکی تۆقێنەر، لەکاتێکدا ئەم دەزگایە فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ سەقامگیرکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەت ، هەروەها زەنگێکە لەرێکەیەوە دامودەزگای حکومەت لەو مەترسییانە ئاگاداردەکاتەوە کە لەناوخۆی وڵات یان لەدەرەوەیدا رووی تێدەکەن. جگە لەوەی ئەم دەزگایە وەك چاودێر وایە بەسەر کارمەندو کارگوزارانی دەوڵەتەوە کەهانیاندەدات هەوڵبدەن و تێبکۆشن، هەروەها خۆیان لەهەرشتێك بپارێزن کەدەشێ لەکەداریان بکات ... لەکۆتاییشدا دەزگای موخابەرات پێوەرێکە ئاست و توانای وزەی کارمەندانی دەزگای کارگێڕیمان نیشاندەدات و رێگەمان بۆ ڕۆشن دەکات کەئەم کارمەندە خەڵات بکەین و ئەوەیتر لەکاربخەین .

لەبەرئەمە شارەزایی پەیداکردن دەربارەی دەزگای موخابەرات کارێکی گرنگە، لەهەمانکاتدا کارکردن لەچوارچێوەی ئەم دەزگایەدا شتێکی ئاسان نییە، چونکە ئەمە وەك هاوکێشەیەکی ژمارە نییە کەئەزبەر بکرێت و بېرێتەوە وەك ئەوەی کەدەگوترێت (١+١=٢) ئیتر ئەمە کۆتاییە ، بەڵکو

کارکردن لەم دەزگایەدا لەرێگەی شارەزابوون دەبێت لەپرنسیپەکانی، ئەویش بەهۆی ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادران لەرێی خولی داڕێژراو، چونکە ئەمە دەزگایەکی ئەمنی وەهایە لەکۆنەوە بۆ سیخوڕیکردن و بەیدۆزی(استطلاع)بەکارهاتووەو ، پێ‌بەپێی فراوانبوونی تەماعکردنە دەسەلات و بەرپابوونی ململانێ لەسەر پلەوپایەو دەستگرتن بەسەر ولاتاندا، ئەمیش پەرەی سەندووە .

بنیاتی دەزگای موخابەرات

دەزگای موخابەرات پێکدێت لە: بەرێوەەر ، سەرۆك بەشەکان و کارمەندەکانیان ، هەریەکە لەم بەشانە ئەرکێکی لەئەستۆیە بۆ راپەڕاندنی.

خەسلەتەکانی بەرێوەبەر چین ؟

١- دەبێ سەر بەبنەماڵیەکی ناوداری ولات بێت .

٢- جێی بڕوای حکومەت بێت بەتایبەتی سەرۆکی ولات کەدەبێ متمانەی نێوانیان سەد دەر سەدبێت .

٣- دڵسۆزو دەستپاك و زیرەك و تووریابێت، لەگفتوگۆ و کاروباردا دانەمێنێت، حازر بەدەست بێت .

٤- سەرنەرم و بێباك و دڵفراوان بێت چونکە بەرێوەبردنی ولات ، بەکردەوە لەئەستۆی ئەودایە .

سەرۆکی بەشەکان لەدوای هەڵسەنگاندنیان دادەمەزرێنرێن ، ئەویش لەلایەن خودی بەرێوەبەرو بەئاگاداریی سەرۆکی ولات. هەریەکە لەو سەرۆك بەشانە کاروباری بەشێکی دەزگاکەیان پێ‌دەسپێردرێت کە بەتەواوەتی لەبەرێوەبردنی بەرپرسیار دەبن و فەرمانەکان بەبێ‌مشتومڕ جێبەجێ دەکەن ، نابێت لەجێبەجێکردنی فرمانەکاندا کەمتەرخەمی بنوێنن هەروەها بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ نەبێت دەزگا بەجێ‌نەهێڵن ،

یان بەهۆی گواستنەوە بۆبەشێکی‌تر یان ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، یان مردن .

ژمارەی بەشەکانی دەزگای موخابەرات پەیوەندی بەقەوارەی دەزگاو توانای داراییەوە هەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی تەرخان دەکرێت . واتە دەشێ لە ١٣ بەش یاخود ١١٢ بەش پێکبێت .بۆنموونە بڕی خەرجیی یەك مانگی دەزگای پنتاگۆنی ئەمریکی، بەشی خەرجیەکانی چەند مانگێکی بەڕێوەبردنی فەرەنسا دەکات. واتە باری ئابوری، قەوارەی دەزگای موخابەرات و ژمارەی بەشەکانی دیاریدەکات .

دوای دامەزراندنی سەرۆکی بەشەکان ، ئەندامانی دەزگا هەڵدەبژێردرێن و دادەمەزرێنرێن. ئەمانە دەبێ سەر بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەبن وەك: خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا ، خاوەنی بڕوانامەی ماجستێر، مامۆستای قۆناغی ئامادەییو ناوەندی ، مامۆستای قۆناغی سەرەتایی ، خوێندکار ، شێخ ، مەلا، ئەفسەری سوپا یاخود هی پۆلیس ، سەرباز ، کرێکار، شۆفێری تەکسی، جووتیار ، نانەوا ، خاوەنی چێشتخانە ، خاوەنی چایخانە ، خاوەنی مەلها ، گۆرانیبێژ ، سەرتاش ، سەڕاف ، بنووس ، تەنانەت پیاوی وا کە لەگەڵ ئافرەتی سوزانیدا کاردەکات. بەکورتی دەشێ لەهەر توێژێکی کۆمەڵگە بێت و پێویستە هەریەکە لەمانە کەکاری خۆی گرتە دەست بەبێ کەموکورتی فەرمانەکان جێبەجێ بکات .

ئەوەی لەسەر بەڕێوەبەری دەزگاو سەرۆکی بەشەکان پێویستە کەبیزانن، ڕووداوە دێرینە سیاسییەکانی جیهانە لەڕووی فێڵ و تەڵەك پیلان، کودەتا ، پرۆسەکانی تێپەڕکردنی سەرکردەی وڵاتان ، شۆڕشە سەرکەوتوو و شکست خواردووەکان ، هەروەها دەقە بەدەقە

بەسەکردنەوەی دەنگوباسی جیهان و شارەزایی تەواو دەربارەی سیاسەت و ئابووریناسی ، چونکە هەموو سیاسییەك شارەزایە لەبواری ئابووریدا.
گرنگترین هۆکاریش کەببێتە مایەی سەرخستنی دەزگای موخابەرات بەشێوەیەکی رێکوپێك و لەسایەی دەسەلاتێکی دادپەروەردا هەستی نیشتمانبەروەرییە. چونکە کارمەندی ئەم دەزگایە لەگەڵ ئەوەی رۆژانە زانیاری دەربارەی زانستە سیاسییەکان بەگشتیو موخابەرات بەتایبەتی وەردەگرێت ، لەهەمان کاتدا دەبێت رۆژانە پەروەردەی بەهێزترین خۆشەویستی زاخاوبدرێت کەئەویش خۆشەویستیی خاکە. ئەم پرۆسەیەش بەپلەی یەکەم پشت بەسەرۆکی دەولەت دەبەستێت، لەدوای ئەویش بەرێوەبەری دەزگای موخابەرات و پاشان سەرۆکی بەشەکان و لەکۆتاییدا ئەندامە کارمەندو کارگوزارەکان. واتە : دەبێت هەموو کارمەندەکان بەشێوەیەکی راستگۆو بێپێچوپەنا هەست بنەوە بکەن کەهەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن؛ هەتا دەگاتە ئاستی خۆ بەقوربانیکردن، هەمووی لەپێناو نیشتماندایە نەك بەرامبەر کرێ یاخود مووچە یاخود رازیکردنی سەرۆکێك. چونکە ئەوەی خاوەنی هەستی نیشتمانپەروەری نەبێت و، خۆشەویستیی خاك لەپەروەردەیدا رەگی دانەکوتابێت ؛ شایەنی ئەوەنییە ناوی مرۆڤی لێبنرێت و ، لەدواجاردا خێرناداتەوە .

جگە لەهەموو ئەمانە ، لەسەر حکومەت پێویستە کەبودجەیەکی وا تەرخان بکات کەپێویستیەکانی کارمەندانی ئەم دەزگایە دابین بکات بەشێوەیەك کەچاویان لەدەستی هیچ کەس ولایەنێك نەبێت...شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەنەداریودەستکورتی، دەردێکی کوشندەیە. هەروەها پێویستە لەناو دەزگای موخابەراتدا ، دەزگایەکی بچووکی چاودێریی

نهێنی دابنرێت ، کارگوزارانی ئەم دەزگا بچووکە نەخەڵکانێکی پێشگەیشتووی هۆشمەند پێکدێت کە لەرووی هەڵسوکەوت و رەفتاری ئەندامانی دەزگاکە ، جیاوازی لەنێوان ئەم وئەودا نەکەن ؛ بەڵکو بەشێوەیەکی بێلایەنانە زانیاری لەسەر یەکەیەکەی دەزگا پێشکەش بکەن لەپێناو پاکژکردنی ریزی ئەندامەکان و دەستنیشانکردنی کەسانی بێوره، بێتوانا و نەوێر. دیارە چاوپۆشی نەکردن لەگەڵ ناپاکاندا قسەی تێداناکرێت ...هەروەها نابێت مەسەلەی دروستکردن و پێگەیاندنی گیانی دەست پێشخەریکردن و پێشخستن و نوێکردنەوەی دەروونی کارمەندو کارگوزارانی دەزگای موخابەرات پشتگوێ بخرێت بەڵکو بەشێوەیەك وەکو فاکتەرێکی بنچینەیی رەچاوبکرێت کەببێتە کاری شەوو رۆژیان.

هەتا ئێستا سیاسەتمەدار و مێژوونووسان نەیانتوانیوە سەردەم و مێژووی سەرهەڵدان یان دامەزراندنی دەزگای موخابەرات دیاری بکەن . هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا ، موخابەرات لەگەڵ دەسەلاّت و ململانێ سیاسییەکاندا پەیدابووە ، دیارە پێویستیش سەرچاوەو زادەی داهێنانە مێژووی ئەسکەندەری مەکدۆنیو باس وخواسی شەرەکانی دەریدەخەن کەئەو سەکردە یۆنانییە ، ئەم دەزگایەی بۆ پەیبردن بەهەواڵی دوژمنانیو دیاریکردنی قەوارەی سەربازییان بەکاردەهێنا ، هەروەها بۆ ئاشکراکردنی پیلانەکانیان و خۆئامادەکردن بۆ پەلاماردانیان کەئەمە فاکتەرێکی سەرکەوتنە سەربازییەکانیبوو، چونکە نەریتی وابوو هەتا هەواڵی تەواوو دروستی دەربارەی دوژمنانی دەستنەکەوتایە نەدەچووە شەڕ لەگەڵیاندا .

پەرەپێدانی ئەم دەزگایە پێبەپێی پێویستبوونو هۆشکردنی مرۆڤ

ـەردەوامبووە. ئنجا تەکنەلۆجیا هاتە ناو جیهانی موخابەرات بۆ
ـیخوڕیکردن و بەدەستهێنانی زانیاری سیاسی یان سەربازی ؛ هەروەها
ـۆ تیژڕو ئامانجیتر وەك بەهێزکردنی دەستەلاتو حوکمڕانیو
بێهێزکردنی دەسەلاتێکیتر؛ تەکنیکی پێشکەوتوو خرایەکار.

بۆنموونە ؛ پێش جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەدۆلف هتلەر ـ سەرۆکی پارتی نیشتمانیی سۆشیالیست و یەکە پیاوی دەولەتی ئەڵەمانیا لەو کاتەدا؛ ئەو پیاوە ئەفسانەییەی بۆ ماوەیەك هۆش وگۆشی بەملیۆنان لەخەڵکی سەراسیمەکرد، هەولێدەدا دەستەلاتی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، بریاریدا پۆلەندەی دراوسێ ولاتی داگیربکات. بۆیە دەستیکرد بەگەڕان بۆ دۆزینەوەی هۆکارێکی بەجێ کە لەڕێگەیەوە رای گشتیی جیهانی بەگشتیو هی گەلی ئەڵەمانی بەتایبەتی رازیبکات بۆ شەرعیەتدان بەوەی گوایە لەپێناو بەرگریکردن لەولات هەروەها بۆ بەرژەوەندیی خاك و نیشتمانی ئەلەمانیا ، پۆلەندە داگیردەکات .جا بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیایەی هەیبوو کەپێی دەناسرا ، جارێکیان رۆژنامەنووسێك لێی پرسیبوو : (ئێستا بەڕێزتان بیر لەچی دەکەنەوە؟) ئەو وەلامیدابۆوە : (Just Jerman , nothing else) !

کاتێکیش راوێژی بە ئەفسەرێکی دەزگای موخابەراتی ئەڵمانی کرد بۆ دیتنەوەی پاساوێك بۆ پەلاماردانی پۆلەندە ، ئەفسەرەکە نەخشەیەکی بێوێنەی بۆ کێشا کەیەکسەر جێبەجێیکردو ئامانجیشی پێکا. نەخشەکە بەم شێوەیەبوو :

ژمارەی(١٠٠)کەسیان لەزیندانییە کۆمۆنیستە ئەڵمانییەکان لەزیندانەکانی

ئەڵمانیا هێناو بەوە قایلیانکردن کەئەگەر لەسەر سنووری نێوان پۆلەندەو

ئەڵمانیادا؛ ڕۆڵی سەربازی پۆڵەندی بگێڕن ئەوە ئازاد دەکرێن. ئنجا دوو کیلۆمەتر دوور لەسنووری پۆڵەندە ئیزگەیەکیان دامەزراند، لەرێگەی ئەو بەرنامانەیەوە کە بەزمانی ئەڵمانی پەخشی دەکردن گەلی ئەڵمانیای هاندەدا تا لەدژی حوکمی نازیست ڕاپەڕن ، هەروەها جنێوی بەخودی ئەدۆڵف هتلەر دەدا، ئنجا دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامە بەناوی حکومەتی پۆڵەندە لەدژی هتلەرو حکومەتەکەی . لێرەدا ئەڵمانیا لەرێگەی باڵیۆزی پۆڵەندە لەئەڵمانیا، ئاگادارینامەیەکی ئاراستەی حکومەتی پۆڵەندەکرد کەبێگومان ئەو ، نکوولی لەمەسەلەکەکرد کە لەراستیشدا لێی بێئاگابوو .بەڵام هتلەر ئەم دژە راگەیاندنەی پۆڵەندەی کردە بەهانەو لەئەنجامدا هێزە سەربازییەکانی ئەڵمانیا هێرشیان بردە سەر ئیزگەکەو ئەو سەد سەربازە کۆمۆنیستەیان کوشت کەبەرگی سوپای پۆڵەندییان پۆشیبوو . پاشان هتلەر، ئیزگەکەو بەیاننامەکان و تەرمی کوژراوەکانی وەکو دیارترین بەڵگەی شەڕئەنگێزیی دەوڵەتە دۆستە دراوسێکەی خستە بەرچاوی گەلی ئەڵمانیاو، ئەمە بوو بەپاساوێك بۆی کەپەلاماری پۆڵەندە بدات. بەکردەوەش سوپای ئەڵمانیا پەلاماری پۆڵەندەیداو داگیریکرد.

سێ کەس لەم سیناریۆیە ئاگاداربوون : هتلەر ، ئەفسەرەکەو پزیشکێك. دوای ئەوە پلەی ئەفسەرەکە بەرزکرایەوەو بوو بەجێی متمانەی هتلەر ، بەڵام پزیشکەکە بەهۆی خزمەتە زۆرەکانیو دڵسۆزیی؛ هتلەر نەیکوشت بەڵکو خستیە شێتخانەیەك هەتا لەئەنجامی بۆردومانێکی هێزە ئاسمانییەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆ سەر بەرلین ، کوژرا .

ئەم سیناریۆیە هەر بەپەنهانی مایەوەو تا دوای جەنگ و داگیرکردنی بەرلین لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە ، پەردەی لەسەر هەڵنەماڵرا .

باخوێنەر سەرنج بدات کەسەد زیندانی ئەڵمانیو دەیان هەزار بێتاوان لەگەڵ پۆڵەندەو بەهەزاران سەربازی لەسوپای داگیرکەری ئەڵمانیا، بوون بەقۆچی قوربانی بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی تاکەکەسی .جا لەمێژووی جیهانی سیاسیی دوێنیو ئەمڕۆدا ، دەیان نموونەیتری لەم جۆرە هەبووەو هەیە ...خوای گەورە لەفێڵ و کەڵەکی کەڵەکبازان بمانپارێزێت و گەلی کوردیش لەپیلان و پیلانگێڕان بەدووربگرێت.

دوای جەنگی دووەمی جیهانیو کۆتایی هاتنی دەستەڵاتی هتلەرو نازیستەکان ، حکومەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی وەك بەریتانیا ، ئەمریکا ، فەرەنساو رووسیا کەدژی هتلەری نازیست جەنگیان بەرپاکردبوو ، رۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لەڕووی گۆڕینی سیاسەتی جیهان و ململانێکردن بۆ دەستەڵات سەپاندن و زەوتکردنی سامانی وڵاتانی دنیا. ئنجا ململانێی نێوانیان بەشێوەیەك گەورەبوو تا بەخۆیان وەرگەڕانە دوو خەنیمی سەنگەر لێکگرتووی سەر بەدوو بەرەی دژ: بلۆکی رۆژهەلات و بلۆکی رۆژئاوا. ئنجا یەکسەر جەنگی سارد لەنێوان ئەم دوو بلۆکەدا دەستی پێکرد ، دەزگای K.G.Bی سۆڤیەت و دەزگای C.I.A ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، بەنهێنیو بەئاشکرا کەوتنە دژایەتیکردنی یەکتر و لێدانی بەرژەوەندیی یەکتر ، لەناوچە جیاجیاکانی جیهان. پاشان پێشبڕکێی خۆچەکدارکردن دەستی پێکرد کەتێیدا هەریەکە لەو دوو بلۆکە هەوڵیدەدا رای گشتیی جیهانی بەلای خۆیدا رابکێشێت و لەهەمانکاتدا خۆی وەکو فریشتە بنوێنێت .

ئەمە لەکاتێکدا هەموو جۆرە چەکێکی قورسی وەکو موشەکی کیشوەربڕو ئەتومدار ئاراستەی چەند ئامانجێکی دیاریکراو کرابوون لەوڵاتانی سەر بەهەردوو بلۆکدا، هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن وەك

ئیزگەو رۆژنامەو گۆڤارەکان هەمیشە لەکاردابوون ، دامودەزگا پەیوەندارەکانی هەردوو بلۆك وایاندەکرد دەوڵەتانی دراوسێی یەکتر پێکدا بدەن ئەویش لەرێی بەکارهێنانی دوژمنایەتی نێوانیان یاخود نانەوەی ناکۆکیو دوژمنایەتی لەنێوان ولاتاندا بۆ ئەو مەبەستە کە لەئەنجامدا جەنگی دووروودرێژی وایان لێدەکەوتەوە شنگی لەهەردوو ولاتی بەشەرهاتوو دەبری ، ماڵ و سامان و توانای ئابووریی بەفیرۆ دەچوو وخوێنی هەزاران لەرۆڵەکانی دەرژا ، هەموو ئەمەش تەنها لەپێناو تاقیکردنەوەی ئەو چەکانەی کەهەردوو بلۆك لەرێی بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆجیاو مەترسیدارترین کەرەستەی قەدەغەکراو ، دروستیاندەکرد. تەنانەت هەندێك جار دەبینین لەپێناو پەیداکردنی بازار بۆ ساغکردنەوەی چەك و کەلوپەلە سەربازییەکانیان ، ململانێ دەکەوێتە نێوانیان .

دەکرێ بگوترێ مەترسیدارترین چەکێك کەهەردوو بلۆکی نەیار بەکاریان هێنابێت ماددە بێهۆشکەرەکانە وەك حەشیشە ، هیرۆین و کۆکاین و چەند جۆرێکیتر لەوانەی لەم دواییانەدا دروستکراون . ئەم ماددانە بەهۆی بازرگانەکانەوە بە ولاتاندا بلاوبوونەوە بۆ وێرانکردنی ژێرخانی هەندێك ولات ئەمەش لەرێی تێکدانی هۆشی لاوانی ولات تا ئاگاداری رووداوەکانی جیهان نەبن و لەئەنجامدا لەرووی بیروهۆشی نەتەوەییو نیشتمانییەوە سست بن.

بلۆکی رۆژهەلات برەوی بەم بازرگانییەدا، بەتایبەتی دەوڵەتی چین کەچەندین جۆر رێگەی بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکە کوشندەیە خستە گەڕ کە لەسەردەمی ماوتسی تۆنگدا ئەم کارە بەچاودێریی دەزگای موخابەرات ئەنجامدەدرا . لەکۆبوونەوەیەکی سەرۆکەکانی دەوڵەتە بێلایەنەکان کە لەسالانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەشاری ئەسکەندەرییەی میسر

بەستڕا، سەرۆکی کۆچکردووی میسر جەمال عەبدولناسر بەئاشکرا مەترسیی خۆی بۆ (شو ئان لای)ی سەرۆك وەزیرانی چین دەربڕی لەوەی کەچین لەو شەڕە تێوە بگلێت کەلەنێوان ئەمریکاو فیەتنامدا بوو و لەئەنجامدا چین بەناچاری بکەوێتە بەرەی شەڕەوە لەدژی ئەمریکا .

بەڕێز(شو ئان لای) لەوەڵامدا گوتبووی : حکومەتی چین ئەم مەترسییەی لەبەرچاو گرتووەو خۆی بۆ ئامادەکردووە، ئەوش کەموخابەراتی چینی، مەزراو کێڵگەی فراوانی بەتلیاك چاندووە بۆ ئەوەی بەهەرزان پێشکەشی سەربازی ئەمریکایی بکات و بەمە پەکی بخات .

ئەمەی سەرەوە نموونەیەکی ڕێوشوێنی موخابەراتیی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابوو . لەساڵی ١٩٤٦ەوە هەتا ئەمڕۆ ، هەرچی شۆڕش و کودەتاو ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی بەسەر هەندێك دەوڵەتدا هاتووە هەر هەموویان دەرەنجامی ململانێی نێوان بلۆکی سۆشیالیست بوو بەسەرکردایەتیی یەکیەتی سۆڤیەت و ، بلۆکی سەرمایەداری کەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد کە هەموو پیلان و پەنگاوەکان لەلایەن دەزگای موخابەرایەتی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەوە ئادەڕێژراو جێبەجێ دەکرا . چونکە کاریگەریی دەزگای موخابەراتی ئەو دوو دەوڵەتە بەهەموو لایەکی جیهان ڕاگەیشت بەتایبەتی دەوڵەتە عەرەبییەکان. دەبینین لەوڵاتە جیاجیاکانی ئاسیاو ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستەڵاتی ئەمریکاو بەریتانیاو ڕووسیا و فەرەنسا بەئاشکرا دیارە کەئەم دەوڵەتانە دەستیان لەهەموو کودەتاو شۆڕشێکی جیهاندا هەبووە مەگەر لەپێنج دەوڵەتدا نەبێت کەشۆڕشەکانیان بەخواستی گەل و دژی ویستی هەردوو بلۆك ڕوویاندا ئەوانیش ئەمانە بوون: شۆڕشی میسر بەسەرکردایەتیی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر ، شۆڕشی ١٤ی

ەكارکێشایەوە. چونکە ئەمە مەرجێکی کادری دەزگای موخابەراتە :
ئەگەر لەئەرکێکدا سەرکەوتووبوو ئەوە پلەی بەرزدەکرێتەوە هەروەکو
متلەر کەپلەی ئەفسەرەکەی لەمەڕ نەخشەدانان بۆ داگیرکردنی پۆڵەندەی
بەرزکردەوە ، خۆ ئەگەر شکستی خوارد ئەوە وەك (دالاس) دەبێت دەست
لەکار بکێشێتەوە .

یەکێتی سۆڤێت(جاران)و کورد

کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان ...

ئەوە خۆشەویستەکانم ...هەی وارسی سەرشۆڕی ... خوای گەورە
سەرکەوتن بکاتە بەشمان و پشتگیریمان بکات بۆ دەسهەڵگرتن لەبەشێکی
میراتیی باوباپیرانمان کەئەویش سەرشۆڕیو بێبەشییە کەنزیکەی بیست
سەدە لێمان نەبۆوە . سوپاس بۆ پەروەردگاری مەزن و نەبەردیی گەلی
کوردستان کەبەرگریکردو بەم رۆژە گەشە گەیشت ، هەروەها خوا رووی
دوژمنانمان رەش بکات .

لێرەدا دەمەوێ پێکەوە یادی پوختەیەکی چەند رووداوێکی کوردستان
لەدوای جەنگی جیهانی بکەینەوە ئەویش لەدیدوبۆچوونێکی
موخابەراتییەوە ، هەروەها هەڵوێستی هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا
بەبیر بێنینەوە دەرهەق بەگەلی کوردستان لەپێناو روونکردنەوەی
هەڵوێستە سلبییە یەك لەدوای یەکەکانیان بەرامبەر شۆڕشەکانی کورد
لەسەردەمی نوێدا .

پێدەچێت پیرەژنێکی کوردی نیشتەجێی کوێرەدێیەکی چەپەکی
شاخەکانی کوردستان دوعاو نزای لەلای خوا گیرابووبێت ، کەکۆماری
کوردستان لەئێران دامەزرا . بەلأم ئەم هەلەی بۆ کورد هەڵکەوت زۆری
نەخایاند ، کۆمارە ساوایەکە تەنها یازدە مانگ ژیا . ئەوەبوو ترومان ـ

تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بەسەرکردایەتیی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسم لەعێراق، شۆڕشی لیبیا بەسەرکردایەتیی دۆستی گەلی کورد سەرۆك معمەر قەزافی ، شۆڕشی کووبا بەسەرکردایەتیی فیدل کاسترۆ ، شۆڕشی جەزائیر بەسەرکردایەتیی بەرەی نیشتمانیی جەزائیر، ئیتر هەرچی گۆڕانکایەکی‌تری سیاسی‌و سەربازی لەجیهاندا روویدابێت ئەوە بەتەنها لەبەرژەوەندیی بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادابووە ، وەك:

١ـ رووخانی کۆماری کوردستان لەمهاباد (ئێران)و لەسێدارەدانی شەهید قازی محەمەدی سەر کۆماری بەدەستکیسەی C.I.A بوو .

٢ـ پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسرائیل بەپلانی بەریتانیاو ئەمریکابوو .

٣ـ دووبەرەکی نانەوە لەکۆریاو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەداو دابەشکردنی بەسەر کوریای باکورو کۆریای باشووردا کە گەلی کۆری هەتا ئەمڕۆ بەدەست ئەو جیاکردنەوەیەوە دەناڵێنێت .

٤ـ کاتێك دکتۆر محەمەد موسەدەق حوکمی ئێرانی گرتە دەست، شای ئێران بەرەو عێراق هەڵهات و پاشان روویکردە ئەورووپا ، بەڵام لەساڵی ١٩٥٣ دا جەنەراڵ زاهدی بەپیلانێکی دەزگای C.I.A کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدا کە بەهۆیەوە شا گەڕایەوە بۆ ئێران.

٥ـ لادان و لەسەرکارخستنی ئەحمەد سوکارنۆی سەرکۆماری پێشووی ئەندۆنیزیا ئنجا دانانی سوهارتۆ لەجێی ئەو ، پلانی C.I.A بوو .

٦ ـ دەزگای C.I.A پلانێکی دارشت بۆ دابەزاندنی هێزەکانی مارینز(هێزی دەریایی) ئەمریکی لەدوورگەی (ام الخنازیر) لەکووبا بۆ رووخاندنی رژێمی حوکمی فیدل کاسترۆ بەڵام پلانەکە سەری نەگرت. ئەوکاتە (دالآس) ماوەی چواردە ساڵ و چوارمانگ بوو بەرێوەبەری ئەو دەزگایە بوو ، بەڵام دوای شکست هێنانی ئەو پەلامارە ئاسمانییە دەستی

سەرۆکی ئەو دەمەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئاگانامەیەکی توندی کردە سەر ستالین سەرۆکی سۆڤیێتی جاران ، تێیدا داوای لێکرد بەزووترین کات هێزەکانی لەئازربێجان بکێشێتەوە، ئەگەر نا، ئەوە هێزە زەمینی و دەریایی و ئاسمانییەکانی ئەمریکا پەلاماری سوپای سووری سۆڤیێت دەدەن کەئەو دەمانە پشتیوانیی لەکورد دەکرد . چونکە دوای روخانی هتلەر ، هەردوو بلۆکی جیهانی؛ لەسەردابەشکردنی جیهان بەسەر چەند ناوچەیەکی دەستەلات لەنێوان خۆیاندا رێککەوتن کە بەپێی ئەودابەشکردنە ، ئازربێجانی رۆژئاوا بەر سۆڤیێت دەکەوت . لەو کاتانەشدا کورد (کۆماری کوردستان ـ مهاباد) هاوپەیمانی ئازەربێجان بوو لەدژی دەستەلاتی شاهنشاهی لەئێران ، بۆیە بوونی سوپای سووری سۆڤیێتی لەناوچەکەدا پەکی شای خستبوو کەدژی کورد بجووڵێت . بەڵام دوای ئەوەی ستالین ملی بۆ ئاگانامەکەی ترومان کەچکردو هێزەکانی سوپای سوور لەئازەربێجان کشانەوە، ئیدی هێزەکانی ئێران؛ کەرۆژئاوا پشتگیری دەکردن بەریان بۆ بەرهەڵدابوو و پەلاماری کوردستانی ئێرانیان داو شاری مهاباآدیان داگیرکرد ، بەمەش کۆماری مهاباد رووخاو سەرکۆماری قارەمان، قازی محەممەد لەگەڵ ١٢ هاورێیدا لەسێدارەدران .

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت کە: بۆچی حکومەتی سۆڤیێت پشتگیری لەگەڵی کورد نەکرد؟ بۆچی سۆڤیێتەکان ، کوردو قازی محەمەدیان وەکو خاوەن مافێك سەیر نەکرد تا داکۆکی لێبکەن ؟ خۆ بەلانی کەم دەیانتوانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکاو دەسەلاتی ئێران بکەن و ئاگربڕێکیان بسەپاندایە کە بەهۆیەوە، پارێزگارییان لەدەسەلاتی کوردی بکردایە ! کەچی سەرباریشی، دەبینین شوێنکەوتوانی ئەو کاتەی بیری ستالیزم و ئەوانەش کەتا ئێستا رچەی ئەو بلۆکەیان بەرنەداوە ، سوورن

لەسەر ئەوەی گوایە ستالین ، کوردستانی لەبەرئەوە تالانفرۆش کرد تا ئەرێی بەقوربانیکردنی کەم لەپێناوی زۆردا ، پارێزگاریی لەئاشتی جیهان بکات!

بەلام راستییەکە لەواقیع تالترو دژوارترە ، چونکە سوپای سوور کە لەئازەربێجانی رۆژئاوا پاشەکشەی کرد تەنها بۆ رازیکردنی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوو ، بەلکو لەراستیدا رێککەوتنامەیەك لەنێوان ستالین و سەرۆك وەزیران (قوام السلطنة)ی ئێران مۆرکرابوو کە بەپێی رێککەوتنامەکە ؛ ستالین چیترو زیاد لەوە بۆ هەتا هەتایە پشتگیریی گەلی کورد نەکات ، ئەمەش بەرامبەر ئەوەی کەئێران ، بۆماوەیەکی درێژخایەن نەوت بەرووسیا بدات.

سەیر لەوێدایە کەدوای رووخانی کۆماری مهابادو لەباربردنی خەونی ئەزنی نەتەوەیی کورد، (قوام السلطنة) لەرێککەوتنامەکە پەشیمان بۆوە ، جا لەکۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی ئێراندا گوتبووی: (بڕوا ناکەم حکومەتی رووسیا گلەیی ئەوەم لێبکات کەپەشیمان بوومەتەوە لەوەی نەوتیان بدەمێ ، چونکە لەئێراندا پەرلەمان و یاساو مافی گشتی هەیە ، منیش هەرچەندە سەرۆك وەزیرانم ، بەلام لەوەندە زیاترم لەدەسەلاتدا نیە کەتەنها یەك پەرداخ نەوت بەرووسیا بدەم .

لێرەدا بەئاشکرا، شکستخواردنی ستالین لەم بازرگانییە دۆڕاوەدا بەدیدەکەین کەچی سەرباریشی ، ئەوانەی لەسەر دروستیی سیاسەتەکانی ستالین سوورن ، دەلێن: ئاخر ئەوەی کار نەکات هەلە ناکات !

خوێنەرانی بەرێز :

رێگەم بدەن پرکێشی بکەم کەداواتان لێبکەم بەدەم ئەم مەسەلەیەوە بزەیەك بکێشین ! لەگەرمەی ململانێ لەناو کوردستاندا بۆ رووخاندنی کۆماری مهاباد بەپیلانێکی ئەمریکی - رووسی - ئێرانی ، هەروەها بۆ دەستگیرکردنی سەرانی بزوتنەوەی کورد ، سەرکردەی کۆچکردووی کورد مەلامستەفا بارزانی توانی لەگەڵ ٥٠٠ کەس لەهاوڕێ‌و لایەنگیرانیدا سنووری ئێران ببەزێنێت و خۆی بگەیەنێتە خاکی یەکێتی سۆڤیەت و لەوێ داوای مافی پەنابەری بۆ خۆی‌و هاوەڵەکانی بکات، ئەوەش لەو دەستەلاتەی ئاگاداری وردودرشتی کارەساتەکەو هۆکارو ئەو دەرەنجامانەش بوو کەبوونە مایەی ئەوەی ئەو سەرکردەیەو هاوەڵەکانی، پشت لەکوردستانی ئێران بکەن و هەڵێن .

موخابەراتی K.G.B ، هەتا ساتی فرۆشتنی کێشەی کوردو تەسلیمکردنی گەلی کورد بەدەسەلاتی ئێران، بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کۆماری‌مهابادو سەرکردایەتییەکەی هەبوو کەمەلامستەفای بارزان کۆڵەکەیەکی بوو ، بۆیە شتێکی بەڵگەنەویست بوو کەدەبوایە دەستەلاتی سۆڤێتی، رێز لەو سەکردەیەی کوردو هاوەڵەکانی بگرێت و وەکو نوێنەرێکی گەلی کوردو سەرکردەیەك پێشوازییان لێبکات . زیاد لەمە، لەسەر دەستەلاتی سۆڤێتی پێویست بوو وەکو هەرپەنابەرێکی سیاسی کە لەجیهاندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، مامەڵە لەگەڵ بارزانی‌و هاوەڵەکانی بکات. بەلاّم سۆڤێتیەکان لەبەرئەوەی چاویان بەکورددا هەڵنەدەهات کەببێتە خاوەن قەوارەیەکی سیاسی، هەروەها پابەندبوونیان بەجێبەجێکردنی کوێرانەی ئایدیۆلۆجیاکەیان دەرهەق بەگەلی کورد کە لەگەڵ پرۆسەی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد

یەکینەدەگرتەوە، ئنجا بەهۆی سووك سەیرکردنی گەلێك و سەکردەیەك؛ مامەڵەیان بەرامبەر مەلا مستەفای بارزان و هاوەڵەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

دوای چەککردنی مەلامستەفا و ٥٠٠ هاوەڵەکەی ، لەمیانەی لێپێچینەوەیەکی ورددا ناویان تۆماکرا ، ئنجا بەژمارەی کەم و تەنیا بەسەر شارو شارۆچکەکانی یەکێتی سۆڤێتدا دابەشکران، وەکو دەستبەسەر بێئەوەی گوێ بەباری گوزەران و بژێویان بدرێت کەدەبوایە کارگێڕیەتیی رووسی، مووچەی مانگانە بۆ هەریەکەیان دابین بکات بۆ خەرجی بەرگ و خۆراك. بۆیە مەلا مستەفای بارزان و هاوەڵەوکانی ناچاربوون هەموو جۆرە کارێك بکەن ، بۆ نموونە مەلامستەفای سەرکردەی کورد دەستیدایە قەسابیکردن، لەهەندێك بارودۆخی دژواریشدا کەرووی تێکرد ناچاربوو خۆڵڕێژی بکات. ئەمە خۆی لەخۆیدا سووکایەتیکردنی کارگێڕیی ئەو دەمانەی رووسیایە نەك هەر بەسەرکردەی کورد، بەڵکو بەهەموو گەلی کورد ، جگە لەوەی ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کەرووسیا هەرگیز نەبوون و ناشبنە پشتیوانی گەلی کورد هەروەکو ئەدەبیاتی سیاسییان بانگەشەی پشتگیریکردنی گەلانی ستەم لێکراو دەکەن یان هەروەکو هەوادارو شوێنکەوتوانیان لەولاتانی رۆژهەلات بەتایبەتیو جیهان بەگشتی، لافی پێوە لێدەدەن . بڕواش ناکەم هەرگیز بیریان لەوە کردبێتەوە ئاوڕ لەمەسەلەی کورد بدەنەوە بەڵکو هەموو چاکەیەکیان بەسەر کوردەوە، دۆستایەتییەکی سەرزارەکییە کەزیانی هەیە نەك سوود .

چونکە ئەو بارودۆخە دژوارەی سەکردەی کۆچکردوو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لەوێ بەسەریبرد، تەنها دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا ئنجا

وردەكارییەكانی ئاشكرابوو. وابلاوكرابۆوە گوایە سەرۆك بارزانی لەیەكیەتی سۆڤێتدا پلەی جەنەراڵی پێدراوە، هەروەها لەگەڵ هاوەڵەكانیدا لەئەكادیمیای سەربازی لەرووسیادا ، دەخوێنن ..بەلا. ئەمو ئەم پروپاگەندانە قسەی پروپووچ بوون ! چونكە راستییەكە دژواربوو . چەند دەوڵەتێكی جیهان لەئێزگەكانیاندا ماوەیەكیان بۆ بلاوكردنەوەی بەرنامە بەزمانی كوردی تەرخانكردو تا ئەمرۆش ئەمە بەردەوامە ، بەلام دەبینین سەرباری ئەوەی پارتی شیوعی لەعێراقدا هەیەو پەیوەندییان بەیەكێتی سۆڤێتەوە هەبوو، كەچی هەتا ئێستا نەمانبینیو نەمانبیست كەرووسیا، تەنها پێنج دەقە لەماوەی پەخشی ئێزگەكەی بۆ زمانی كوردی تەرخان بكات...

بابگەرێینەوە بۆ باسەكەی خۆمان ... موخابەرات ...

موخابەرات لەسەرەتای فەمانرەوایی ئیسلامدا :

خوێنەری بەرێز ...

مەبەستم لەوەی باسمكردو لەوەش كە لەمەودوا باسیدەكەم. شارەزابوونە لەهەندێك لایەنی دەزگای موخابەرات تالەو رێگەیەوە بیسەلمێنم ئەم دەزگایە، رادەبەدەر گرنگە بەڵكو زیاد لەمەش لەرووی سەقامگیركردنی كۆڵەكەكانی هەردەوڵەتێك، رەگەزێكی بنەرتییە ئەویش ئەگەر خەڵكانێكی دەستپاك بەرێكوپێكی بەرێوەی بەرن .

پێغەمبەری خوا (د.خ) بۆ زانینی راستییەكان و پەردەهەڵماڵین لەرووی شتە پەنهانەكان ، لایەنی موخابەراتی پشتگوێ نەخستووە ، هەمیشە بایەخی بەوەداوە كەچاودێری هەبێتو بەناوچەكاندا بلاویان بكاتەوە، هەروەها بۆ پەیبردن بەراستییەكان پیاوی وردبین و كارامە هەڵبژێرێت

ئنجا لەسەر راپۆرتی ئەوانە، بڕیار بەسەر کاری مەترسیدار بدات کەپەیوەندی بەپارێزگاریکردن لەئاین و گەیەنەری پەیامی ئاسمانی هەیە.

دەبینین لەشەڕی خەندەقدا، پێغەمبەری خوا(حذیفة بن الیمان)ی هەڵبژاردوفەرمانی پێدا باری دوژمن بەوردی هەڵسەنگێنێت و هەواڵەکە بێنێتەوە کەسوپای کافرەکان بەنیازبوون پەلاماری شاری مەدینە بدەن، ئنجا لەخوا پاڕایەوە کەحوزەیفە لەگەڵ خۆیدا بەبەهەشتی بەرین شادبکات... خوا هەموو لایەکمان بەبەهەشت شادبکات.

هەرچەندە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا دەزگایەکی موخابەرات بۆ راپەراندنی ئەو جۆرە کارانە نەبوو، هەروەها خەڵکی شارەزاش لەم بوارانەدا نەبوو، بەلأم پێغەمبەری خوا (د.خ) بەلێهاتوویی و بیرە تیژەکەی خۆی خەڵکی گونجاوی بۆ هەموو کارێك هەڵدەبژارد. پێغەمبەر، لەبەرئەوەی نیازی زانینی توانای سەربازیی دوژمن بوو وای بەپێویست زانی کەبۆ پەیداکردنی ئەم جۆرە زانیارییانە بایەخ بەلایەنی هەواڵدۆزی (استطلاع) بدات، چونکە دەبوایە هەواڵی ئەو دوژمنانەی بزانیایە کەهێزەکانیان بۆ لەداونانی خودی خۆی ئنجا بێهێزکردنی بانگەوازەکەی تەیار دەکەن. پێغەمبەر تەنها دەیویست ئەو هەواڵانە بزانێت نەك زیاتر، چونکە بەپێی دەقی ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز کاری دەکرد کەدەفەرموێت:﴿ ولا تجسسوا ولا يغتب بعضكم بعضاً﴾.واتە: پێغەمبەر (د.خ) پرۆسەی سیخوڕیکردن بەسەر ئەو دوژمنانەی مەترسییان بۆ سەر ئیسلام و موسڵمانان لێدەکرا، حەلاڵکردبوو، تەنانەت ئەو مەترسییانەی رووباندەکردە ریزی موسڵمانان نەکا بکەونە بەر کاریگەریی پارەو ماڵ و سامان، چونکە خوای گەورە کەفەرموویەتی : ﴿وخلق الانسان ضعيفاً﴾ ئەوە کەسی لەوە هەڵنەبواردووە کەدەشێ لەو ڕووەوە

کاری تێبکرێت و بەپارە و سامان لەخشتە ببرێت .

دەبینین کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب (ر.خ) لەسەر کەڵەکە کردنی ماڵ و سامان، ئەبو مووسای ئەشعەریی لە ویلایەتی شاری بەسرە خست هەروەها ئەبو هورەیرەی لەویلایەتی بەحرێن خست هەرچەندە ئەوانە، ئەو ماڵ و سامانەی دەستیان کەوتبوو لەگەڵ (بيت المال)دا کردیان بەدوو بەشەوە، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کەئەم فەرمانداڕانەی سەرەتای مێژووی حوکمڕانی ئیسلام، کەوتبوونە بەر کاریگەریی پارەو سامان کۆکردنەوەو لە هەمان کاتیشدا حەزرەتی عومەر چاودێری بەسەریانەوە هەبووە.

کتێبی (مێژوو)ی لەمەڕ مێژوونووسی ئیسلامی تەبەری ، دەریدەخات کەدەزگای سیخوڕیکردن لەپێناو پاراستنی ئاسایش و ئارامیی دەوڵەت، لەمێژووی ئیسلامدا لەسەردەمی موعاویە کوڕی ئەبو سوفیان دامەزراو ئەوانەی ئەو دەزگایەیان بەڕێوەدەبرد بە(اصحاب الشرطة) ناودەبران.

ئنجا کاتێك ئەمەوییەکان دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامییان بەتەواوەتی گرتە دەست، ئەم دەزگایەیان پەرەپێداو دەوڵەت زیاتر بایەخی پێدا. ئەویش لەرێی پشتبەستن بەپرنسیپێکی گرنگ بۆ کارکردن لەچوارچێوەی ئەم دەزگایەداکە: کارمەندانی دەزگاکە یەکتر نەناسن و لەخۆیان سەرووتریش نەناسن ، بەمەش هەریەکەیان بەرپرسیاردەبوو لەپلەکەی خۆی و لەهەمانکاتدا هەمیشە لەو چاودێرە دەترسا کەبەسەریەوەیەتی و نەشیدەناسی، ئنجا ئەوەی لەخوا نەترسایەو ناپاکی بکردایە، دادگا سزای دەدا.

دەگێڕنەوە ئەبو جەعفەری مەنسوور هەمیشە دەیگوت: (چەندم پێویست بەچوار کەسە لەناو دەرگامدابن کە لەخۆیان دەستپاکتر

نـــەبێت...) گوتیـــان: (ئەوانـــە کێـــن؟) گوتـــی:ئەوانـــە کۆڵەکـــەی فەرمانڕەوەوایەتین، هەروەکو چۆن چارپا بەبێ چوار ئەستووندەگ نابێت. ئەوچوار کۆڵەکەیەش ئەمانەن:

١ـ قازییەك لەترسی خوا، لەهیچ نەترسێت.

٢ـ (صـاحب الشـرطة) یـەك کەبێدەسـەلأت بەسـەر دەسنـەلأتداردا سەردەخات.

٣ـ باجسێنێك لەشت ورد دەبێتەوەو ستەم لەهاوولأتیان ناکات.

٤ـ چوارەم ...لێرەدا خەلیفە سێجار پەنجەی خۆی دەگەزێت و لەهەموو جارێکدا دەڵێ(ئاخ...)...

پێیان گوت: ئەی میری ئیمانداران ،چوارەم کەس کێیە؟

گوتـــی: هـــەوالدۆزێك کـە بەڕاسـتی لەسـەر ئەوانـە دەنووسـێت(بڕوانە:تاریخ الطبري).

دەڵێن: ئەوەی شایەدی بەچاودێتە بەدیدەکات، بێئاگا بەدی ناکات.

ئـەوەی ئـەبو جەعفـەر هـەوڵیدا کەدەسـتی بکـەوێت چوارچێـوەی هەردەوڵەتێك و بناغەی هەرقەوارەیەکی پتەوبوو. چونکە قازی(دادوەر)ی دادپەوەر کە بەپێیفەرمانی خواو یاسا حوکم بکات، هەروەها لێپرسراوی ئاسایش(صاحب الشرطة) کـەپارێزگاریکردنی هاوولأتییـانی لەخراپـەو گـەندەڵی لەئەستۆدایە؛ ئەمانە رووکاری دەوڵـەت و وێنـەی ڕاسـتەقینەی ئایدیۆلۆجیای حکومەتن لەبەردەم گەلدا. ئنجا وەزیری دارایيو ئابووری، رێکخەری ولأتو داینەمۆی چالاکیو گەشەسـەندنی دەوڵەتـە پێبـەپێی دابینکردنـی خزمـەتگوزاریی تەندروسـتیو فێرکـاری و پـەروەردەیی. چوارەم کەس خودی بەڕێوەبەری موخابەراتە کەدووره لەلادان و گەندەڵیو لەلایـەن سـەرۆکی دەوڵەتـەوە چـاودێری دەکرێـت کەسیاسـەتی دەوڵـەت

بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامێکی دروست و بناغەگەلێکی زانستی بەڕێوەدەبات لەپێناو مەبەستێکی بالاّ کەئەویش خزمەتی مرۆڤ و بەتایبەتی دەوڵەت و گەلە. شایەنی باسە ئەو هەوێنەی دەبێت لەشەمرۆ بەڕێوەبەرێکی دەزگای موخابەرات و سەرۆک دەوڵەتێکدا هەبێت دڵسۆزییە کەدەبێ خەڵکی تریشی موتووربە بکرێت.

هەموو دەوڵەت و ولاّتێك دەزگای موخابەرات بەکاردێنێت، ئەوەی هەیە لەڕووی پێکهێنان یاخود ناونانی دەزگاکە، لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر جیاوازی هەیە. بەلاّم گرنگ ئامانجی دەزگاکەیە بەشێوەیەکی گشتی کەئەویش پاراستنی دەستەلاّتە، هەروەها پارێزگاریکردنی ئاسایشی ولاّت و خزمەتکردنی گەلە...بەلاّم ماشەڵلاّ لەگەورەیی خوا، داموودەزگا ئەمنییەکانی عێراق لەرۆژی دامەزراندنیانەوە هەتا ئەمرۆ، لەچوار شت بەرپرسیارن:

١- پاراستنی سەرۆکی دەوڵەت لەهەر پیلانێکی دەرەوە یان ناوەوە کەبۆ لەناوبردنی ئەو یان دەسەلاّتەکەی دەگێردرێت، هەروەها لەناوبردنی ئەوانەی مەترسییان بەرامبەر سەرۆك لێدەکرێت با ئەو مەترسییە بەرێژەی ١٪ یش بێت.

٢- کارکردن بۆ سەقامگیرکردن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرۆك کەهەرچەندە پێچەوانەی یاسان، بەلاّم وتەو راوێژەکانی بەدەقی یاسا لەقەڵەم دەدرێن، ئنجا بڕیاردانی سزا بۆ ئەو لێپرسراوە حکومی و حزبییە هەروەها بۆ ئەو هاوولاّتییەی کەئەو فەرمانانە بەتەواوەتی (١٠٠٪) جێبەجێ ناکات یان لەجێبەجێکردنیاندا کەمتەرخەمی دەکات.

٣- سەرکوتکردنی هەموو گەلی عێراق. لەم رووەوە شاخەکانی کوردستان و نێوان رووباری دیجلەو فورات لەناوەڕاستی عێراق هەروەها

ڕۆنگاوەکانی باشووری عێراق، شایەدی لەسەر دڕندایەتیی ئەم دەزگا تۆقێنەرە دەدەن.

٤ـ داهێنانی نزمترین ڕێوشوێن بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد لەڕووی ڕەگەزەوە هەروەها گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافی کوردو لەناوبردنی سیمای کەلەپوورو کەلتووری کوردی.

دامودەزگا موخابەراتییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە وەکو تورکیا، سووریاو ئێران هەمان ڕچەیان گرتەبەر بەلأم بەرێوشوێنێکی جیاواز یاخود سووکتر.

ئەوانیش توندوتیژیو پرۆسەی چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی گەلانی خۆیان بەگشتیو لەدژی گەلی کورد بەتایبەتی پیادەکرد. جا هەروەکو لەبەشەکانی کتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا باسمکردووە، ململانێو ناکۆکی لەنێوان ئەم دەوڵەتانە هەرچەند توند بێت بەلأم لەئاست لەناوبردنی گەلی کورددا کۆك و تەبان، ئەگەر پەیوەندیی دیپلۆماسی لەنێوانیشیاندا بپچڕێت یان ئاڵوگۆڕی بازرگانییان نەمێنێت ئەوە ئاڵوگۆڕی زانیاریو داهێنانی ڕێوشوێنی تایبەت و تاقیکردنەوەی نوێ بۆ لەناوبردنی گەلی کوردو سەرکوتکردنی شۆڕشو بزوتنەوەکانی، هەمیشە لەبرەودایەو ڕێگەی هاتوچۆکردنی یەکتریان لێناگرێت...

مرۆڤ بەچی مرۆڤە؟ یا ئەوەیە لەخواو لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی دەترسێت، یا لەسزای یاسایەکی دادپەوەر یا لەشەرعێکی مرۆیی دەترسێت کەئەقڵێکی هۆشمەند دایڕشتووە وەکو یاساکانی حەموورابی لەسەردەمی کۆندا، یان بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ گەلاڵەی کردووە.

ئەم یاساوڕێسایانە بەری ڕێگە لەمرۆڤ دەگرن کەکاری خراپ و دژوار

نەکات... بەلاّم چاوەڕێی چی لەکەسانێك دەکەیت کەولاّتێك بەڕێوەدەبەن و دەزگای موخابەراتیان لەژێردەستدایە بەلاّم خۆیان بڕوایان بەخواو کتێبە ئاسمانییەکان نییە؟ کەسانێك دەستی دادو یاسا پێیان راناگات و کەسیش نازانێت رەچەڵەك و بنەچەیان چییەو ئەو فێرگەیەی تەواویانکردووە نەرووناکی بەخۆیەوە بینوە نەفریشتە چۆتە ناوی...دیارە دڕندەیی و بێبەزەییایەتی و زۆروستەم، خەسلەتی دیاری ئەم جۆرە کەسانە دەبێت.

بەکورتی، مافی هاوولاّتیبوونی کورد لەهەرلایەکی خاك و نیشتمانی خۆیدا بێت پارێزراو نییە، چونکە بەهاوولاّتیی پلە دوو لەقەڵەم دەدرێت و دەبێت لەبۆتەی نەتەوەی تورك یان فارس یان عەرەبدا بتوێتەوە تابژی، خۆ ئەگەر لەوەندە زیاتری ویست ئەوە دەبێت خاك و شەرەفی خۆی بفرۆشێت و ببێت بەسیخوڕ... ئەمەش سەرەتای لەناوچوونیەتی. خۆئەگەر کوردێکی سەربەرزو نیشتمانپەروەرێکی پاك بێت ئەوە زیندان و ئەشکەنجەدان و دەردیسەری لەپێشیەتی.

ڕێگەچارەی سێیەم هەلاّتنە بۆ هەندەران، بۆ دەرەوەی ولاّت تاکەمێك لەمافەکانی مرۆڤی دەستبکەوێت، ئەمەش ئەگەر خوا بۆی رێکخست و لەدەریا نەخنکا یان بەگوللەی پۆلیسی سەر سنوورە نێودەوڵەتییەکان نەکوژرا، ئنجا کەدەستگیردەکرێت بەنابووتی سنووررداش دەکرێتەوە، ئەم هەلاّتنەش تەنها لەتوانای خەڵکی پارەدارە...

خوێنەری خۆشەویست:

باپێکەوە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوەو شتێك دەربارەی مێژووی خەباتی نەپساوەی گەلی کوردستان بزانین.

مێژوونـــووسان، زۆر بەدەگمەن؛ دەشتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم تائێستا

باسی تێکشکانێکی سەربازییان تۆمارنەکردووە کەببووبێتە مایەی ڕووخان یان لەدەستدانی دەسەڵاتێکی کوردی، یان باسی هەوڵێکی کوردییان کردبێت بۆ ڕزگاربوون لەزۆرووستەمی گەلانی دراوسێ لەنزیکەی(٢٠٠٠)ساڵ لەمەوبەرەوە، واتە لەو ڕۆژەوە کەحکومەتی میدیای کوردی رووخاوە. هەموو ئەو نسکۆیانەی هاتوونەتە ڕێگەمان و بوون بەهۆی زیان پێگەیاندن و تێکشکانی سیاسیمان هەروەها لەدەستچوونی چەندین هەلی زێڕین بۆ سەربەخۆییمان و بنیاتنانی ئیدارەیەکی کوردی؛ هەموو ئەمانە لەسۆنگەی فاکتەری سیاسی بوون.

بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو ڕووداوانە باسی دو لەشکرکێشی سەربازی دێنمەوە کە لەمێژوودا کراونەتە سەر کوردستان و سەرچاوە مێژوویەکان باسیانکردووە. یەکەمیان لەشکرکێشییەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنییە کەمێژوونووسان نەبەردیی گەلی کوردیان لەبەرنگاریکردنی سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنی تۆمارکردووە کاتێك ئەوهێزانە بۆ گەیشتن بەخاکی ئیمپراتۆریەتی فارس، بەکوردستاندا تێپەربون و چۆن ئەسکەندەری مەکدۆنیو سوپا زەبەلاحەکەی تووشی زەرەروزیانێکی گەورەی ماڵیو گیانی بوون لەسەردەستی شەرڤانانی کورد ئەوەش هەر لەسۆنگەی ئەوەی کەکورد نەیویستووە سوپایەکی داگیرکەر بەخاکیاندا گوزەربکات یا نیازیشی نەبووبێت زیانیان پێبگەیەنێت. بۆ کوردیش ئەوەندە شانازییەی بەسە کەسەرکردەیەکی بەناوبانگی یۆنانی وەکو ئەسکەندەری مەکدۆنی، لەیادداشتەکانیدا بەبوێریو قارەمانیی گەلی کوردستاندا هەڵبدات.

لەشکرکێشیی دووەم لەسەردەمی فتووحاتی ئیسلامیدابوو بەسەرکردایەتیی یاوەری پایەبەرز سەعد کوڕی ئەبو وەقاص (ر.خ)

کەئەویش رووبەڕووی بەرگریکردنێکی توندی وەها بۆوە کە شەڕەکانیدا دژی گەلانی‌تر، نەیدیبوو.

شەبەی باسە کەگەلی کورد لەبەرئەوە نەبوو نەهاتە ریزی ئیسلام کەلەبەردەم سوپای ئیسلامدا تێکشکابێت یاخود لێی ترسابێت، چونکە چەندین گۆڕی یاوەرانی پێغەمبەر (د.خ) لەخاکی کوردستاندا هەن کەنیشانەی ئازایەتیی کوردن و بەڵگەی شەڕکردنیانە دژی سوپای ئیسلام، شەڕی جەلەولا لەکوردستانی عێراقدا دیارترین بەڵگەی ئەو بەرەنگاریکردنەیە، بەڵکو کورد لەباوەڕی تەواوی بەوەی کەئاینی ئیسلام ئاینێکی تەواوی بێ‌کەموکورییە، بوو بەئیسلام. لەم بارەیەوە کتێبە پەیوەندارەکانی مێژووی ئیسلام ئاماژە بەوە دەدەن کەوەفدێکی کورد بەسەرۆکایەتیی (جابان ـ گاوان) ی کورد سەردانی خودی پێغەمبەری کردووەو ئیسلامبوونی خۆی و گەلی کوردی لەحزووری پێغەمبەری خوادا راگەیاندووە ئەمەش پێش ئەوەی فتووحاتی ئیسلامی دەست پێبکەن.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە تائێستا فاکتەری سیاسی، هۆکاری سەرەکی‌بوو بۆ پێکنەهێنانی قەوارەی کوردی نەك فاکتەری سەربازی. دەبینین کاریگەرترین چەکێك کەئیمپراتۆریەتی فارس و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەدژی کورد بەکاریان هێنابێت سیاسەتی (بەرت بکە ـ زاڵ بە)بوو. بەدرێژایی ٥٠٠ ساڵی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان، ئەمانە بەردەوام و بەهەموو رێگەیەك هەوڵیاندا میرنشینە کوردییەکان لەناوبەرن. ئەوەش یان لەرێی تواندنەوەی ئەو میرنشینانە لەناو ئاینی ئیسلامدا وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی کەسەرۆکەکەی خەلیفەی پێغەمبەری خوایەو دیارە بەگوێنەکردنی خەلیفە ئەرکی سەرشانەو ملنەدان بۆ فەرمانەکانی گومڕایی (ضلالة) یە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرە گومڕاییکردنێکە شۆڤێنیستە

عەرەبەکان و هەندێك لەوانەی لەئیسلام تێنەگەیشتوون و بەئیسلامییە توندڕەوەکان دەناسرێن، پێڕەویدەکەن. ئاینی ئیسلام و پێغەمبەری خوا لەم جۆرە گردەوانە بەرین. دیارترین نموونەش بۆ ئەمە یاوەری ڕێزداری پێغەمبەر، سەلمانی فارسییە(ر.خ). جا هەرچەندە پێغەمبەری خوا(د.خ) دەیگوت: (سەلمان سەر بەئالی بەیتە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بە (سەلمانی فارسی) ناوی دەبرد، واتە پێغەمبەری خوا، نکوولی لەڕەگەزی فارسیی یاوەرەکەی نەدەکرد. زۆر نموونەی تریش لەم بارەیەوە هەیە.

شایەنی باسە کەسادەوساکاریی مرۆڤی کوردو پابەندبوونی بەئاینی ئیسلامەوە، هەرچەندە تەواویش لێی حاڵی نەبووە، ئەمە ڕێگەی بۆ فارس و تورك خۆشکرد کەکورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکاربێنن. دەبینین ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سوننەی کوردی هاندەدا لەشیعەی کورد بدەن. ئەم ململانێو شەڕو پێکدانانە ناکۆکی زۆرو توندیان لەنێوان میرنشینە کوردەکان دروستکردو وایانکرد خوێن بکەوێتە نێوانیان، کەجاروباریش لەبری فاکتەری مەزهەبی ئاینی، فاکتەری تەماع بەکاردەهێنراو زۆربەی شەڕی نێوان فارس و تورك، کورد لەپێشی پێشەوەی سوپای شەڕکەرد ابوونە.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانیو تێکشکانی ئەڵمانیا بەرامبەر هێزی هاوپەیمانانی ئەوسەردەمە، ویستی خوا وابوو کەدڵی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان نەرم بێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێ گەورەی کوردی کەپایتەختەکەی یا شاری(ئورفە) بێت لەتورکیا، یان شاری مووسڵ. ئەو دەوڵەتە کوردییەی کەتۆپۆگرافیاو دیمۆگرافیاو جلوبەرگ و زمانی دانیشتوانەکەی هەروەها مێژووەکەی؛ هەموو ئەمانە لەبەردەم خوا شایەدی دەدەن کە لەگەل و وڵاتانی دەوروبەری جیاوازەو خاوەنی

مافێکی پێشێلکراوەو تەنها پێویستی بەدانپیانێکە هیچیتر.

بەڵام بەریتانیاو فەرەنساو ئەمریکا، لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، لەبڕیاریان سەبارەت بەپێکهێنانی دەوڵەتی کوردی پەشیمان بوونەوەو پرۆژەکەیان بەجارێك هەڵوەشاندەوەو دەستیانکرد بەپشتگیریکردنی مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ دامەزراندنی کۆماری تورکیاو رووبەرووی کورد وەستان. تەنانەت سەرکردەی شۆڕشی بەلشەفیو دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێتی جاران، لینین، پشتگیریی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی نەکردو پشتی مستەفا کەمال ئەتاتورکی گرت و لەسەرکوتکردنی گەلی کورددا هاوکارییکرد. بەمەش بلۆکی سۆشیالیست، دەستی خستە ناو دەستی بلۆکی سەرمایەداری ئەورووپیو هێزی سەربازیی ئەمریکییەوە بۆ فرۆشتنی گەلی کورد لەبازاڕی بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا بە کۆیلەسێنی تورك و فارسو عەرەب و ...ئەوەیان پشتگوێ خست کەژمارەی گەلی کورد لە ٤٠ ملیۆن کەس زیاترە.

لەراستیشدا چەندیەتیو چۆنایەتیی بەرژەوەندیی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ رێگەگرتن لەپێکهێنانی دەوڵەتی کوردیو بەرەنگاریکردنی پرۆژەکە، هەرچییەك و هەر چۆنێك بووبێت ئەوە ناگاتە گەورەیی ئەو تاوان و مەرگەساتەی بەسەر گەلی کوردیان هێنا لەهەشتا ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئەمڕۆ. لەو بڕوایەشدام کەئێستا ئەوان هەستیاز بەهاوکێشەو لێکدانەوە هەڵەکانیان کردووە، زیاد لەوەش دەتوانم سوێند بخۆم کەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەسەروبەندی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی رۆڵی سەرەکیی دەبوو بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لەناوچەکەدا چونکە تەنها دەسەڵات و قەوارەی کوردییە کەدەتوانێت بەر

لەو نەتەوەو گەلانەی دراوسێ بگرێت کە ئاژەوەگێڕن و ئارەزووی بڵاوکردنەوەی تیرۆریان هەیە لەجیهاندا.

لە٢٣/٥/١٩١٩ دا مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید هەوڵیدەدا دەوڵەتێك بۆ کورد دامەزرێنێت، بەڵام کاتێك بەریتانییەکان پلانیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق داڕشت، لە٧/حوزەیران/١٩٢٠دا بزوتنەوەی کوردییان بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحموود لەناوبردو کوردستانی باشووریان بەدەوڵەتی تازە پێکهێنراوی عێراق لکاندو گەلی کوردیان بەدەسەڵاتی نوێی عێراق فرۆشت بەبێ‌ئەوەی پرس بەگەلی کوردستان بکەن کەئایا بەم بەکۆیلەکردنەی گەل و خاکی کوردان، رازی‌دەبن یان نەء؟

بێگومان کۆیلە پرسیار ناکات... ئەوەندەی هەیە دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت...جا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کورددا کرد، پرسیارەکەش لێرەدا ئەمەیە: بۆچی ئەوها کوردیان هەڵسەنگاند؟. ئایا ئەو دەوڵەتە زلهێزانە، لەسەر بەکۆیلەکردنی گەلان راهاتوون یاخود چی؟

بەریتانیا دوای ئەوەی بڕیاریدا دەوڵەتی عێراق دامەزرێنێت لێنەگەڕا هیچ جۆرە کۆسپێك بەری رێی ئەو پرۆژەیەی بگرێت. لێرەدا حکومەتی کوردیی شێخ مەحموودی حەفید لەسلێمانی، کۆسپی بەر رێگەی ئەو پرۆژەیە بوو. ئیتر شەڕ لەنێوان سوپای نیزامیی ئینگلیزو هێزی عەشایەری کوردی بەسەرکردایەتیی شێخ مەحموود لەدەربەندی بازیان دەستی پێکردو لەئەنجامدا، بەهۆی نابەرابەریی هێز، هێزەکانی شێخ مەحموود دوای قوربانیدانێکی زۆر، تێکشکان و شێخی قارەمان دوای بەرەنگاریکردنێکی پاڵەوانانە، بەبریندار لەپاڵ تاشەبەردێکدا

دەستگیرکرا کەئەمڕۆ ئەو بەردە بە(بەردە قارەمان) ناوی دەرکردووەو بەئاسەوارێکی پیرۆزی مێژوویی دەژمێردرێت. پاش ئەوە مەلیکی کوردستان درا بەدادگایەکی سەربازی، ئەفسەرێکی ئینگلیز دەستیکرد بەدادگاییکردنیو چەند تۆمەتێکی دایە پاڵ بۆ ئەوەی تاوانباری بکات و حوکمی لەسێدارەدانی بدات. ئەوەبوو تۆمەتی سەرکردایەتیکردنی گرووپێك چەتەی چەکداری دایە پاڵ کەکارو کردەوەیان کوشت وبڕو جەردەییو دەستدرێژکردنە بۆ سەر شکۆو سەروەریی پاشای عێراق و پەلاماردانی سوپای ئینگلیز گوایە ئەم سوپایە لەهەوڵ و کۆششدابوو بۆ سەقامگیرکردنی ئارامیو ئاسایش لەناوچەکەدا.

شێخ مەحموود بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەرپەرچی ئەو تاوانە پووچەڵانەی دایەوەو رەخنەی لەودادگاییکردنە ستەمکارانەیەی ئەوان گرت لەگەڵ درۆودەلەسە بێبناغەکانیان، هەروەها رایگەیاند کەئەو، خاوەنی مافێکی شەرعییە لەوەی دەیکات چونکە بەرەزامەندیی گەلی کوردستان و بەپێی راپرسییەکی جەماوەری بۆتە مەلیك. ئنجا لەناکا، زۆر بەتوندی پەڕۆیەکی پێچراوی دەوری قۆڵی دەکاتەوەو کاغەزێکی قەدکراوی لێ دەردێنێت. هەروەکو لەکوردستانیشدا باوە، کاغەز قەدناکرێت و بەقۆڵەوە نابەسترێت مەگەر زۆر خۆشەویست یان پیرۆز بێت. کاغەزەکە دەقێکی تۆما وڵسنی سەرۆکی ئەمریکی تێدا تۆمارکرابوو کەساڵی ١٩١٧ دەرچووبوو، لەچواردە برگە پێکدەهات دەربارەی بەرقەرارکردنی ئاشتی لەجیهاندا، دووەم برگەی بڕیارە جارنامەکە پەیوەندیی بەنەتەوەی کوردەوەبوو کەجەختیدەکرد لەسەر دانی مافی تەواو بەگەلی کورد وەك هەرگەلێکی تری جیهان.

شێخ مەحموود بەدەرخستنی ئەم بڕیارەی سەرۆکی ئەمریکی بەو شێوەیەو لەوکاتەدا، هەروەها هەڵوێستی قارەمانانەی‌و پلەوپایەی لەلای گەلی کورد بوونە مایەی ئەوەی حوکمەکەی کەم بکرێتەوەو سزای لەسێدارەدانی لەسەر هەڵبگیرێت. سەرباریشی حکومەتی بەریتانیا نەك هەر دانی بەمافی ڕەوای گەلی کورددا نەنا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەڵکو، بەزەبری چەك ڕووبەڕووی شۆڕشی چەکداریی کورد وەستاو بوو بەمایەی ئەو دەردیسەریەی هەتا ئەمڕۆ کورد بەدەستیەوە دەناڵێنێت. لێرەدا بۆیەکا ئەم مەرگەساتە مێژووییە بەبیر مرۆڤی کورد دێنمەوە تابۆ هەتاهەتایەو نەوە دوای نەوە یادی بکەنەوە.

دیارە ئەم هەڵوێستە هیچ دادپەروەرییەکی تێدانەبوو، ڕوخاندنی حکومەتێکی کوردی کە لەخاکی کوردستاندا دامەزرابێت و بەپیلان و فەرمانی بەریتانیای مەزن، کوردستان بخرێتە سەر عێراقی عەرەبی، ئەمە دوورە لەدادپەروەرییەوە.

هەروەها دانانی مەلیك فەیسەڵی یەکەم وەکو پاشایەك لەعێراقداو دان نەنان بەمەلیك مەحموود وەکو مەلیکی کوردستان، ئەمیش دادپەروەری نییە، مەلیك مەحموود کە بەبەراورد لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ لەڕووی پلەوپایەو دەسەڵات و کەسایەتییەوە لەئەو کەمترنەبوو، جگە لەوەی شێخ مەحموود لەکۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتی‌و سیاسیدا لەمەلیك فەیسەڵ ناودارترو ناسراوتربوو. بەڵام بەریتانیا پاساو بۆ ئەم کردەوەیەی ناهێنێت.

لێرەدا نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت ئەوەی ئێستای بەریتانیاییەکان بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دان بەو کردەوە ناڕەوایەی باوباپیرانیاندا دەنێن کە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە. شایەنی باسە کە لەبەرگی

سێیەمی کتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدوورودرێژی وتووێژی بەرپرسێکی ئیدارەی نوێی بەریتانیام هێناوەتەوە کە لەگفتوگۆیەکی لەگەڵمدا، دانی بەو هەڵە گەورەیەی باوباپیرانیدا ناوە کەکاتی خۆی دەرحەق بەگەلی کورد کردوویانە.

قسە دێت و دەڕوات ئنجا سەر لەنوێ دەگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکەمان کەئایا بەرەی زلهێزو زاڵدەستی جیهان، لەمیانەی وەستانیدا رووبەڕووی ئیرادەی گەلی کوردستان و شەرعیەتدان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، چی دەوێت؟

هەروەکو لەوەوپێش باسی کردەوەی بەریتانیای مەزنم لەگەڵ شێخ مەحموود کرد کەحکومەتی کوردیی رووخاند، ئنجا دروستکردنی سەدام حسەینی ئەمڕۆ کە لەگۆڕەپانی سیاسیدا چیدەکات کە بەملیۆن خەڵکی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد لەدەست زوڵم و زۆرو ستەمی دەناڵێنن.

لەبەرامبەریشدا کردەوەی ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆك ترومان کاتێك کۆماری مهابادی رووخاند ئنجا دواتر کۆماری ئیسلامیی لەئێراندا دروستکرد لەگەڵ رۆڵی ئەم دەوڵەتە لەپشتگیریکردنی تیرۆر لەجیهاندا. بەلام ئەوەی جێی داخە، ئەو قەڵەمەی کەسەرۆکی ئەمریکی ـ ترومان فەرمانی رووخاندنی کۆماری مهابادی پێ ئیمزا کرد کە لەئەنجامیدا قازی محەمەدی سەرکۆماری مهاباد لەسێدارەدرا، هەمان قەڵەمی وەکو دیارییەکی مێژوویی پێشکەشی حکومەتی ئیسرائیل کرد، ئەویش دوای ئەوەی هەر بەو قەڵەمە مافی ئیسرائیلی تۆمارکرد بۆ راگەیاندنی دەوڵەتیان لەخاکی فەلەستین.

رێککەوتننامەی شوومی جەزائیر (ئاداری ١٩٧٥) بەئاگاداریو پلانی C.I.Aبوو، ئەنجامدەری پیلانەکەش پیاوێکی خۆیان بوو (مەلامستەفا

سەرکردەی شۆڕشی کورد) کە بەداخێکی زۆرەوە دەڵێم ناوبراو شایەنی ئەو پلەو پۆستە نەبوو کە لەئەنجامی چەند هۆکارێکی دەرەکی پێی بەخشرا (لەسێبەرگی کتێبەکەم: کورد دوژمنی خۆت بناسە، باسمکردووە) چونکە هەر ئەوەندەی مەلامستەفا لەیەکەم دیداریدا چاوی بەهنری کیسنجەر کەوت ئیتر پشتی لێکردەوەو ئیرادەو بەرژەوەندییەکانی دەزگای C.I.A ی لەبەرچاو نەگرت و ئەوەی لێکنەدایەوە کەئەو بەرژەوەندییانە لەسەرووی بەرژەوەندیی گەلانی جیهانەوەن، بۆیە مەلامستەفا خۆی بۆ هیچ ئەنجامێك تەیار نەکرد.

ئنجا سەرلەنوێ رووداوە سەیروسەمەرەو مەرگەساتئامێزەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دێنینەوە یادو دەڵێین: سەرۆکی یەکێك لەدوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، دەروازەی سنووری کوردستانی بۆ سوپای ستەمکار ئاوەڵاکردو یاریدەیدا کەتانك و زرێپۆش و گاردی کۆماریی رژێمی بەعس، قەدەغەی بینای پەرلەمانی کوردستان ببەزێنن و گلاوی بکەن، ئنجا شاری هەولێر داگیربکەن کە بەخوێن و قوربانیدانی خەڵکەکەی، لەراپەرینی ١٩٩١دا ئازادکرابوو. لەکاتێکدا مەسعود بارزانی؛ هاوکاری پاڵەوانی هێزی داگیرکەر لەسەر سنووری تورکیا ـ ئێران لەشیرین خەودابوو. تەنانەت ئەم مەرگەساتەش پیلانێکی داڕێژراوی دەزگای C.I.A بوو.

مێژوو ئەم رووداوانە لەبیرناکات، هەڵوێستی دەوڵەتە زلهێزەکانی تۆمارکردووە کەچۆن لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان؛ کوردستانیان بەسەر چوار پارچەدا دابەشکردو ئێستاش بەهاوکاریی هەرچوار دەوڵەتی ناوچەکە (کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە) دەبنە کۆسپی بەری رێگەی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد.

بەلاَم ئـەزموونی ئێسـتای گـەلی کـورد لـەم بەشـەی خـاکی کوردسـتان لەباکووری عێراقدا؛ لەگەلْ هەموو کەموکورِیو ناتەواوییەکی، مایەی ریِّزو سەربەرزیی هـەموو کوردێکـی بەشـەرەف و ئـازادیخوازە. ئـەم ئەزموونـە نوێیە دیموکراسییە، کەئاسایش و ئارامی تێدا بەرقـەرارە، لاپەرِەیـەکی نوێی لەبواری پەیوەندیی نێوان کوردو حکومەتی ئەمریکیدا هەلْداوەتەوە کەنیشانەی ئەوەیە مەسەلەی کورد، جارێکیتر کەوتۆتەوە ناو گۆرِەپانی سیاسیو، بۆتـەوە بـەوێردی سـەرزاری سیاسـەتمەداران و، دەشـیّ ئەمـە رێگە خۆشکردنێك بێت بۆ پێکهێنانی دەولەتی کوردستانی گەورە.

کەواتـە ئـەمریکا دەبێـت بەئەزموونـە کۆنـەکانیدا بچێتـەوە، چونکـە دەرەنجـامی سـوودو سـەرکەوتنی ئـەم ئەزموونـە؛ یـان لەدەسـتدان و رووخـانی، بەپلـەی یەکـەم لەئەستۆی ئەمریکایـەو، بەپلـەی دووەمیـش لەئەستۆی خودی جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانیدایە.

رۆلـی دەزگـای C.I.A لـەرووی گۆرِینـی سیاسـەت و حکومەتـەکان لـە جیهاندا

هەر لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە هـەتا ئـەمرِۆ، دەزگـای موخابەراتی ئەمریکی لەهەولْو تەقەلادایە بۆ سەپاندنی ئیرادەو دەسەلاَتی ئـەمریکی بەسـەر جیـهاندا. دیـارە شـتێکی بەلْگەنەویسـتە کەفاکتـەری ئابووری، چەکێکی کاریگەرە ئەویش ئەگەر بەهۆشێکی کراوەو ئاراستەی دروسـت بـەکار بـهێنرێت، چونکـە دارایـیو سـامانی زۆروزەوەنـدی بەردەستی ولاَتە یەکگرتووەکانو دەزگا کارامە موخابەراتییەکەی؛ هۆی ئەو سەروەریو زالْدەستییەیە کەئەمریکا لافی پێوە لێدەدات.

وەکـو دەشـزانین مـەردوم بەگشـتی، لەهـەموو ئـانو سـەردەمێکدا: بەتایبەتی لەدوای سالاَنی حەفتاکانەوە لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە زۆربەی

ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سستەمی سیاسی یان ئیداریی هەندێك دەوڵەتدا هاتووە دەستکیسەی دەزگای موخابەراتی ئەمریکییە(C.I.A). بۆ نموونە دەکرێ ژیاننامەی سەرۆکایەتیی سێ سەرکردە لەجیهاندا بێنینەوە کە ئەم قسەیەمان دەسەلمێنن:

١ـ سەرۆکی کۆچکردوو محەمەد ئەنوەر سادات:

سەرۆك سادات لەساڵی ١٩٧٠ دوای کۆچی دوایی سەرۆك جەمال عەبدولناسر، پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری میسری وەرگرت، بەئازاترین و دڵسۆزترین و لێوەشاوەترین سەرۆك دەوڵەتێکی عەرەبی دەژمێردرێت.

لەسەرەتای ماوەی فەمانڕەواییدا سیاسەتی سۆشیالیستییانەی سەرۆك عەبدولناسری گرتەبەرو تا دەهات پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت(جاران) سەقامگیرتر دەکرد. ئەم سەرۆکە هەموو خەمێکی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریی میسربوو، هاوکات هەوڵیدا سنوورێك بۆ ئەو دەستدرێژییانەی ئیسرائیل دانێت کەبەردەوام رووبەرووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی میسر دەبۆوە، لەم رووەوە ئاگری شەڕی ئۆکتۆبەری هەڵگیرساند ئەویش لەڕێی یەکخستنی رای گشتیی عەرەبی دژی ئیسرائیل، لەم رووەوە سوپای میسر ئەوپەڕی ئازایەتی نواندو توانی هێڵی بارلێف ببەزێنێت. خۆ ئەگەر دەستێوەردانی خێرای ئەمریکا نەبوایە ئەوە سوپای عەرەب بەسەرکردایەتیی سوپای میسری؛ زۆربەی خاکی ئیسرائیلی دەگرت، بەڵام ئەمریکا لەڕێگەی ناوبژیوانییەوە شەڕەکەی راگرت بۆ تاوتوێکردنی ململانێیەکە.

لێرەدا تەرازووی هێزی ئیسرائیل بەسەر هێزی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا داشکا ئەوەش بەهۆی تەکنەلۆجیای ئەتۆمیی ئیسرائیل هەروەها پشتگیریکردنی ئەمریکا بۆی، ئنجا سادات بۆی دەرکەوت کەرێگەچارەی

سەربازی؛ بەرامبەر ئیسرائیل کەڵك ناگرێت بۆیە پەنای بۆ رێگەچارەی ئاشتی برد ئەوەبوو هەنگاوێکی هێند بوێرانەی نا، لەناو هەموو سەرکردەو سەرۆکەکانی عەرەبدا تاك بوو.

سەرەتا کێرڤی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتیی جاراندا بە ١٨٠ پلە ئاوژوو کردەوەو لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پتەوترکرد، چونکە سەیریکرد بەخششی بلۆکی سەرمایەداری بەبەراورد لەگەڵ بلۆکی سۆشیالیستی خەنیمدا زۆر زیاترە. جگە لەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بارتەقای خواستو ئامانجەکانی ئەم نین کە لەپێش هەموویانەوە چاککردنی ئاستی بژێوی هاوولاتیی میسرییە.

پاشان سەرچڵییەکی زۆر ئازایانەی نواند کەسەری زۆربەی سەرۆك دەوڵەتانی جیهانو بەتایبەتی سەرۆکە عەرەبەکانی سوورهێنا کاتێك؛ وەکو سەرۆکی گەورترین دەوڵەتی عەرەبی، بۆ بەرقەراکردنی ئاشتی سەردانی ئیسرائیلیکرد. سادات بەم هەنگاوەی ، سنوورێکی بۆ قەیرانی نێوان میسرو ئیسرائیل دانا کەئەوپەڕی کاریگەری هەبوو لەسەر دەوڵەتی میسر ئەوەش بەهۆی پێگەی پێشەنگی میسر لەڕیزی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا. ئنجا رای گشتیو جەماوەری میسری، لەدژی سادات هەڵسان کەهێزەکانی ئاسایش ناچاربوون هەڵمەتێکی دەستگیرکردن جێبەجێ بکەنو ژمارەیەکی زۆریان لەخەڵك قەرەپەستی زیندانەکانی میسرکرد. ئنجا ژمارەیەکی زۆر لەسیاسەتمەدارو کەسایەتیی میسری، ولاتیان بەرەو هەندەران بەجێهێشت، بەلام سەرباری هەموو ئەمانە، نهێنیەکانی سادات بەپەنهانی مانەوە هەتا راستییەکە دەرکەوتو خەڵك بۆی ئاشکرابوو کەئەوەی سادات کردی، تەنها لەپێناو گەلی میسردابوو،

چونکه بەو کارەی توانی ئەو زەوییانە وەربگرێتەوە کەئیسرائیل داگیری کردبوون. سادات لەرێی ئەومێژووەی تۆمکاریکرد، خۆی کرد بەقۆچی قوربانیی گەلەکەی، ئنجا دەرگای زیندانەکان ئاوەلاکران و ئەوەی لەزندانەکاندابوو ئازاد کرا مەگەر زیندانییەك لەسەر شتی سیاسی گیرابێت، پاشان زۆربەی ئەوانەی لەدەرەوە بوون گەڕانەوە کەیەکێکیان سەرۆکی ئەرکانی سوپای میسر بوو.

ئنجا دوای ئەوەی باروودۆخی ئابووریی میسر گۆڕاو کاریگەریی بەسەر تاکی میسرییەوە دەرکەوت و دەوڵەت خاکی لەژێردەستی ئیسرائیل دەرکردەوە، جیهان بڕوای بەدروستیی هەنگاوو بیرکردنەوەی سادات هێنا.

ئەو سیاسەتمدارە کە لەبواری سەربازیشدا کارامەبوو، ماوەی ژیانی بەپاکیو دڵسۆزی بۆ گەلەکەی بەسەربرد. لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکیدا لەپێناو خزمەتکردنی وڵات و گەلەکەی بەکارهێنا بەبێ ئەوەی بیر لەبەرژەوەندیی کەسایەتیی خۆی بکاتەوە.

کەواتە بەکرێگیراوی چی بێت ئەگەر نیەتی کارو ئەنجامەکەی خزمەتکردنی گەل بێت؟ بەڵام بەداخەوە هەندێك سەرتوندو دەمارگیر لەحزبە ئیسلامییەکان، بەهۆی بیرتەسکیو نەشارەزاییان لەئاینی ئیسلام و مێژووی پێغەمبەری خۆشەویست(د.خ) هەروەها بەهۆی تێنەگەیشتنیان لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەرگەی لەو جۆرە هەڵوێستانە ناگرن. زۆیش بەداخەوە کەبینیمان چۆن خالید ئیسلامبوولی لەمانۆڕێکی سەربازیدا، ساداتی تیرۆرکرد. کەواتە کامیان شەهیدە؟ چونکە ئەگەر راپرسییەك

لەناو گەلی میسردا ئەنجام بدرێت بەزۆری لەسوودی سادات دەکەوێت نەك ئیسلامبوولی.

لێرەدا دەمەوێ ڕووداوێکی مێژوویی بەبیر خوێنەر بێنمەوە ئەویش ڕێککەوتننامەی حودەیبییەیە کەپێغەمبەر(د.خ) لە کۆتایی ساڵی شەشەمی کۆچی (٦٢٧ز)دا لەگەڵ قورەیشدا مۆریکرد. جا لەکاتێکدا خودی پێغەمبەری خوابوو سوور دەیزانی ئەوان کافرو موشریکن، بەڵام لەپێناو کوژانەوەی ئاگرو سەربەرزیی ئیسلام ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتیی بۆ ماوەی دەساڵ مۆرکرد کەرێکەوتننامەکە سەلماندی، بوو بەبەرکەت بۆ موسڵمانان، چونکە دوو ساڵی پێنەچوو لەفەتحی مەککەدا ژمارەی شەرکەری موسڵمان گەیشتە دە هەزار کەس. بۆ دروستیی ئەوەی هێنامەوە نموونەو بەڵگە زۆرە بەڵام ئێمە دەمانەوێت بڵێین و بەدڵیش بۆ هەموو خەڵکی دەخوازین ئەوەیە کە لەهەموو بیروباوەڕو ڕچەیەکدا لەزیادەڕەوی دووربکەونەوە. چونکە وەکو بینیمان، سادات هەرچەندە لەئیدارەی ئەمریکی نزیك ببۆوە بەڵام چەند پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسیی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستبوو کەئیدارەی میسر هەتا ئەمڕۆ لەسەری دەڕوات.

هەرچەندە ئەوەی ساداتی تیرۆرکرد سەر بەگرووپێکی ئیسلامی سیاسیبوو، بەڵام ڕێکخەرو پلان دارێژەی نەخشەکە(بەپێی قسەی خەڵك) دەزگای C.I.A بوو، هۆیەکەشی ئەوەبوو کەبەڵی ڕاستە ئەوەی سادات کردی خزمەتی بەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا گەیاند، بەڵام ئەو لەپاڵ ئەمەدا مەبەستی خزمەتکردنی وڵاتی خۆی بوو، ئەو لەو پەیوەندی بەستنەدا نەبوو بەسیخوڕ، چونکە هۆکاری بنەڕەتی بۆ تیرۆکردنی هەستی بەتینی نیشتمانپەروەریبوو کە C.I.A هەستی

پێکردی لەوەتر پاوەیەکی‌تر ئەوەهەستی نیشتمانپەروەرییە بەبارێکی‌تر بتەقێنێتەوە. بەواتایەکی‌تر، سادات جێی بڕوای ئەوان نەبوو، گەشتەکەشی بۆ ئیسرائیل نەخشەو پلانی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی نەبوو بەڵکو زادەی هەستێکی رووتی نیشتمانی بوو... خواش ئاگاداری ناو دڵو دەروونی هەموومانە.

٢- بیریسترۆیکای سەرۆکی رووسی ـ گۆرباچۆف:

لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧وە تا رۆژی رووخانی سۆڤێت، سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت کەسایەتییەکی بوێرو کراوەی وەك سەرۆك گۆرباچۆڤی بەخۆیەوە نەبینیوە. راشکاویو دیموکراتییەتی ئەم پیاوە هەروەها باوەڕی بەئازادیی گەیشتە ئاستێك دانی بەهەموو ئەو تاوانانەدا نا کەئیدارەی سۆڤێتی؛ لەسەردەمی لینینەوە لەژێر دروشمی بەرژەوندیی وڵات دژی گەلی رووسی ئەنجامیداوە. هەروەها ئەوەشی ئاشکراکرد کەچۆن ستالین، وڵاتی بەزەبری هێز بەرێوەدەبرد، ئنجا مەرگەساتی گەلی رووسیای بۆ جیهان ئاشکراکرد کە لەسەر دەستی سۆڤێتییەکان چەشتی چونکە تەنانەت سیاسەتمەدارو شاعیرو ئەدیبو پرۆفیسۆرو دکتۆرەکانیش لەو بەڵایە رزگاریان نەبوو. دوو ملیۆن هاووڵاتیی رووسی بەتاكو بەکۆمەڵ لەزیندانو گرتووخانەکاندا لەئەنجامی لەسێدارەدانیان یاخود رەق هەڵاتنیان لەناو سەرمای سیبریا کەلەوێ بەرووتی زیندانی دەکران، گیانیان لەدەستدا.

گۆرباچۆف، لەگەڵ ئەوەی خۆی ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بوو، پەردەی لەسەر هەموو تاوانەکانی ستالین هەڵماڵی. هەرئەوەندەی پۆستی سەرۆکایەتیی حزبو دەوڵەتی وەرگرت، تەختو بەختی سۆڤێتی لەرزاند کەبۆ ماوەی زیاتر لەحەفتا ساڵ، نیوەی جیهانی کۆنترۆڵ کردبوو.

بیروباوەڕو هەستونەستی خەڵکی بەشێوەیەك راتەکاند؛ لەدەوڵەتێکی وەکو پۆڵەندا، کە لەژێر کاریگەریی سستەمی کۆمۆنیستدابوو، حکومەت پێبەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کەگۆرباچۆف بەسەر ئایدیۆلۆجیای پارتی کۆمۆنیستدا دەیکرد؛ هەڵبژاردنی بۆ پارتی دەسەلاتدار ئەنجامدەدا. ئەمە کاریگەریی زۆری لەسەر رەوتی هەڵبژاردنەکان هەبوو کە لەئاکامدا ئەو گەلەی ماوەیەکی زۆر بڕوای بەکۆمۆنیزم هەبوو، دەنگی بۆ پارتی کۆمۆنیست نەداو بەمە کۆمۆنیستەکان دۆڕاندیان. لەهەمانکاتدا ئەو گۆڕانکارییانەی گۆرباچۆف زەمینەی بەربەستی دەستکردی نێوان هەردوو ئەڵمانیای لەرزاندو ئەوەبوو دیوارە بەناوبانگەکە رووخا.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، یەکێتیی سۆڤێت بەهۆی تواناو هێزی سەربازی کەبەرەنگاری داگیرکەران دەبۆوە ناوی (شوورەی ئاسنین)ی لێنرا. مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کەخاکی رووسیا کاتی خۆی تێکشکانی دوو سوپای هەرەگەورەی جیهانی بەخۆیەوە بینیوە ئەویش پەلاماری ناپلیۆن پۆناپارتە لەسەردەمی ئەلکساندەری تساری رووسیا کە لەئەنجامدا سوپاکەی شکاو بەهۆی ئەمەوە ئیمپراتۆریەتەکەیشی رووخا، ئنجا سوپای نازیست کەخاکی رووسیا ژەهراوی تێکشکانی دەرخوارد داو لەئەنجامدا بەرلینی پایتەختی نازیستەکان رووخا.

گۆرباچۆف بەئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانو پێشێلکارییە سیاسییەکانو مرۆییەکان لەیەکێتیی سۆڤێتدا ؛ راستەقینایەتیی شوورە ئاسنینەکەی دەرخست کەژەنگاوی ببوو و لەرووخاندابوو.

بەپێی لێکدانەوەی زۆربەی سیاسەتمەدارەکان، سەرەتای پرۆسەی ئاشکراکردنی راستییەکان لەرووی سیاسەتو ئیدارەی حکومەتی ئەوسای رووسیا، دەگەڕێتەوە بۆ دووەمین دیداری گۆرباچۆف لەگەڵ

تاتشەری سەرەك وەزیرانی ئەو دەمەی بەریتانیا کەناوی بە(ژنی ئاسنین) دەرکرابوو. دیدارە دواینیەکە سێ سعاتی خایاندبوو و کاریگەریی زۆری لەسەر گۆرباچۆف هەبوو لەرووی گۆرینی رێرەوی سیاسەتەکانی. چونکە خاتوو تاتشەر، دوای دیدارەکیە، حکومەتی ئەمریکی و دەوڵەتە یەرەبییەکان، کەهاوپەیمانی بوون، راسپارد کەهاوکاری و کۆمەکی سەرۆکی رووسی بکەن و لەو پرۆژە مێژوییەدا پشتگیری بکەن کەکاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی لەجیهاندا. پەیوەندیی نێوان رووسیاو دەوڵەتانی رۆژئاوای وەکو بەریتانیاو ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیاو کەنەداو ئوستراليا بەکردەوە پتەوبوو، بەشێوەیەك کەمێژووی پەیوەندیی لەوەوپێشی، نێوانیان شتی وای بەخۆیەوە نەدیووە.

هەرچەندە من ئەوەی دەربارەی C.I.A دەگوترێت بەدوور دەزانم کەدەستی لەو گۆرانکارییە سەیرەی بیروباوەرو سیاسەتی سەرۆکێکی رووسیدا هەبێت تا چوارچێوەو ئیدارەی دەوڵەتێکی گەورەو ئەفسانەیی وەك یەکێتیی سۆڤێت برووخێنێت و، گوایە ئەو دەزگایە دەستێکی باڵای هەبوو لەرووی کارتێکردن لەسەر سەرۆك گۆرباچۆف، بەڵام ئەوە هەواڵێکە لەیادەوەریی مرۆڤدا بنچ دادەکوتێت و هەر لەسەر زاران دەبێت. چونکە گۆرباچۆف کەسەرۆکایەتیی دەوڵەتێکی مەزنی بەدەست بوو؛ دەوڵەتێك کە بەتاقی تەنیا دەیتوانی رووبەرووی ئیرادەی ئەمریکا لەجیهاندا بوەستێت؛ زەحمەتە جۆری کارتێکردنیC.I.A لەسەری، بزانرێت!

بەلام من لەلای خۆمەوە دەڵێم ئەم ئەنجامە شایەنی هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك بووە، هەروەها بۆ هێنانەدیی ئامانجی لەم جۆرە هەڵدەگرێت ئەوەی لەهیچ شەرع و بیروباوەڕێکدا نەهاتووە، پێرەوبکرێت. دیارە کاری

ئـەوهاش خـۆی لەبەرامبـەر هـەوڵدانی راسـتەقینەدا بـۆ ناگـیرێت و جێبـەجێکردنی گۆڕانکـاریی ڕیشـەیی ئـەوما، گرێـدراوی فاکتـەری کەسایەتیی و ڕادەو ڕێژەی خێرو شەڕە لەو کەسایەتییەدا، هەروەها ئیرادەو سووربوونی پێدەوێـت جگـە لەهەلومـەرجی گونجـاو بـۆ ئاسـانکردنی جێبەجێکردنی هەوڵەکە.

جا ئەگەر هتلەرو ستالین و چاوچیسکۆو سەدام، لەگـەڵ گۆربـاچۆفدا بەراورد بکەین جیاوازییەکی زۆر گەورە بەدیدەکەین. ئەو چوارەی پێشەوە هەروەها زۆریتر لەوانەی مێژوو بۆمانی تۆمارکردووە، تەنانەت ئەگـەر گـرۆی ئـادەمیزادیش لەسـەر زەوی تۆڵـەی لێنەسـەندبنەوە ئـەوە خــوای گەورە، هـەرگیز لـەکردەوەکانیان خۆش نابێت. بـەڵام گۆربـاچۆف، ئـەوە مرۆڤایـەتی لەسەر زەوی سوپاسـگوزاریی دەکـات و ڕەحمـەتبوونی بـۆ دەنـێرێت، داواکاریشـین لـەخوای گـەورە کـە لـەپای کۆمۆنیسـتبوونی ببورێت. چونکە گۆرباچۆف، ئێزگەو ڕۆژنامە جیهانییەکان ڕۆژانە هەواڵی کردەوە چاکەکەی بۆ لەناوبردنی بلۆکی ڕۆژهەڵات باسدەکەن کەماوەیەکی زۆر بەشێکی گەورەی جیهانی لەژێر ڕکێفدابوو. لەسەرەتاشدا کۆسـپی گـەورەی هاتـەڕێ، چونکــە چـەند ئـەندامێکی پایەبـەرزی K.G.B لەکۆمۆنیستە توندڕەوەکان هەوڵیاندا کودەتای بەسەردا بکەن بەڵام ئەو پیلانەکانیانی تێکشاند.

جا هەڵوێستی ڕووسی هەرچەندە لەڕووی هاوسۆزیی لەگەڵ مەسەلەی گەلی کوردستاندا سـلبی بـوو؛ چونکـە دوا هەڵوێسـتی سلبییان لەگـەڵ سەرکردەیەکی کورددا (عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی P.K.K) بوو کاتێك ڕێگەیان نەدا پەنا بۆ ڕووسیا بەرێت کاتێك ویستی خۆی دەرباز بکات و ئـەوەبوو دەردەسـەریی و زەحمـەتیی زۆری هاتە ڕێ کەنـەك هـەر زیـانی

بەخودی خۆی گەیاند بەڵكو زیانی بۆ هەموو گەلی كوردهەبوو، بەلاّم لەبەرامبەردا ئێمە وەك گەلی كوردستان هیچ هەڵوێستێكی مرۆییمان لەبەرێز گۆرباچۆف نەبینوە... سەرباریشی ؛ ئەوە من لەشاخو چیا سەركەشەكانی كرودستانەوە رێزو سلاّوی ئاراستە دەكەم.

٣ـ بەرێز سەدام حسەین سەركۆماری عێراق

سەیرترین كەسایەتییە كەبۆ ماوەی نیو سەدەو تا ئەمڕۆ، حوكمی عیراقی كردبێت، بێگومان كۆتاییەكەشی سەیرتر دەبێت. لێرەدا دەمەوێت كورتەیەك دەربارەی كەسایەتیو ئاواتو خولیای ئەم سەرۆكەی عیراق بخەمە بەرچاو كەمێژوو لەریزی سەركردە خوێنرێژەكاندا ناوی تۆمار دەكات.

ا ـ حەزكردنی بەسێكس بێئەندازەیە. جارێكیان لەدەرچوونێكدا بەهێلۆكۆپتەر، كە بەسەر شاخی حەمرینەوە دەبێت لادەداتە لای خێزانێكی مەرداری كورد كەخەڵكی دەوروبەری خانەقین دەبن. سەرۆك ، سێ كیژیان لەلا دەبینێت كە لەجوانیدا هاوتایان نییە، كەرۆیشتەوە هەرسێكیانی لەگەڵ خۆیدا برد ئەوەش بەوناوەوە كەپۆشتەیان دەكاتو فێری خوێندنو زانستیان دەكەن، نرخی سێ كچەكەشی بۆ باوكیان بەجێهێشت ئنجا رۆیشت، پیاوەكەش هیچ دەسەلاّتێكی نەبوو.

ب ـ چاوچنۆكی: چاوچنۆكیی سەدام بێسنوورە، چونكە دەبێت كۆشكەكانی لەهەموو كۆشكەكانی ولاّت بەرزترو رازاوەترین، بەگرانبەهاترین ئەڵماسو مرواریو پارچە زێڕ رازێنرابنەوە. دەبینین لەم جۆرە كۆشكانەی سەرۆك لەهەموو عیراقدا هەن. تەنانەت جلوبەرگیشی، نابێت كەس لەهی ئەو جوانتر لەبەربكات. جارێكیان، كەهێشتا جێگری سەرۆك بوو، لەپرسەیەكدا یەكترامان بینی، بەرامبەر یەك دانیشتبووین،

کاتێك هەڵسا بڕوات سلاوێکی بەتایبەتی ئاراستەکردم و بژەیەکی واتاداری بۆم کێشا. گرەوم لەگەڵ هاوەڵەکەمدا کرد کەمەبەستی لەو سلاو و بژەیە جلوبەرگە ڕێکوپێکەکەم بووە. دوای ماوەیەك کەدیمەوە لێمی پرسی: ئەم قوماشی ئەو دەستە جلەت لەکوێ پەیدا کردووە؟...جا بۆ خۆ لادان لەرق و تووڕەیی ئەم پیاوە، وامکرد لەوەدوا پێش ئەوەی بیبینم پۆشاکم هەمیشە شێواو بێت.

ج ـ هێز: هەر لەسەرەتای خۆ سەپاندنی بەسەر عێراقدا هەوڵیدا هێزێك بەدەست بێنێت کەپاڵپشتی بکات و دوژمنی لێدووربخاتەوە و کۆڵەکەی فەرمانداریيەکەی قایم بکات. بودجەیەکی گەورەی بۆ دەزگای موخابەراتی عێراقی تەرخانکردو جڵەوی بۆ شلکرد تا بناغەی فەرمانڕەواییەکەی لەناو وڵاتدا پتەوبکات و، لەهەمان کاتدا دراوسێکانی بترسێنێت، ئنجا دوا هەواڵی دۆست و دوژمنی بەدەست بخات. دەبینین لەو لەشکرکێشییە سەربازییەی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ سەر عیراق، دەزگای موخابەراتی ئەمریکی، ئامێرێکی بیستنی زۆر بەتوانای دۆزییەوە کەهەموو ناوچەکەی کۆنترۆڵ کردبوو. هێزی هاوپەیمانەکان دوای ئەوەی شوێنەکەیان دیاریکرد بەفڕۆکە بۆردومانیانکرد. ئەو ئامێرە لەئەنجامی لەخۆبایی بوونی سەرۆك سەدام حسەین دۆزرایەوە کاتێك لەرێی تەلەفزیۆنی عیراقەوە پەیوەندییەکی نهێنیی تەلەفزیۆنی لەنێوان دەسەلاتدارانی سعوودیە و کوێت بلاوکردەوە کە لەپێناو دژایەتیکردنی ڕژێمی عیراق وتووێژیان بوو.

جا ئاشکراکردنی ئەو پیلانە لەنێزگەکانی عیراقدا، توانای تەکنەلۆجیای گەورەی بیستنی لەعیراقدا خستە ڕوو، ئنجا لەئەنجامدا بوو بەهۆی تێکشکاندنی ئامێرەکە.

د ـ حەزی دەسەڵات: ئەم غەریزەیە لەهەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام مەرج نەوەیە سنووری تێنەپەڕێنێت هەروەکو لای سەرکۆماری عێراقدا بەدیدەکرێت. دەبینین ئامۆزایەکی خۆی بەکوشتدەدات لەبەرئەوەی کۆمۆنیستە، ئەوەبوو دەمانچەی بەمامی خۆیدا تا کوڕەکەی پێ بکوژێت. لەلایەکیترەوە ئەوەی بەسەر حسەین کاملیدا هێنا هەر لەگیرکردنی لەخانووەکەیدا هەتا کوشتنی، هەر ڕێی تێناچێت. لەولاوە لەبواری ڕازیبوونی بەمەرجەکانی UN دەست بەسنگەوە دەگرێت و ئیمزای دەکات. هەموو ئەمانە لە سیفەتی ناپاکیکردنە کەبۆتە سیمای، چونکە مەگەر تەنها مەرگ لەهەندێك شتی بگێڕێتەوە، من بەنیۆنی زۆرداری دەزانم کەئەگریبینای دایکیو ئۆکتاڤیای هاوسەری کوشت و لەکۆتاییشدا خۆی کوشت.

لەزیندان کە بەهەندێك لەو دەستوپێوەندانەی گەیشتم کەرقی لێیان هەڵساوە، لێیانم بیست کەمن تەنها کەسێکم لەسزای سەرۆکی عێراقی ڕزگارم بووبێت، چونکە سەدام بەزەیی بەدوژمنیدا نایەتەوە...

باشە لەو کوشتوبڕەی بەسەر کوردیدا هێنا چی دەستکەوت؟ مەگەر قین و تووڕەیی نەوەی شەهیدان و ڕاگوێزراوەکان و زیندانییەکان.

دەڵێن جارێکیان هەق و ناهەق پێکەوە ڕێیان دەکردو ئەم گفتوگۆیە لەنێوانیاندا ڕوویدا:

ناهەق: من سەرم لە تۆ بەرزترە.

هەق: من پێیەکانم لەهی تۆ جێگیرترن.

ناهەق: من لەتۆ بەهێزترم.

هەق: من لەتۆ زیاتر دەمێنمەوە.

ناهەق: بەهێزو داراکان لەگەڵ مندان.

هـەق:﴿ وكذلك جعلنا في كل قرية أكابر مجرميها ليمكروا فيها وما يمكرون الا بانفسهم وما يشعرون ﴾.

هەق: ئەگەر ماوەیەکی تریش بوویێت نەوەکانم هەردەتکوژنەوە.

هەموو پرۆسەکانی کۆکوژی کەسەدام بەناوی ئەنفال و بۆردوومانی کیماوی لەکوردستاندا ئەنجامیدان، هەروەها چەندین تاوانی‌تر دەرهەق بەگەلی کوردستان تەنها قین و نەگبەتییان هێنایە سەر خودی خۆی و حکومەتەکەی کە ئەوەبوو بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن لەماوەیەکی کەمدا، هێزەکانی لەکوردستان دەرپەڕێنران.

لەهەرسێ بەشی کتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) ئاشکرام کردووە کەحزبی بەعس لەعێراقدا چۆن بەشەمەندەفەرێکی ئەمریکی حوکمی گرتە دەست و C.I.A لەپشت هەموو جووڵەو هەنگاوێکی بووە. جگە لەوەی ئەو دەزگایە هەر لەسەرەتاوە داینەمۆی سیاسەتی حزبی بەعس بووە لەعێراقدا.

یەکەم دەرکەوتنی سەدام لەدەستەڵاتدا دوای شۆڕشی ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨بوو کاتێك حزبی بەعس کودەتای بەسەر حوکمی عەبدولڕەحمان عارفداکرد پاشان لە٣٠ی تەممووزدا عەبدولڕەزاق نایفی وەك سەرەك وەزیران لەپۆستەکەی لادا ئنجا بەعسییەکان بەتەواوەتی حوکمیان خستە ژێر دەستی خۆیان و سەدام حسەین لەبواری سیاسیدا سەریهەڵدا کە لەئەنجامدا ئەمە، بوو بەمایەی دامەزراندنی بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش.

لێرەدا بەکورتی هەندێك هەڵوێست و ڕووداو دەخەمە بەرچاوی خوێنەر تا پێڕەوی سیاسەتی حکومەتی عێراقی بۆ دەربکەوێت:

١- هەڵوێستی خیانەتکارانەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر دەخەینە بەرچاو کاتێك دەزگای موخابەراتی ئەمریکی هەوڵیدەدا زانیاری لەسەر تانکی رووسیی T.62 دەستبکەوێت تا ئاستی توانای هێرشبردن و بەرگریکردنی ئەم تانکە نوێیەی بۆ دەربکەوێت. دەزگای موخابەراتی ئەمریکی لەرێی دەستوپێوەندو سیخورەکانیانەوە زۆر هەوڵیاندا ئەو زانیاریانەیان دەستبکەوێت بەلأم تەنانەت لەرێی هەندێك دەوڵەتی بەناو سۆسیالیستی سەر بەبلۆکی خۆیشیان هیچیان دەستگیرنەبوو کەئەو زانیاریدانەیان بەناپاکییەکی سەربازی لەقەڵەمدا. بەلأم سەرۆکی کۆچکردووی عێراق - ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر چەند پسپۆرێکی سەربازیی ئەمریکی بانگێشت کرد کەسەردانی عیراق بکەن تا بەخۆیان ئەو تانکە ببینن و ئامانجیان لەو رووەوە بێننەدی. ئەوەبوو لیژنەیەکی پسپۆری سەربازیی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتن بۆ عێراق، ئنجا تانکەکەیان پارچەپارچەکردو دوای تاوتوێکردنێکی تێروتەسەلی بەشەکانی، پێکیانەوە نایەوە.

٢- شەڕی عێراق - ئێران کەهەشت ساڵی خایاندو تێیدا بەملیۆنان خەڵکی لەهەردوولا تیاچوو؛ سەرەتاکەی لەکۆبووەوەیەکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقیدا دەستی پێکرد کاتێك سەرۆك سەدام حسەین، بەبێ راوێژکردن یا راپرسییەك لەنێوان ئامادەبوان کەمتەقیان لەخۆیان بڕیبوو، جەنگی لەدژی ئێران راگەیاند. ئنجا بەهۆی پشتگیریی میسرو عەرەبستانی سعوودی و کوێت، جەنگ درێژەی کێشا، لەکاتێکیشدا سەرۆکی عێراقی بینی ناتوانێت درێژە بەو جەنگە بدات کەنیشانەکانی تێکشکانی عێراقی پێوەدیاربوو، ئەمە وای لەحکومەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی دۆستی عێراق و چەند دەوڵەتێکی ئەورووپاکرد بەشێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ گوشار بخەنە سەر حکومەتی ئێران بۆ راکرتنی شەڕ. ئەوەبوو کۆچکردوو ئیمامی خومەینی لەوتارێکیدا راگرتنی شەڕی خوێناویی نێوان هەردوو دەوڵەتی راگەیاندو روونیشی کردەوە کەبەو کارەی، شەردەڵێت ژەهراو دەخواتەوە...واتە ئەگەر گوشاری دەرەوە نەبوایە شەڕی رانەدەگرت.

٣ ـ داگیرکردنی کوێت:

هاوکات لەگەڵ زیادبوونی تەماعکارییەکانی C.I.A لە کەنداو هەروەها ئارەزوویان بۆ سەپاندنی دەسەلاتیان لەناوچەکەدا؛ بەهەموو شێوەیەك هەوڵیاندا عێراق بۆ داگیرکردنی کوێت راکێشن یا قەیرانێك بخولقێنن کەبواری دەستێوەردانیان لەکاروباری ناوچەکەدا بۆ برەخسێنێت، ئەم پیلانەشیان تەنها لەگەڵ دەستەلاتدارانی عێراقدا سەریگرت کاتێك ناهۆشیاریی ئەم سەرۆکەی عەرەبیان بۆ دەرکەوت کەچەند بەسووك سەیری دەوروبەری دەکات، ئەم خەسڵەتەش نەگبەتییەکی گەورەیە بۆ ولاتێك پیاوێکی نەشیاو دەست بەسەر دەسەلات و کاروباریدا بگرێت. بۆنموونە بەرێز ئایزنهاوەر. سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوتبووی: زۆر دەترسم کەسێك ئەم کورسییەم بگرێت لەکاروباری جەنگ نەزانێت و هەلومەرجی شەڕ لەبەرچاو نەگرێت، چونکە دەتوانێت هەر بەپەنجەنان بەچەند دوگمەیەکدا جەنگێکی بێکۆتا بەرپا بکات. کەواتە کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاوە.

سێ رۆژ پێش ئەوەی عێراق پەلاماری کوێت بدات، جۆن کەیلیبریکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا؛ لەبەردەم کۆنگرێس لەوەلامی پرسیاری ئەوەی کە ئەگەر عێراق پەلاماری کوێت بدات ئایا بەرتەکدانەوەی ئەمریکا چی دەبێت؟ ناوبراو سەرەتا ویستی خۆی لەوەلامدانەوە بدزێتەوە ئنجا گوتی:

(حکومەتی ئەمریکا هیچ جۆرە پەیماننامەیەکی هاوبەشی داکۆکی لەگەڵ دەوڵەتی کویتدا نییە..) ، ئنجا دوای سێ رۆژ سەربازی عێراقی چووە ناو خاکی کویتەوە لەکاتێکدا ئەمریکا خۆیشی تێنەگەیاند. بەڵام کاتێک CIA بەئامانجی خۆی گەیشت و رای جیهانیی کۆکردەوەو یەکخست، لەشکری ئەمریکا سەرکردایەتیی لەشکری هاوپەیمانیەتی جیهانیی کرد بۆ گرتنەوەی کویت، ئنجا بنکەیەکی سەربازییان لەناوچەکەدا دامەزراندو بەمە خەونێکی دێرینی خۆیان هێنایەدی. لەبەشی سێیەمی کتێبەکەم(کورد دوژمنی خۆت بناسە) ئەو رووداوانەم بەدووروودرێژی باسکردووە.

لێرەدا تەنها ئەوەندەم لەدەست دێت ئاخ و حەسرەت بۆ گەلی عێراق هەڵکێشم بۆ ئەو رۆژە رەشەی لەسایەی دەستەڵاتی فەرمانڕەوا پێی گەیشتووە. لە ٢٠٠١/٧/١٨دا نامەیەکم لەرێی پۆستەی ئەلکترۆنییەوە بۆ سەرۆکی عێراقی نارد کەهەموو شتێکم تێدا روونکردەوە تەنانەت رێگەچارەی بەئاوات گەیشتنیشم بۆ دیاریکرد بەبەڵام بێ ئەوەی ئامۆژگارییەکانم جێ بگرن.

دەزگای موخابەراتی عێراقی

مێژووی دامەزراندنی ئەم دەزگایە لەعێراقدا بۆ سەردەمی یەکەمی حوکمی پاشایەتی و دامەزراندنی حوکمەتی عێراق دەگەڕێتەوە. ئەم دەزگایە رۆڵێکی دیاری هەبووە لەڕووی پارێزگاریکردن لەسستەمی پاشایەتی لەولاتدا، هەروەها پاراستنی سیاسەتمەدارو سەرکردە ناسراوەکان، لەهەمانکاتدا کوتەکێك بووە سەری هەوادارانی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و نیشتمانپەروەری کوردی کوتاوەتەوە کەپیاوانی دامودەزگا ئەمنییەکان دەستگیریان دەکردن و قەرەپەستی گرتووخانەو زیندانەکانیان دەکردن. بەلام هەرچۆنێك بووبێت، مەسەلەی زاڵدەستیی دامودەزگا ئەمنییەکان و سەرکوتکردنی گەلی عێراق شێوە دادپەروەرییەکی تێدابووە، چونکە وەنەبێت هەرکەس بگیرایە لەسێدارە بدرایە یا زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەشی بوایە بەڵکو، ئەو کەسە دەدرا بەدادگایەکی سەربازی کەبەڵگەی تەواوی لەبەردەستدا دەبوو و دوو شایەدیشی بۆ پاڵپشتی بەڵگەکان بەکاردەهێنا، ئیتر کەسی تۆمەتبار یا لەسێدارە دەدرا، یا رەوانەی زیندانی نوگرە سەلمان دەکرا، یا چەند رۆژێك لەگرتووخانە دەست بەسەردەکرا یا ئازاد دەکرا. ئەوەی هەبوو جاروبار دادگای سەربازی لەچەند ئەفسەرێك پێکدەهێنرا کە بەئارەزووی خۆیان خەڵکیان دادگاییدەکرد.

لەوسەردەمەدا بەڕێوەبەری دەزگای ئەمن (ئاسایش) بەڕێز بەهجەت عەتیە بوو کەپیاوێکی سیاسەتمەدار، زرنگ و لەناو خەڵکدا ناسراوو بەشان و شکۆبوو. دەزگاکەی بەرێکوپێکی بەڕێوەدەبردو بارودۆخی ولاتی کۆنترۆڵ کردبوو. هەتا رۆژێك خوا کردی کەئەم بەڕێوەبەرەی دەزگای ئەمن، خاوەن شکۆ عەبولئیلاهو سەرەك وەزیران نووری ئەلسەعیدی

لەرێی ئەو راپۆرتانە ئاگاداركرد كەبەهۆی سیخوڕەكانیەوە دەگەیشتنە بەردەستی، بۆی دەركەوت كەجموجوولێكی گوماناوی لەلایەن چەند سەركردەو ئەفسەرێكی سوپاوە لەئارادایە كەعەبدولكەریم قاسم رێبەریانە. ئەوەبوو شۆڕش هەڵگیرساو لەیەكەم رۆژیدا(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) بەندییە سیاییەكان ئازادكران‌و زیندان‌و گرتووخانەكان چۆڵكران، ئنجا بریار دەركرا كەزیندانی نوگرە سەلمان مۆربكرێت. دوا بەدوای ئەمە فەرماندرا بەهجەت عەتیە دەستگیر بكرێت‌و درا بەدادگای شۆڕش كەئەویش لەسۆنگەی ئەوەی ناوبراو پشتگیریی حوكمی پاشایەتی كردووەو بەرامبەر ئیرادەی گەل وەستاوە، حوكمی لەسێدارەدانی دەركرد.

لەسەرەتای شۆڕشدا سوپا زۆر شیلگیرانەو بەتوندوتۆڵی هاوكاریی جەماوەری دەكرد بۆیە توانی رژێمی پاشایەتی بڕووخێنێت‌و دەستوپێوەندەكانی بگرێت كەژمارەیەكی كەمیان لەمردن رزگاریان بوو. ئەو شۆڕشە جەماوەرییە، بوو بەمایەی یەكگرتنی چین‌و توێژە جیاجیاكانی گەل بەڵام حزبە سیاسییەكان لێنەگەڕان گەل بەكامی دڵی بگات، چونكە هەرزوو دەستیانكرد بەدووبەرەكی نانەوە لەناو خەڵكداو كەلێنێكی گەورەیان لەناو جەماوەردا دروستكرد.

لەماوەی ململانێی نێوان حكومەتی عەبدولكەریم قاسم‌و ئەو كۆسپ‌و تەگەرانەی دەهاتنە رێی، دەزگای موخابەراتی دەوڵەت رۆڵێكی گەورەی لەئاژاوەنانەوە بینی، ئەمەش بەهۆی لاوازی دەزگاكەو خراپ بەكارهێنانی هەروەها هەڵسوكەوتی نەشارەزاو هەڵەكارانەیان لەگەڵ حزبە عەرەبی‌و كوردییەكاندا، چونكە پیاوانی ئەم دەزگایە وەكو كوێر وابوون، بۆ نموونە منیان لەسەر ئەوە گرت گوایە ئەندامی پارتیم لەكاتێكدا واش نەبوو. زۆر نموونەی تری لەم بابەتەش هەیە.

دەزگای ئەمنیی لەمەڕ عەبدولکەریم قاسم، هەرچەندە لەئەگەری ڕوودانی کودەتا ئاگاداریکرد بەلأم پیلانەکان بۆ ڕووخاندنی دەسەلأتەکەی، بەهێزتر بوون. چونکە پێش کودەتاکە یەکێك لەسەرکردە بەعسییەکان لەوانەی لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوو پلانی کودەتاچییەکانی بۆ قاسم ئاشکراکردو بەوردی ناوی یەکەیەکەیانیدا. بەلأم سەرباریشی کودەتاکە ڕوویداو بەعسییەکان دەسەلأتیان گرتەدەست و قاسمیان راپێچی ئیزگەکرد تا ناوی ئەو سیخوڕەیان بداتێ کەئەو زانیارییانەی لەسەریاندابوو. ئەوەبوو علی سالح ئەلسەعدی، بەخۆی لێپێچینەوەی لەگەڵ قاسم و هاوڕێکانیدا کرد بۆ ئەوەی دان بەناوی سیخوڕەکەدا بنێن کەئایا لەناویاندایە یا نەء! بەلأم عەبدولکەریم قاسم سووربوو لەسەر ئەوەی ناوەکە نەدرکێنێت و ناوی ئەو کەسە هەر ئاشکرانەبوو.

پێکهێنانی دەزگای موخابەراتی عێراقی

ئەو کەسەی ئەم دەزگایەی لەعێراقدا دامەزراند (Mr.X) هاوولأتییەکی عێراقیی بەرەگەز عەرەب و دەرچووی یەکێك لەزانکۆیەکانی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابوو. ئەم پیاوە شارەزایی هەبوو لەرێکخستن و کاری ئەندامانی دەزگاکەو رێکخستنیان بەشێوەی هەرەمیهێشوویی، چونکە بازنەی کارەکە بەم شێوەیە تەواو دەبێت و ئەگەر دەنکێکی ئەو هێشووە بپچڕێت ئەوە پەیوەندیی لەناو چوارچێوەی بازنەکەدا دەپچڕێت.

ناوبراو دوای تەواوکردنی پێکهێنانی بەش و لقەکان هەروەها دابەشکردنی کارو فرمان بەسەر بەشەکاندا کە لەڕووی تیۆرییەوە دەزگای موخابەراتی عێراقی ئامادەکرا بۆ کارکردن، راپۆرتی خۆی بەرزکردەوە. سەرکردە بەعسییەکان زۆر بەزەحمەت توانییان ئەم ئیدارە نوێیە وەرگرن،

سەرباریشی بەفەرمانی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر رەزامەندی دەرچوو دەستکرا بەکار. بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق داوایان لە(Mr.X) ی دامەزرێنەرکرد ولات بەجێبێڵێت و هەتا ئاگاداری دەکەنەوە لەلوبنان بمێنێتەوەو هەموو پێداویستییەکی مانەوەو حەوانەوەشیان بۆ دابینکرد بەمەرجێك تەنها بەئاگاداریی دەستەڵاتدارانی عێراق نەبێت، نەیەتەوە .

پیاوێکی هەتا بڵێت پسپۆڕبوو لەبواری کاری موخابەراتیدا، لەو ماوەیەشدا کە لەگەڵیدابووم زۆر نهێنیی دەزگای موخابەراتم بۆ ئاشکرابوو، زانیاریی گرنگی پێدام، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسیی هەریەکەمان کەیەکینەدەگرتەوە، بیست و پێنج ساڵە نەمبینیوە.

دەسەڵاتی عێراقی هەموو هۆکارێکی بالای تەکنەلۆجیی بۆ ئەم مەبەستە دابینکردو لەپێناو پەرەپێدانی دەزگاکە پشتی بەشارەزاو پسپۆڕی تری لێهاتوو بەست. ئەم دەزگایە ئەگەرچی سەرەتا بەپێی سیستەمێکی ئەمریکی بەڕێوەدەچوو بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێرکاریگەری و رێنماییەکانی دەزگای K.G.B ی رووسی، وەرگەڕایە سەر رێرەوی بلۆکی سۆسیالیستی. بەکورتی، دەزگای موخابەراتی عێراقی، ٩٥٪ی پێڕەوی کاری لەرۆمانیا، کۆریای باکوور، کووبا، ئەڵمانیای دیموکرات(ئەوسا)، بولگاریاو چیکۆسلۆفاکیا وەرگرت.

شایەنی باسە رێوشوێن و رێبازی کاری سستەمی سۆشیالیستی؛ دابینکردنی پێداویستییەکانە هەروەها پشتبەستن بەزۆرترین ژمارە لەکارمەندانی دەزگاکە بۆ زانینی هەواڵ و زانیاری دەربارەی گەل و ئاشکراکردنی سادەترین زانیاریی رۆژانە دەربارەیان. بۆنموونە: هاووڵاتی (ئازاد) خاوەنی هەشت سەر خێزانە، داهاتی ساڵانەی بیست هەزار دینارە، سەر بەهیچ حزبێکی سیاسی نییە، لەفەرمانگەیەکی حکومیدا

کارمەندە. ئەم ئازادە رۆژانە راپۆرتی لەسەر دەنووسرێت دەربارەی سەعاتی دەرچوونی لەماڵەوە کەبۆ نانەواخانە رۆیشتووە، ئنجا چۆتە دوکانی وشتەفرۆشێك و ئەوەو ئەوەی کڕیوە، پاشان سەردانی فلان قەسابی کردووەو ئەوەندە کیلۆ گۆشتی کڕیوە، دوای ئەوە بەتاکسییەك گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، لای عەسر چووە بۆ لای فلان سەرتاش سەری چاك بکات، ئنجا چووە بۆ فلان یانەو لەوێ لەگەڵ فلان و فلاندا دانیشتووە. شەو سەعات ئەوەندە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە. جگە لەم زانیارییانە شتی‌تر ئەگەر هەبێت دەربارەی پەیوەندیی بیژۆك.

بەم شێوەیە رۆژانە زانیاریی دەربارەی هەر گومان لێکراوێك کۆدەکرێتەوەو دەخرێتە دۆسیەوە با رێژەی گومان لەسەر ئەو کەسە ١٪ یش بێت، ئنجا ئەم زانیارییانە هەڵدەگیرێن هەتا لەناکاو ئەو کەسە، بەتۆمەتی ئەوەی سەر بە حزبێکی سیاسییە، دەستگیر دەکرێت. جا دەزگای موخابەرات ئەگەر ویستیان ئەم ئازادناوە بەکاربێنن ئەوە زانیارییەکان لەدژی بەکاردێنن و تۆمەتێکی سووکی دەدەنە پاڵ. ئیتر بەم شێوەیە بەرامبەر هەموو هاوولاتییەك دەکرێت و بەمەش دەتوانن گەل جڵەو بکەن هەروەکو لەگەڵ خەڵکی عێراق لەباکوورەوە هەتا باشوور کردوویانە، واتە بچووکترین تایبەتمەندیی هاوولاتی تۆماردەکەن بۆ زانینی خاڵەکانی لاوازی ئنجا بەکارهێنانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوکەسە، بۆ ئەمەش دەزگای موخابەرات بایەخ بەوەرزش و رەیسز(پێشبڕکێی ئەسپ)دەدات هەروەها کردنەوەی مەلهاو گازینۆو رێستۆرانت بۆ ئاسانکردنی کاری موخابەرات لەداهێنانی شوێنی تەنگەبەردا، دوای ئەوەش بەکارهێنانی هەموو جۆرە دەزگایەکی راگەیاندن لەرێی

تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو، لەگەڵ پەخشکردنی بەرنامەی دارێژراو بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرو هۆشی خەڵك.

لەلایەکی تریشەوە دەزگای موخابەرات کاردەکات بۆ نەمانی هەندێك خۆراك لەبازاڕداو دابەشکردنی لەرێی بریکارە رەسمییەکانەوە تا هاوولاتی عێراقی بەردەوام سەرقاڵی پەیداکردنی خۆراکی رۆژانەبێت کە لەرێگەی ئەمەوە، ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێك دەزانرێت.

جگەلەمانە، هۆکاری سەرەکی بۆ پشت شکاندنی هاوولاتی؛ بەکارهێنانی هێزو زەبرو زاڵدەستییە تا لەناو ماڵی خۆیداو لەناو خێزانیشیدا نەتوانێت لاری بنوێنێت. واتە: ئاگادارکردنی هاوولاتی لەهەمووساتێکدا بەوەی کەلەلایەن ئامێری بچووکی بیستنەوە چاودێری دەکرێت کە لەناو ماڵەکەیداو لەناو کەلوپەلەکانیدا شاردراوەتەوە، هەروەها هەرچی کەسێك کە لەدەورووپشتیەتی بەکرێگیراوی دەزگای موخابەراتە. جا هەر بەدروستکردنی گومان لای هاوولاتی، ئیتر دەستگیرکردنی ئاسان دەبێت و خۆ ئەگەر بەساغی لەزیندان دەرچوو ئەوە بەخت یاوەری بووە.

ئامانجی دەزگای موخابەرات لەبەرکارهێنانی ئەم رێوشوێن و تەکنەلۆجیایانە کۆنترۆڵکردنی هاوولاتیی عێراقییە بۆ زانینی هەر جووڵەیەك کە دەستپێکردنی شۆڕش یا پێکهێنانی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی لەدواوە بێت یان پێکەوەنانی گەلەکۆمەکی بێت کەهەڕەشە لەئاسایش و ئارامیی حکومەتی عێراقی دەکات. جا بەپێی رێبازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆن و کودەتاچییان، موخابەراتی عێراقی نەریتی وایە کەهێزەکانی ئاسایش(ئەمن) دەکەونە دەستگیرکردنی هەموو گومانلێکراوێك و لەجێدا لەسێدارە دەدرێن.

بەڵام ئەم دەزگایە، کارەکەی بەسادەیی ئەنجام نادات بەڵکو ڕێبازێکی زۆر چەپەڵ بەکاردێنێت چونکە کاتێك چاودێرانی دەزگاکە هەولێکی کودەتا ئاشکرا دەکەن وەنەبێت لەهەمان ساتدا تۆمەتبارو گومانلێکراوەکان بگرن، بەڵکو لێیان دەگەڕێن بەردەوام بن لەجموجوڵ بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بەتەواوەتی بزانن بەشداربوان چەند کەسن، ئنجا کادیرانی دەزگاکە خۆیان بۆ هەموو بەشداربوو و گومانلێکراوێك دەنێنەوە هەتا سەعاتی سفر دێت کاتێك هەر هەموویان دەستگیردەکرێن و لەسێدارەدەدرێن. ئنجا دەربارەی ئەوکەسەی چووبووە ریزی کودەتاچی یا پیلانگێڕەکان و هەواڵەکەی بەدەزگا دابوو ئەوە ماوەیەکی کورت لێی دەگەڕێن، بەڵام دوای ئەوە نۆرەی ئەویش دێت و لەناوی دەبەن، ئەمەش بۆ ئەوەی هەواڵەکە بڵاونەبێتەوەو خەڵك فێری یاخیبوون نەبێت یا هەر بیریشی لێنەکەنەوە.

ئەو ڕێنماییانەی بەڕێوەبەری دەزگا بۆ کادیرانی دەزگای دەردەکات دەبێت وەکو فەرمان وەربگیرێن و بەبێ چەندوچۆن جێبەجێ بکرێن، ئنجا خاك بەدامەنی ئەوەی لەجێبەجێکردنیاندا کەمتەرخەمی دەنوێنێت یا بەوردی ئەنجامیان نادات.

چاودێریی دارایی، بەڕێوەبەری دەزگا ناگرێتەوە، چونکە بەڕێوەبەر دەستەڵاتی ڕەهای هەیە کەچۆن و چی و چەند خەرجدەکات، جگە لەوەی مافی هەیە ناوی ئەو کادیرانەی دەزگا ئاشکرا نەکات کە لەناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا کاردەکەن.

بەڕێوەبەری دەزگای موخابەرات دەستەڵاتی ڕەهای هەیە لەڕووی دەستێوەردان لەکاروباری هەموو فەرمانگەو دامودەزگا ڕەسمییەکان بەوەزارەتی ناوخۆ بەخۆی و بەشەکانیەوە. لەهەمانکاتدا بەڕێوەبەر،

لەپێناو گەیشتن بەئامانج و جێبەجێکردنی کارەکەی بۆی هەیە هەرچی پێچەوانەی یاسایە بیکات. واتە دەتوانێت لەکاتی پێویستدا چەك، پارە، فێڵ و کەڵەك، دزی، بێبەشکردن و تەنانەت ئەگەر پێویستیکرد سێکسیش بەکاربێنێت. سەرۆکی وڵات تەنها کەسێکە بۆی هەیە مشتومڕو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەردا بکات یان بەرنامەو پێڕەوی کاری دەزگا راستبکاتەوە یا تەنانەت موحاسەبەی کادیرانی دەزگا بکات.

لێرەدا مەسەلەی بڕوا دووبارە دەکەمەوە کەدەبێت ئەوپەڕی بڕوا لەنێوان سەرۆکی دەوڵەت و بەڕێوەبەری دەزگاو سەرۆکی بەشەکان و ئەندام و کادیرەکاندا هەبێت.

دەبێت ئەوانەی رۆژانە راپۆرت بۆ سەرۆکی بەشەکان بەرزدەکەنەوە خاوەنی هەست و گیانێکی دەستپێشخەربن، واتە هەرچی مەسەلەیەکیان خراپە بەرچاو یەکسەر چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ئنجا سەرۆکی بەش، ئەو راپۆرتە بۆ بەڕێوەبەری دەزگا بەرز دەکاتەوە ئەوەش دوای چاککردن و روونکردنەوەی لایەنە تەمومژاوییەکانی.

پاشان بەڕێوەبەری دەزگا، دوای تاوتوێکردنی راپۆرتەکە لەگەڵ سەرۆك بەشەکاندا، بۆ سەرۆکی دەوڵەتی بەرزدەکاتەوە کەئەویش لەلای خۆیەوە دەیخاتە بەرچاوی سەرکردە بەعسییەکان بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنێکی راپۆرتەکە بەچاك و خراپییەوە. ئنجا کاتێك سەرکردایەتیی حزبی بەعس بریار لەسەر راپۆرتەکە دەردەکات؛ سەرکۆمار فەرمانێکی پێدەردەکات.

شایەنی باسە کەدروشم و نەریتی باوی حزبی بەعس لەعێراقدا، ئەنجامدانی هەرچی کارێکە کەنەشێت بکرێت، ئەمەش لەپێناو پارێزگاریکردن لەدەسەلاتی حزب لەناو وڵاتدا هەروەها پاراستنی ئەمنی

نەتەوەیی و ئەندامانی سەرکردایەتی.

سەرکردەکانی حزبی بەعس، دوای ئەوەی شارەزاییان لەدەزگای موخابەرات پەیداکرد هەموویان پێیان لەسەر ئەوە داگرت کەدەبێ بەڕێوەبردنی بەسەدام حسەین بسپێردرێت، ئەو بڕادەرەش چووە ژێر بارەکەو بوو بەیەکەم بەرپرس و سەرپەرشتیاری ئەو دەزگایە. جا بەهۆی ئەم توانا نوێیەوە(موخابەرات)، سەدام توانی وردەوردە دەست بەسەر عێراقدا بگرێت و کاروبارو بارودۆخ کۆنترۆڵ بکات.

هەروەها توانی بەخۆشی بێت یا بەناخۆشی، پشتگیری زۆربەی سەرکردایەتیی بەعس بەدەست بێنێت. ئەم نهێنیانەو زۆری تریش دوای ٢٥ ساڵ ئاشکرابوون بەڵام من، لەڕێی بەڕێز نازم گزارەوە ئەمانەم زانی کەپەیوەندییەکی توندوتۆڵم لەگەڵیدا هەبوو، چونکە ناوبراو کرابووە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، هەروەها بەفەرمانی ئەنجومەنی شۆڕش؛ جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسیش بوو کەپەیوەندیی پتەوی لەگەڵ سەدام حسەیندا هەبوو، ئەوەبوو هەردووکیان(سەدام و نازم) دەستیان خستە ناودەستی یەکترو عێراقیان بەتەواوەتی کۆنترۆڵکرد، ئەمەش لەڕێی پێکەوەلکاندنی هەردوو دەزگای ئاسایش و موخابەرات.

لەناو ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی بەعس لەوانەی ئاگاداری ئەم وردەکارییانەن ئێستا تەنها دوو کەسیان لەژیاندان ئەوانیش بەڕێزان تارق عەزیزو عزەت دوورییە کەئەمانە، لەپێناو پاراستنی گیانیان ورتەیان لەزار دەرنەچووە کەسەرۆک سەدام حسەین پێی لێڵ بێت. بەڕێز تارق عەزیز خەڵکی بەرتەلەی لای مووسڵەو لەمەسیحییە کلدانەکانە. بنەماڵەکەی، خۆیان بەکورد دەژمارد هەتا ناوی لە(دنخە)وە بۆ تارق عەزیز گۆڕی ئنجا ڕەگەزی نەتەوەییشیان گۆڕی. هەرچی بەڕێز عزەت دوورییشە ئەوە خۆی

واتەنی، لەسۆفییەکانەو خەلفەی شێخی ڕێبازی کەسنەزانییە.

کودەتای نازانم گزارو محەمەد فازل ئەگەر سەرکەوتبا ئەوە خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سامەڕائی دەبوو بەسەرکۆمار، ئەوساکەش بەڕێزان ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سەدام حسەین یا لەسێدارەدەدران یا بۆ دەرەوەی وڵات دوور دەخرانەوەو گەلی کوردیش ئەو نەهامەتیانەی بەسەر نەدەهات کە بەدەستی ئەلبەکرو سەدام چەشتی.

مەراقی گەورەوگرانی سەرکردایەتیی حزبی بەعس ئەوساو ئێستاش؛ دانانی ستراتێجێکی ئەمنی بوو بۆ پارێزگاریکردن لەئەمنی نەتەوەیی هەروەها سەپاندنی زاڵدەستیی ڕەهایان بۆ دەرکردنی بڕیار لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە بۆ پێکهێنانی دامودەزگا ئەمنیو موخابەراتییەکانی وەك: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیس، ئیستخباراتی سەربازی، ئاسایشی گشتی، موخابەراتی گشتیو ڕێکخستنی حزبی بەعس.

١ـ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیس دەبێت پەیمان بدەن کەسەر بەهیچ حزبێکی سیاسی نین جگە لەحزبی بەعسي سۆشیالیست کەدەبێت بەزۆر بىن بەئەندامیو لێبڕاوانە کار لەناو ڕیزەکانیدا بکەن بۆ بەرزبوونەوەی پلەیانو بەدەستهێنانی پۆستی حزبی کەئەمەش نیشانەیەکی ئاشکرایە کەئەو ئەندامە چالاکە.

٢ ـ مەرجەکانی سەر کارمەندانی ئیستخباراتی سەربازی بەهەمان شێوە وەکو مەرجەکانی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسە بەلام جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەبێت توندیو سەختیی ئەو سزایەیە کە بەسەر نەفسەرو سەربازە کارمەندەکاندا دەسەپێنرێت کەحوکمی لەسێدارەدان بەشی کارمەندی سستو کارنەکەرە.

٣ ـ مەرجەکانی کارمەندانی ئاسایشی گشتیش دووبارە بەهەمان شێوەیەو سزاکانیشیان قورسترە، جگەلەوەی کارو ئەرکەکانیان فراوانترو مەترسیدارترن، چونکە ئەمانە بەرپرسیارن لەپارێزگاریکردنی ئارامیو ئاسایشی بەغدای پایتەخت لەدوژمنانی حزبی بەعس، هەروەها بەرپرسیارن لەوەی رێ نەدەن ئاژاوەو پشێویو کاری تێکدان رووبدات کەزیان بەئاسایشی پایتەخت دەگەیەنن، هەروەها پارێزگاریکردنی سنووری ولآت لەدزەکردنی هەربێگانەو گومانلێکراوێك بۆ ناو ولآت یا هەر پەیوەندییەکی گوماناوی لەگەڵ حزبێکی نەیار یان دەوڵەتێك، دۆست بێت یا دوژمن.

٤ـ دەربارەی مەرجەکانی دامەزرانو کارکردن لەموخابەراتی گشتیدا ئەوە بەهەمان شێوە وەکو مەرجەکانی لەمەڕ دامودەزگاکانیتری سەرەوەیەو هێشتا توندتریشە، کارمەندەکانیشی لەناو ولآتدا بالآدەستترنو گەورەترین دەسەلآتیان لەلایەن رژێمەوە پێدراوە هەروەها مەترسیدارترین کارو فەرمانیان پیسپێردراوە کەپەیوەندیی بەئاسایشی دەوڵەتەوە هەیە وەك کودەتا، تیرۆر، لەسێدارەدانو کۆکوژی.

٥ ـ لەکۆتاییدا رێکخستنەکانی حزبی بەعس دێت کەدەبێت هەموو هاوولآتییەکی رێکوپێك بچێتە ریزی ئەم رێکخستنەوە، ئەوەی ملیش نەدات ئەوە بەهاوولآتیی پلەدوو لەقەڵەمدەدرێت. چوونە ریزی رێکخستنی حزبی بەعس هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوەو کەسی لێ هەڵنەبوێردراوە، ئەوەی نەچێتە ریزی بەعسەوە نیشانەیەکی پرسیار((؟)) لەسەر دۆسیەکەی دەکێشرێتو دەخرێتە ژێر چاودێریکردنێکی وردو توندەوە، هەروەها لەزۆر مافی مەدەنی بێبەش دەکرێت، ئنجا قوڕ بەسەری ئەگەر بەئاستەم پێی خوار دانا .

دوای پێکهێنانی ئەو پێنج دەزگا ئەمنییەی سەرەوە، ئەنجومەنی شۆڕش بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا جەختی لەسەر ئەوەکرد کەرژێمی عێراق پشتگیری ئەو دامودەزگایانە دەکات و دەستەڵاتی رەهای پێداون بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵات و ئاسایش و ئەمنی نەتەوەیی بەعس. هەروەها ئەنجومەنی شۆڕش بڕیاریدا مەسەلەی کورد لەباکوورو کێشەی شیعەکان لەباشووردا، چارەسەربکات. شایەنی باسە دامودەزگا ئەمنییەکان ئەوساو ئێستاش لەپەیوەندییەکی بەردەوام و راستەوخۆدابوون لەگەڵ سەرۆک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سەدام حسەینی جێگریدا، کەئەمانە بەهۆی ئەو دامودەزگایانە وڵاتیان کۆنترۆڵ دەکرد. بەڵام لەو دەمانەدا هێشتا دژایەتیکردنی ئاشکرای بەعس بۆ کوردو شیعەو راگەیاندنی جەنگ لەدژیان، سەری هەڵنەدابوو.

سەدام حسەین لەسەرەتای ناودەرکردنیدا، لەناو سەرکردەکانی حکومەتی عێراق هەروەها لەناو گەلدا وەکو پیاوێکی دەست و داوێن پاک و بەویژدان و دڵسۆز ناوبانگی دەرکرد. خانوویەکی بۆ خۆی نەبوو، هەموو کاتێکی خۆی بۆ خزمەتکردنی حزبی بەعس و گەلی عێراق و سەرجەم عەرەب تەرخانکردبوو. بەکورتی، بەلای هەموو خەڵکەوە نموونەی مرۆڤی شۆڕشگێڕو پرۆلیتاربوو، لەبژێوی رۆژانە بەولاوە چاوی لەهیچیتر نەبوو. ئنجا رۆژ لەدوای رۆژ ناوی بوو بەوێردی سەر زرای هەموو بەعسییەك. پاشان دەستیکرد بەلابردنی نەیارەکانی لەدەستەڵاتدا ئەوەش لەرێی کردنیان بەگژی یەکتر، یان داباراندنی ماڵ و سامان بەسەریاندا، یا سەرقاڵکردنیان بەخۆشی و رابواردن و کۆکردنەوەی پارە بەناشەرعی.

ئنجا کەوتە هاندانی بنەماڵەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سالح مەهدی عەمماش بۆ دەستکردن بەقاچاخچییەتی چونکە ئەمە خێراترین رێگەیە

بـۆ پـارە کۆکردنـەوە. لـەو ڕووەشـەوە کارئاسـانی بـۆ کـردن، هـەموو ئامانجێکیشی شێواندنی وێنەی سەرکردەکانی بەعس بوو لای ڕای گشتی بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا لەپەیوەیەیان کەم بێتەوەو ناوبانگی سیاسییان بزڕێت. هەر بەراستیش دوای ماوەیەك توانی بەبەهانەی کۆکردنەوەی پارەو بەرتیل وەرگرتن و قاچاخچێتیکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی نایاسایی بـۆ کۆکردنـەوەی مـاڵ و سـامان، سـەدام توانـی ژمارەیـەك لەئەندامانی سەرکردایەتی لێبخات. هەر خۆیشی لای سەرکۆمار ئەلبەکر ناوی دەدان و بـوو بەمایـەی ئـەوەی ژمارەیـەکیان زینـدانـی بکرێـن و لەئەنجامدا وێنـەیان لەبـەردەم ڕای گشتی و ڕێکخستنە حزبییـەکاندا ناشیرین بوو.

سەدام بەم کردەوانەی ڕێچکەیەکی بۆ گەیشتن بەلوتکەی دەستەڵات بۆ خـۆی کـردەوە جگـە لەوەدەسـتهێنانی بـڕوای سـەرکۆمار دوای ئـەوەی نەیارەکانی لاداو خۆی وەکو عێراقییەکی بەعسی جوانمەرد دەرخست. ئنجا ئەلبەکری بەرنەداو خۆی لەبەرچاویدا وادەنواند گوایە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتییە لەدەستەڵاتدا. پاشـان دامودەزگـا ئەمنییـەکانی کۆنـترۆڵکرد و هـەرچی لایـەنگری ئەلبـەکر بـوو لایـدان و لایـەنگری خـۆی لـەجێیان دامـەزراند. هەرچەندە ٩٩٪ی ئەو دامودەزگایانەی کۆنترۆڵکردبوو، بەڵام مەراقی هەرە گەورەی ئەوەبوو کەشوێنی وەزارەتی بەرگریی بۆ کۆنترۆڵ نەکرابوو کەئەمانە سەر بەخودی ئەلبەکر بوون. بۆیە سەدام هەوڵیدا فەرماندەی فیرقەکان و لێپرسراوانی وەزارەتی بـەرگری بگۆڕێت، ئنجا لـەکۆتاییدا دەریچەیـەکی بـۆ ئـەم ئامانجـەی دیتـەوە ئـەویش لـەڕێی کۆنـترۆڵکردنی مەکتەبی سـەربازی کـە بەهۆیـەوە توانـی تۆمـەت و درۆ و بەلەسـە بـۆ هـەندێك لێپرسـراوی سـەربازی هەڵبەسـتێت جگـە

لەدەمچەوەرکردنی هەندێك لێپرسراو بۆ زڕاندنی ناوی هەندێکیتر بەتایبەتی لایەنگرو هەوادارانی ئەلبەکر. ئیتر بەم شێوەیە بەتاواتی خۆی گەیشتو ئەوەندەی نەخایاند کەسوپای کۆنترۆڵکرد. پاشان لەرێی سێ شتەوە کەوتە پارێزگاریکردن لەدەستەلاتەکەی ئەوانیش زیندانیکردن، تیرۆرو رفاندن. لەیەکەم هەنگاویدا عەبدولرەزاق نایفی لەئینگلتەرە تیرۆرکرد کەناوبراو لەسەردەمی دەستەلاتی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکردا سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، شایەنی باسە کەتیرۆرکردنی ناوبراو بەفەرمانی سەدامو ئەلبەکر بوو. ئنجا دەستیاندایە لەناوبردنی سەرانی حزبی بەعس لەوانەی مەترسییان لێیان هەبوو یا بڕوای رەهایان بەدڵسۆزییان نەبوو. بۆ لەناوبردنی ئەمانە، فڕێیاندەدانە ناو رووبار بۆ ئەوەی وای بنوێنن گوایە خنکاون، یان بەهۆی رووداوی ئوتومبێل دەیانکوشتن، یان بەژەهر دەیانکوشتنو راپۆرتی پزیشکیش بۆی دەسەلماندن کە بەوەستانی دڵ مردوون. ئەمانە تا ئەمڕۆ ئەمە پیشەیانە، خوا لەبەلا لامانبدات.

هەندێك جار لەوجۆرە کەسانەیان بەئاشکرا دەکوشت بەبێ ئەوەی سڵ لەکەسێك بکەنەوە، بەلام ئەمانە ئەگەر لەخوا نەترسن ئیتر مرۆڤ چییە لێی بترسن. خوالێخۆشبوو حەردان تکریتی، بەفەرمانی سەدامو ئەلبەکر بەدەستی گرووپێکی پسپۆری دەزگای موخابەراتی عێراقی، کەئەو دەمانە کارمەندی باڵیۆزخانەی عێراق بوون لەکوێت، کوژرا.

سەعدوون شاکر پلانەکەی دارشتبوو کەحەموود عەزاوی بەشداریی جێبەجێکردنی کرد، کەئەمیش پاشتر بەفەرمانی سەدام تیرۆرکرا. ئەم هەموو رووداوانە روویاندا کەچی حکومەتی کوێتی متەقی نەکرد، بەڵکو چەند سەعاتێك دوای تاوانەکە، کوێت رێگەی بەوەزیری دەرەوەی

عێراقدا، بەڕێز عەبدلکەریم شێخلی کەبەبێ هیچ پرۆتۆکۆلێکی پێشتر، سەردانی کوێت بکاتو بەهەمان فرۆکە کەپێی چووبوو، ژمارەیەك لەجێبەجێکەری تاوانەکە لەگەڵ خۆیدا بەڕێتەوە، ئەوانیتر بەناوی چاودێر لەگەڵ تەرمی حەردان تکریتیدا ڕۆیشتنەوە. ڕاستیان گرتووە. (کابرا دەکوژنو تەرمەکەشی بەرێدەکەن)، بەڵام بیرمان نەچێت کوشتنی پیاوێك لەدارستانێکدا تاوانێکە چەند بۆچوونێك هەڵدەگرێت، بەڵام لەناوبردنی سەرجەمی گەلێك تاوانێکە لێبوردنی نییە.

خوێنەری خۆشەویست: لەڕاستیدا لەپێناو بەرژەوەندیو سەرفرازیی گەلێك، چاوپۆشی لەتاوانێك دەکرێت. جا بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ مەزنترین ڕووداوی مێژوویی بوو کە لەکوردستاندا دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد ڕوویدابێت. سەدامو بارزانی دەیانتوانی لەڕێی ئەو بەیاننامەوە، مەسەلەی کورد لەعێراقدا چارەسەربکەن. چونکە لەو ماوەیەدا کاتێك چاوم بەچەند سەرکردەیەکی حزبی بەعس کەوتو لەمەترسییەکانی ڕێککەوتنی بارزانیو تاڵەبانی ئاگادارمکردن قسەکەیان ئەمەبوو: (درۆیە ئەگەر بڵێین لەبارزانی بەولاوە دۆستیترمان لەناو کورددا هەیە، هەمووتان بچنە پاڵ هێزی بارزانی، ڕەفیق پشدەری : هێزی بارزانی هێزی بەعسە).

بەڵام ئەوەندەی نەبرد نازم گزار، بەفەرمانی سەدامو ئەلبەکر پلانی بۆ تیرۆکردنی بارزانی دارشت ئەویش بەتەقاندنەوەی چەند مەلایەك کەچووبوونە سەردانی. ئەم پیلانە بەخۆڕایی نەبوو، بەڵکو ئەنجامی هاتنەدیی بەیاننامەی ئادارو بەئاوات گەیشتنی گەلی کوردستان بوو کەوای لەشای ئێرانو C.I.A و بەڕێز هیلمزی باڵیۆزی ئەمریکا لەتارانو بەڕێز هنری کسنجەر هەروەها ئیسرائیلو تورکیا کرد، کەدەست بخەنە

مەسەلەکەوەو ئەگەر بەتیرۆرکردنیش نەبێت ئەوە لەرێی هەرەسهێنانی شۆڕش ئەنجامی بدەن کە لەکۆتاییدا سەدامو بارزانی ئەم پلانەیان جێبەجێکرد هەروەکو لەکتێبەکانی‌تردا بەدوورودرێژی باسی ئەمەم کردووە.

شایەنی باسە زنجیرەی کردەوە تاوانکارییەکانی دەزگای موخابەراتی عێراق دوایی نایەت، لەناوچوونو بی‌سەروشوێنبوونی چارەنووسی قادر تەگەرانی‌و گرووپەکەی نموونەیەکی‌ترە.

ئیستخباراتی سەربازی

هەروەکو لەوەوپێش باسمکرد سەرۆك سەدام حسەین بەشێوەیەك سوپای کۆنترۆڵکرد کەهیچ ئەفسەرێك، یان فەرماندەی فیرقەو سەرلەشکرێك، یان سەرکردەکانی هێزی ئاسمانی پرکێشی نەکەن بیر لەئەنجامدانی کوردەتایەکی سەربازی بکەنەوە ئەمەش بەهۆی زەبروەشاندنی بێبەزەییانەی سەدام حسەین لەبەرامبەر هەرکەسێك کەخاڵێکی رەش لەدۆسیەکەیدا تۆمارکرابێت، وەك ئەوەی سەر بەحزبێکی‌تری سیاسی بێت جگە لەحزبی بەعس. لەم رووەوە دەزگای موخابەراتی عێراقی چەند هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی ئەفسەرانیان جێبەجێکردووەو زۆریشیان لێ کوشتوون جگە لەوەی فەرماندە سەربازییەکان لەعێراقدا بەردەوامو شەوو رۆژ، چاودێریی توندیان لەسەرە.

بەلام بیرمان نەچێت کەسەرۆك سەدام حسەین کاتێك سوپای کۆنترۆڵکرد کە هێزی گاردی کۆماری پێکهێنا، ئەم هێزەش سەلماندی بۆ هەموو کارو فرمانێکی سەربازی لەخزمەتی سەرۆکەکەیدایە.

دەزگای موخابەراتی گشتی

داروديواری ئەم دەزگايە شايەدی دەدەن كەسەدام لەكاتێكەوە ئەم دەزگايەی كۆنترۆڵكردووە هێشتا جێگری ئەلبەكربووە، ئەوەبوو وێنەكانی ئەلبەكر داگيران و وێنەی سەداميان لەجێدا دانرا. ئەمە ئەوە دەگەيەنێت كەكارمەندانی ئەم دەزگايە بەتەواوەتی پياوی سەدام حسەينن. سەدام و ئەلبەكر ٩٠٪ دەزگای موخابەراتيان لەخزمەتی خۆياندا تەرخانكردبوو تەنها ١٠٪ی بۆ خزمەتی گەلی عێراق بوو.

بەرەنگاريكردنی ئيرادەی گەلی كوردستان هەروەها سەركوتكردنی شيعەو زۆر رووداوی تری دڵتەزێن وای لەنازم گزاركرد هەوڵی كودەتا بدات و رژێم بگۆڕێت. جا دوای سەرنەگرتنی هەوڵەكەی نازم گزار كاتێك دەستگيركراو بەكەلەبچەكراوی برديان بۆ بەردەستی ئەحمەد حەسەن ئەلبەكر، لێی پرسی: چی هانيدايت هەوڵ بدەيت حوكمی من بڕووخێنێت لەكاتێكدا من تۆم گەياندە ئەوپلەيەو كردميت بەوپياوەو گەياندميتە پلەی بەڕێوەبەری ئاسايشی گشتی و جێگری بەڕێوەبەری پۆليسی گشتی؟ نازم گزار وەلاميدايەوە: راستييەكە پێچەوانەی قسەكانتە، چونكە ئێمە تۆمان هێناو كردمانيت بەسەرۆكمان تا خزمەتی عێراق بەگشتی و حزبی بەعس بەتايبەتی بكەيت، نەمانكرديت بەسەركۆمار تابيبيتە دكتاتۆر بەسەرمانەوەو دەست بەسەر ماڵ و سامانی وڵاتدا بگريت هەی ناپاك.

ئنجا هەرئەوەندەی لای ئەلبەكر دەرچوو، لەگەڵ هەموو هاوەڵەكانيدا لەسێدارەدران ئەگەرچی گزار عێراقييەكی عەرەب و بەعسييەكی دڵسۆزی نيشتمانی بوو، بەلام بەرگەی زوڵم و زۆرو ستەم و گەندەڵی نەگرت. جاميش كەپڕپڕبوو، لێی دەڕژێت.

ئەوەی لە شوێنی گزار دانرا دکتۆر فازڵ بەڕاك بوو، کرا بەبەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، بڕواپێکراوی سەدام و ئەلبەکربوو هەروەها جێبەجێکەری ژمارەیەکی زۆری تاوانەکانیان بوو؛ بەڵام دوای ئەوەی هەستی بەدکتاتۆریەتی سەدام و ئەلبەکرکرد کەهەموو شتێك لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا دەکەن؛ هەوڵیدا رابردووی رەشی لەگەڵ سەدام و ئەلبەکردا کەدژی گەلی عێراق تۆماریکردووە، بسڕێتەوە. پلانی کودەتایەکی کێشا بەلاّم نەیزانی لەلایەن نزیکترین کەسیەوە چاودێریکراوە. کاتێکیش تاوانەکەی لەسەر سەلما دەستگیرکرا، ئازارو ئەشکەنجەی زۆردارو سوکایەتی پێکرا، ئنجا بردیانەوە بۆ تکریت، لەوێ بەچاوی بەستراوەوە زۆریان لێکرد لەبەردەم کورەکەی و باوکی و کەسوکارو عەشرەتەکەیدا وەکو کەر بزەڕێت ! ئنجا دوای ئەوە یەکسەر چاویان کردەوە، ئەویش دەستیکرد بەگریان ، پاشان لەسێدارەدرا.

پێش ئەوە بەهەمان شێوە لەگەڵ خوالێخۆشبوو مورتەزا حەدیسی جووڵابوونەوەو پاشتر کوشتبوویان. ئەمانە رووداوی سەرەکین، بەلاّم زۆر رووداوی تری لاوەکی هەن کەناژمێردرێن و لەدرندەییدا وێنەیان نییە.

رێککەوتننامەی شوومی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥دا لەلایەن سەدام حسەین و شای ئێران ئەنجامدرا کە بەهۆیەوە بەهێزترین شۆڕشی چەکداری کوردیان لەسەدەی بیستدا بەسەرۆکایەتیی بارزانی، لەناوبرد. ئەو رێککەوتننامەیە سەدام حسەینی لەناوخۆی وڵات و دەرەوەشیدا ناودارکردو وای لێکرد دوای ئەوە، بێ ئەوەی کەس بێتە رێگەی، وڵات بەڕێوەبەرێت ئەگەرچی هێشتا جێگری سەرکۆماربوو.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی کوردو دەپرسین: مادەم لەکاتی رێککەوتننامەی جەزائیردا ، قسە قسەی سەدام بووەو بەحسابی خۆی

کاری بۆ یەکیەتیی عێراق و بەرژەوەندیی گەلەکەیدا دەکرد، ئیتر بۆچی لەگەڵ بارزانیدا رێکنەکەوت؟ خۆ ئەگەر گومانی لەبارزانی هەبووبێت و بەبکرێگیراوێکی C.I.A و مووسادی دەزانی هەورەکو دەڵێت، کەواتە خۆی بەو هەموو زانابییەیەوە بۆچی شوێن و پلەی بارزانی نەگرت تا لەسەر کورسییەکەی خۆیەوە وڵات بەشێوەیەك بەڕێوەبەرێت کەدوای ئەهامەتییەکیان لەئەنجامی رێککەوتننامەی جەزائیر، خۆی لەکورد نزیك بکاتەوە؛ سەدام بەم کارەی دەیتوانی رای گشتیی کورد بەلای خۆیدا راکێشێت و بۆ یەکجاری لەگیروگرفت و کێشەکانی باکووری عێراق رزگاری بێت، هەروەها ئاشتی و ئارامی بۆ خەڵکی عەرەبی ناوەراست و باشوور مسۆگەر دەکردو لەئەنجامدا عێراقێکی یەکگرتووی بەهێز دامەزرێنێت. بەڵام لەئەنجامی ئەم پرسیارو لێکدانەوانە راستییەکمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کەسەدام حسێن؛ کە بەشەمەندەفەری ئەمریکا لەعێراقدا دەستەڵاتی گرتە دەست، کار بۆ C.I.A دەکات ئەوەش لەرێی کەناڵیترەوە کەشای ئێران یا تورکیایە .

جارێکیان داوایکردم، کەچووم لەگەڵمدا دانیشت و دەستیکرد بەئامۆژگاریکردنم، قسەکانی بۆنی هەڕەشەیان لێدەهات، من لەوە تۆقیم نەکا پەیوەندیی ژێربەژێرم لەگەڵ بزوتنەوەی کورد ئاشکرابووبێت.

گوتی: واز لەبزوتنەوەی کوردو کێشەو مەسەلەی کوردو یەکخستنیان و دامەزراندنی حکومەتی کوردو ئەم شتانە بێنە، ئەمە هەمووی خەیاڵە، من لەم شوێنەی خۆمەوە ئارەزوومە عێراق یەکبخەم و ئاسایشی بپارێزم و قودس رزگاربکەم، بەڵام ئەمە هەمووی قسەی قۆڕە، کەخۆم بۆم جێبەجێ نەکرێت بارۆژگار چارەسەریان بکات. ئنجا بزەیەکی کێشاو باسەکەی گۆڕی.

کەواتە سەدام حسەینیش وەکو ئەو خەڵکەیتر وایە بەلاّم چەند پابەندێکی سیاسی بەستوویەتییەوە، هەروەها ئەرکی موخابەراتیشی لەسەرە کەدەبێت جێبەجێیان بکات.

ئێستاش ئەمریکا هەوڵی رووخاندنی دەدات چونکە پێدەچێ هەروەکو شای ئێران، ئەمیش رۆڵی نەمابێت.

بابگەرێینەوە بۆ سەربوردەی مەلامستەفا کەزیاد لەچارەکە سەدەیەك سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی کرد. ئەم پیاوە داستانەی هۆش و بیری زۆر کەسی کەمەندکێش و سەراسیمەکرد کەئەمەش لەخۆیدا راستییەکە ناکرێ دانی پێدانەنێین، لەبارەی ئەم پیاوەوە دەڵێم لەسالأنی چلەکانەوە هەتا رێککەوتنامەی جەزائیر(ئاداری ١٩٧٥) کە بەناوبژیوانیی سەرۆکی جەزائیری هەواری بومدیەن، لەنێوان سەدام حسەین و شای ئێران مۆرکرا، مەلامستەفا تا ئەوکاتە سیمبوڵی تێکۆشان و دروشمی گەل بوو، چونکە بەهۆی ئەوبوو کەناوبانگی کورد بەهەموو جیهاندا بلاّوبۆوە جگەلەوەی کورد ، لەهەموو جیهاندا مەلامستەفایان ناسی.

ئەم پیاوە لەدوو لاینەوە خزمەتی بەگەلی کورد گەیاند، یەکەمیان لایەنی راگەیاندن کەکوردی بەجیهان ناساند، دووەمیان توانی ریزی کوردان یەکبخات و بۆ ماوەیەك ئاگر بکوژێنێتەوەو کورد بخاتە یەك سەنگەرو لەژێر یەك ئالأدا کۆی بکاتەوە. لەبەرئەمانە وێنەکانی بارزانی، دارودیواری هەموو ماڵێکی رازاندبۆوەو لەپەڕەی هەموو دڵێکیشدا بوو، بوو بەباوکی خەمخۆری منداڵەکانی ، بوو بەهیوای کورد لەهەر چوارپارچەکەو لەجیهانیشدا بۆ رزگاربوونی گەلی کوردستان و بەدەستهێنانی ئازادی.

من خۆم بەفریشتەیەکم دەزانی کەخوا لەئاسمانەوە بۆمانی ناردووە. ئەدیب و مێژوونووس و بیریارانی کورد پلەوپایەی بارزانییان لەپاش

مەرگی، لەریزی مەزنەپیاوانی مێژوو دانابوو وەکو شێخ مەحموودی حەفید- مەلیکی کوردستان، قازی محەمەدی سەرکۆماری مهاباد، عومەر ئەلموختاری موجاهیدی لیبی، هۆشی منەی سیاسەتمەداری ڤیەتنامی، ماوتیستۆنگی یەکەپیاوی چین و زۆریتر لەو نەمرانە. کەواتە کامیان چاکترە: ناوت بخرێتە ریزی نەمران، یان بەملیۆن و ملیار دۆلار بۆ منداڵەکانت بەجێبهێڵیت تەخشان و پەخشانی بکەن؟ ئاخر پارەی بەفر ئاودەیبات!

مەراقی لەبیرنەچووی رێککەوتننامەی جەزائیر

لە۱۹۷۵/۳/۱۱دا، شای ئێران بەمەلامستەفای سەرکردەی بزووتنەوەی کوردی راگەیاند کەرێککەوتننامەی جەزائیر، حکومەتی ئێران پابەندی ئەوە دەکات کەیارمەتیو کۆمەك لەشۆڕشی کورد بگرێت تەنانەت رێگە لەو کۆمەکانەشی بگرێت کە لەدەرەوە بەخاکی ئێراندا دەگەیشتنە دەستی شۆڕشگێرانی کورد. بەواتایەکی روونتر: شۆڕش ئاشبەتاڵی پێبکرێت و هەرکەسە بچێتەوە-بۆ ماڵی خۆی. دوای ئەم هەواڵە مەرگەساتاوییە، شای ئێران ویستی چاوی بەبارزانی بکەوێت تا بەرتەکدانەوەی سەرکردەی بزوتنەوەی کوردی لەبەرامبەر ئەم بڕیارە نارەوایە بۆ دەربکەوێت کەکەس بۆی نییە بڕیاری لەمجۆرە دەربکات، چونکە ئەمە پەیوەندی بەبنەماڵە یا تەنانەت عەشرەتێکەوە نییە، بەڵکو مەسەلەی گەلێکی دێرینە ژمارەی دەگاتە چەندین ملیۆن کەس جگە لەوەی مەرگەساتی مێژووی بەکۆیلەبوونی ئەم گەلەش نیو سەدەی تێپەڕکردووە.

لەو ڕۆژە ڕەشەدا، جبەخانەی سەرەکیی شۆڕش پازدە هەزار فیشەکی تفەنگ و گوللە تۆپی تێدابوو لەگەڵ پێنج هەزار گوللە هاوەن، ژمارەی پێشمەرگە کەتۆمارکرابوون زیاد لە ۷۰ هەزار کەس بوو، عەمبارەکانی

ئازووقە ئەوەندەیان خۆراك تێدابوو بەشی زیاد لەپێنج مانگی دەكرد. تۆماری بەشی دارایی لەبارەگای سەركردایەتی وای رادەنواند كە ٧٠ سیۆن دۆلار هەروەها ٤٥ ملیۆن دینار لەبەردەستدایە، واتە ١٤٤ ملیۆن دۆلاری ئەو رۆژە. لەو رۆژەدا شۆڕشی كورد بەدەوڵەمەندترین شۆڕش دەناسرا لەرووی داراییەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم توانا سەربازیو داراییە بێسنوورە بێننە بەرچاوتان جگە لە پشتگیری رەهای گەلی كوردستانو هەموو كوردێك لەهەر گۆشەیەكی جیهاندا بۆ ئەم شۆڕشە... بۆیە گوشاری سەر سەركردایەتیی شۆڕش هەرچەندێك بووبێت یان پابەندبوونی ئەو سەكردایەتییە بە C.I.Aو سیاسەتی ئەو كاتەی نێودەوڵەتی هەرچۆنێك بووبێت دەبوایە ئەو سەركردایەتییە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی بنواندایە كە بەداخەوە نواندی.

كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان چاوەڕێ بوون سەركردایەتی لەئاست ئەو بڕیارەی شای ئێران هەڵوێست وەربگرێت بەڵام كاتێكیان زانی بارزانی، لە ١٩٧٥/٣/١٢دا لەگەڵ وەفدێكدا سەردانی شای ئێرانی كرد كەئەویش هەرەس پێهێنانی شۆڕشی پێڕاگەیاند. لێرەدا هەڵوێستی بارزانی لەئاست مەسەلەی كورد لەو قسەیەدا بەرجەستەبوو كە لەبەردەم شای ئێران دەربڕی كاتێك گوتی: (سەروەرم شای ئێران، ئێمە گەلی تۆین، مادەم تۆ بەرێككەوتننامەی جەزائیر رازیتو لەو رێگەیەوە بەرژەوەندییەكانی ئێرانی نیشتمانی دایكمان بەدیدێنیت، ئەوە ئێمە دژایەتی ئەو بڕیارە ناكەین، بەڵكو دەستەونەزەر لەخزمەتتداین بڵێیت بمرن دەمرین...ئێمە ئەوساو ئێستاش دڵسۆز بووین بۆ تۆ، لەداهاتووشدا هەروا دەبین ،

هیواداریشین سۆزو چاودێریتان لەسەر خۆمانو کێشەکەمان هەمیشە بەردەوام بێت).

هیچ کەس لەئامادەبوان بەرپەرچی قسەی بارزانی نەدایەوە، تەنها دکتۆر مەحموود عەلی عوسمان لەوقسانەی بارزانی ناڕازیبوو کەزۆر بوێرانە ناڕەزایەتیی خۆی بەرامبەر ئەو بڕیارە ناڕەوایەی شای ئێران؛ هەرلەویٚ لەبەردەم ئامادەبواندا دەربڕی، بارزانی ورتەی لەدەم نەهاتە دەرەوە، جگە لەوەی بواری گفتوگۆو مشتومڕیش نەمابوو چونکە ئەوەی پلانی بۆ دارێژرابوو، روویدابوو.

دوای گەڕانەوەیان، بارزانی بڕیارە مێژوویە رەشەکەی لەچەند خاڵێکدا دەرکرد:

١ـ تەسلیمبوون بەئیرادەی دوژمنانو کۆتایی هێنان بەشۆڕشی چەکداری کوردو دوایی هێنان بەخەباتی سی ساڵەی (١٩٤٦ ـ١٩٧٥) پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢ـ گواستنەوەی ماڵو سامانی شۆڕش بۆ ئێران.

٣ ـ دەمودەست برووسکە بۆ هەموو بارەگاکانی پێشمەرگە لەهەموو لایەکی کوردستان بکرێت کەهەرچی چەکی قورسە کەهەیانە تێکوپێکی بدەنو هەتا ١٩٧٥/٣/٢٦ بەچەکە سووکەکانیانەوەو خۆیان تەسلیمی دەسەلاٚتی ئێرانی بکەنو هەموو جۆرە چالاکییەك راگرن.

٤ـ فەرمانی بەئدریسو مەسعوود بارزانیدا کەهەرچی زووترە کار بۆ لەناوبردنی ئەوکەسانە بکەن کەخودی بارزانی گومانی لەوەهەبوو فەرمانەکان جێبەجیٚ ناکەنو بەردەوام دەبن لەخەباتی چەکدار، ئەمەش بۆ ئەوەی راگرتنی تەقە لەکوردستاندا مسۆگەربکات، بەتایبەتی ئەوانەی

لەزیندانەکانی شۆڕشدابوون وەکو کەسایەتیی ناسراوی نیشتمانپەروەر محەمەد ئاغای مێرگەسووری‌و کوڕەکانی کەدەمودەست لەناویان بردن.

٥ـ بنەماڵەی بارزانی رووبکاتە ئێران کەلەوێ شای ئێران سەد خانووی زۆر رێکوپێکی لەکەرەج نزیك تاران پێبەخشین، جگە لەوەی بڕی یەك ملیۆن دیناری وەك خەرجی بۆ ناردن.

٦ ـ ئەسپاردەکردنی هەموو دارایی شۆڕش لەبانکەکانی ولآتانی دەرەوە بەناوی بارزانییەوە کەپێشتر ئامارەم بەوەدا دەگەیشتە بڕی ٢١٩ ملیۆن دۆلار، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئەوخێزانانەی دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، پارەی نانێکیان لەباخەڵدا نەبوو.

ئەو چەند وشە سەرشۆڕیئامێزانەی بەبێ‌شەرمانە لەزاری بارزانی دەرچوون کەس ناچاری نەکردبوو بیانکات، هەروەها تاکتیك نەبوون کەئەو قۆناغە پێویستی کردبێت بەڵکو بارزانی وەك بارێکی خۆئاسایی کەسایەتییە شڵەکەی، لەخۆڕا ئەوقسانەی دەربڕی، لێرەدا داوای لێبوردنیش دەکەم کەئەم قسەیە دەکەم بەلآم لەڕاستیدا ئەو مەسەلەیە لێکدانەوەی‌تر هەڵناگرێت. چونکە دەبوایە گوزارشتی لەئازاری دڵی زامداری گەلەکەی بکردایەو داکۆکی لەکێشەی نەتەوەکەی بکردایە ئەگەر بەسەرزارەکیش بوایە تا هەڵوێستێك بۆ خۆی تۆمار بکات ، بەلآم ئەوەی روویدا تازە ناگەڕێتەوە.

زۆر رووداوو هەڵوێستی مێژوویی هەن کە بەسەر سەرکردەو سەرۆك‌و لێپرسراوردا هاتوون هەروەکو ئەوەی بەسەر بارزانیدا هات لەرێککەوتنامەی جەزائیردا، لەوانەشە هەندێك سەرکردە لەوە دژوارتریان هاتبێتەرێ بەلآم هەموو سەرکردەیەك بەپێی هەڵکەوت‌و بارودۆخی خۆی بڕیار دەدات‌و رێگەچارە دەبینێتەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتێك یا

تۆمارکردنی هەڵوێستێکی نەمر یا بەلایەنی کەمەوە بەربەرچدانەوەیەك دەنوێنێت یا بێدەسەلاتیشی پێوەدیاربێت. وەکو بینیشمان بارزانی، لەو هەڵوێستەیدا لەئاست شای ئێران تەنها ملکەچیی ڕەشای بۆ گەورەکانی نواندو پلانی نارەوای داگیرکەران چۆن کێشرابوو بەبێ کەموزیاد جێبەجێی‌کرد. بارزانی بەهۆی ئەو بڕیارەی‌و جێبەجێکردنی ئەوپلانەی بۆ داڕێژرابوو، سەلماندی کەکارگوزاری دەزگای ساواکی ئێران‌و C.I.Aی ئەمریکییە. جا لەدیدارێکییدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەو سەردەمەی ئێراندا گوتبووی (کاری من تەمام شود)، واتە ئەرکی من کۆتایی هات. دەبوایە هەر لەبەرئەوە مەرگی بخواستایە. بەلام عەرەب واتەنی: ئەم مردووە شایەنی ئەم گریانە نییە.

دوای هەرەسهێنانی شۆڕش‌و گەڕانەوەی شەرکەران بەسەری شۆڕەوە بۆ ماڵ‌و حاڵیان، لەبەغدا چاوم بەکەسایەتی ناسراوی کورد فوئاد عارف کەوت، پێمی گوت کەئەو، دوای هەرەسەکە ڕووبەڕوو بەبارزانی گوتبوو: (کاتێك چاوت بەشای ئێران کەوت‌و بریارە نارەواکەی خۆیانی پێت ڕاگەیاند، دەبوایە بەردەمانچەت بدایە ئنجا خۆشت بکوشتایە).

لەمێژوودا زۆر وێنەی لەم شێوەیەو سەختتریش هەیە، جا هەیە خۆی کوشتووەو هەشە دەستی نەچۆتە خۆی، بۆ نموونە لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی کاتێك هێزەکانی هاوپەیمانان چوونە بەرلین‌و بارەگای هتلەریان گەمارۆدا، هتلەر دوای ئەوەی هاوسەرەکەی کوشت، خۆیشی کوشت. هەروەها گوبلز کەوەزیری ڕاگەیاندنی هتلەرو دەستە ڕاستی‌بوو، ئەویش دوای ئەوەی هاوسەرەکەی و هەموو منداڵەکانی کەگوشت، خۆی کوشت.

ساڵی١٩٥٦ پەلاماری سێقۆڵی لەلایەن هێزەکانی فەرەنساو بەریتانیاو ئیسرائیل کرایە سەر میسر، جا وێڕای نابەرابەریی هێز کەپەلاماردەران لەمیسرییەکان بەهێزتر بوون بەڵام پەلامارەکە سەرینەگرت، ئەمە وای لەوەزیری دەرەوەی بەریتانیاکرد دەست لەپۆستەکەی بکێشێتەوە، بۆچی؟ چونکە لەئەرکەکەیدا شکستی خواردو بوو بەمایەی کوژرانی هەزاران سەربازی بەریتانی و فەرەنسی.

شۆڕش دوای ئەوەی هەرەسیهێنا خەڵك بوون بەسێبەشەوە:

١ ـ بەشێکیان لەئێران مانەوە ئەمەش بەهۆی بانگەشەی بنەماڵەی بارزانی کەوایان بڵاوکردەوە گوایە ئەوەی روویدا شتێکی کاتییەو بەو زوانە ئاگری شۆڕش هەڵدەگیرسێننەوە.

٢ ـ ژمارەیەکی زۆر رووی لەئەمریکاو ئەوروپاو سووریاکرد.

٣ ـ بەشی هەرە زۆریان گەڕایەوە بۆ عێراق تا لەسایەی زەبری سەرۆکی عێراقی سەدام حسەیندا ژیان بەرنەسەر.

کورتەیەك دەربارەی ئەوانەی لەئێران مانەوە:

پێشینان گوتوویانە(پەتی درۆ کورتە) واتە کەسی درۆزن زوو ئاشکرا دەبێت. جا دوای ئەوەی هەردوو بەڕێز ئدریس و مەسعوود بارزانی مەسەلەی سەرپەرشتیکردنی ئەو پێشمەرگانەیان خرایە ئەستۆ کەروویان لەئێران کردبوو، سەرەتا دەستیانکرد بەرێکخستنەوەی ریزەکانی پارتی و بێئەوەی لەدەستەڵاتدارانی ئێران بترسن پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست بکەنەوە. بەڵام هەرئەوەندەی هەست بەجموجووڵی پارتی لەو رووەوە کرا، دەزگای ساواك هەموو ئەو ئەندامانەی گرت کەسەرقاڵی رێکخستنی پێشمەرگەبوون، ئەمەش گیروگرفتێکی گەورەی بۆ کوردە عێراقییەکان دروستکرد چونکە دەستەڵاتدارێتی ئێران کەوتە لێکتر دوورخستنیان و

بەزۆر لەشارو شارۆچکەو گوندی دووردا نیشتەجێی کردن بیَ‌ئەوەی ئیدریس و مەسعوود بارزانی هیچیان بۆ بکرێت.

دەزگای ساواك بەزۆری کادیرانی پارتی رەوانەی ناوچە فارس نشین و تورك نشینەکان دەکرد: دوای ئەوەش ساواك دزەی‌کردە ناو ریزەکانی پارتی و ژمارەیەکی زۆریان لێکردن بەپیاوی خۆیان. پاشان حکومەتی ئێران لەرێی دەزگا موخابەراتیەکانیەوە کەوتە سوکایەتیکردن بەکورد کەتەنانەت خودی بنەماڵەی بارزانیشی بەرکەوت.

کاك(...) بۆمی گێرایەوە کەبەرێزان ئیدریس و مەسعوود بارزانی، لەتاران چوونە سەردانی و داوایان لێکرد میوانداریی بارزانی بکات لەماڵەکەیدا. ئەو برادەرە گوتی: دوای ئەوەی میوانداریم کردن پێم گوتن کەبارزانی، وەکو برا وابوو لەگەڵ باوکی ئەمداو ئێستا ئەم ، بارزانی وەکو مامی خۆی سەیردەکات و سەرشۆڕییە کەوا بکات بارزانی بێت بۆلای، بەڵکو دەبێت ئەم بچێتە خزمەتی. ئنجا چوو سەردانی بارزانی‌کردو ئەویش لەکاتی دیدارەکەدا داوای چەند شتێکی لێکردبوو ئەم بۆی هەڵنەسووڕابوو بەلاّم هەرچۆنێك بوو داواکارییەکانی بارزانی جێبەجێکردبوو، کاتێکیش بەجێی هێشتبوو لەدڵی خۆیدا بیری لەوەکردبۆوە کەشتێکی سەیرە بارزانی هەرەسی بەشۆڕشکردو سەری گەلی کوردستان و خۆی و بنەماڵەکەشی شۆڕکرد. چونکە بارزانی لەپێناو خزمەتکردنی شای ئێران، ناپاکییەکی گەورەی لەگەلی کورد کرد، ئەوەتا ئێستاش شای ئێران سووکایەتی پێدەکات... بارزانی دەبوایە لەوە زیرەکتر بوایە کە نەکەوێتە تەڵەوەو، نە خۆی بدۆڕێنێت نە گەلی کورد.

بەنیسبەت ئەوانەی لەکاتی هەرەسی شۆڕشدا لەهەندەران بوون گەلی کورد سوودی لەئاوارەییان بینی. چونکە کەسێکی وەك بەرێز تاڵەبانی،

بوونی لەهەندەران سوودی بەگەلی کورد گەیاند کەئاگری شۆڕشی نوێی دوای ماوەیەکی کەم هەڵگیرساندەوەو بوو بەهیوای هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو سەربەرز ئەمەش بەدەر لەچاکەو خراپەی خێرا هەڵگیرساندنی شۆڕش لەو قۆناغەدا.

بەلاّم سەبارەت ئەوانەی گەڕانەوە بۆ عێراق ئەوە من سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو نیشتمانپەروەرانەیان دەردەبڕم کە بەژیانی سەر شۆڕی لەسایەی بنەماڵەی بارزانی و ساواکی ئێران رازینەبوون هەروەها سەریان بۆ موخابەراتی عێراقی نەوی نەکرد...هەزار سلاّو ستایش بۆ خۆڕاگرتنیان بۆ ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی هاتە رێیان.

لەئەنجامی ئەو زانیارییانەی بەدەستم خستن، بۆم دەرکەوت کەرێککەوتننامەی جەزائیر بەتەواوی پەسەندکراوەو شۆڕش ئاشبەتاڵی پێکراوە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە. دوای ئەوە چووم بۆ بەیرووت تا لەوێوە بچم بۆ تاران بۆ ئەوەی چاوم بەبارزانی بکەوێت و هەوڵی لەگەڵدا بدەم کارێك بکات سەری کورد بەرزبکاتەوەو بڕوا بۆ سەرکردایەتی بگێڕێتەوە، بەلاّم لەو ئەرکەمدا نوشوستم هێناو مام جەلال ئاگادارە. بۆیە گەڕامەوە بۆ بەغداو لەڕێی برایەکی خۆشەویست کەئەلّقەی پەیوەندی بوو لەنێوان من و بارزانیدا، نامەیەکی دوورودرێژم بۆ مستەفا بارزانی نارد تێیدا بارودۆخەکەم بۆ ڕوونکردەوەو هەموو لایەنە ژێربەژێرەکانی رێککەوتننامەی جەزائیرو رێگەچارەکانی دەرچوون لەم قەیرانەی گەلی کوردم بۆ ئاشکراکرد، ئنجا ئەو برادەرەم ڕاسپارد کەچەند قسەیەکی زارەکیم بۆ بگەیەنێت، ئەویش ماوەی دوو سەعات لەگەڵ مەسعوود بارزانیدا دانیشتبوو هەرچیم پێگوتبوو بەئەمانەتەوە گەیاندبووی، بەلاّم ئەوان(بنەماڵەی بارزانی) هیچ بایەخێکیان بەزانیارییەکانم نەدابوو.

پێش ڕاگەیاندنی ئاشبەتاڵ، مام جەلال داوای لێکردم کە لەبەیرووت چاوم پێی بکەوێت. کاتێك گەیشتمە خزمەتی، ڕێکوردەرەکەی بەردەستی خۆی بۆم کردەوە؛ گوێم لەدەنگی پاقڵی کوڕی بوو لەسەر کاسێتەکە، دوای ئەو دەنگی مامۆستای خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەدم گوێ لێبوو بەهەتەرییەوە داوای لێدەکردم ئەوپەڕی هەوڵ بدەم پێش ئەوەی شای ئێران شۆڕش بەتەواوی قووتبدات و هەموو شتێکمان لەدەست بچێت، کەشێکی دانوستان لەنێوان بارزانی و سەدام و ئەلبەکردا بخوڵقێنم.

دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا، لەڕێی ئەو برادەرەم لەدەربەندیخان ئاگانامەیەکم بۆ نووسینگەی بارزانی نارد بەڵام ئەمجارەش هەروەکو هیچیش ڕوونەدابێت پشتگوێخرا، ئیتر بۆم دەرکەوت ئەو فەرمانانەی کراوەتە سەر بارزانی بۆ ئاشبەتاڵ پێکردنی شۆڕش، لەجێی خۆیدایە. لەنامەکەمدا داوام لێکردبوون کەشۆڕش دەست پێبکەنەوە.

ئنجا زۆر هەوڵمدا سەرکردایەتی بەعس قایل بکەم دانوستان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا بکەن بۆ ئەوەی کێشەکان بەیەکجاری بنەبڕبکەن بەڵام پێدەچوو فەرمانی C.I.A و بەکرێگیراوەکانیان کاریگەریی زۆری هەبوو. لەلایەکیترەوە سەیرمکرد دەزگای موخابەراتی عێراقی ئامادەباشی دەکات بۆ لەقاوغدانی ئاشبەتاڵ و لەخۆگرتنی بارودۆخە سیاسییەکان ئەوەش پێش دەرچوونی بەیاننامەی ئاشبەتاڵ پێکردنی شۆڕش بەماوەیەك، وەك بڵێیت ئاگاداری هەموو شتێکن.

دەزگای موخابەراتی عێراقی لەمیانەی ئامادەباشییەکانیدا دەستیانکرد بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری خانووی قوڕ لەپارێزگای دیوانیەو ناسرییە بۆ ئەو خەڵکەی لەو سەردەمەدا بەگەڕاوەکان بۆ ڕیزی نیشتمانی دەناسران. پارچە زوییەك کەرووبەرەکەی ١٠ دۆنم دەبوو پڕبوو لەداری

خورما، ژمارەیەکی زۆری ژووریان لەپووشی خورما تێدا دروستکرد کەسەردتا وامزانی بۆبەخێوکردنی گاوگۆتالْ دروست دەکرێن. شوێنی ئەم خانوانە نزیکەی ١٥ ـ ٢٠ کیلۆمەتر لەباقووبەوە دووربوو.

هەرچەندە من هەرچی زانیارییەکم لەلابوو بۆ نووسینگەی بارزانیم ناردبوو، بەلاّم لەبەرئەوەی زۆر باوەڕم بەسەرکرادایەتیی کوردی هەبوو وامدەزانی ئەمە سیناریۆیەکەو بەسەر بارزانیدا تێپەڕنابێت، بەلاّم ئەوەی لێی دەترسام روویدا. خانووە قوڕینەکان نزیکەی ٢٠ ـ٢٥ هەزار کەسی تێکرا لەژن و پیاوو منداڵ کەوەك ئاژەڵ خرانە خانووەکانەوە، گرتەخۆی. ئەمانە لەکاتێکدا خەڵکێکی ئازادبوون و گیانی خۆیان بەسەرکردایەتیی شۆڕش بەخشیبوو تا سەری کوردی پێ بەرز بێت کەچی بەو شێوەیە تالاّنفرۆشکران و خرانە خانووی قوڕینەوە لەکاتێکدا بنەماڵەی بارزانی لەکۆشك و تەلاردا دەژیان. تۆ بڵێیت خوا بەم بەشکردنە رازی بێت؟ ئایا ئەمە خەسڵەتی سەرکردەو سەرۆکە؟ بەلاّم چی بەخەڵکێك بڵێم کەگوێنەداتە قسەی خەڵك؟

هەموو ئەوانەی بۆ عێراق دەگەڕانەوە دەبوایە بەشاری مونزرییەو خانەقیندا تێپەڕبوونایەو لەوێ ماوەیەك لەکەمپێکدا بمانایەتەوە کە بەناوی شوێنی حەوانەوە بۆیان ئامادەکرابوو، بەلاّم لەراستیدا شوێنی لێپێچینەوەو لێپرسینەوە بوو بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی لەدەزگای (پاراستن)ی لەمەڕ بارزانی کاریاندەکرد. جا تەنها ئەوانەی پێشتر پەیوەندییان بەدامودەزگا ئەمنییەکان و موخابەراتەوە هەبوو لەوکەمپانەدا نەدەمانەوە بەڵکو بەوپەڕی رێزەوە بەئوتومبیلی تایبەتی دەزگا ئەمنییەکان بۆ بەغدا بەرێدەکران، وەکو شەوکەتی مەلا سمایل و هی‌تر لەسیخوڕو بەکرێگیراوان.

ئەوەی ئەم کتێبەم بخوێنێتەوەو ئەو کەمپەی بینیبێت لەقسەکەم حاڵی دەبێت. کاتێك سەردانی بەڕێز عەبدولخالق عەبدولعەزیز ـ بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشم کردو بەزیادەوە باروۆخی ئەوخەڵکەم بۆ باسکرد کەئەوە شێواندنی وێنەی ڕژێمی عێراقییە لای ئەو کوردەی دەگەڕێتەوە، هەروەها عەزیەتدان و ورووژاندنی کورد لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتداریتی عێراقدا نییە بەڵکو لەڕاستیدا دەبێت بەنەرمی مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت و زمانی شیرینیان لەگەڵدا بەکاربێنن بەشێوەیەك کەپێویستە هەموو فەرمانبەرێکیان بگێڕدرێتەوە بۆ سەر ئەو کارەی کەپێش ئەوەی بچێت بۆ شاخ لەسەری بوو، ئنجا بەسووربوونەوە داوام لێکرد پەیوەندی بەبەڕێز سەدام حسەینەوە بکات و لەو ڕووەوە قایلی بکات، بەڕێوەبەری گشتی بەقسەکانم قایل بوو و دەمودەست پەیوەندی بەبەڕێز سەدام حسەینەوەکردو هەرچیم پێ گوتبوو تێی گەیاند کە لەپێناو بەرژەوەندیی حزبی بەعسدایە، ئەویش فەرمانیدا هەرچی پێویستە جێبەجێ بکرێت و ئاسانکاری بۆ ئەو خەڵکە بکرێت کە لەئێران دەگەڕێنەوە کەزۆر لەو کەمپەدا نەمێننەوەو چاوپۆشی لەلێپێچینەوەو لێپرسینەوەیان بکرێت، ئنجا بەڕێز عەبدولخالق عەبدولعەزیز دەمودەست کەمپەکەی خستە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیو عەقید حاجی عەبدولواحد نوری کرد بەبەرپرسی.

دوای ئەوەی جارێکیتر چوومەوە بۆ کەمپەکە کەئەمجارە ئاسایشی گشتی سەرپەرشتیدەکرد پاسەوانەکان کەچاویان بەئۆتۆمبێلەکە کەوت یەکسەر دەرواز(؟)ەکەیان کردەوە، لەوێ چاوم بەپیاوانی ئاسایش کەوت و زۆر لەگەڵ عەقید عەبدولواحید نوری دوام بۆ ئەوەی هانیبدەم ئاسانکاریی زیاتر بۆ ئەوخەڵکە بکات و زۆر لەکەمپەکەدا گیریان نەکات.

سیٚ لاو لەگەڵ عەقید عەبدولواحید کاریان دەکرد کەناوی خەڵکە گەڕاوەکەیان تۆماردەکرد. عەقید عەبدولواحید تەئکیدی بۆم کرد کەفەرمانی پێدراوە پەلە بکات بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکەکە بۆ سەر کاروباریان و راپەڕاندنی ئیشوکارەکانیان. دیمەنی خۆڵاوی ئەو خەڵکە کەچڵك خواردبوونی هەرگیز لەبیرناچێتەوە، خوا ئەوە بگرێت کەبوو بەمایەی ئەوەی روویدا. لەناو ئاڵەو ئازاری ئەو داماوانە گوێم لەدەنگێك بوو بانگی دەکردم، خێزانێك بوو دیاردی بۆ من دەکرد. سەرەتا نەمناسینەوە هەتا ئەوان خۆیان پێم ناساند... فەخری خوشکم و عەبدولڕەحمانی هاوسەری و منداڵەکانیان بوون ، خوشکم گوتی بەپێی بڕوانامەی لەدایکبوون ئێمە لەدایك و باوكێكین، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەت و لەترسی سەدام و بارزانی ئاوڕمان لێمەدەرەوە. ئیتر منیش پشتگوێم خستن. زۆر خێزانیترم ناسییەوە و یارمەتیم دان. ژنێك، دوای ئەوەی هەوڵمدا یارمەتی بدەم پرسی تۆکێیت وائەوەندە پیاوی باشیت؟ کاتێك خۆم پێناساند بزە گرتی و گوتی: (کەواتە تۆ ناپاکیت !) . پێکەنینێك گرتمی و بۆ تاوێك ئێشوئازارم لەبیرچۆوە و سەرم لەئازایەتیی ئەو ژنە کوردە سووڕما کەلەو بارودۆخە ناسکەیدا ئەو قسەیە بکات.

لێرەدا بەگونجاوی دەزانم هەڵوێستی هەندێك لەسیاسەتمەدار و کەسایەتییە ناودارەکان بێنمەوە: گوتراوە کەباران بەبێ هەور نابێت. واتە ئەوەی هەڵوێستێکی پیاوانە بنوێنێت ئەوە ئەنجامی ئەو ژینگەیە کەتێیدا پەروەردە بووە و نەریتی خۆیەتی بەدەر لەپێگەی سیاسی یان ئایدۆلۆجیاکەی. عەبدولخالق عەبدولعەزیزی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش، هەرچەندە عەرەبێکی بەعسی بوو کەدڵسۆزی حزبەکەی و حکومەتەکەی بوو، بەڵام لەڕێی فێڵ لێکردن و هەڵخەڵەتاندن و هاندانی

هەستی نیشتمانی وەکو عێراقییەك؛ توانیم لەپێناو خزمەتکردنی گەلی کوردستان و کێشە رەواکەی، بەکاری بێنم. ناوبراو لەزۆر هەڵوێستیتردا خزمەتی پێم گەیاندووەو ئەوەکو پێشم راگەیەندرا ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی پۆستەکەی لەدەست بدات و دەستگیربکرێت. جا هەتا ١٩٧٦/٩/١٤ شایەدی بۆ پاکی و مرۆڤدۆستیی ئەم پیاوە دەدەم کەژمارەیەکی زۆری لەسیاسەتمەدارانی کورد لەپەتی سێدارە رزگارکردووە کەهەموو ئامانجێکیشی لەم کردەوانەی، پارێزگاریکردنی دەسەڵاتی بەعس بووە لەعێراقدا.

برای خۆشەویست بابەکر مەحموود ئاغای پشدەری بۆمی گێڕایەوە کەدوای ئەوەی رژێم گرتمی، سەردانی بەڕێز عەبدولخالقی کردبوو بۆ ئەوەی دوو قسەی خێرم بۆ بکات و حوکمەکەم کەم بکرێتەوە. بەڕێز عەبدولخالق گوتبووی ئەو لەپەتی سێدارە رزگاری‌کردووم بەڵام بۆ مەسەلەی ئازادکردنم ئەوە کێشەکەم لەلای سەدام حسەینەو عەبدولخالق ناتوانێت قسەی تێدابکات.

ئنجا کاتێك بەڕێز بابەکر مەحموود ئاغای پشدەری لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵا(مەلا ماتۆڕ) سەردانی مامۆستا تەها محێدینیان کردبوو بۆ ئەوەی بۆم تێبکەوێت؛ کەئەو کاتە ئەو دوو بەڕێزە وەزیربوون لەحکومەتی عێراقیدا، مامۆستا تەها گوتبووی: ئەوەی بۆ بەڕێز رەفیق لەدەستم هاتووە لەپەتی سێدارە رزگارم کردووەو لەوە زیاترم لەدەستەڵاتدا نییە.

ئەو دوو بەڕێزەی سەرەوە لەسەردانێکیاندا بۆ هەمان مەبەست بۆ لای بەڕێز سەدام حسێن، خوالێخۆشبوو مەلاماتۆڕ بۆی گێڕامەوە کە: (لای سکرتێری سەدام حسێن دانیشتین ، دوای ئەوەی لەهۆی سەردانەکەمانی

پرسی، قسەی سەدامی پێمان گوت کە: با قاوەم لەلا بخۆن بەسەرچاوان، بەڵام ناعەوێت گوێم لەناوی رەفیق پشدەری بێت.

دوای گرتنی بەکر رەزای پووزام و مونیبە عوسمانی هاوسەری، خێزانەکەم و هەرسێ منداڵەکەم(رووبارو بازیان رەوەن) بۆ سەیران دەبەن بۆ سەیرانگەی زەورا لەبەغدا، لەوێ بەرێکەوت چاویان بەخوالێخۆشبوو ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر دەکەوێت، دوای چاك و چۆنیو رێزنواندن، داوا لەبەرێزی دەکەن کەئازاد بکرێم، ئەویش دەڵێت: نەمزانیوە کە بەرێز رەفیق پشدەری گیراوە، گومانتان لەوە نەبێت کەوا دەکەم سبەینێ ئازادبکرێت و بێتەوە بۆ ناوتان.

بەڵام ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، هەروەکو سەرکۆمارێك بوو نەیتوانی من لەزیندان ئازادبکات، تەنانەت خۆیشی بۆ زگارنەکرا. چونکە خەڵکی عێراق شایەدی حاڵن کەئەلبەکر هەر بەزیندوویی تیاچووبوو.

وردترین باسێك لەسەر مردن ئەوەیە کەپێشینان گوتوویانە: (مردن لەوەی پاشی ئاسانترەو لەوەی پێشی قورسترە). جا ئەگەر هەموو خەڵکی سەر رووی زەوی بۆ کوشتنی پیاوێك رێکبکەون ئەجەلی نەهاتبێت، ئەوە خوا کارێکی بۆ دەرەخسێنێت لەو مردنە رزگاری ببێت. زۆرم لەوانەی سەدام حسەین دەناسن بیستووە کەپێش من کەس لەدەستی رزگاری نەبووە، چونکە ئەوەی بەفەرمانی ئەو گیرابێت تیاچووە، من نەبێت. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قل لن يصيبنا الا ما كتب الله لنا ﴾ خوای گەورە پێش ئەوە بەلوتف و کەرەمی خۆی لەزەبروزەنگی مەلا مستەفا بارزانی رزگاریکردم، لەم دواییانەشدا لەچنگی مەسعوودو نێچیرڤان بارزانی رزگاریکردم، کاتێکیش هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان من و خوالێخۆشبوو شەهید موختار عەبدوڵڵا غەریبیان برد گوللەبارانمان

بکەن ئەوەندەی نەمابوو تیابچم، بەڵام فەرمانی گوللەبارانکردنم لەلایەن بەڕێز جەلال تاڵەبانییەوە هەڵوەشێنرا. بەڕێزی گوتبووی: رەفیق پشدەری شازدە جار لەمردن رزگاری کردووە، دەبا منیش یەك جار لەمردن رزگاری بکەم. بەڵام هاوەڵەکەمیان گوللەبارانکرد، خوا ئەویش و هەموو لایەکمان بەبەهەشتی بەرینی خۆی شادبکات.

چەند هەڵوێستێکی مەردانە بۆ مێژوو

ئەوەی شارەزایی لەشۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ هەیە دەزانێت کەهێزی پۆلیس، رۆڵی کاریگەری بۆ پشتیوانکردنی شۆڕش و بەهێزکردنی هەبوو. بەخۆم چەند جارێك لەبەڕێز جەلال تاڵەبانیم بیستووە دەربارەی پۆلیس گوتوویەتی: برایانی پۆلیس مەشخەڵی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بوون.

دوای رێککەوتننامەی شوومی جەزائیرو ئاشبەتاڵ، رژێمی عێراق نزیکەی هەزار کەسی لەوانەی گەڕابوونەوە لەپۆلیسەکان کۆکردەوەو لەپارێزگای دیوانیەی دانان. ئەمانە هەرچەندە لەناو شارەکەدابوون بەڵام بۆیان نەبوو بەبێ فەرمانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش، دیوانیە بەجێبێڵن. ئەمانە لەبارودۆخێکدا دەژیان جەرگی بەئاودەکرد. بەدرێژایی رۆژ هەوڵیاندەدا نانی رۆژانەیان پەیدابکەن ، هەموو جۆرە کارێکیان دەکرد هەر بۆئەوەی دەست پان نەکەنەوە. بەڵام گرنگ ئەوەبوو سەرەرای کەمدەستی و بێدەرامەتییان سەریان بۆ دامودەزگا ئەمنییەکان شۆڕنەکردو رازینەبوون ببنە بەکرێگیراو، یان دەست بۆ ماڵی حەرام بەرن. بەگشتی خاوەن هەڵوێست بوون، رەفتاری جوانیان وای لەخەڵکی دیوانیە کرد بەدڵ لەگەڵیاندابن و هاوکارییان بکەن.

بۆ ئەو مەبەستە سەردانی وەزارەتی ناوخۆم کرد. لەوێ بەڵێنیاندا کەبیانگێڕنەوە بەمەرجێك سەدامو ئەلبەکر رازی بن. سەعدون غێدان پێمی گوت: لەتوانامدا نییە بیانگێڕمەوە سەرکارەکانیان.

دوای ئەوە چووم بۆ لای فەرماندەی فیرقەی دیوانیە خوالێخۆشبوو عومەر هەزاع. زۆر دەربارەی ئەو خەڵکە دوایـن، گوتم رەفتارو ئاکاری عەرەب لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەو هەموو خەڵکە بەجلوبەرگی شڕو گیرفانی خاڵییەوە بێ لانەو بێچارەنووس بەناو شاری دیوانیەدا بگەڕێن، چونکە ئەمە دوژمنایەتی لەنێوان گەلی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا دروستدەکات لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بەوەیە جەماوەر لەدەوری خۆمان کۆبکەینەوە بەتایبەتی گەلی کورد. ئنجا باسی سەردانەکەم بۆ کرد بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆلای سەعدوون غێدان کەگوتی چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە بەدەست سەدامو ئەلبەکرە. عومەر هەزاع زۆر مەردانە چوو بۆ لای ئەلبەکرو لێبوردنی گشتی بۆ ئەو پۆلیسە گەڕاوانە پێدەرکرد کەدوای ئەوە هەموویان گەڕانەوە بۆناو ماڵو منداڵیان. لەو تاقمە تەنها چوار کەسیانم لێدەناسین، وابزانم ئەوانیتر ئاگایان لەوهەوڵەشم نەبوو، بەلأم بەسەرکەوتنەکەم دڵشادبووم. دەربارەی عومەر هەزاعیش ئەوە کۆتایی ژیانی زۆر مەرگەساتاوی بوو، چونکە سەدام حسێن بەزیندوویی زمانی بڕیو دوای ماوەیەکیش گوللەبارانیان کرد چونکە لایەنگری سەدام نەبوو.

لەدیدارێکمدا لەگەڵ عومەر هەزاع کەپەستو بێتاقەت دیاربوو وابزانم سەرخۆش بوو، گوتی: رێککەوتنمان لەگەڵ کورددا هەزار جار لەرێککەوتنمان لەگەڵ فارس باشتر دەبوو.

من شایەدی تەواو بۆ ئەم پیاوە دەدەم کەخزمەتی گەورەی بەگەلی کوردستان کرد. خوا لەگوناهەکانی خۆش بێتو یاداشتی بەخێر بداتەوە.

راستییەکی شکۆدار

زۆربەی چەکدارەکانی ئەفواج خەفیفە کەدژی شۆڕش بوون یان ئەوسا سەر بەدامودەزگا ئەمنییەکان بوون و ئەمڕۆ دەیبینین لە ریزی پێشمەرگەدان یان بەئازادی خەریکی‌کارو کاسبیی خۆیانن، کەباسی رابردوو دەکەن ماوەی ناپاکییەکەیان دەبوێرن‌و شەرم دەکەن باسی بکەن.

بەلاّم من بەپێچەوانەی ئەوانە ، حەزدەکەم پڕ بەدەنگم هاوار بکەم تا هەموو گەلی کوردستان گوێیان لێم بێت کە: من رەفیق پشدەریم ، سالاّنێکی زۆری ژیانم کارم بۆ موخابەراتی عێراق‌و دامودەزگا ئەمنییەکان کرد، بەلاّم سەربارێشی‌و بەوپەڕی شانازییەوە توانیم خزمەتی گەلی کوردستان‌و کێشە رەواکەی بکەم ئەمەش بێ‌ئەوەی سەر بەهیچ حزبێکی سیاسی‌بم رێنماییم بکات کەئەمە بکەم‌و ئەوە نەکەم. هەروەها هیچ کەسایەتییەکی سیاسی نەبوو، رێگەم نیشان بدات یا فەرمانم پێ بکات تا لەرێ لانەدەم، هەموو ئامانجێکم ئەوساو ئێستاش خۆشەویستیی نیشتمانە کەبایەخدارترین شت لای مرۆڤ ژیانی خۆی‌و خێزانیەتی، بەلاّم لەوەگرنگتر خاکە. چونکە ئەوەی داوای مەزنی بکات دەبێت شتی مەزن بکات بەقوربانی. ئەوەی لێرەشدا دەمەوێت بیلێم بانگەوازێکە بۆ هەموو حزبێکی نیشتمانی‌و بۆ هەموو خێزاندارێك کە: بالاّترین شت کەلایەنگرانتان‌و مندالّەکانتانی پێ گۆش بکەن خۆشەویستیی نیشتمانە، تۆوی خۆشەویستی لەهەموو دەمارێکدا بچێنین تا هەریەکەمان هەرچییەك بێت‌و لەهەرکوێ‌بێت ببێت بەپێشمەرگەیەکی قارەمان، چونکە بەوە نەبێت رزگاریمان نابێت، واتە هەریەکەمان لەلای خۆیەوە هەست بەلێپرسراویەتی بکات... ئیتر خوا رێ‌نیشاندەرمان بێت‌و ویژدانیش چاودێرمان بێت.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیارێکی دەرکرد تێیدا پێشوازیکردنی کوردی لەدوای ئاشبەتاڵ قەدەغەکرد، مەبەست لەم بڕیارە حزبی شیوعی بوو. جا تەنیا دامودەزگا ئەمنییەکان دەسەلاتی پێشوازیکردنی کوردی گەڕاوەیان هەبوو ، منیش لەبەرئەوەی لەو دامودەزگایانەدا کارم دەکرد بۆم هەبوو بێئەوەی چاودێرم لەگەڵدابێت یان سیخوڕم بەدواوەبێت، ئەوکارە بکەم. بەهۆی ئەمەوە توانیم یارمەتییەکی زۆری ئەو خەڵکە بدەم کە دەگەڕانەوەو تەواو باوەڕم بەخۆم بوو کەدەتوانم ئەوەی شۆڕش بۆی نەکرا، من لەجێی خۆمەوە جێبەجێی بکەم ، چونکە لەو ڕۆژانەدا کەس ئەوەندەی من لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە نەبوو، جگە لەوەی دەسەلاتێکی زۆریشم هەبوو.

لێرەدا دەمەوێ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە ئاراستەی ئەو هۆشمەندانە بکەم کەدوای رێککەوتننامەی جەزائر نەچوونەوە پاڵ بنەماڵەی بارزانی. ئەم جۆرە کەسانە ، هەندێکیان کۆچیانکرد بۆ هەندەران و هەندێکیتریان گەڕانەوە بۆ عێراق بەتایبەتی ئەو ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارانەی لەخزمەتیاندابووم. باشە ئەوانە لەو ڕۆژە سەختەدا چۆن ڕووبەڕووی بەرپرسە بەعسییەکان وەستان و ڕێگەی چارەسەرەکردنی مەسەلەی کوردیان خستە ڕوو؟ ئەوانە چەندیان لەسەر بنووسم هێشتا کەمە.

بەگشتی، هەموو ئەوانەی گەڕانەوە بۆ عێراق یەك داواکاریی هاوبەشیان لەحکومەتی بەعس هەبوو ئەویش گەڕاندنەوەیان بوو بۆ سەر کاروباری پێشوویان. لەهەرسێ بەرگی کتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا بەدووروودرێژی باسی هەندێك لەو کەسانەم کردووەو بڕواناکەم تێیاندابێت نکوولی لەڕۆڵی من بکات لەرووی هاندانیان بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی پتەو

و چاندنی گیانی تێکۆشان لەلایان پاش ئەو کوتەکەی لەلایەن بارزانییەوە تێیان سرەوێنرا.

لەهەمان کاتدا توانیم ڕێ لەسەندێکیان بگرم کەنیازیان بوو ببن بەداردەستی ڕژێم دژی مەسەلەی کورد. ئەو ڕاستییەش کەئەوساو ئێستاش هیچ کوردێکی هۆشمەند نکووڵی لێنەکردووەو نایکات ئەوەیە کەهۆی سەرنەکەوتنی کورد بۆ بەدیهێنانی کێشە ڕەواکەی؛ دۆڕانێکی سەربازی نەبوو لەجەنگدا بەڵکو سیاسەتی دۆڕاوو پێڕەوی هەڵەبوو، هەروەها بەرژەوەندیی موخابەراتی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەو زلهێزو حکومەتانی ناوچەکەبوو بەتایبەتی چوار حکومەتی کەدوای دابەشکردنە ناڕەوایەکە کوردستانیان پێوە لکێنرابوو، هەروەها دەستی ناپاکیی ناوخۆمان. ئەوەی ڕوویشیدا دزوارو چاوەڕەواننەکراوبوو بۆیە زۆربەی ئەوانەی دەگەڕانەوە لەسەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش تەمابڕابوون، بەڵکو تێیاندابوو وەکو حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەوکاتەدا، خراپتری بەسەرهات هەروەکو پاشتر باسیدەکەم.

زەکیە ئیسماعیل حەقی یەکێك بوو لەوانەی گرەوی لێبردمەوە، ناوبراو ڕۆڵی ژنی شۆڕشگێڕی لای من گێڕا لەکاتێکدا بەکرێگیراوێکی موخابەرات بوو. دوای ئاشبەتاڵ، بەناوی گەشتەوە چوو بۆ قاهیرەو لەوسەرەوە حەبیب محەمەد کەریمی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە کەبوو بەفەرمانبەرێکی دەوڵەت و وردەوردە پۆستی بەرزو بەرزتری گرتەدەست، ئەوەتا ئەمڕۆش لەسەنگەری شۆڕش و قارەمانییەتیدایە... جا یەکەم داوای حەبیب محەمەد کەریم ئەوەبوو حکومەتی عێراقی لەشوێنێکی دامەزرێنێت نە چاوی لەکوردێك بێت نە گوێی لەدەنگیشیان بێت.

سەرباریشی دەتوانم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کەزۆربەی ئەو خەڵکەی دەگەڕانەوە، ملیان نەدا هاوکاریی دەستەڵاتدارانی عێراق بکەن. ئەوەی زیاتریش ئازاری دڵی ئەو خەڵکەی دەدا سەرسووڕمانیان بوو لەوەی روویدا کەئایا راستیە یان خەیاڵ؟ لەناو سەرکردەکانی بەعسیشدا بەندوباو دەربارەی رێککەوتننامەی جەزائیر بلاوبوۆوە، تەنانەت ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیارێکی دەرکرد بەشەش مانگ زیندانی یان دەرکردن لەڕیزی رێکخستنەکانی حزبی بەعس بۆ ئەو کەسەی شتێك دەربارەی رێککەوتننامەی ناوبراو بڵێت. لەسێ بەرگی کتێبەکەمدا بەدووروودرێژی باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە، تەنانەت لەگەڵ یەکێك لەسەرکردەکانی بەعسدا رێککەوتم کەراپۆرتێکی دووروودرێژ دەربارەی رووداوەکانی ئەو دواییەی کوردستان بنووسم لەگەڵ ئەوەی بەمێشکمدا دەگەڕێت، ئنجا دوای ئەوەی راپۆرتەکەی خوێندەوەو هاتە سەر ئەوەی کەناوەرۆکەکەی مەبەست دەپێکێت، دەستیکرد بەچاپکردنی بەیاریدەدەرەکەی و دواتر بیگەیەنێتە لای سەرکۆمار. دەقی راپۆرتەکە ئەمەبوو :

بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق

بەڕێز جێگری سەرۆك کۆماری عێراق

دوای ئەوپەڕی رێزوسلاو..

گەورەم سەرۆك، جەنابی جێگر: من هاوولاتییەکی عێراقیم، بەوپەڕی شانازییەوە دەڵێم کەچارەنووسی خۆم بەچارەنووسی بەڕێزتانەوە گرێداوە، ئنجا بەهۆی ئەو بڕوا زۆرەوە کەپێمتان رەوابینیوە، رێگەم بەخۆمداوە؛ لەپێناو خزمەتکردنی ولات و بەتایبەتی خزمەتکردنی حزبی

بەعس، ئەم راپۆرتە بنووسم و ناوەرۆکەکەی بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان و هیوادارم لێم ببوورن.

لەکاتێکدا شۆڕشی بارزانی لەترۆپکی هێزو گورپیدابوو، ئێمەی گوێبیستە دانیشتوان نیشاندەدا ئەوەش بەو ناوەی کەچارەنووسی بارزانی و شۆڕشە چەکدارەکەی پابەندی رێککەوتنتانە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، چونکە بارزانی بەفەرمانێکی ساواک و C.I.A وەك بەفر دەتوێتەوە.

هەرچیتان فەرموو راست دەرچوو هاتەدی، چونکە هەرئەوەندەی شا گەڕایەوە بۆ تاران و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بارزانیدکرد ئیتر لەماوەیەکی زۆر کورتدا فوو لەهەموو شتێك کراو شۆڕش، ئاداری بەسەر پادارییەوە نەما.

رووخانی لانەی بەکرێگیراو دەستکەوتێکی مەزنی حزبی بەعس بوو لەدوای خۆماڵیکردنی نەوت. بەرقەراربوونی ئارامی و ئاسایش لەباکووری خۆشەویستماندا باشترین بەڵگەی ئەو سەرکەوتنەیە کەسیاسەتە هۆشمەندەکەتان بەدەستیهێنا. بێگومان نابێت رۆڵی بارزانیش لەهێنانەدیی ئەم ئارامییەدا لەیادبکەین ئەوەش دوای ئەوەی سەرانی شۆڕشی کوشت کەهەڕەشەی سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیان دەکرد وەکو محەمەدئاغا مێرگەسووری و مندالەکانی.

دوای رووخانی لانەی بەکرێگیراو، ئەو تێکدەرانەی لەشۆڕشی بارزانیدا بەشداربوون، بوون بەسێ بەشەوە: بەشێکیان چوو بۆ هەندەران کەژمارەیان بەبەراورد لەگەڵ دوو بەشەکەی تردا کەم بوو. بەشی دووەم لەبنەماڵەی بارزانی و دەستوپێوەندو ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانە پێکدەهات کە لەئەنجامی مژینی خوێنی گەل ، ماڵ و سامانێکی بێشوماریان پێکەوەنابوو، هەروەها ئەوانەشیان تێدابوو کەئازاری

خەڵکیان دەداو هەندێکیان لەدەزگای(پاراستن)دا کاریاندەکرد، ژمارەیەکیشیان ئەو کادرە سیاسییانەبوون کەشەرمیان بەخۆ هات بەو راستییە دژوارەوە بچنەوە بۆ لای خەڵکی باکووری عێراق، کەژمارەی ئەمانە نزیکەی پەنجا هەزار کەس دەبێت لەئێران ماونەتەوەو رازین بەستەمو زۆرداریی دەزگای ساواك کەچۆتە ناویان و زۆریانی کڕیوە تا لەکاتی پێویستدا دژی عێراق بەکاریان بێنێت، بەلام من لێرەدا ئەوە عەرزی بەڕێزتان دەکەم کەئەمانە چەند بەکرێگیراوێکی بێهێزن و هیچ کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی نابێت.

بەشی سێیەم ئەوانەی کە بەئوتومبێل یان بەفڕۆکە لەڕێگەی ئێرانەوە هاتونەتەوە بۆ عێراق. هەرچەندە پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەیاندا کردووەو بەدووروودرێژی لەگەڵیاندا دواوم بەلام بۆم دەرکەوتووە لەگەڵ بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیای پاکی بەعسدا نین، چونکە تەنها ١٪یان پەیوەندیی بەداموودەزگا ئەمنییەکانەوە کردووەو زۆربەیان تەڕاو لەو بڕوایەدایە کەهەتا سەدەیەك یان دوو سەدەی تریش شۆڕش لەکوردستاندا هەڵناگیرسێتەوە. چونکە لەساڵی ١٩٦٢وە هەتا ساڵی ١٩٧٥، بارزانی سەرۆماڵی گەلی کوردستانی بەدەست بوو کەئەوانیش بیریان لەرێگەچارەیەك دەکردەوە تا لەو دەستەلاتەی رزگاریان ببێت. چونکە لەهەموو شتێکدا قسەی ئەوی دەخوارد، لەجەنگدا، لەئاشتیدا هەروەها لەبەستنی رێککەوتننامەدا. جا ئەوەی لەم سەرکردە تاکەی گەلی کوردستان بینرا بەراستی سەرسووڕهێنەربوو چونکە ٩٩٪ ی وورەی شۆڕشگێڕی کوردی دابەزاند.

بەراستیش بیرورا دروستەکانتان دەربارەی ئەو مەسەلەیە لەجێی خۆیدابوو، چونکە نە ئەم نەوەیە نە ئەوەی دوای ئەویش، جارێکیتر بیر لەوە ناکەنەوە بدەنە پاڵ هیچ شۆڕشێکی کوردی.

گەورەم سەرۆك... گەورەم جێگر...

لەسایەی خواو سیاسەتی داناتانەوە، ئێستا گەلی کوردستان هێمنو ئارام دەژینو ژیانێکی خۆش بەسەردەبەنو هیچ نارەحەتییەکیان نییە کەژیانیان لێڵ بکاتو من عەرزی بەرێزتانی بکەم. هەروەها وادێتە پێش چاوم کەبەرێزتان لەئەنجامی بارودۆخی سیاسیی دوای رێککەوتننامەی جەزائیرو کۆتایی هێنانی شۆڕش رازین کەبەرژەوەندییەکانی بەلای حکومەتی عێراقو بەتایبەتی حزبی بەعسدا کەوتەوە.

بەڵام ئەگەر بەرێزتان رێگەم پێبدەن لەلایەکیترەوە وای بۆ دەچم کە لەپێناو چاکترکردنی بارودۆخەکە کەزیاتر لەبەرژەوەندیی حزبی بەعسدابێت، دەڵێم بۆچی ئێمە سوود لەسەرلەبەری بارودۆخە سیاسییەکە وەرنەگرین، بۆچی ئێمە فەرمانڕەوای پشت کورسی بین؟ بۆچی خۆمان نەکەین بەهەمووماڵێك لەعێراقدا هەر لەباکوورەوە هەتا باشوور بۆئەوەی ببین بەسەرچاوەی خۆشەویستیو ئارامیی هەموو عێراقییەکو هەردەم بیرمان لێبکاتەوە؟

لەم ڕووەوە، پێش هەموو شتێك دەسەڵاتداریّتی عێراق دەبێت ماف بەهەموو خاوەن مافێك بدات بێ جیاوازیکردن لەنێوان نەتەوە یان ئاینو مەزهەب. بەم ئازادیدانە کە لەسنوورێکدا دەبێت رێی تێدەچێت ئەو ئارامیو ئاسایشە تەواوە بەدەستبێنین کە بەهۆیەوە عێراق گەشەدەکاتو لەئەنجامدا دەستی ئاژاوەگێران لەعێراقدا دەبڕین.

پاشان پتەوکردن و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی هاووڵاتیی عێراقی. ئەوسا حکومەتی عێراق بەپلەی یەکەم پشتی بەسامانی کشتوکاڵ و ئاژەڵی دەبەست بەڵام دواتر نەوت ئەم دوو سامانەی لەبیربردەوە. کەواتە تەنها پێویستمان بەپسپۆڕو ڕەنجدانی خۆمان هەیەو ئەوەی‌تر خوا بۆمان جێبەجێدەکات. هەمووپشی چەند ساڵێکی پێناچێت کەداهاتی هاووڵاتیی عێراقی بەرزدەکەینەو باری ئابووریی وڵات بەرەوپێش دەبەین. چونکە بەهۆی ئەمەوە دەتوانین کارگە دروستبکەین و سامانە سروشتییەکانی ژێر زەوی بەکاربێنین. ئنجا دەتوانین زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی ڕۆژانە بەکاریان دێنین بەخۆمان دروستیان بکەین و پشت بەدەرەوە نەبەستین بۆ هێنانیان. ئەوسایش بەوەی لەپێویستی گەل زیادە، دەتوانین چوارچێوەیەکی نوێ بۆ وەزارەتی بەرگری دروستبکەین و هێزێکی نوێی سەربازی پێکبێنین بەتەکنەلۆجیایەکی بالاًی سەربازییەوەو توانای هێزی سوپای عێراق بەرزبکەینەوە بەرادەیەك شان بدات لەشانی سوپای تورکیاو ئێران.

حکومەتی عێراق لەسەرەتای دروستبونیەوە لەگێژاوی ئاژاوەو گێروگرفت و قەیرانەکاندایە کە لەلایەن دراوسێکانیەوە هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا بۆی دروستدەکەن. جا بۆ ڕزگاربوون لەم ململانێ و گێروگرفتانە، دەسەلاًتی عێراقی پێویستە گێروگرفتە ناوخۆییەکانی بەشێوەیەکی ریشەیی بۆ هەتاهەتایە چارەسەربکات. کۆمەڵێك ڕێگەچارەی بەیاسای زەمینی بۆ دابڕێژرێت کەشەرعە ئاسمانییەکان موبارەکبادیی لێبکەن، چەند ڕێگەچارەیەك کەگێروگرفتی کوردو شیعە بەیەکجاری چارەسەربکەن ئەوسا عێراق خۆی دەبێتە مایەی سەرئێشەو گێروگرفت بۆ ئەو دوو دەوڵەتە دراوسێیە، چونکە ئەو سەربەخۆییەی گەلی عێراق کە لەسایەی دیموکراسیدا دەیباتە سەر، گەلانی ئێران و تورکیاش

بەتەمای بنیاتنانی دەبن. ئنجا هەموو جیهان ئەو هەواڵە سەیرە بڵاودەکاتەوە کەدەڵێت: (حزبی بەعسی عەربیی سۆشیالیست لەعێراقدا مافی تەواو بەگەلی کورد دەبەخشێت کەسەرکردەکەیان مەلامستەفا بارزانیو شای ئێرانو دەزگای C.I.A پیلانیان بۆ پێشێلکردنی گێرابوو). جا داننان بەئۆتۆنۆمی بۆ کوردو دیاریکردنی شارەکانی خانەقین، کفری، کەرکووك، دووبز، شێخان، شەنگارو تەلەعفەر لەسنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمیو ئیدارەی کوردیو بەسەرپەرشتیی حوکمێکی خۆجێیی کەپایتەختەکەی هەولێر دەبێت هەروەها پێکهێنانی پەرلەمانێکی کوردی لەرێی هەڵبژاردنێکی ئازاد کەئیدارەی بەعس سەرپەرشتی دەکات، پاشان تەسلیمکردنی ئیدارەو ئاسایشی ناوچەکە بەلێپرسراوە کوردەکان بۆ ئەوەی مەسەلەی بەرقەرارکردنی ئارامیی ناوچەکە لەئەستۆیاندابێت، دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان.

هەمیشە دڵسۆزتان

رەفیق پشدەری*

* وەختەبوو شاگەشکەبم کاتێك دەنگوباسی ئەم راپۆرتە لەناو سەرکردەو لێپرسراوانی بەعسدا بڵاوبۆوەو لەرۆژ دانیشتندا کابیرەکانی حزبی بەعس کەوتنە باسکردنی ئەم راپۆرتە لەگەڵمدا، منیش هەمیشە لایەنە ئیجابییەکەی راپۆرتەکەم لەبەرژەوەندیی بەعس دەخستە روو بەگەورەترین پرۆژەم لەقەڵەمدەدا ئەگەر جێبەجێ بکرێت. بەڵام کاتێك بیستم بەرێز جێگر(سەدام حسەین) لەکۆبوونەوەیەکیدا گوتوویەتی: (جارێکیتر عێراق شۆرشێکیتری چەکداری کورد بەخۆیەوە نابینێت کەچی دەبینین دۆستێکمان وەك بەرێز رەفیق پشدەری ئامادەمان بۆ دەکات کەدەست بخەینە ناردەستی مردرانەوە) ئیتر ساردبوومەوە.

دوای ئەوە لەکاتێکدا لەگەڵ خێزانەکەمدا گەشتێکم بۆ بەیرووت کرد، لەوێ بەپەیامەکی چاوم بەبەرێز جەلال تاڵەبانی کەوت. مام جەلال لەدیدارەکەدا سێجار لێمی دووپاتکردەوە کە داوایەکم هەیە ئایا بۆمی جێبەجێ دەکەیت ؟ گوتم: فەرمانت لەسەر سەرمە. گوتی: تکایە لەمەودوا سەدام حسەین ئامۆژگاری مەکە. گوتم: مام جەلال خەمت نەبێت، لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانم لەگەڵیدا، بۆم دەرکەوتووە کەئەم کابرایە گوێ لەکەس ناگرێت، چونکە تەنها ئەوە دەکات کەلەو ساتەدا بڕوای پێیەتی.

هێزی سەربازیو وەزارەتی ناوخۆو ئابووری لەژێر سەرپەرشتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا دەبن کەهەر خۆیشی یەکەم پاڵێوراوو نەرسانرەوای وڵات دەمێنێتەوە؛ لەپێناو عێراقو حزبی بەعسدا یاسا دادەڕێژێتو یاسایتر هەڵدەوەشێنێتەوە ، بۆ نموونە ویلایەتی کیرلای نیمچە سەربەخۆ لەهند، حوکمێکی فیدراڵی هەبوو، بەڵام حکومەتی هندی کاتێك بینی جیابوونەوەی کیرلای زەرەرمەندە، بڕیاری دەرکرد کەمافی فیدراڵییەکەی هەڵوەشاندەوەو چیتر دانی بەحوکمی خۆجێیی کیرلادا نەنا ئنجا لکاندیەوە بەکارگێڕیەتیی ناوەندیی وڵات وەکو پارێزگاکانیتر، پاشان دۆسیەی ئەم مەسەلەیە داخرا چەند ئێزگەو ڕۆژنامەو گۆڤارێك نەبێت کەماوەیەکی کەم هەواڵی سەندنەوەی ئەو فیدراڵییەیان باسکردو هەمووی دوو هەفتەی نەخایاند هەموو شتێك لەبیرچۆوە.

کوردیش کاتێك دەبینن حزبێکی عەرەبی مافی وای داونێ کە بەدرێژایی ١٤ ــ ١٥ شۆڕشی یەك لەدوایەکی چەکدار دەستیان نەکەوتەوە، ئیتر بەبێئەوەی پێویست بەشەڕوشۆڕ بکات، ئێرانیو تورکەکان هەتاهەتایە ناتوانن پێنج کەسی کورد دژی حکومەتی عێراقو عەرەب کۆبکەنەوە. ئنجا پەیوەندیی نێوان ئەم دوو هێزە بەردەوام

کاتێك گیرابووم لەزیندانی موخابەرات، بەدوورودرێژی دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە لێپێچینەوەیان لەگەڵمداکرد، چونکە وایاندەزانی بۆ دەوڵەتێکی بیانی کاردەکەم، دواتر داوایان لێکردم دەستنووسی ڕاپۆرتەکەیان بدەمێو دوو هەفتە مۆڵەتیاندام بۆ بیرکردنەوە. دوای بەراوردکردنو پێکگرتنی هەردوو ڕاپۆرتەکە، پرسییان کێ چاپیکردووەو لایەنی زمانەوانیی چاککردووە؟ منیش ناوی ئەو لێپرسراوەی بەکارەکە هەڵساو کە بەیارمەرەکەی چاپکرد پێ گوتن. ئنجا گوتیان: ڕەفیق خوا بتگرێت، ئەم ویلایەتەی کێت لەکوێ هێنا، خۆ ئێمە هەردوو ڕاپۆرتەکەمان بەراوردکردو زانیمان خۆت نووسیوتە.

لەئەنجامی ئەو پلەیەی بەدەستمهێنابوو زۆر لەخۆم ڕازیبووم، چونکە دەمتوانی بەشێوەیەك خزمەتی گەلەکەم بکەم کەشۆڕش نەیتوانیوە. ماوەیەکی زۆریش وام بەخەیاڵدا دەهات کەڕۆژێك دادێت سەدام بیر لەم ڕاپۆرتەم دەکاتەوە کەچەند خزمەتی بەعێراقو حزبی بەعسو ڕژێم دەکرد، لەو ڕێگەیەوە عێراق لەشەڕوشۆڕو وێرانکاریو شەڕی ناوخۆو دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێو ئەمامەتییەکانی گەلی عێراق ڕزگاری دەبوو. بەڵام چارەنووسمان بەئیرادەی سەدام حسەینەوە گرێدراوە کەبۆتە مایەی هەموو نەگبەتییەك. هەر ئەمەش بوو پاڵی پێوەنام کتێبەکانم دەربارەی سلبیاتەکانی ئەم کابرایە بڵاوبکەمەوە.

لەگەشەسەندندا دەبێت. هاوکات کورد سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت لەخانەقینەوە هەتا زاخۆ دەپارێزن و وەکو شوورەی چینیان لێدێت بەرامبەر دەستێوەردانی ئەو دوو هێزە. ئنجا لەداهاتوویەکی نزیکدا سنووری کورد فراوان دەبێت و بەهۆی ئەمەشەوە سنووری عەرەب لەعێراقدا دەگاتە ئەوسەری سنووری کورد لەهەردوو دەوڵەتەکەدا کەئەم ئەزموونەش لایەنی چاکی عەرەب و حزبی بەعس خزمەت دەکات، لایەنە سلبییەکەشی بۆ دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و ئیسرائیل هەروەها بۆ سوخابەراتی ئەمریکی دەبێت.

تێبینی/

هەندێك لەرۆشنبیرانی کورد لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ عێراق کاتێك من پێشوازیم لێکردن، داوایان لێکردم چاویان بەلێپرسراوێکی گەورەی بەعس بکەوێت کە بەناوی حکومەتی عێراقییەوە بدوێت. منیش دیدارم لەگەڵ بەڕێز عەبدولخالق عەبدولعەزیزی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆ سازکردن و ئامادەی دیدارەکەبووم کەچەند سەعاتێکی خایاند. دوای کۆتایی هاتنی دیدارەکە، من و بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سەرمان لەوقسانە سووڕما کەئەو کوردە گەڕاوانە دەربارەی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ریشەیی بۆ مەسەلەی کورد، کردیان.

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی لەقسەکانیان پەست بوو و گلەیی ئەوەشی لێکردم کەئەو دیداریم لەگەڵیاندا سازاندووە، منیش گوتم خۆشم سەرم لەو هەڵوێستەیان سووڕما. ئنجا بەڕێوەبەری گشتی، ئەو دیدارەی لەڕاپۆرتێکی دوورودرێژدا نووسی و رۆژی پاشتر خستیە بەردەستی بەڕێزتان.

بەڕێز سەرۆك، ئەوەی راستیش بێت، بڕوباوەڕی ئەو کوردانەی گەڕابوونەوە کاریکردە سەر بەڕێوەبەری گشتی و ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی بەعس لەوانەی بەڕێوەبەر راپۆرتەکەی لەگەڵیاندا تاوتوێکرد پێش ئەوەی بۆ بەڕێزتانی بەرزبکاتەوە. ئەو برادەرانە دەستخۆشییان لێکردم بۆ ئەو هەنگاوەم هەروەها بۆ ئاگادارکردنتان لەراستی رووداوەکان. چونکە هەندێك کەسایەتیی سیاسەتمەداری کورد لەهەندەران وەکو جەلال تاڵەبانی کەچاوەڕێی هەلی لەبارن بۆ سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی کوردی. کەواتە با بەهەموومانەوە رێگە لەهەرکەسێك بگرین بیەوێت ئاژاوە لەعێراقدا بنێتەوە، منیش لەلای خۆمەوە بەستەبەریی ئەوە دەکەم زۆربەی سیاسەتمەدارانی کورد، وەکو کەسایەتی سەربەخۆی کورد بگەڕێنەوە بۆ عێراق و لەپێش هەمووشیانەوە جەلال تاڵەبانی... فەرمانیش لەلای بەڕێزتانە.

موخابەرات و سەرۆکی عێراقی سەدام حسەین

وەکو پێشتر باسمکرد موخابەرات دەورێکی کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت و سەلامەتی هاوولاتییان لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەوەو ناخۆ.

هەروەها هیچ رژێمێك نییە لەجیهاندا بتوانێت بەزەبری زۆر، ئارامی و ئاسایشی دەوڵەتێك بپارێزێت. شتێکی بەڵگەنەویستە کەپاراستنی ئاسایشی حکومەتی عێراق لەسایەی سەرکردایەتییەکی وەکو حزبی بەعس بەو نەریتە دیکتاتۆرییەی کەپێڕەوی دەکات، پێویستی بەسەرکوتکردن و تیرۆر و تۆقاندن و بەکارهێنانی هەموو ئەو رێوشوێنانەیە کەئەو دیاردانە دەنوێنن، هەموو ئەمەش بۆ ئەنجامدانی کردەوەگەلێك بەخەیاڵی شەیتانیشدا نایەت.

ئەم دەزگا تۆقێنەرە بەدرێژایی سالأنی کارکردنی توانی کەیرەو شێبە کۆنترۆڵ بکات بەتایبەتی بنەماڵەی بەرێز مەحسن ئالعەکیلی دوورخستنەوەی هەڕەشەو مەترسییەکانی هەموولایەك لەسەر دەسەلأت.

دەزگای موخابەرات چەندین بەشی هەیە کەخوێنەر بەکتێبێك و دواز شاردزاییان لەسەر پەیدا ناکات؛ بەلأم لێرەدا دەمەوێ باسی هەندێك لەوبەشانە بکەم کەبۆ باسەکەمان مەبەست دەپێکن.

دەوڵەت هەندێك جار پێویستی بەوەیە چەند رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ لەناوبردنی هەندێك لەو کەسانەی دەبن بەمایەی مەترسی لەسەر ئاسایشی دەوڵەت یا رێژەی مەترسییەکە کەمیش بێت. واتە راستە حزبی بەعس سڵ لەهیچ ناکات کەبیکات بەلأم هەندێکجار رووبەرووبوونەوەکە لەگەڵ ئەندامی سەرکردایەتی دەبێت کە لەناو خەڵکدا ناسراون و لادانیان پێویستە.

لێرەدا لقی کوودەتا لەدەزگاکەدا سیناریۆیەك دەهۆنێتەوە گوایە ئەم بەرێزانەی خوارەوە بەتەمان کوودەتا بکەن و، ئەمانە بەبەڵگەی لێدوانی تەلەفۆنی تۆمارکراو گیراون. جا چەند شارەزایەك دەنگی کەسانی مەبەست مۆنتاج دەکەن و نامەو شایەدی بەچاودیتەش ئامادەدەکەن. بەم شێوەیە دەتوانن چەند پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی و حەلاڵکردنی ماڵ و سامان و کۆشك و تەلاری ئەو کەسانە بسازێنن و لەئەنجامدا چوار چۆلەکە بەبەردێك بکوژن:

١ - سەرکردایەتی لەکەسانێکی چالاك رزگاری دەبێت کەبەرهایی مل بۆ سەرکردایەتی نادەن کەلەوانەیە ئەمانە رێگە بۆ خەڵکانیتر خۆشبکەن یاخی ببن یان لەلایەن دەرەوەی ولأت بەکاربهێنرێن.

٢ ـ دەزگـای موخابـەرات لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆن وەکـو پاڵـەوانی کارتەو شاردن دەردەکەویت کەخەمی ئارامیو ئاسایشی وڵات دەخۆن.

٣ ـ ترس لەدڵی ئەوانەدا دەچێنرێت کەبیر لەرووبەرووبوونەوە لەگەڵ حزبی بەعسو سەرکردایەتییەکەی دەکەنەوە کەخۆی لەسەدام حسەیندا دەبینێتەوە.

٤ ـ سووککردنو لووت شکاندنی ئەوانەی سەر بۆ شکۆو مەزنایەتیی سەرکردایەتیی دەوڵەت نەوی ناکەن، ئەمەش لەرێی گرتنیان ئنجا ئازارو ئەشکەنجەدانیان هەروەها ناچارکردنیان بۆ داواکردنی لێخۆشبوون بەوەی بێگوناهنو دەستیان لەو هەوڵەی کودەتاکردندا نییە.

دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم کەزۆربەی ئەو کودەتایانەی بیستوومانو کەژمارەیەکی زۆری کەسایەتییە سەربازیو سیاسەتمەدارەکانیان تێدا بوون بەقوربانی، لەم جۆرانەبوون کەهیچ بناغەیەکی راستیان نەبووە. بۆ نموونە دەزگای موخابەرات ژمارەیەک ئەفسەری پیاوچاکی دەستگیرکرد بەناوی ئەوەی پیلانیان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی گێڕاوە لەوانە: ئیبراهیم ئەیسەڵ ئەنساری ، عەزیز تۆفیقو کەمال عەلەمدار. زۆرم هەوڵدا ئەو ئەفسەرانە لەمەرگ رزگاربکەم کە لەئەنجامدا پشت بەخوا رزگاریان بوو، دوای ئەوە کەچاوم پێیان کەوتو هەموو شتێکیان بۆگێڕامەوە کەدواتر دێمە سەر ئەو باسە: هەموویان سوپاسی ئەو یارمەتییانەیان کردم کە بۆمدان: زانیشم کەفەرمانی گرتنیان لەلایەن سەدامو ئەلبەکرەوە دەرکرابوو، رۆژانە بەچاوی بەستراوەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا کە زۆربەی دانیشتنەکاندا سەدام حسەین ئامادە دەبوو تا گوێ لەقسەکانیان بگرێتو راستییەکانی بۆ دەربکەوێت.

سەرۆکی لیژنەی لێپێچینەوەش لەهەموو هەڵێکدا کەداوای لەسەدام

حسەین دەکرد ئازادیان بکات ئەو دەیگوت: با لەزینداندا دابرزێن، هەتا لەزیندان بێننەوە خەڵك زیاتر چارترسێن دەبێت.

قەسری نیهایە

قەسری نیهایە لەسەردەمی پاشایەتیدا کۆشکی رحابی پێدەگوترا. دوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ناوی بۆ (قصر النهایة) گۆرا، قەسابخانەیەك بوو بۆ خۆی. سێ جۆر لەخەڵك دەبران بۆ ئەم شوێنە:

١ ـ ئەوانەی بەوە تۆمەتباردەکرێن کەپەیوەندیی گومانا وییان لەگەڵ دەرەوەدا هەیەو ناویان لەتۆماری سیخوراندا تۆماردەکرێت.

٢ ـ ئەوانەی سەر بەحزبی ترن جگە لەحزبی بەعس، وەك ئەوەی لەرێکخستنەکانی حزبی شیوعی یا پارتی دیموکراتی کوردستاندان.

٣ ـ پیاوانی سوپاو وەزارەتی بەرگریو وەزارەتی ناوخۆ کەهەواداری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقین. بڕواش ناکەم ئەوەی بۆ قەسری نیهایە دەبرا بەساغی دەربچوایەتەوە مەگەر بەدەگمەن، خۆ ئەگەر تیانەچوایە ئەوە ئەندامێکی جەستەی لەدەستدەداو رێژەی رزگاربوون ٢٪ بوو.

ئەوانەی لەقەسری نیهایە زیندانیدەکران بەئاگاداریو سەرپەرشتیی خودی بەرێز نازم گزار بوون. بەفەرمانی ئەو دەگیران، هەروەها دیاریکردنی جۆری ئەشکەنجەدانی هەر زیندانییەك یان رەوانەکردنی بۆ دادگایەکی سەربازی یا گوللەبارانکردنی، کاری نازم گزاربوو. لەکتێبەکانی ترمدا زۆرم دەربارەی ئەم پیاوە نووسیوە.

جارێکیان داوام لێکرد سێ داخوازیم بۆ جێبەجێ بکات، پێم گوت: وابزانم دوانیان زۆر ئاسانن، حسەین شیروانیو ئەحمەد تۆفیق لای ئێوە زیندانین، دەمەوێت ئازادیان بکەیت، ئنجا دەربارەی ئەو گرووپەی لەگەڵ

قادر تەگەرانیدابوون ئایا چارەنووسیان بەچی گەیشتووە؟ ماون یا مردوون؟ ئەگەر ماون چۆن بگەمە لایان؟

نازم گزار گوتی: ئەو دوو پیاوەی سەرەتا ناوت بردن سیخوڕن و کار بۆ بەرژەوەندیی موخابەراتی ئەمریکی دەکەن، مەسەلەی ئازادکردنیان تەنها لەدەسەڵاتی بەرێز جێگر سەدام حسەینە کەئەوەندە بایەخیان پێدەدات ناوناوە سەردانی قەسری نیهایە دەکات و لەدانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، ئامادەدەبێت و بەخۆی لەدۆسیەکانیان ورد دەبێتەوە.

ئنجا نازم گزار لەناکاو گرژبوو بەتووڕەبوونەوە گوتی: دەربارەی قادر تەگەرانی و گرووپەکەیشی ئەوە دووبارە بەرێز جێگر لێیان ئاگادارە.

جاروبار کە بەتەنیا دادەنیشم و بیر لەخۆم دەکەمەوە کەئەو ماوەیە لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقی کارمکردەوە دێمە سەر ئەو باوەڕەی کەسەرفراز ئەوکەسەیە خۆی رزگارکردووە. چونکە لای خوێنرێژەکانی بەعس، پیاوکوشتن و ئاوخواردنەوە وەك یەك وابوو.

دادگای شۆڕش... یان راستییەکەی دادگای قەرەقوش

خوێنەری خۆشەویست

باپێکەوە لەم بینایە رامێنین کەکەم کەس هەیە ناوی نەبیستبێت. لەرووی دەرەوە دیمەنێکی قەشەنگ و دڵفڕێنی هەیە : لەناویشەوە ئەگەر بەژوورەکانیدا بگەڕێیت دەبینیت زۆر پاکوتەمیزو رێکوپێکن، هەست بەئەوپەڕی ئارامی دەکەیت تێیدا کەڕاڕەوو ژوورەکانی تەیدەکەیت ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندان دەبینیت بەجلوبەرگی رێکوپێکی رەسمییەوە، کەسەیریان دەکەیت وادەزانیت لەهۆڵی ئاهەنگێکی پادشایەندایت.

ئنجا دیمەنێکی سەیرو سەرسووڕهێنەر لەناو بیناکەدا دەبینیت ئەویش ئەو پاسەوانانەن کە بەجلوبەرگی ڕەسمییەوە لەهەموو کون و قوژبنێکدا ڕاوەستاون و بەرزی گاڵتەجاڕێکیش بەروخساریانەوەیە. لەکۆتایی دالانێکدا دەگەیتە هۆڵی دادگا، هۆڵێکی فراوانە دادوەر لەئەوسەریدا لەناوەڕاستدا دانیشتووەو دوو دادوەری ڕاوێژکار لەئەملاو ئەولایدا دانیشتوون. ئەم سێ کەسە خەڵك حوکم دەدەن، لەدامێنی ئەم سێ کەسەشدا دووکەسیتر دانیشتوون؛ یەکێك لەلای ڕاست کەداواکاری گشتییەو، ئەوەی تر لەلای چەپ کەبنووسە.

تۆمەتبار کەدێتە ژوورەوە دەبێت سەرەتا سوێند بخوات کەهەرچی ڕاستییە ئەوە بڵێت: پاشان داواکاری گشتی تۆمەتەکانی بۆ دەخوێنێتەوە ئنجا نۆرەی شایەدەکان دێت کەهەریەکە شایەدیی خۆی دەدات. پاشان بەلێشاو پرسیار ئاراستەی کەسی تۆمەتبار دەکرێت و پارێزەری بەرگری لیستێك دەخاتە ڕوو بۆ بێتاوان دەرکردنی کەسی تۆمەتبار. دانیشتنەکە بۆ چەند ساتێك دوادەخرێت، دوای ئەوە حوکمەکە دەردەچێت کەدادوەران، بەپێی ماددەیەکی یاسایی، کەسی تۆمەتبار تاوانباردەکەن و کابرا بەرەو چارەنوسێکی نادیارو ڕەش دەبرێت.

تۆ بڵێیت چاوەڕێی چی لەدووپشك بکرێت لەکاتێکدا پێغەمبەر(د.خ) فەرمانی پێمان کردووە ئەگەر لەکاتی نوێژیشدا بووین بیکوژین. لەبەرگی یەکەمی کتێبەکەم بەدوورودرێژی باسی دادگاییکردنی خۆم لەدادگای شۆڕشدا کردووە.

ئەم دادگایە بەشێکی لێکنەبچڕاوی دامودەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی عێراقە وەکو ئەمن، ئیستخبارات، موخابەرات، ڕێکخستنەکانی بەعس. هیچ کام لەم دەزگایانە بەدادگایشەوە گرێدراوی وەزارەتی داد نییە بەڵکو

بەڤەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دادەنراون. هەروەها هەمان ئەنجومەن، دادوەرو کارمەندو کارگوزارانی ئەم دەمودەزگایە دادەمەزرێنێ. هەروانیش دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادگاییەکان و هەڵبەستنی تۆمەتەکان، فەرمان لەخودی بەڕێز سەدام حسەین وەردەگرن، سەرۆکی دادگا ئەوەندەی لەسەرە فەرمان دەربکات کەیەکسەر دادوەردەکان، سیناریۆ دادوەرییەکە ئەوەندە بەوردی دەهۆننەوە کەئەوەی نەشارەزابێت سەری لەو دادپەروەری و دادگاییە مرۆڤایەتییە سووڕدەمێنێت.

ئەوەی تۆزێک هۆشی بەخۆی بێت خۆی لەدوعای زۆرلێکراو دەپارێزێت: چونکە ئەو دوعایە یەکسەر دەگاتە لای خوا.

دەزگای ئەمن ـ ئیستخبارات ـ موخابەرات ـ ڕێکخستنەکانی بەعس

حزبی بەعس لەیەکەم ڕۆژیەوە کەحوکمی گرتۆتە دەست لەعێراقدا، ئەمیشە لەکاردایە بۆ سەرکوتکردنی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق لەباکوورەوە تا باشوورو هێنانیان بۆ ژێر باری ڕژێمی عێراق کەهیچ شەرعێك دانی پێدانانێت.

لەعێراقدا هاوولاتی بۆی نییە سەربەخۆبێت لەکاتێکدا تۆماری ژیانی، ئامادەیەکی تێدایە دەربارەی ئامادەبوونی لەکۆبوونەوەیەکدا یا ئیمزایەکی کردبێت یابەشداریکردبێت لەکاروباری ڕێکخستنێکی حزبی جگە لەحزبی بەعس. خاك بەدامەنی ئەگەر مل نەدات!

پێویستی هاتنە ریزی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس ئەرکی سەرشانی کاسبکاران و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقە بەگشتی. هاوولاتی ئەگەر نەیەتە ریزی حزبی بەعسەوە ئەوە خۆی تووشی گێچەڵێك دەکات دەروەستی نایەت. چونکە لەم باردا دەزگا ئەمنییەکان تۆمەتی

بێبناغەی بۆ هەڵدەبەستن و بۆ ماوەیەك زیندانیی دەكەن كەتووشی چەندین جۆر ئازارو ئەشكەنجە دەبێت كە نە بینراوە نە بیستراوە، پاشان دۆسیەكانی رەوانەی دادگای شۆرش دەكرێت كەلەوێ هەمووشتێك ئامادەكراوە، چونكە ئەرێی چەند ماددەیەكی یاسایییەوە حوكمی چەند ساڵێك بەتەنگەیدا دەدرێت.

بەشی ئابووری

لقێكی ئاسایشی گشتییە، رۆڵی گەورەی هەیە بۆ تۆمەت هەڵبەستن و زیندانكردنی خەڵكی بێتاوان، بەبێخۆهەڵكێشان دەڵێم زۆر كەسی بێتاوانم لەحوكمی چەند ساڵ زیندانی رزگاركردووە كەتۆمەتی زیادەرۆیكردن لەنرخی كەلوپەل بە ٥٠٠ فلس، تۆمەتباركراون. راستییەكەشی وانەبوو، تومەز كابرای داماو نەیویستبوو بچێتە ریزی حزبی بەعسەوە هیچیتر.

زۆر جاریتر دەمبینی نۆرە دەچووە سەر لێپرسراوو سەرانی خودی حزبی بەعس ئەوەش لەبەر ملنەدانیان بۆ فەرمانێك یان گومانكردن لەدڵسۆزییان لەئاست رژێم. ئنجا دەمودەست تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستراو زیندانیدەكران و دەكەوتنە بەر زەبری ئازارو ئەشكەنجەدان. ئەمانە تۆمەتی ئەنجامدانی لادانی سێكسی یان بەرتیل خواردن یان بوون بەپیاوی بێگانەیان دەدرایەپاڵ، نموونەی ئەمانە زۆر بوو وەكو: عەبدلخالق سامەرائی، عەبدولكەریم شێخلی و زۆریتر.

وەزارەتی داد:

داد گرنگترین پێوەرێكە بۆ زانینی بارودۆخی ولاتێك و ناسینی رژێمە دەستەلاتدارەكەی كەواتە وەرن باكورتەیەكتان دەربارەی داد لەعێراقدا

پێشـکەش بکـەم لەسـەرەتای دامـەزراندنی دەوڵـەتی عـێراق هـەتا ئەمڕۆ (مایسی ٢٠٠٢).

لەسـەردەمی حوکمـی پاشـایەتیدا داد بەرێگـەی راسـتی خۆیـدا بـەڕێوەدەچوو رۆڵێکـی گـەورەی بـۆ پارێزگـاریکردن لـەمافی هـاووڵاتی عێراقی دەبینی هەروەها بۆ داکۆکیکردن لێی لەپیاوخراپان هەروەها بۆ دادگایکردنی سەرپێچکەران و سزادانیان بەپێی ماددە یاسییەکان بەبێ زیادوکەم. ئەوسا بواری کەسایەتی و ناسیاوی نەدەدرا وەکو ئەمڕۆ پێڕەو دەکرێت. لێرەدا رۆڵی دادگا سەربازییەکان و دامودەزگا ئەمنییەکان پشتگوێ ناخەم کەبەهجەت عەتیە بەڕێوەی دەبردن، چونکە ئەوە یاسێکیترەو ئێرە جێگەی نییە.

دوای شۆڕشـی ١٤ی تـەمموزی ١٩٥٨، بەپەلـە دادگـای شـۆڕش بەسەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەهداوی دامەزرا. بەڵام ئەو دادگایە لەگەڵ شۆڕشی لەمەڕ بەعس بەراورد ناکرێت. ئەوەی یەکەم بۆ سەقامگیرکردنی بناغـەکانی شـۆڕش دامـەزرا، بـەڵام ئـەوەی دوایـی بـۆ جێگـیرکردنی زاڵدەستیی گروپێـك پێکـهێنرا. لەسـەردەمی فـەرمانڕەوایی سـەرکردەی کۆچکـردوو عەبولکـەریم قـاسمدا، دەزگـای داد سـەربەخۆبوو، بـەبێ جیاوازیکردن لەکێشەی هاووڵاتیانی دەکۆڵییەوەو بڕیاری دەردەکرد.

دوای سـاڵی ١٩٦٣ کـاتێك عەبدولسـەلام عـارف حوکمـی گرتەدەسـت، بەخۆی و تۆمارە رەشەکەی کەپڕبوو لەهەڵوێستی دوژمنکارانە دژی گەلی کوردسـتان، وردە وردە پاشـاگەردانی بڵاوبـۆوەو ئـارامی و ئاسـایش لەگرێژنە چوو، بەتایبـەتی دوای بڕیارە ناڕەواکەی دەرهەق حەڵاڵکردنی ماڵ و سامانی کورد بۆ پیاوکوژەکانی هەتا خوای گەورە تۆڵەی کوردی

لێسەند کاتێك ساڵی ١٩٦٦ بەرووداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی.

لەناوچوو.

ئنجا بە ٣ آی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا بەعسییەکان حوکمیان گرتەدەستو سەدام حسەین بوو بەڕێوەبەری دامودەزگا ئەمنییەکان. کاتێکیش ئەنجومەنی شۆڕش دەستەڵاتی رەهای بەسەدام حسەین بەخشی ئیتر پێشێلکاریی یاسایی بەشێوەیەك زیادیکرد کەهیچ کتێبێك نایگرێت، چونکە سەدام، لەپێناو پارێزگاریکردن لەخۆی و لەدەستەڵاتەکەی؛ بەبێ رەچاوکردنی مافەکانی گەلی عێراق، رێگەی بەخۆیدا هەموو شتێك بکات! بەتایبەتی دوای شەڕی کەنداو و بێزاربوونی خەڵکی کەکاتێکی زانی ٤٠٪ ی کۆنترۆڵی لەدەستچووە.

جا ئەگەر دەربارەی باروددۆخو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی داد لەبەغدا؛ لەیەکێك بپرسیت لەوەڵامدا دەڵێت ٧٥٪ ی نەماوە. ئنجا رژێم هەرچەند هەوڵبدات هێشتا بەرەلایی لەزیادبووندایە، بەداخیشەوە دەڵێن کەئێستا هەڵگرانی ئالای پشتگرتنی هەق، بەخۆیان زۆروستەم پیادە دەکەنو بەرەلایی بلاودەکەنەوە. دەبینیت پارێزەرو ئەفسەری پۆلیس هەمیشە لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەئەم تۆمەتبارە بەبێتاوان دەربکەونو ئەوەیتر کەبێتاوانە، بەتاوانبار دەربکەن. ئەوەی ئەمانەش لەسەری رێکناکەون مەسەلەی ئەو نرخەیە کە لەبنکەی پۆلیسدا وەریدەگرن، ئەفسەری پۆلیس کاتێك کێشەیەکی دێتە بەردەست بیر لەتۆمارکردنی کۆنووسی رێککەوتن ناکاتەوە ئەوەندەی بیر لەوە دەکاتەوە کام لایەنیان دەوڵەمەندترە، ئەمەش بۆئەوەی شەوێك زیاتر لە بنکەی پۆلیسدا گلی بداتەوە تا هەندێك پارەی لێبکێشێتەوە. جا ئەمە باروددۆخی دادو دادپەروەرییە لەبەغدا هەروەکو هامشۆکەران بۆمانی دەگێڕنەوە.

جارێکیان خوالێخۆشبوو بەڕێز مەلا عەبدوڵڵا(مەلا ماتۆپ) بۆمی گێڕایەوە گوتی لەکۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیراندا(کەخۆی ئامادەیبوو)، بەڕێز سەدام حسەین گوتی: ئایا دەزانن تاکە قازییەکی دادپەروەر لەهەموو پارێزگاکانی عێراقدا، قازیی خانەقینە کەسەر بەپارێزگای دیالەیە؟ دەزانن بۆ ؟ چونکە ئەو قازییە بەعسی نییە!

ئەمە دانپیانانێکی ئاشکرایە کەهۆکاری سەرەکیی بەرەڵایی یاسایی لەعێراقدا، گەندەڵیی کارگێڕیی بەعسە لەوڵاتدا.

دادگا لەکوردستاندا دوور لەدەسەڵاتی حزبی بەعس

لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لەئارامی سیاسی بێبەشەو لەهەمانکاتدا باری ئابووریی هەرێمی کوردستان شلۆقە، بەڵام دەبینین وەزارەتی داد، هەر لەبەڕێز وەزیرەوە هەتا بچووکترین کارمەندی وەزارەتەکە، کاروباری خۆیان لەرووی سەقامگیرکردنی ئاسایش و بەرقەرارکردنی بۆ خەڵکی کوردستان هیچی لەرۆڵی مامۆستا بەڕێزەکان (پەروەردەکاری نەوەی نوێ)و کارمەندی وەزارەتی تەندروستیی و پەرستاران(بەژن و پیاویانەوە) کەمتر نییە. ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەرگیز رۆڵی ئەم توێژانەی کۆمەڵگەو هیتر لەبیر ناچێتەوە کە(رازی نەبوون سەر بۆ مووچەی رژێم کەچبکەن)و کارکردنیان بەبێ مووچە لەکوردستاندا هەڵبژارد نەک لەسایەی سەدام حسەیندابن، ئەم پرەنسیپەشیان کرد بەدروشمیان.

ئەی داگیرکەری زۆردار هەرکەسێك بیت: ئەمە جوامێریی کوردی رەسەنە کە بەپێی بنچە رەسەنەکەی کاردەکات. لێرەدا دەمەوێت رووی گلەیم لەپیاوانی دەزگای داد بکەم و بڵێم: ئەی ئەوانەی بەچاوی بەستراوەوە تەرازووی دادپەروەریتان لەناو خەڵکدا بەرزکردۆتەوە، چاکتر وابوو هەمووتان یەکبگرن و لەرووی بەڕێوەبردنی سیاسەت و

بەرقەرارکردنی ئاشتی لەهەرێمی کوردستاندا، رۆڵێکتان بگێڕایەو رایەکی توندتان بەسەر هەردوو بەرێز جەلال تاڵەبانیو مەسعوود بارزانیدا بسەپاندایە بۆ ئەوەی ناکۆکیی نێوان ئەم دوو حزبە زلهێزە بەلادا بخەن. چونکە ئەگەر ئەم ململانێیەو دابەشکردنەی هەرێمی کوردستان نەبوایە رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت...کەواتە جیاوازیی رێکخستنی سیاسی بخەنە لاوەو ئاوڕێك لەو خەڵکە بدەنەوە چونکە دەزگای داد پلەیەکی باڵای هەیە، ئێوەش مەزنن، پێغەمبەری خواش (د.خ) فەرموویەتی (سەروەری خەڵك، خزمەتکاریانە).

دوای رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کاتێك هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکرا کەبنەماڵەی بارزانی بەبێ شەرم بۆ ناو خاکی پیرۆزی کوردستانی ئازادکراو کەوتنە پێش سوپای رژێم؛ کە لەئەنجامدا ئەمە بوو بەمایەی دابەشکردنی کوردستان بەسەر دوو ناوچەدا، ناوچەیەك بەرەی خیانەت لەهەولێر بەڕێوەی دەبات و، بەرەیەکی نیشتمانی لەسلێمانی کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەی دەبات، ئنجا هەرناوچەیەك بوو بەخاوەنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ، بەنیسبەت داد لەو ناوچەیەی کەبنەماڵەی بارزانی بەڕێوەی دەبات ئەوە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بارودۆخی ناوچەکە تێکچوو، پێشێلکارییە یاسایەکان لە بواری دادوەریدا لەئەوسا زیاتر بوو، بەلام سەرباریشی ئەو پێشێلکاریانە لەگەڵ ئەو بەرەلایی و پێشێلکاریانەی لەمەڕ بەغدا، بەراورد ناکرێن. چونکە ئەگەر رێژەی پێشێلکارییەکان لەبەغدا ٧٥٪ بێت ئەوە لەشاری هەولێر دەگاتە ٢٠٪، هۆی سەرەکیی ئەمەش دەستێوەردانی دانیشتوانی هاوینەهەواری سەلاحەدینە لەکاروباری دادو، فەرمان دەرکردن چ زارەکی چ بەنووسین یا بەتەلەفۆن بۆ

دادگا. پاڵپشتیان بۆ ئەم کارانەش شێوانی بارودۆخی دادگاکانە بەپارێزەرو پۆلیسەوە.

لەوەتەی هەولێرم بەجێهێشتووە ئاگاداری بارودۆخی کاروباری دادوەری ئەوێ نیم، بڕواش ناکەم کەس پرکێشی بکات شتێکی لەسەر بنووسێت، بەڵام وەکو دەڵێن: عەیبە، هەتا سەر ناشاردرێتەوە. ئەوەی هەیە ماوەی مانەوەم لەهەولێر دیمەنێکی زیندووی دەربارەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری دادو دادوەری لەوێ، لەلام دروستکردووە.

سەعات چواری عەسری ڕۆژی پێنج شەممە ۱۹۹۷/۱۰/۲۳، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەبنکەی پۆلیسی گەڕەکی ئیسکان(هەولێر)، لەگەڵ مەفرەزەیەکدا بازیانی کوڕە گەورەمی گرت و هەتا نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە لەلای خۆی زیندانیکرد. لەهەمان ڕۆژدا داوانامەیەکم بەژمارە(۹۹۷/۲۲۵ تنفیذ)بەناوی بازیانەوە نووسی‌و دەست بەدەست وێنەیەکیم لێ گەیاندە لای هەریەك لە وەزیری داد، بەڕێوەبەری گشتیی دادگا ، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس، بەڕێوەبەری پۆلیسی گەڕەکی ئیسکان، دادوەری لێکۆڵینەوەو سەندیکای پارێزەران، داوامکرد بریار لەسەر ئەو کێشەیە بدەن. دوای تاوتوێکردنی کێشەکە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان، بەم ئامانجە گەیشتم:

رائید نەجات. بەڕێوەبەری پۆلیسی گەڕەکی ئیسکان گوتی: نەمدەزانی بازیان کوڕی تۆیە دەنا بەقسەی عەونی بەزازی پارێزەرم نەدەکرد بۆ دەستگیرکردنی.

(منفذ عدلي) مامۆستا هادی کەداوای بانگێشتکردنەکەی ئیمزاکردووە پێمی گوت: گلەیی لێمەکە، هیچ لەیاسا نازانێت، پێشتر لەدادگا بنووس بووەو دوای ۲۱ی ئاب لەبەرئەوەی لە(پاراستن)بووە ئەم پۆستەی پێدراوە.

بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس گوتی: دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم زەحمەتە کاری وا لەکەسێکی دڵسۆزی وەك رائید نەجات بوەشێتەوە، ئەمە سەد دەرسەد کاری عەونی بەزازی پارێزەرە.

بەڕێوەبەری گشتیی دادگا پێمی گوت: رۆژانە ئەم مەسەلەیە لای ئێمە لەدادگا دووبارە دەبێتەوە. باش بوو کوڕی تۆ بەدوو رۆژ رزگاری بوو، چونکە کەسانی وا هەیە چەند مانگێك لەزیندان دەمێننەوە...مامۆستا رەفیق خێرت دەگاتێ ئەگەر دوای ئەم کێشەیە بکەویت و بەناو خەڵکدا بڵاویبکەیتەوەو بیگەیەنیتە سەرەوە.

لێپرسراوی سەندیکای پارێزەران گوتی: مامۆستا عەونی بەزاز چاکترین پارێزەرەو پاکترین تۆماری هەیە لەکاری پارێزەریدا، ئەم کارە لاڕووێرانە تەنها ئیشی رائید نەجاتی بەڕێوەبەری پۆلیسی گەڕەکی ئیسکانە کەسەری مارەکەیە.

گوتم: یەکێك لەهەڵەکانی بەڕێز مەسعوود بارزانی ئەوەیە کاروباری داد، بەتایبەتی کاروباری پارێزەرانی زیاد لەپێویست شایستەکردووە... زۆر بەداخەوە کەپارێزەری وا هەیە شایەنی رێزلێنان نین و هەموو ئامانجێکیان کۆکردنەوەی پارەیە بەزووترین کات.

لەودانیشتنەدا ژمارەیەك پارێزەری لێبوو.

دادوەری لێکۆڵینەوە کاك نەوزاد گوتی: بازیانی کورت دەبێ دوعا بۆ خوا بکات کە بەدوو رۆژ زیندانی رزگاری‌بوو، ئەمڕۆ کابرایەکم ئازادکرد شەش مانگ بەبێتاوان لەزیندان مابۆوە، پۆلیس و پارێزەر رێککەوتبوون تۆمەتێکیان بۆ هەڵبەست و کابرا خرایە زیندان. بەداخەوە کەیاسایەکیش هەیە رێگە دەدات شکات لەودادوەرە بکات کەفەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردبوو.

ڕەزیری داد، دوای ئەوەی بەنووسراوەکانی کێشەکەدا چۆوە، فەرمانی دەرکرد لێکۆڵینەوەی تێدابکرێت و ئەوەی دەستی لەو سەرپێچییە نایاساییەدا هەبوو سزا بدرێت ئیتر هەرکەسێك بێت. بەلاّم ئەمە قسەی سەرکاغەز بوو.

بناغەی سیناریۆکەش وابوو کەبازیانی کوڕم، کێشەی لەگەڵ ناوبراو ئیبراهمدا هەبوو کەکوڕی ملیۆنێرێکە. ئیبراهیم کە لەکێشەکەیدا لەگەڵ بازیاندا لەدادگا، سەرکەوتنی بەدەستنەهێنابوو بڕی ١٥٠٠ دینار بەعەونی بەزازی پارێزەردا کەبازیان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بخاتە زیندانەوە، ناوبراو بەو پارە کەمە ویژدانی عەونی بەزازی پارێزەرو، ڕائید نەجات و، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەبنکەی پۆلیسدا کاك حەمید کەمالی بنووسی داواکردنی بانگێشتنەکەی لەمەڕ (منفذ العدلي)کڕیبوو.

خوێنەری خۆشەویست ببینە چ تاقمێکن ئەمانەی بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا یەکیان گرتووە، لەڕاستیدا ئەمانە دەبوایە دەستیان بخستایەتە ناو دەستی یەکتر بۆ ڕزگارکردنی بێتاوانێك یان چاککردنی ناپاکێك، ڕاستیشیان گوتووە ئەوەی لەکەس نەترسێت کەس لێی ناترسێت. شتێکی بەڵگەنەویستە کەجیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان کاری جددی لەئیدارەی بەغدا لەگەڵ ئیدارەی کوردستان بەگشتی، چونکە ئەم دوانە بەراورد ناکرێن، بەلاّم ڕاستییەکە ئەوە دەسەلمێنێت کەبارودۆخی ئیدارەی سلێمانی لەگەڵ ئیدارەی هەولێردا بەراورد ناکرێت. ڕێژەی بەرەلاّیی یاسایی لەژێر سایەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نزیکەی ٥٪ە، لێرەدا خەڵکی ناوشاری سلێمانیو دەوروبەرەکەی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەڕووی بەرقەرارکردنی ئارامیو ئاسایش وەك سروشت و نەریتێکی خۆڕسکیان کەخوویان پێگرتووە، بەلاّم ئەوەی لەبنکەکانی پۆلیس و

نووسینگەی پارێزەرەکان لەسایەی دەسەلاٌتی بارزانیدا ڕوودەدات، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دەسەلاٌتی ناوچەی تاڵەبانیدا بەراورد ناکرێت، نەك تەنها لەبەر ئەوەی خەڵك و لایەنە پەیوەندارەکانی ژێر دەسەلاٌتی تاڵەبانی پاکن، بەڵکو لەبەرئەوەی لەئەنجامی پێشێلکردنی یاسا دەترسن.

بەرێکەوت لەسلێمانی بۆ هەندێك کاروباری دادوەری ڕێم کەوتە بنکەیەکی پۆلیس ، ئەوپەڕی پاکی و دڵسۆزی نواندن و جێبەجێکردنی فەرمان و پیادەکردنی یاسام بینی لەگەڵ ترسان لەئەنجامی خراپ. سەرەڕای هەندێك وردە کەموکورتی و هەڵە، بەلاٌم زۆر دڵبەندی کارمەندەکان بووم، ئەوەی هەیە لەناو پارێزەرەکاندا بەداخەوەو لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو پارێزەرێکی دڵسۆزو نشتمانپەروەر لەهەرکوێیەکدابێت؛ دەڵێم کەموکورتی زۆرم لەئیشوکاریاندا بینی. بینیم هەموویان هەر هەڵپەی پارە کۆکردنەوەیانە کەئەمەش تەنها لەرێی یاساشکێنی دێتەدی. جا ئەگەر دەرچوویەکی کۆلیجی یاسا بۆی نەشێت داکۆکی لەتۆمەتبارکراوێك بکات کەتاوانەکەی ئاشکرابێت، ئەوە کێشەکە لەوێدایە پارێزەر، هەندێك جار سوور دەزانێت خاوەن کێشەکەی چەورەو دادگا تۆمەتباری دەکات کەچی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی یاسایی پێچ بەمەسەلەکان دەدات تا بێتاوانیی کابرا بسەلمێنێت و خۆیشی لەبەرامبەر ئەوەدا پاداشت وەربگرێت. جا هەڵەکە لێرەدایە. کاتێکیش باسی مەسەلەی کوردو کوردستان لەگەڵ ئەو پارێزەرەدا دەکەیت خۆی ئەوەندە بەشۆڕشگێرو نشتمانپەروەر نیشاندەدات دان بەهیچ کام لەحزبە سیاسییەکاندا نانێت و هەموویان بەخاوەن هەڵوێستی خیانەتکارانە دەژمێرێت. بێگومان لێرەدا مەبەستم هەموو پارێزەران نییە، خوانەکات شتی وابڵێم ، چونکە مێژووی خەباتی کوردایەتی، ڕاستگۆیی و پاکیی

زۆریان تۆکارکردووه، بەلام راگرو مامۆستایانی کۆلیجی یاساو ماف دەبێت جگە لەپێڕەوی خوێندن، نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی خاك و ئاكاری جوان و بێگەرد فێری خوێندكاران بكەن.

یەكێك لەو چەكە كاریگەرانە كەكۆماری ئیسلامی ئێران لەدژمان بەكاری دێنێت تلیاك و مادده بێهۆشكەرەكانە. كۆماری ئیسلامی لەرێی خەڵكی ناپاك و بێویژدان و سیخوڕەكانیەوە بەردەوام لەم مادده بێهۆشكەرانە بۆ كوردستان رەوانە دەكات، ئیتر یا بەخۆڕایی یا زۆر بەهەرزان، لەكاتێكدا ئەم ماددانە لەناوچەكانی دەرەوەی كوردستان لەناو ئێراندا قەدەغەن و ئەوەی پێی بگیرێت سزا دەدرێت. بەلام بەداخەوە ، تەماعی زۆری هەندێك تەماعكار وایكردووە قاچاخچییەتی بەم ماددانەوە بكەن، هەروەكو دەشزانین بەندیخانەكانی لای خۆمان زۆری لەم جۆرە قاچاخچییانە تێدایە كەچی پارێزەریش هەیە داكۆكیان لێدەكەن و ماددەی یاسایی وایان بۆ دەدۆزنەوە تا بەبێتاوانیان دەربكەن.

شایەدیدانێكی هەق

زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم رۆژێك دادێت، سەرۆكی عێراقی سەددام حسەین دەدرێ بەدادگای نێودەوڵەتی لەلاهای، ئەوەش ئەگەر تا ئەو رۆژە نەمرێت. خۆ ئەگەر خوا كردی من لەو دادگاییكردنەدا بەشایەد گیرام، ئەوە بەسوپاسەوە خۆم دەرۆم و ئەوەی لەلامە هەڵیدەرێژم.

ئەو پیاوە، لەگەڵ ئەو هەڵوێست و هەوڵانەی بۆ لەناوبردنی گەلی كورد داویەتی، بەلام لەراستیدا داوامان لێدەكات یەك بگرین و یەك سەنگەر لەدژی خۆی و هەوڵەكانی بگرین. گەلی عێراقیش هەتا ماوە قەرزداری یەك شتی ئەم پیاوەیە ئەویش ئەوەیە كەرێگەی نەداوە مادده بێهۆشكەرەكان لەعێراقدا بلاوبێتەوە. چونكە سەددام لەرۆژانی سەرەتای دەستگرتنی

بەسەر دەسەلاتدا ئەوپەڕی زەبروزەنگی دژی بازرگانیکەران بەمادده بێهۆشکەرەکان و لەهەمان کاتدا ئەوەی بەکاریشی دێنێت، نیشانداوە.

بەلای خۆشمەوە لەدوولاوە خۆم بەقەرزارباری سەدام حسەین دەزانم. یەکەمیان ئەوەیە کە لەدواساتدا بەتەلەفۆن حوکمی لەسێدارەدانمی هەڵوەشاندەوەو کردی بەزیندانیکردنی هەتاهەتایی، دووەمیشیان ئەوەیە کە دوای بەسەربردنی ماوەیەك لەزینداندا، چاوپۆشی لەهەرچی کردبووم، کردو فەرمانی ئازادکردنمی دەرکرد.

ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەوەی بەبیری مرۆڤیشدا دێت و پشتگوێی ناخات هەڵوێستی کەسانی خاوەن هەڵوێستە. ماوەیەك لەمەوبەر دوو پارێزەری ناسراوو بەناوبانگم بینی، سەیر ئەوەیە دوای ئەوەی هەریەکەیانم بەجیا بینی، کەچی هەردووکیان یەك داوایان لێم هەبوو ئەویش ئەوەبوو کەلای(فلان کەس) بۆیان تێبکەوم تا داماوێکیان بۆ ئازاد بکەم بەبیست کیلۆگرام هیرۆیینەوە گیراوە. خۆ ئەم ماددیە پێویست ناکات لەسەری بنوسین، خودی سەدام حسەینی سەرۆکی عێراق قەدەغەی کردووەو جەنگی دژی ئەوانە بەرپاکردووە کەقاچاخچییەتی پێوە دەکەن یان بەکاری دێنن، کەچی ئەوەش هەڵوێستی ئەوانەی لای خۆمانە کەئالای داکۆکیکردن لەهەقیان هەڵکردووەو بەرگری لەدڕندەیەك دەکەن ویستوویەتی ژەهر بەناو خەڵکی کوردستاندا بلاوبکاتەوە. بەلام کاتێك زانیم ئامانج لەم داکۆکیکردنە تەماعی زۆرو پارەی مۆڵە، حەپەسانم زیاتر بوو، چونکە پیاوێك لەوانە دای بەگوێمدا کەئامادەیە بڕی ٦٠ هەزار دینارم بۆ پەیدابکات بۆ چاپکردنی کتێبەکەی دواییم، لەکاتێکدا بەئاشکرا دەیزانی ئەم پارەیەی نییە. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو قاچاخچییە تاوانبارەی کە بەتاوانی بازرگانیکردن بەمادده بێهۆشکەرەکان

زیندانیکراوە لەگەڵ یەکێکیتردا لەسۆنگەی هەمان تاوان دەستگیرکراوە، کەچی کابرای دووەم بەهۆی واسیتەی فلآنەوە ئازادکراوە. ئنجا هەرچەندە من سوێندم خوارد کەهیچ پەیوەندییەکم بەفلآنە لێپرسراوەوە نییە تا دوو قسەی لەلا بکەمو ئەو قاچاخچییە ئازادبکرێت، بەلآم هیچیان بڕوایان پێنەکردمو منیش هیچم بۆ نەکرا.

لێرەدا دەمەوێت ئاورێك لەمەسەلەی دادگاو کاروباری دادو پێشێلکردنی یاسا لەسایەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدەم کەدەڤەری سلێمانی بەڕێوە دەبات:

ساڵی ١٩٩٩ کە لەهەولێر بووم، چاوم بە(...) ی پارێزەر کەوت، لەکاتی گفتوگۆدا باسی ئەوەیکرد کە لەدادگای سلێمانی، داوایەکی دادوەریم لەسەرە هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە. ئنجا بۆ روونکردنەوەی قسەکانی گوتی کە فلآنە دادوەر دۆستی خۆشەویستیەتیو هەر کەئەم دەچێت بۆ سلێمانی لەماڵی ئەو دادوەرەدا دەمێنێتەوەو، ئەوەندە لەیەکتر نزیکن هیچ داوایەکی ئەم ناداتە دواوەو لەهەموو شتێکدا رێکن. لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی ئەگەر ٢٥ هەزار دینارم بدەیتێ ئەوە دەتوانم وابکەم کێشەکە لەبەرژەوەندیی ئێوەدا یەکلابکرێت، بەپێچەوانەی ئەمەش ناتوانم دەستەبەری ئەنجامەکان بکەم، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەئەو راپۆرتەی فلآنە دادوەر لەسلێمانی گەلآڵەی کردووە بەشێوەیەك دارێژراوە کەدژی ئێوەیە، راپۆرتەکە لە١٨ لاپەڕە پێکدێت. میوانەکەم راستی دەکرد، تومەز فلآنە دادوەر راپۆرتێکی بە١٨ لاپەڕە لەدژی ئێمە دەرکردبوو، داواکەش ئەوەیە کە کەریم عەلی قادر، زەکیە زوهدی، عائیشە خەفافو شیرین مەعرووف ڕوستەم، وارسی شەرعی رۆستەم بەگن کەخاوەنی یاساییو شەرعیی سەنەدێکی هەمیشەیینو چەند بەڵگەو بڕیارێکی دادگا

پشتگیریی ئەم داوایە دەکەن. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کەکەسی ناودار لەکاربەدەستانی دادگای سلێمانی دان بەمافی ئێمە لەو پارچە زەوییەدا دەنێن کەکێشەی لەسەر هەروەها کەوەزارەتی پەروەردە دەستی بەسەر بەشێکیدا گرتووەو باقییەکەیشی بەدەست چەند کەسێکی ترەوەیە. یەکێك لەو کاربەدەستە دادوەرانەی سەرەوە گوتی لەئەم دونیاو لەئەو دونیاشدا لەبەردەمی خوا شایەدی دەدەم کەئەو زەوییە هی ئێوەیە بەلاّم ئێوە لەرووی یاساییەوە لەدەستان دەرچووە...

خوێنەری بەرێز سەرنجی ئەم چەند وشەیە بدە کەدەتوانم بەبەڵگە بیانسەلمێنم؛ هەر خۆتان ئەم قسانە هەڵسەنگێنن‌و بزانن چۆن دەبێت مرۆڤ، بەپێی یاسا مافی بخورێت. لێرەوە رووده‌کەمە ئەوانەی سەروەریکردنی کۆمەلاّنی خەڵکیان لەسایەی داماوکردنیاندا دەوێت، دادپەروەربن تا دەستەلاّتتان سەقامگیربێت چونکە کاروبار تەنها لەرێی دادپەروەرییەوە جێگیر دەبن‌و هەر کەدادپەروەری نەما ئەوانیش تیادەچن.

ئێستا هەموو هیوایەکی وەرەسەی روستەم بەگ بەڵێنێکی پێغەمبەری خوایە(د.خ) کەفەرموویەتی(مافێك داواکاری هەبێت نافەوتێت)، هەروەها چاویان لەدادپەروەریی بەرێز جەلال تاڵەبانییە کەپیاوی یاسایە، پشت بەخوا من چاوەرێی پشتگیریی ئەوم.

﴿وان ليس على للانسان الا ماسعى وأن سعيه سوف يرى﴾

لەچوارچێوەی دەزگای موخابەراتدا پلەی کارمەند ئەوەندەی چالاکییەکانی گرنگ نییە. بەش بەحاڵی خۆم ، ئەو فاکتەرانەی لێهاتوویی کەیارمەتییاندام بچمە ناو ریزەکانی حزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست، شارەزاییم نەبوو لەلایەنە پەنهان‌و نهێنییەکان کەبۆ

سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردم دەناردن تا لەپێناو مەسەلەی گەلی کوردستان و بەرەنگاریکردنی بەربەستەکان بەکار بهێنرێن. هەموو ئەمانەو زۆریتر، بەهۆی بڕوای تەواوم بەرەوایەتیی کێشەی کوردو سووربوونم لەسەر ئەنجامدانی ئەوەی لەتوانای کەسانیتردا نییە، هەروەکو چۆن خوای گەورە فەزڵی خۆی بەسەر حەزرەتی ئادەم(د.خ)و نەوەکانی رژاند بەو بەهرانەی لەهۆشیاندایە. وەك دەزانین خوای گەورە وزەی زۆری بەمرۆڤ بەخشیوە تابیخاتە خزمەتی مرۆڤایەتی، جا شانبەشانی باوەڕهێنان بەخوا؛ هەستی نشتمانپەروەری بالاترین هەستێکە لەهەموو کەسێکدا کەئەوەندەی پێدەوێت دنەی بدەیت تا بێتەدی.

ئەوەی لەماڵ و سامان کۆکردنەوە دووریخستمەوە(کە لەبەردەستیشمدابوو)و ئەوەی هانیدام ژیانی خۆم و بنەماڵەکەم بخەمە مەترسییەوە بێئەوەی گوێ بەمەترسییەکانی یاری بەئاگرکردن بدەم هەستکردنم بوو بەوەی کەمن؛ لەپێگەیەکدام دەتوانم خزمەتی گەلی کوردستان بکەم، ئەمەش بەمەرجێك گوێ نەدەمە واتەوات، هەروەها گوێ نەدەمە ئەوەی کە بەناپاك ناوم دەبەن.

پرسیارگەلێك لەسەر من هەبوو کەداخۆ رەفیق پشدەری کێ بێت؟ تۆبڵێیت ئەو پیاوەی خەڵك باسی دەستڕۆییەکەیان دەکرد پلەی چیبێت؟ چی وای لەئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی بەعسکرد هیچ داوایەکی ئەم پیاوە نە دەنەدواوە؟ ئنجا چۆن توانی بچێتە ناو ریزەکانی حزبی بەعس لەکاتێکدا ئەو لەنەتەوەیەکی ترە؟ ئەمانەو چەندین پرسیاریتر کەئاگام لێبوو لەسەرزاری خەڵکدابوون.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا خۆشەویستیی نیشتمان و سووربوونم لەسەر خۆبەختکردن لەو پێناوەدا، هاندەری سەرەکیو هەرە لەپێشم بوو.

هەر لەساڵی ١٩٦٥ هەتا ١٩٧٦/٩/١٤ کەدەکاتە ماوەی کارکردنم لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکان بەناوی(وکیل امن)، لەهەمانکاتدا وەکو راوێژکار لەنووسینگەی بەرێز جێگر سەدام حسەیندا کارم دەکرد. کاتێکیش لەلایەن هەمان دەزگاوە دەستگیرکرام، زۆر بەتوندی پێم راگەیەنرا کەنابێت هیچ کەسێك بزانێت من لەنووسینگەی بەرێز جێگردا کارم کردووە، ئەگەر پرسیاریشم لێکرا دەبێت بڵێم لەبواری بازرگانیی ئازاددا کارم دەکرد.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کەپلەی کارمەندانی دەزگای ئەمن و ئیستخبارات ئەوەندەی ئامادەباشی و توانا و چالاکیی کارمەندەکەوە بایەخی نییە، چونکە لەدامودەزگا ئەمنییەکاندا هیچ، هەموو شتێکە.

خوێنەری خۆشەویست ..

هەرچەندە من نەچوومەتە ریزی هیچ حزبێکی سۆشیالیست و پێڕەویانم بەلاوە پەسەند نییە بەڵام لەراستیدا رێڕەوو بیروباوەڕی وایان هەیە کەشایەنی لەبەرچاوگرتنە. بۆ نموونە یەکێك لەرەخنە پەسەندەکانی سستەمی سۆشیالیست دژی سستەمی سەرمایەداری و من بەپەسەندی دەزانم، ئەوەیە کە سستەمی سەرمایەداری تەنها بایەخ بەرووکاری سەرەکیی دەوڵەت یان حزب یان عەشرەت دەدات و گوێ بەگەل یان لایەنگرانی حزبەکانیتر (جگە لەحزبی خۆیان) یان ئەندامانی عەشرەتەکان نادەن. چونکە بەلایانەوە مادەم سەرۆك لەگەڵیاندایەو لەژێر کۆنترۆڵیاندایە، ئیتر ملی ئەوانیتر بشکێت. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەرووی مامەڵەی لەگەڵ کۆماری میسری عەرەبییدا تەنیا سەرۆك حوسنی موبارەك دەناسێت. لەئەفغانستان تەنها بەرێز حەمید کارەزای دەناسێت. بەهەمان شێوەش لەکوردستاندا، دەبینین ئەمریکا تەنها بنەماڵەی بارزانی دەناسێت و حسابی بۆ دەکات.

ئەم نەریت یان پێڕەوە ئەمریکییەش مۆرکی هەموو دەرەبەگێکە لەهەر جێیەکدابێت. جا خوالێخۆشبوو مەلامستەفا بارزانی لەگەڵ ئەوەی هاوسۆزیی خۆی بۆ جەماوەر دەردەبڕیو لەکۆڕوکۆمەڵە گشتییەکاندا بانگەشەی بۆ دیموکراسی دەکرد بەڵام کاتێك باس دەهاتە سەر جووتیارو مەسەلەی پشتگیریکردنی ئەم چینە ماندووە زەحمەتکێشە، هەمیشە دەیگوت: (من گوێ بەبیروڕای جووتیار نادەم ، مادەم حەمەڕەشیدخانی بانەو عەباس ئاغام لەگەڵدان ئیتر ئەوان چاویان دەردەهات) کەمەبەستی جووتیاران بوو.

بەڵام سەیر ئەوەبوو بارزانی، لەکۆتاییدا دژایەتیی سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ناودارە کوردییەکانیکردو ئەوانیشی خستە ریزی نەفرەت لێکراوەکانیەوە. چونکە دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ عێراق(١٩٥٨)، لەدانیشتنەکانیدا هێرشی دەکردە سەر شەهیدی قارەمان قازی محەمەدی سەرکۆماری کوردستان، بارزانی جنێوی وای بەو سەرکردە نەمرە دەدا کە مرۆڤ لەرووی هەڵنایەت باسی بکات، ئەمەش بێئەوەی ئەوە لێکبداتەوە مرۆڤ کەمرد، شەیتان دەستی لێهەڵدەگرێت نەك گلەییشی لێبکرێت، بریا گلەیی لێکردنیش بوایە.

یەکێك لەفاکتەرەکانی سەرکەوتنم کاتێك لەبواری ئەمندا کارم دەکرد ئەوەبوو کەئاوڕم لەهەموو کارمەندەکان دەدا، هەر لەپرسگەوە هەتا پاسەوان و سکرتێریش، تەنانەت خزمەتگوزارەکانیش هەموویانم دەدواندو یارمەتیم دەدان. ئەوانیش لەبەرامبەردا؛ بێئەوەی بەخۆیان بزانن خزمەتیان بەکێشە ڕەواکەم دەگەیاند.

پێشینان گوتوویانە بەزمانی شیرین مار لەکون دێتە دەر. ٩٨٪ ی ئەو دیارییانەم دەبەخشی کەبۆم دەهات، ئەوەی گومانم لێبکردایە دەشێ

زانیارییەکم لێی دەستدەکەوێت یان بەهەر شێوەیەك بووە خزمەت بەکێشەی گەلی کوردستان دەکات بێبەشم نەدەکرد. بەردەوام دیاریم دەکڕیو دەمبەخشی، لەم ڕێگەیەوە گەیشتمە لای هەموو لێپرسراوێك و تەنانەت گەیشتمە لای شەرەگەورەکان. دیارییەکان فەرشی بچووکی گرانبەها، یان ماستو پەنیرو گوێزو هەنگوین بوو. دایکم، خوا لێی خۆشبێت زۆرجار بەسەرمیدا دەبۆڵاند کەئەوەندە قاپو حاجەتی ناوماڵی دەفەوتێت کەپرم دەکردن لەماستو بۆ لێپرسراوەکانم دەنارد، تەنانەت بۆ سەرکۆمار. بەدایکمم دەگوت: من شوکرانەی خوا دەکەم کاتێك بەتەلەفۆن داوام لێدەکرێت بەمەنجەلێك ماستەوە بڕۆم بۆ نووسینگەی سەرکۆمار. پێغەمبەر(د.خ) بەو مەزنییەی خۆی دیاری وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی لەسەرکردەکانی بەعسو بنەماڵەی بەڕێز سەدام حسەینم بینیوە زۆر سەیرە، چونکە بەهیچ تێریان نەدەخوارد، هەتا من دەمگوت(هانیٚ!) ئەوان هەر دەیانگوت(کوانیٚ؟)، دەتگوت تێرنەخۆرەیان گەییوەتیٚ!

ڕاستیان گوتووە: دڵو دەروون هەتا بیدەیتیٚ داوای زیاتر دەکات، بەڵام ئەگەر لێت گرتەوە ئیتر قایل دەبێت. بەڵام لای ئەو جۆرە کەسانە قایلی نییە، چونکە قایلی سیفەتی ئیسلامو مرۆڤی ڕەسەنە.

هەرچییەکیان داوا لێم بکردایە دەمدانیٚ، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی زانیارییەکم دەستبکەوێت لەڕێگەیەوە ئامانجێك بپێکم. لەڕێی ئەو دەستودیارییانەوە پەیوەندیم بەبنەماڵەی سەرکۆمارو بەڕێز جێگر سەدام حسەینەوە پتەوبوو. خوێنەر سەری لێم سووڕنەمێنێت ئەگەر بڵێم: ئەگەر دوو ملیۆن دینارێکم دەبوو خۆم دەزانم چیم پێدەکرد! لەوانەشە بڕوام پێنەکەن ئەگەر بڵێم بەو پارەیە، دەمتوانی مافی گەلی کورد بەدەستبێنم.

ـەكاتی گیرانمدا پرسیاری ناوی ئەو کەسانەیان لێدەکردم کەزانیاریی ـــ مەترسیداریان پێداوم تەنیا لەناو دانیشتنەکانی سەرکردایەتیی ـعسدا باسکراون. بەلآم دیارییەکانم بەهەموو کونێکدا دەچوون، وەك ئاو ـزەیان دەکردە هەموو جێیەك.

دوای ئاشبەتالْ، ماوەیەکی دژوارو لەبیرنەکراوم بردەسەر، چونکە کاتێکم زانی تەنیام، هیچ حزبێك نەماوە رۆژانە راپۆرتی بۆ بنێرم، گوێبیستێکم نییە نهێنییەکانی لەلا هەلْرێژم، چونکە کاتێك شۆرش ئاشبەتالْی پێکرا من ورەم نەرووخا، بڕوام بەخۆم مابوو کەدەتوانم هەمووشتێك لەپێناو کێشەی رەوای گەلْی کوردستان بکەم، بەلآم پێویستم بەدەلاقەیەك بوو لەرێگەیەوە زمانم بەبەرەیەکی کوردی بگات... لەکۆتاییدا سەیرمکرد تەنها خۆمم، تاق و تەنیا، گۆرەپانیش چۆلْە...سەرباریشی بەردەوامبووم، بەوهیوایەی لەوانەیە لەرووی گۆڕینی رەوتی رووداوەکاندا سەرکەوتن بەدی بێنم.

چەند دیمەنێکی سەیر

لەمانگی تەمووزی ١٩٦٨ەوە کەحزبی بەعس لەعێراقدا دەسەلآتی گرتە دەست، بەرێزان ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سەدام حسەین لەبەرچاوی خەلْك ئەوەندە تەبا دیاربوون تەنانەت لەهەندێك سەرکردەی بەعسم بیست کەئەم دوانە، ماوەی ٦ـ٧ سالْیش مەگەر بۆ خەوی شەو لێکتر جیابوونایەتەوە دەنا هەموودەم پێکەوەبوون، هەتا سالْی ١٩٧٥یش کاتێك سەدام بارودۆخەکەی کۆنترۆلْکردو چیتر لەئەلبەکر سلْی نەکرد، وەکو سێبەری یەکتروابوون.

جارێکیان پێش کودەتای ١٧ی تەمووز بەماوەیەکی کەم ، لەناکاو بەبێوادە سەردانی ئەلبەکرم کرد لەمالْی خۆیدا، چەند سەعاتێك لەلای

مامەوە کەلەو ماوەیەدا نەکەس پەیوەندی پێوەدەکرد نەسەردانیان دەکرد،
بۆم ئاشکرابوو کەپشتگوێخراوە. سەیریش ئەوەبوو لەودیدارەدا
دشداشەیەکی تۆزێك کورتی لەبەردابوو چەند کونێکی تێدابوو، جگەرەی
تێکراویشی دەکێشا کە لەماڵەوە دروستدەکرێت. ئیتر ڕۆژی ١٨ی
تەمموزم هێنایە بەرچاوم کاتێك ئێزگەی بەغدا ڕایگەیاند بەڕێز ئەحمەد
حەسەن ئەلبەکر بۆتە سەرۆکی کۆماری عێراق. ئنجا ڕێککەوتنی نهێنیی
سەدام و ساڵح مەهدی عەمماش و ئەلبەکریشم لەیادە بۆ پاکتاوکردنی
جەستەیی کەسایەتییە ناودارە سیاسییەکان و چۆڵکردنی گۆڕەپانی
سیاسی لەو پیاوانە بەماوەیەکی کورت، ئەوەش لەڕێی بەکارهێنانی
دڕندانەترین ڕێوشوێنی کوشتوبڕو زیندانیکردن و دوورخستنەوەو
ڕەفتاری نائەخلاقی و زۆر ڕێبازیتری شەیتانییانەی لەناوبردنی مرۆڤ.

ژمارەیەکی کەمی ئەو جۆرە کەسانە ڕزگاریان بووو توانییان خۆیان
لەوڵات دەرباز بکەن و ماڵ و منداڵیان لەژێر بەزەیی ئەو ستەمکارانە
بەجێبهێڵن کەبەزەییان بەکەسدا نایەتەوە.

حزبی بەعس لەسەرەتای دەسەڵات گرتنەدەستدا، تاکە کەسێك هەوڵی
بەهێزکردنی دابێت بەڕێز سەدام حسەین بوو، چونکە ئەم پیاوە
هەڵوێستی زۆر ئیجابی هەبووە کەخۆی وەکو فریشتە دەنواند، ئەوانەی
کەرۆڵیان لەبواری پیلاننانەوە هەبوو عەماش و حەردان بوون.

میشێل عەفلەق ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخ و
قەیرانی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتیی بەعس، ناوبراو یەك بەیەك
بەتەنیا چاوی پێیان دەکەوت و کاریگەریی زۆری لەسەریان هەبوو، توانی
کۆیان بکاتەوەو پەیوەندیی نێوانیان پتەوبکات، هەروەها ئەلبەکرو

سەدامیشـــی ئـــەوەندە بـــەهێزکرد کەســـەرکردایەتی بگرنەدەســـت و سەرکردایەتیش پێیان رازیبێت.

میشێل عەفلەق دوای جموجوڵەکانی لەنێوان سەرکردەکانی بەعس، بەرێژەی ٩٧٪ کاریگـەری لەسـەر ئەلبـەکر دەرخسـت و بـۆ سـەر سـەدام بـەرێژەی ٩٠٪، هـەروەها نـاوبراو توانیـی ئەلبـەکر بـەوە قـایل بکـات کەرەزامـەندیی سەرکردایەتی و گوێڕایـەڵبوونیان بۆ فەرمانـەکانی سەدام، لەبـەرژەوەندیی ئەلبەکردایـەو خزمـەت بەپلانـەکانی دەکـات. بـەڵام ئـەو دەرەنجامـەی بەدەستهێنا ئـەوەبوو کەدەستێکی نادیـار لەپشـت میشـێل عەفلەقەوەیە بۆ ئەنجامدانی پلانێکی داڕێژراو بەپێی میتۆدو بنەماگەلێکی سەقامگیر.

کورتەباسێك دەربارەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر

خـوای گـەورە لـەقورئانی پـیرۆزدا فەرموویـەتی﴿ ان اکرمکـم عنــد الله اتقاکم﴾ پێغەمبەریش(د.خ) فەرموویەتی: (لافضل لعربي على أعجمي ولا لأعجمي على عربي الا بالتقوى ، كلكم من ادم وادم من تـراب).واتە خـوای گەورە هیچ کەسێك بەپێی رەگەزی نەتەوەیی پاداشت ناکات، بەڵکو بەپێی ئیمانداری و خواپەرستی پاداشتی مـرۆڤ دەکرێـت یـان سـزا دەدرێـت. هاوکات هیچ ئایەتێك لەقورئاندا یان هیچ فەرموودەیـەکی پێغەمبـەر نییە کـەئاماژە بـەوە بـدات مـرۆڤ دەسـت لەنەتـەوەی هـەڵبگرێت، کوردیـش دەڵێت: (رێوی لەکونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێت).

چـەندین بەڵگـە هـەن دەیســەلمێنن کەئەلبـەکر بەرەگـەز کـوردە، لەبەرگـەکانی کتێبەکـەمدا(کـورد دوژمنـی خـۆت بناسـە) باسـی ئـەوەم کردووەو تەنانەت ئەلبەکر لەبەردەم خەڵکێکی زۆردا پێمی گوت کەعومەر ئاغا، کەکاتی خۆی لەتکریت دادوەربوو، کوردبووەو خاڵی ئەمیش بووە.

ئەلبەکر بەدرێژایی ژیانی لەیەك شتدا راستی گوتووە ئەویش ئەوەبوو، کە لەچەند دانیشتنێکدا گوتوویەتی: (دەبێت ئەو رەگەزی کوردبوونەم، کە بەهۆی عومەر ئاغای خاڵمەوە بۆم ماوەتەوە، لەرەگوڕیشە بێنم). لەراستیشدا ئەو هەوڵەی بێ بەمایەی سەناوبردنی هەزاران کورد کەگیرۆدەی چەندین جۆر دەردەسەریو ئەشکەنجە هاتن کەئەلبەکر فەرمانی بەدەستوپێوەندەکانی دەدا بۆ سەلماندنی دوژمنایەتییەکەی دەرهەق گەلی کورد. لەکتێبەکانیترمدا بەدووروودرێژی باسی کۆتایی ئەم پیاوەم لەئەم دونیادا کردووەو تەنها خودا بەخۆی دەزانێت چارەنووسی لەئەودونیادا چۆن دەبێت.

جا وەك سیفەتی هەموو خۆبەزلزانێکی زاڵدەست، ئەلبەکر رادەبەدەر کورسیی فەرمانڕەوایی خۆشدەویست، کەواتە تۆ بڵێیت چی وای لێکرد دەست لەکورسییەکەی بۆ سەدام حسەین هەڵگرێت؟...مەگەر بێدەسەڵاتیو بێناوەزیو لاوازیی کەسیەتی بووبێت.

ئەلبەکر دوای ئەوەی لەوە دڵنیابوو کەدەتوانێت بەهۆی سەدام حسەین، پایەکانی دەسەڵاتەکەی سەقامگیربکاتو لەگەڵ ناوبراودا بەبێ یەکتر نایانکرێت، بۆیە پێکەوەن تا یەکتر بەرنەدەنو پشتی یەکتر بگرنو بۆ هەتاهەتایە ناپاکی لەیەکتر نەکەن هەروەکو لەمەزاری ئیمامی ئەبو حەنیفە(لەبەغدا)سوێندیان بۆیەکتر خوارد، بەلام سەرباریشی گزییان لەیەکترکردو زۆر بەڵێنو پەیمانیان لەگەڵ زۆر کەسیتردا پێشێلکرد.

لێرەدا دەمەوێت باسێکی سیفەتەکانی ئەم فەرماندەیە بکەم کەبۆ چەند دەهەیەك سەرۆکایەتی گەلی داماوی عێراقیکرد. ئەم پیاوە بێهێز، نەوێر، ستەمکارو درۆزن بو. هەروەها بێبەڵێنو، نەهێنگربوو، بەرووی گەشەوە بەپێشوازت دەهاتو لەهەمان کاتدا فەرمانی بەدەستوپێوەندەکانی دەدا

تەقەمەنی لەناو ئوتومبیلەکەتدا دابنێن. بەهیچ شێوەیەك سیفەتی فەرماندەی راست و دروستی تێدانەبوو، هەروەکو لەکتێبەکانی ترمدا باسمکردووە توانیم لەدواساتدا شێخ عوسمان بارزانی (برازای مەلامستەفا بارزانی) لەکۆشکی کۆماریدا لەلێدانێکی خەست و خۆڵ رزگاربکەم کەئەلبەکرو چەتەکانی بۆیان نابۆوە، ئەمەش لەکاتێکدا ئێمە بەفەرمانی ئەو بانگێشت کرابووین. زۆربەی خوێنەرانیش دەزانن کەوەحشیی بکوژی حەمزەی سەرداری شەهیدانی بەهەشت، کاتێك پێغەمبەر(د.خ) چاوی پێکەوت تەنها بەنەرمی فەرمانی بەدوورخستنەوەی دا بێ ئەوەی ئەو کۆستەی لێی کەوتووە (بەشەهیدکردنی مامە پاڵەوانەکەی) کاری تێبکات.

لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨دا، بەرێز ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بەجلوبەرگی سەربازی هاتە کۆشکی کۆماری، بەجێبێکی سەربازی کەئەفسەر فەوزی لێی دەخوڕی کەئەم ئەفسەرە یاریدەدەری سەعدوون غێدان بوو. ئنجا ئەلبەکر بوو بەسەرکۆمارو کاروباری وڵاتی گرتەدەست، پاشان دەردەسەریی گەلی عێراق دەستی پێکرد کەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. بەڵام دەربارەی سەدام حسەین کە لە١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ەوە حوکمی گرتۆتە دەست، سێ بیرورا هەیە:

١ ـ خاوەن کەسایەتییەکی سیاسیی لێهاتوو، کارامە، پاڵەوانێکی چاونەترس، زیرەك، قاڵ و خاراو، شارەزاییی تەواوی لەبواری موخابەراتدا هەیە، بەهۆی کەسایەتیی و رەنجدان و تێکۆشانی خۆی، حوکمی عێراقی گرتەدەست.

٢ ـ لەزووەوە ئامادەکراوە بۆئەوەی پۆستی سەرکۆماری لەعێراقدا بگرێتە دەست و بۆ ئەو ئامانجە مەشقی پێکراوە.

٣ـ بەرێکەوت بوو بەسەرکۆمار.

ئەم سێ بیروڕایە لەسەر ئەم پیاوە هەیە کەنیشانەی پرسیار لەئاست ڕەچەڵەکی هەیە! لەکتێبەکانمدا بەدوورودرێژی باسی ئەم پیاوەم کردووە کەدوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ناوبانگی لەعێراقدا پەیداکرد. جالێرەدا بیروڕای یەکێك لەوانەی لەکۆلیجی ماف لەگەڵیدابوون دەهێنمەوە کەپێکەوە خوێندکاربوون، ئەویش خوالێخۆشبوو کاکە شازاد سائیب کەدەیگوت: سەدام حسەین پیاوێکی نەوێربوو، چونکە هەرکەپیاوانی ئاسایشی دەبینی خۆی دەشاردەوە، لەکاتێکدا ئەوکاتە خۆی هیچی وانەبوو. لەهەوڵی تیرۆرکردنی سەرکردەی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسمدا: سەدام حسەین کارەکەی بەرێکوپێکی ئەنجام نەدا. ناوبراو لەرووی مامەڵە لەگەڵ دۆستانیدا هەرگیز دڵسۆزو پاك نەبوو. هەروەها هیچ شارەزاییی لەکاروباری موخابەراتدا نەبوو، چونکە بەخۆم نزیکەی دوو دەهە، لەپێناو خزمەتکردنی گەلی کوردستاندا بەکارمهێناوە(قسەی کاکە شازاد تەواوبوو).

بەلام ڕاستییەکەی ئەوەبوو کەزیرەکیی سەدام حسەین لەوەدابوو دەیزانی چۆن گێچەڵو گیروگرفت بۆ هەرکەسێك بنێتەوە کەمەترسیی لێی هەبێت. من لێرەدا سوورم لەسەر ئەوەی کەسەدام بەخۆی، خۆی دروستکردو حوکمی عێراقی گرتەدەست. جا ئەگەر خوێنەر بەنووسینەکانمدا(سێبەرگی کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا بچێتەوە بەهەمان ئەنجام دەگات. ئەمە ڕای خۆمە دەربارەی بیروباوەڕی یەکەم.

بیروڕای دووەم ئەمەیە: سەدام حسەین دوای ئەوەی بەشداریکرد لەهەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك عەبدولکەریم قاسمدا، بۆ دەرەوەی وڵات هەڵات. خوێنەر دەتوانێت ئەو بارودۆخە سەر شۆڕیهێنەی ئەو بێنێتە بەرچاوی کە لەمیسر، سەردانی هەرەم و مەلهاکانی دەکرد کەلێرەدا دەشێ

لەرێی کچانی سۆزانییەوە خۆیان پێگەیاندبێت و بەکاریان هێنابێت، لەوەش زیاتر لەوانەیە زانیاری لای پزیشکی پسپۆڕ هەبێت کەدەستی لەگەڵ ژناندا تێکەڵکردووە. خوێنەر پێویستە بزانێت کەیەکێك لەرێوشوێنە چەپەڵەکانی موخابەراتی جیهانی ئەوەیە کەسی مەبەست بەتەواوەتی دەپشکنن بۆ دەرخستنی کردەوە نائەخلاقییەکانی بۆئەوەی بیکەن بەکارتی دەستیان بۆ گوشارو هەڕەشەلێکردن. شایەنی باسە دەزگای موخابەراتی عێراقی چەندین جار لەڕووی پزیشکییەوە خەڵکی کوردستانیان پشکنیوە کەسەردانی بەغدایان کردووە، بەتایبەتی خەڵکی هەولێر.

خوێنەرانی بەرێز، ئەگەر نووسینەکانم بەوردی بەسەربکەنەوە بەو ئامانجە دروستانە دەگەن کەهۆش و ژیری پەسەندی دەکەن...دیارە شتێکی سروشتی نەبوو کەسەرۆکی عێراقی عەبدولڕەحمان عارف بەو ئاسانییە دەست لەکورسییەکەی بۆ ئەلبەکر هەڵبگرێت. سەرۆك عەبدولڕەحمان عارف کەسایەتییەکی بەڕەوشت و، لەخواترس بوو، دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بوو، لێبوردەو دڵفراوان بوو کەجیاوازیی لەنێوان گەلانی عێراق بەتایبەتی کوردو عەرەب نەدەکرد، هەرگیز نەمبیست عەزیەتی کەسێکی دابێت، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ناسیومە لەهیچ شتێکدا گومانم لێی نەبووە. وە نەبێت تەنها لەگەڵ مندا وابووبێت بەڵکو، ئەمە مامەڵەی بوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا، ئەوەی خستیشییە داوی بەعسەوە ناوریایی و خۆنەپاراستنی بوو کەنەریتی بوو، چونکە بەتەمانەبوو رۆژێك لەرۆژان کوڕەکەی یان براکەی، بەهەرزان بیفرۆشن و ئەوەی بەرامبەر بکەن کەکردیان.

لەکاتی کودەتاکەدا سەرۆك عارف بەدەم پیاسەکردن لەشەقامەکانی لەندەن بەهاوڕێکەی دەگوت: (خەمی بەڕێز ئیبراهیم داودمە بکەوێتە دەستی کودەتاچییەکانو عەزیەتی بدەن)؛ ئەم داماوە لەوکاتەدا نەیدەزانی ئەو ئیبراهیم داودەی خەمی دەخوارد. دوای کودەتاکە کرا بەوەزیری بەرگری.

شەوی کودەتاکە (١٧ــ١٨/٧/١٩٦٨) ، سەرۆك عارف بەتەلەفۆن ئاگادارکرا کەکودەتا کراوە، بەلاّم ئەمە دوای ناپاکیکردنی دۆستو برادەرەکانیو دوای کارلەکارترازان بوو، نیوەشەو تەلەفۆنیان بۆکرد، ئەو بەعسییانەی دەستێکی بالاّیان لەکودەتاکەدا هەبوو ئەمانە بوون: عەبدولرەزاق نایف ـ یاردیدەدەری بەڕێوەبەری ئیستخبارات، ئیبراهیم داود ـ فەرماندەی لیوای گاردی کۆماری ، سەعدوون غێدان ـ فەرماندەی فەوجی گاردی کۆماری.

بیروڕای سێیەم دەربارەی دەستەلاّت گرتنەدەستی سەدام حسەین لەعێراقدا کەبەرێکەوت بوو... سیاسەتی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان ئەوەیە کە پێش ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لەهەر ولاّتێکی جیهاندا رووبدات ئەو ئاگاداری بێت، بەتایبەتی لەناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا کەخاوەنی سامانێکی گەورەی کانزاکانی ژێر زەمینە، جگەلەوەی سەرکردەی ولاّتانی ئەم ناوچەیە خاوەنی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیانینو لاوازن، ناوچەکەش لەدەوڵەمەنیدا شایەنی ئەوەیە کۆنترۆڵ بکرێت. دەزگای موخابەراتی ئەمریکی لەم رووەوە رێگەی بەخۆیانداوە پاڵەوانەکانی سیناریۆکان هەڵبژێرن، بۆ نموونە ئەوەی ناوی (حەمید کارازای)ی بیستبێت لەجیهاندا پێنج هەزار کەس تێپەڕناکات، بەلاّم لەپێناو بەرژەوەندیی ئەمریکا، ئەم پیاوە بەسەر ئەفغانستاندا

سەپێنرا. لەعێراقیشدا دەزگای C.I.A کاتێك بۆ پیاوی شایستەی سەرۆکایەتی دەگەڕێت، بەلایەوە دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

١ ـ دایكو باوکی عێراقی بن و بەرەگەز عەرەب بن، تەمەنی ٢٥ ـ ٣٠ ساڵ بێت، مەزهەبی سوننی بێت، فری بەسەر ئاینەوە نەبێت، واتە تەنها بەپێی ناسنامە موسڵمان بێت.

٢ـ سەر بەرێکخستنەکانی بەعس بێت ولایەنگرو هەواداری هەبێت.

٣ـ شۆڤێنی بێت، بڕوای بەمافی کەمینە نەتەوەییەکانی ناو عێراق نەبێت، هەروەها بیروباوەڕی لەئاست مەسەلەی کورددا سلبی بێت، بەرەلاو سەرچڵ، کۆ لەهیچ نەکات.

٤ـ ئاشقی میلیتاریزیەت بێتو کار بۆ پێکهێنانی سوپایەکی دڕ بۆ عێراق بکات کە بەباشترین چەكو تەکنەلۆجیای سەربازی چەکدار بکرێت بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی، ئنجا ترس و تۆقین لەناوچەی کەنداوو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بچێنێت.

دەزگای موخابەراتی ئەمریکی کاتێك هەوڵدەدات پیاوی دەستبژێری خۆی بەو هەموو مەرجانەوە بۆ ئەو پۆستە بدۆزێتەوە، شتێکی بەڵگەنەویستە کە لەسەدام حسەین بەولاوە کەسیتر نادۆزێتەوە، چونکە تەنها سەدام حسەین(بەلای موخابەراتی ئەمریکییەوە) پیاوی شایستەی پۆستی گونجاو بووە. جا ئەگەر لەهەرکەسێکی عێراقی پرسیار بکرێت کەتا بیستو چوار سەعات پێش کودەتای تەمموزی ١٩٦٨، چەند کەس ناوی سەدام حسەینی بیستووە ئەوە وەلامەکە وادەبێت کەئەو کاتە، ژمارەی ئەندامانی حزبی بەعس لەعێراقدا نزیکەی پێنج هەزار کەس بووە، لەمانە ژمارەی ٢٥٠ کەسیان سەدام حسەینیان بینیوە، ژمارەی

٤٧٥ کەسیشیان تەنها ناوی بیستبوو. لەخەڵکی عەرەبیش لەعێراق بەهەموویەوە نزیکەی سێهەزار کەس ناوی سەدام حسەینیان بیستبوو لەکوردیش ژمارەی پێنج سەد کەسێك ناویان بیستبوو کەئەمانەش ئەو کەسانەبوون کە لەبواری سیاسیدا کاریان کردبوو یاخود لەدادگای شۆڕش لەسەردەمی خوالێخۆشبوو مەهداویدا، دادگاییکرابوون و حوکم درابوون. خوالێخۆشبوو مام میرزای کوردی بەشەرەف، رۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ ناساندنی سەدام حسەین بەکورد ئەویش کاتێك سەداد هەڵدێت و داوا لەسەباح میرزا دەکات بیشارێتەوەو ئەویش لەماڵی خۆیدا پەنای دەدات و وەکو برا مامەڵەو خزمەتی دەکات. سەباح زۆر بەزەحمەت باوکی بۆ قایلکرا ئەو میوانە بۆ ماوەیەك لەماڵی خۆیاندا دابکەن کەئەو کاتانە سەباح میرزا، کرێکاری چاودێری بوو لەگەڕەکی ئیسکانی غەربی لەبەغداو مووچەکەی ١٩ دینار بوو. ژمارەی هەموو ئەو کوردانەی لەوکاتەشدا سەدامیان لەماڵی مام میرزا بینیوە ناگاتە پەنجا کەس. شایەنی باسە مام میرزا، خوالێی خۆشبێت، شانازی بەکوردبوونی رەگەزی خۆی دەکرد، رێکۆردەرەکەی زۆربەی کات لەتەنیشتیەوە بوو لەماڵەوە هەمیشە سروودی شۆڕشگێڕی کوردیی لێدەدا.

چەند تیشکێکی خێرا لەسەر دەسەڵات گرتنەدەستی سەدام حسەین

ئەگەر فاڵگرەوەیەك رۆژێك لەرۆژان فاڵی بۆ ئەلبەکر بگرتایەتەوە ئەوە برا بەدکارەکەی پێ دەناساندو نیشانەکانی بۆ هەڵدەدا. نیشانەی پیاوخراپانیش وەهایە کەئەوەی تێکەڵاوییان بکات لەبەڵایان رزگاری نابێت، هەروەها ئەگەر لێشیان دووربکەوێتەوە هێشتا بەڵایان یەخەی دەگرێت. بێگومان ئەلبەکر بەهیچ شێوەیەك بەتەما نەبوو لەلایەن ئەوەی خۆی پلەی بەرزکردبۆوە، زیندەبەچاڵ بکرێت. سەدام حسەین لەیەکەم

ڕۆژەوە زانی کەوا دەبێت هێزی خۆی لەئەلبەکر وەربگرێت، جگە لەوەی بەرزیی ئەلبەکر بەرزیی خۆیەتیو دۆڕاندنیشی، تێکشانیەتی، بۆیە هەرچی فێڵو تەڵەکێك کەدەیزانی لەپێناو ئەوەدا خستیەکار تابێتە نزیکترین کەسی ئەلبەکرو لەم پێناوەدا کۆی لەهیچ نەدەکرد.

سەدام حسەین وەك جێگری سەرکۆمار بەیاننامەیەکی دەرکرد دەربارەی داڕشتنی یاسایەك لەعێراقدا کە لەدوو بڕگە پێکدێت، یەکەمیان ئەوەی کە(باوکی فەرماند)ە، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بڕیاری لەسەر دەردەکات، دووەمیشیان ئەوەی ئەندامانی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەر دەدەن. ئەم بڕیارە کەسەدام لەخۆیەوە دەریکرد وای لەئەلبەکر کرد کە لەکۆبوونەوەیەکی گشتیی کادیرانی باڵای رێکخستنی حزبی بەعسدا بەشانوباڵی سەدامدا هەڵبڵێت و گیانی فیدارکاریو شۆڕشگێڕیەتیو دڵسۆزییەکەی بۆ عێراق بەگشتی و بۆ حزبی بەعس بەتایبەتی، بەرز بنرخێنێت.

ئنجا بەرپرسیاریەتیی پاراستنی گیانی ئەلبەکرو بەردەوامیدان بەدەسەڵاتەکەی، کەوتە ئەستۆی سەدام. ئەمە وای لەئەلبەکرد کرد لەزۆر کاروباری بەڕێوەبردنی عێراقدا پشت بەسەدام ببەستێت و بەرپرسیاریەتیی گەورەوگرانی پێ بسپێرێت کەپەیوەندی بەئاسایشی عێراقەوە هەیە. سەدامیش لەلای خۆیەوە ئەم بڕوا کوێرانەیەو دەسەڵاتە رەهایەی لەپێناو دوورخستنەوەی لایەنگرانی ئەلبەکر لەناوەندەکانی دەسەڵات قۆستەوە ئەمەش لەرێی بەکارهێنانی دڕندانەترین رێوشوێنی کوشتن یا تۆمەت هەڵبەستن و دەستگیرکردن. تاکە کەسێك کەبەرەنگاریی دەسەڵاتی سەدامی کردبێت و لەسەرەتادا ملی بۆ نەدابێت بەلام نەیتوانیبێت لەو ململانێیەدا بەردەوام بێت و لەکۆتاییدا چۆکی بۆ

ئارەزووی سەدام و فەرمانەکانی دادابێت، بەرێز تارق حەمەد عەبدوڵلایە کەبێ چەندوچوون بوو بەداردەستی سەدام.

هەندێك لەئەندامانی رێکخستنی حزبی بەعس وەکو حەردان تکریتی و سالح مەهدی عەماش و عەبدولخالق سامەرائی، لەوبارەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵ ئەلبەکرداکردو لەکۆبوونەوەیەکی داخراودا، لەئاکامی خراپی تەسلیمکردنی عێراق بەدەستی لاوێکی ناشایستەی وەك سەدام دوابوون کەشارەزای کاروباری سیاسی نییە، جگە لەوەی جێی بڕواش نییە، کە لەئەنجامی ئەم کارە عێراق و حزبی بەعس دووچاری نەهامەتی دەبن.

حەردان گوتبووی: ئەم گەنجە(واتە سەدام)، من پێی ڕازی‌نیم وەکو بنووسێك لەبەردەستمدا کاربکات نەخوازە ببینم کاروباری وڵاتی گرتبێتە دەست، چونکە ئەمە لەغەدرکردن بەولاوە هیچی‌تر نازانێت.

دەربارەی خزمانی ئەلبەکریش کەئەوسا بەبێ پرس سەردانیان دەکردو دوا هەواڵیان بۆدەهێناو گومانیان لەسەدام لەلا خۆشدەکرد، سەدام لێیان نزیك بووەو پارمەتی زۆری‌دان ئەوەش لەرێی ئاسانکردنی رێوشوێنی سامان کۆکردنەوەو دەمچەورکردنیان بەکۆشك و تەلارو ئوتومبێل... سەدام وای لەوانەکرد دەستبدەنە کاروباری نایاسایی لەپێناو کۆکردنەوەی سامان، ئینجا ئەوەندەی پێنەچوو دەوڵەمەندبوون و بەملیۆنەها دیناریان لەلا کەڵەکەبوو. پاشان سەدام کەوتە گەیاندنی راپۆرتی تایبەتی بۆ بەردەستی ئەلبەکر کە لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکانەوە بۆی دەهات، راپۆرتەکان ئەلبەکریان لەو مەترسییانە ئاگادار دەکردەوە لەسەر بەڕێوەبەردنی دەستەلات هەروەها ناوزڕانی ئەلبەکر لەلای جەماوەر لەئەنجامی کردەوەی خزمەکانی کەکاری رسواو نایاسایی ئەنجامدەدەن. راپۆرتنووسەکان مەسەلەکانیان وەها گەورەکرد

کەئەلبەکر لەوخزمانانەی توورەو زویربێت کەخۆیان لەپێناو سەربەرزیو خزمەتکردنی ئەلبەکردا بەختکرد، هەتا وایان لێهات نەتوانن چاویان پێی بکەوێت ئنجا وردەوردە بارەکە گەیشتە ئەوەی کەلێنی نێوان ئەلبەکرو ئەو خزمانەی، گەورەتربوو ئیتر کەوتنە ئەوەی هەمیشە دەیانگوت: (ئەری چی ئەو پیرەمێردەی لەبەرامبەرمان گۆڕی؟). دوو کەس لەخزمەکانی ئەلبەکر، لەوانەی نامەوێت ناویان بێنم، لەو دەرەنجامە خراپانەی ئاگاداردەکەنەوە کە لەئاکامی بەخشینی دەسەلاَت لەعێراقدا بەسەدام، خودی خۆیو حزبی بەعسو گەلی عێراقیش دووچاری دێن. بەلاَم وەلاَمی ئەلبەکر بۆ ئەو دوو خزمەی ئەمەبوو: (سەدام حسەین پیاوێکی راستگۆو دلَسۆزو بەئەمەکە، نە لەعێراق نە لەرێکخستنەکانی حزبی بەعسدا لەرووی دلَسۆزیو دەستپاکییەوە هاوێنەی نییە، خۆیشی بەهۆی سەدامەوە لەئەوپەڕی خۆشیو ئارامیدایە).

لەکاتێکیشدا ئەلەبەکر لەبێئاگایی خۆیدا دەژیا، سەدام لەلای خۆیەوە، هەموو بەرهەلَستکارانی دەورپشتی ئەلبەکری لەکۆشکی کۆماری لەناوبردبوو، ئەمەش بەناوی داکۆکیکردن لەباوکی فەرماندە. ئینجا بۆ پارێزگاریکردن لەگیانی خۆی، ئەلبەکر دەزگای موخابەراتی لەکۆشکی کۆماریدا دامەرزاندو خستیە ژێر دەستی سەدام. پاسەوانو ئەفسەرو سەربازو هەموو کارگوزارانی کۆشك لەقسەی سەدام دەرنەچوونو رۆژانە راپۆرتیان دەربارەی ئەلبەکر بۆ بەرزدەکردەوە، بەمەش توانی هەموو هەلَسوکەوتێکی ئەلبەکر کۆنترۆلَ بکات.

ئەلبەکریش لەهەموو کۆڕو دیوەخانێکدا دەیگوت بەدرێژایی ژیانم وەکو ئێستا بێخەم نەبووم، تەنانەت کارمەندو کارگوزارەکانی دەوروبەرم هەردەلَبێیت وا مەشقیان پێکراوە کە لەخزمەتمدان، چونکە قسەکە لەدەمم

دەرناچێت کەدەبینم جێبەجێ بووە. ئەمە جگە لەبەرقەراربوونی ئارامی و ئاسایش لەوڵاتدا کەهەمووی ئەمانە لەچاوی برای خۆشەویست سەدام حسەینی دەزانم.

دوای ئەوە سەدام، بەهاوکاری(...)کەوتە پیلان و نەخشە دارشتن بۆ لێدانی ئەو کادێرو ئەندامانەی بەعس کەملیان بۆ پێرەوەکانی نەدابوو، ئەمەش لەرێی لەکاردەرکردن، دوورخستنەوە، گواستنەوە، دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامان، کوشتن و زۆر رێوشوێنی‌تر کەمەگەر تەنها بەبیری شەیتاندابێت. زۆر جاریش سەدام دەچووە بن کلێشەی ئەلبەکرو قایلی‌دەکرد کەفلآن کەس مەترسیدارە، ئەویش دەمودەست بڕیارێکی بەئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەسەر ئەو کەسە دەردەکرد. بۆ نموونە کاتێك بەرێز حەردان تکریتی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بەسەردان لەئیتالیابوو بۆ راپەراندنی هەندێك کاروباری سیاسی و سازدانی دیدار لەگەڵ سەرکۆماری ئیتالیا، کەلەوگەشتەیدا بالۆیزی عێراق لەئیتالیا مامۆستا تەها محێدین مەعرووفی لەگەڵدابوو، کاتێك بەئوتومبێلی باڵوێزخانەی عێراق بەرەو کۆشکی کۆماری ئیتالیا دەچوون، مامۆستا تەها محێدین لەباڵوێزخانەوە بەتەلەفۆن ئاگادارکرا کەبەرێز حەردان تکریتی، بەفەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، لەپۆستەکەی، وەك جێگری سەرۆك وەزیران خراوە.

ئەوەندەشی پێنەچوو بەرێز ساڵح مەهدی عەمماش کرا بەباڵوێزی عێراق لەرووسیا، دوای ئەویش هەمان سیناریۆ بۆ عەبدولخالق سامەرائی سازدراو بەم شێوەیە... برادەرێکی خۆشەویستم کەئێستا دواڕۆژانی تەمەنی لەزیندانەکانی بەعسدا دەگوزەرێنێت پێمی گوت: ئەلبەکر بەدوایدا ناردو پێی گوت: (فلان کەس، ناوت لەگەڵ ناوی حەوت

کەسی‌تردا هاتووە کە لەسەر کارەکانتان دەربکرێن، تۆش لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر خزمەتی حزبی بەعست کردووەو یەکێك لەدامەزرێنەرانی جویت. بەدەرکردنت رازی نەبوومو فەرمانم داوە بکرێیت بەبالّوێزی عێراق لە فلانە دەوڵەتدا). برادەرەکەم زۆر سوپاسی ئەلبەکر دەکات و دەست بەرەو رادیۆکە درێژدەکات تا دەنگی بەرزتر بکات دەڵێت: گەورەم ئەی سەرۆك، تۆ ئەگەر کادیرە بەعسییەکان دەربکەیت کەدڵسۆزی تۆو ولاّتن ئەوە نەگەبەتییەکی گەورە بەسەر خۆت و عێراق و حزبی بەعسیشدا دێنێت، چونکە کاتێك دەبینیت تەنیا ماویتەوەو گیرۆدەی بەلاّ دەبیت.

ئەلبەکر دوای ئەوەی بەشڵەژانەوە رادیۆکە دەکوژێنێتەوە دەڵێت: من ئیشوکاری خۆم دەزانمو کۆشکی سەرۆکایەتیم لەژێر چاودێرییەکی توندداپە لەپێناو پارێزگاری لێکردنم، بەدرێژایی ژیانیشم وەکو ئێستا بێ‌بەلاّو بێخەم نەبوومە، چاوپۆشی لەم قسانەت دەکەم کەکردت بەمەرجێك دووبارەی نەکەیتەوە، ئەگەر یەکێکی‌تر قسەی وای بکردایە زیندانیم دەکرد. دوای ئەوەی قاوەکەت خواردەوە ئێرە بەجێبێڵەو برۆ.

کاتێك بەچاوی خۆم بینیم چۆن دوعاکەی پێغەمبەری خوا(د.خ) کەفەرمووی(اللهم اضرب الظالمين بالظالمين واجعلنا من بين ايديهم سالمين) لەمانە روویداو هاتەدی، لەخۆشییان وەختەبوو شاگەشکەبم. هەموودەم بەخۆشییەوە ئەم دوعایەم لەبەرخۆمەوە دەخوێندەوە چونکە ئەو تاقمە، تێیاندا نەبوو دەستی بەخوێنی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی، سوور نەبووبێت. ئەوانە زۆربەیان خاوەنی دڵ و دەروونێکی رەش و شەڕئەنگێزبوون، کەمیان وەکو خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سامەرائی تێدابوو کەهەرچەندە لەمن بەدگومان بوو، بەلاّم بەرامبەر گەلی کوردستان خۆشەویستیی لێدەباری. بەدوگومانییەکەشی

لەئاست مندا بەوە دەربڕیبوو کەچەند جارێك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو بەرێز مام جەلالی ئاگاداركردبۆوە كەمن، لەبەرئەوەی لەدەزگای موخابەراتدا كاردەكەم ئەوە دەبێت لەدیدەنیكردنم وریابن. ئەگەرچی ناوبراو دژم بوو بەلاَم من بەم هەڵوێستە جوامێرەی دڵخۆش بووم... خوا لێی خۆشبێت.

جارێكیان بۆ پرسەی چوار كادیری حزبی بەعس سەر بەرێكخستنی فوراتی ناوەڕاست، كە لەڕووداوێكی ئوتومبێلدا تیاچووبوون (تەواو دڵنیاش بووم كە ئەو ڕووداوە تاوانێكی نەخشە بۆ دارێژراوبوو لەلایەن جێگر سەدام حسەینەوە كەدەزگای موخابەرات جێبەجێیكرد)، ئەو كاتە لەخزمەتی هەردوو بەرێز عەبدولكەریم ئاغای برادەری خۆشەویستم و كاك رەزای ئامۆزامدا چووم بۆ پرسەكە كە لەئەنجومەنی نیشتمانی بۆیان دانیشتبوون. دوای نیو سەعات كەویستمان هەڵسین یەكێك پێمی ڕاگەیاند كەسەركردایەتیی بەعس داوام لێدەكات بۆ نانی ئێوارە بمێنمەوە . منیش بەناوی ئەوەی وادەیەكی سیاسیم هەیە لەگەڵ كەسێكداو دەبێت بڕۆم، داوای لێبووردنم كرد. لەناكاو پاسەوانەكە گەڕایەوە بۆ لام و گوتی بەفەرمانی بەرێز جێگر سەدام حسەین دەبێت هەموو وادەكانم دوابخەم و بۆ نانی ئێوارە بمێنمەوە.

بەشداری پرسەی زۆر كەسم كردووە لەوانەی بوون بەقوربانیی پرۆسەكانی پاكسازی. لەو پرسانەدا، لەكاتێكدا سەرەخۆشیم لەبنەماڵەی كوژتكەوتووەكان دەكرد دەتگوت ئاو بەدڵمدا دەكەن، بەلاَم بێگومان خۆم خەمبار نەنواند. وام لێكدەدایەوە كەشەڕی نێوان ئەمانە دەشێ دەسەلاَت لەعێراقدا بێهێزبكات و وای لێبكات بیرێك بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد بدۆزنەوە.

لەدوا دیدارم سالی ١٩٧٦ لەگەل بەریز تالەبانی لەبەیرووت، پێم ڕاگەیاند کەوێنەکانی ئەلبەکر لەداروديواری ژوورەکانی دامودەزگا ئەمنییەکان دادەگیرێن و وێنەی سەدامیان لەجێ هەلدەواسرێت. ئیتر لەوکاتەرە بۆمان دەرکەوت کەسەدام دەسەلات دەگرێتە دەست. هەروەها لەدوا گەشتمدا بۆ قەندیل ، بەخوالێخۆشبوو عومەر دەبابەم گوت: ئەمە سەرەتایەکی مەترسیدارە، مانگ سەر لەئیوارە دیارە.

بۆشایی سیاسیو کۆنترۆلکردنی کوردستان لەلایەن سەدامو ئەلبەکر

ماوەی دوای هەرەسی ١٩٧٥ بۆ گەلی کوردستان زۆر دژواربوو، ئەوکاتە هیچ دەزگایەکی راگەیاندن نەبوو باسی ئەو مەرگەساتانە بکات کە بەسەر گەلی کوردستاندا دێت، کورد دووچاری سەرشۆڕیو سووکایەتی پێکردنێ هات هەرگیز بەخۆیەوە نەدیبوو، ناشزانم بۆچی نووسەرە هاوچەرخەکان لەئەدەبییاتەکانیاندا لەقەرەی ئەم باسەیان نەدا.

کاتێك لەبەغداو پارێزگاکانی کوردستاندا دەچووم بۆ دامودەزگا ئەمنییەکانو ئەو هەموو کەسایەتی و خەلکە لێهاتووەی گەلی کوردم دەبینی هاتوچۆی ئەو دەزگایانە دەکەن بۆ هاوکاریکردنی پیاوانی ئاسایشو موخابەراتو بوون بەپیاوی ئەوان، هەستم بەئازارێکی گەورە دەکرد دلم نەگوشێت هەرچەند ٨٠٪ ی ئەوانە، بەو کارەیان قایل نەبوون.

نەخشەو پلانی سەدامو ئەلبەکر روونو ئاشکرابوو، رێنماییەکانیان بۆ مەلبەندەکانی رێکخستنی حزبی بەعس هەمیشە وابوو کەکاری بەردەوام بکرێت بۆ ملکەچ پێکردنی گەلی کوردو پێویستیی رێکخستنیان لەریزی حزبی بەعسدا، ئەوەبوو دروشمی(بەعس رووناکییە بۆ ئەوەی بێتە سەر رێو، ئاگرە لەرووی دوژمنکاران) بەرزکرایەوە، بەو واتایەی کەئەوەی سەر

بەبەعس بێت لەبەلا بەدوور دەبێت، ئەوەی نەشیەتە ریزی بەعسەوە، خاك بەدامەنی.

ئنجا وردەوردە پیرەوێکی تۆقینەری شەیتانییانەی گرتەبەر بۆ کۆنترۆلکردنی خەلکی کوردستان، ئەوان بێخەم دەخەوتن چونکە هەموو شتێك بەدلی ئەوان بەرێوە دەچوو، لێرەدا تەنها ئەوەندەم لەدەست دێت لەخوا بپارێمەوەو بلێم: خوایە ئەوەی بوو بەمایەی ئەم مەرگەساتە، لەگەل پێشتگیریکەرانیاندا بەناخی زەوییاندا بەریتە خوارەوە.

هەلیکۆپتەرەکانی بەعس وەکو پۆلە کوللە دەیاندا بەسەر گوندە دوورەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیا وەکو پاداشتدانەوەیەك بۆ ئەو دێهاتییانەی بەگەرمی بەخێریان دەهێنان. سەربازەکان گوندەکانیان دەپشکنی و هەرچی کەلوپەل و ناومالێکی گرانبەهایە تالانیاندەکرد، ئەمەش دوای سوکایەتیکردن بەو خەلکەو جەزرەبە پێگەیاندنیان.

بێگومان پیاوخراپ ئەگەر رێزی لێ بنێت سووکایەتیت پێدەکات، خوا لەزۆرو ستەمی ستەمکاران بمانپارێزێت.

مەکتەبی کاروباری باکوور

لەوانەیە هەندێك کەس بپرسن ئەم مەکتەبە چییە!

خوێنەری بەرێز: مەکتەبی کاروباری باکوور(مکتب شؤون الشمال)، هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە لەسەرەتاکانی سالانی حەفتاکاندا هەتا ئەمرۆ، بەرپرسیاری یەکەمە لەهەموو گرتن، تیرۆرکردن، لەسێدارەدان، تەعریب و تەبعیس، دوورخستنەوە، رووخاندنی گوندەکان، دەست بەسەراگرتنی مال و سامانی گەلی کرودستان و لەم جۆرە وێرانکارییانە. بەرپرس و نەخشە دارێژەرو بەرێوەبەری ئەم بەشە تۆقێنەرەی دەزگای موخابەراتیش خودی سەدام حسەینە، هەموو رووداوە

کارەساتئامێزەکانی کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە دەبێت نووسراوێکی بەئیمزای سەدام حسەین پێدەرچووبێت یان بەفەرمانێکی زارەکیی ئەو جێبەجێ کرابێت.

بەڵام ستەمکار هەتا ماوەی زۆر بخایەنێت هەردەبێت رۆژی بێت، تۆمارەکانی مێژووش نموونەی زۆری لەم رووەوە تێدایە کە لەژمارە نایەن، بەردەوام بوونی واقعیش مەحاڵە، چونکە ئەگەر بۆ خەڵکیتر بشیایە ئەوە بۆ تۆ نەدەبوو. منیش بڕوای تەواوم بەوە هەیە کەکۆتایی سەدام نزیك بۆتەوەو رۆژی حسابیش نزیکە، ئنجا قوربەسەری ستەمکارو خوێنرێژان لەدادگای ستەم لێکراودا.

کاتێك رۆژی دەسەلاتی رژێمی عێراق کۆتایی دێت ئەوسا ژمارەی قوربانییەکان راستدەکرێتەوە. ئەوەندەی خەملێنراوە، گەلی کوردستان نزیکەی ١٨٥ هەزار شەهیدیداوە لەژن و لەپیاو؛ بەنهێنی یا بەئاشکرا کە لەلایەن پیاوانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی لەناوبران و بەفەرمانی خودی بەرێوەبەری مەکتەبی کاروباری باکوور تیاچوون کەئەویش رێزدار دیکتاتۆر سەدام حسەینە.

جا ئەگەر دۆسیەی تۆماتبارێکی کورد لەفەرمانگەی ئاسایش یان موخابەرات یان ئیستخباراتەوە رەوانەی مەکتەبی کاروباری باکوور بکرێت، ئەم مەکتەبە دۆسیەکە یەکسەر رەوانەی دادگای شۆرش دەکات کەئەویش لەلای خۆیەوە، لەسەر داوای دامودەزگا ئەمنییەکان و پەراوێزو روونکردنەوەی مەکتەبی کاروباری باکوور، تۆمەتبارەکە دادگایی دەکات ئنجا یا حوکمی زیندانیکردنی دەردەکات بەدوو ساڵ یان بیست ساڵ... یان لەسێدارەدان. لەبارێکیشدا ئەگەر ناوچەیەکی کوردستان رابگوێزرێت ئەوە دۆسیەکە ردوانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆرش دەکرێت

کەئەویش لەلای خۆیەوە فەرمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەردەکات کەناوچەکە رابگوێزێت، ئەمە ئەگەر کارەکە ئاسان بوو، بەلاّم ئەگەر مەترسییەکی لێرەچاوەڕوانکراوەک ئەوەی دەشێ پێکدادانی چەکداری ڕوویدات، ئەوە دۆسیەکە بۆ وەزارەتی بەرگری ڕەوانەدەکرێت.

دەربارەی مەسەلەکانی دوورخستنەوەش ئەوە دۆسیەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایش رەوانە دەکرێت کەئەویش لەلای خۆیەوە کارەکە جێبەجێ دەکات و کەسی تۆمەتبار بۆ ئەو شوێنە دووردەخاتەوە کەبەشی پەیوەندای دەزگا، شوێن و دورییەکەی دیاریدەکات لەگەلّ فەرمان دەرکردن بەهێشتنەوەی ئەو کەسە هەتا ماوەیەکی نادیار لەوشوێنەدا... بەسەدان کەسمان بینی کەدوور لەکەس وکاریان مردن و نێژدران.

لێرەدا دەمەوێت ناوی خۆمتان بەبیربێنمەوە، من رەفیق پشندەریم، بەناوی ستەم لێکراوانی خەلّکی کوردستانەوە هەڕەشەکەم رادەگەیەنم و پشتگیری ئەو کەسەش دەکەم کەبەم چەند وشەیە ئاماژەی بەهەقداوە: کوشتنی مرۆڤێك لەدارستانێکدا تاوانێکە دەشی لێی بکۆلرێتەوە، بەلاّم لەناوبردنی تەواوی گەلێك، تاوانێکە لێبوردنی نییە.

ئەگەر تەنیا نەمابوومایەو پشت و پەنایەکم دەبوو داکۆکیم لێبکات ئەوە ئەوپەری هەولّمدەدا ناوی سەرۆکی بەشەکانی دامودەزگا ئەمنییەکان وەربگرم لەوانەی دەستیان هەبووە لەپرۆسەی حەلاّلکردنی سەرو مالّی گەلی کورد، ئنجا ناویانم لەم کتێبەدا بلاّودەکردەوە، بەلاّم ژمارەیەك لەو کەسانە ئێستا لەهەندەرانن چاوەڕێی رووخانی رژێمی عێراق دەکەن تا لەئیدارەی نوێدا پلەی بەرزیان بدرێتێ. سەیر لەوێشدایە هەندێکیان ئێستا لەریزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدان، لافی نیشتمانپەروەری لێدەدەن و

ـەم رووەوە بانگەشە بۆ برایـەتیی کـوردو عـەرەب دەکـەن، هـەروەکو پەندەکەش دەڵێت: (کابرا دەکوژن و بۆ گۆڕستانیش بەرێی دەکەن).

لەرووی بلیمەتییەوە نییە ئەگەر بڵێم بەڵای سەرشانی گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی ١٠٠٪ دەستیسەی ئەلبەکرو سەدام حسەینە، هەروەها هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی شۆڕش بەشدارن لەپرۆسەی کوشتنی ١٨٥هەزار کەسی کوردو دورخستنەوەی فەیلییە کوردەکانو دەست بەسەراگرتنی ماڵو سامانیان، ئەمە جگە لەگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی فەیلی لەساڵی ١٩٨٤دا کەهەتا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

هەموو گەلی کوردستان ئاگاداری قین کێشانی فارسو تورکن بەرامبەر گەلی کورد کەچەندین سەدەیە درێژەی هەیە. بەڵام ئەرەی چاوەڕوان نەدەکرا قینەبەرایەتیی عەرەبە بەرامبەرمان کەرێژەی قینەبەراتیی فارسو تورکی بەزاندووە، ئەمە سەرباری پەیوەندیو مێژووی هاوبەشی نێوانمان لەرووی سەقامگیرکردنی ئاینی ئیسلامو ئاشتی لەدورگەی عەرەبیو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵگەشمان بۆ ئەمانە کتێبە مێژووییەکانە.

ئەوەی ئەمرۆ بەدەستمانەوەیە ئەو قورئانەیە کە بەوپەڕی توانامانەوە باوەڕمان پێهێناوە، بەبێ شانازیکردنیش دەڵێم ئێمەی کورد لەو گەلانەین کە لەناو گەلانیتری جیهاندا، لەرووی بڕواداریمان بەکتێبە ئاسمانییەکانو قورئانی پیرۆز نموونەیەکی دیارین، بۆیە لەم روانگەیەوە دەستی پاڕانەوەمان بۆ پەروەردگار بەرزدەکەینەوە کە بەسەر فارسو تورکو عەرەبی شۆڤێنیستدا سەرمان بخات، ئەوەی خوداش پشتیوانی بکات کەس بەسەریدا زاڵ نابێت، لەخوای گەورە داوادەکەین تۆڵەمان لەدوژمنانمان بۆ بکاتەوە بەوەی پێکیاندا بدات هەروەکو پێغەمبەری

خوا(د.خ) دوعای کرد، بێگومان پەروەردگار پشتمانی بەرنەداوە هەروەکو بەگەورەیی خۆی لەم وێنانەدا بۆمانی نواند کەلێرەدا هەندێکیان دێنمەوە.

ژمارەیەکی زۆری سەرکردەو لێپرسراوەکانی بەعس بەدەستی ئەو هاوەڵانەیان تیاچوون کەپێکەوە تاوانیان دەرهەق گەلانی عێراق ئەنجامداوە بەتایبەتی دەرهەق گەلی کوردستان، لەوانە:

١ ـ سەرۆکی عێراقی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر کەسەدام حسەین بەشێوەیەکی ئاشکراو ئابڕووبەرانە ناچاریکرد دەست لەکاربکێشێتەوە، بەشێوەیەك لەوەپێش لەگەڵ کەسدا نەکراوە، ئنجا مانەوەی زۆرەملێی لەماڵی خۆیدا دەستەبەریکردو پاسەوانیشی بەدیارەوە دانا. ئەلبەکر پێش مردنی، پاسەوانێکیش لەبەردەرگاکەیدا نەبوو کە لەسەر پشت بوو، هەروەکو خودی ئەلبەکر بەبرادەرێکی گوتبوو: (مانگێك دەبێت دەمم لەنان و ئاو نەداوەو دڵیشم هیچ نابات، وەك دەشبینیت بەجێیان هێشتووم بمرم). پاشان هەیسەمی کوڕیان کوشت و بەئوتومبێلەکەیەوە فڕێیاندایە ناو رووباری دیجلەوە ئەوەش بەو بیانووەی گوایە دوای نیوەشەو، بەسەرخۆشی ئوتومبێلی لێخوڕیوەو کەوتۆتە ناو رووبارەکەوەو لەئەنجامدا خنکاوە. سیناریۆکە زۆر کاریگەربوو، شوێنی رووداوەکەش لەنزیك گەڕەکی زوویە بوو لەبەغدا.

٢ ـ نازم گزراری بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش گوللەبارانکرا، تا ئێستا گۆڕیشی ونە، ئەوەش ئەگەر نێژرابێت.

٣ ـ عەدنان خەیروڵڵا تەڵفاحی وەزیری بەرگری(خاڵۆزای سەرۆك سەدام حسەین) لەهەلیکۆپتەرێکی مینرێژکراودا کوژرا.

٤ ـ حسەین کاملی زاوای سەرۆك سەدام حسەین لەناو ماڵی خۆیدا هێرشیان کردە سەرو کوشتیان.

٥ . كوژرانی بیست كەس لەئەندامانی سەركردایەتیی هەرێمایەتی.

٦ ـ تاریق حەمەد عەبدوڵڵای سكرتێرو بەرپرسی نووسینگەی ئەلبەكر، سەدام حسەین بەزۆر رایكێشایە ناو ریزی دەستوپێوەندەكانی خۆی و كردی بەوەزیری پیشەسازی، پاشان ژەهرخواردووكرا گوایە بەنەخۆشی دڵ مرد.

٧ ـ دكتۆر فازڵ بەراكی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش و بەڕێوەبەری گشتیی موخابەرات كەدەستێكی باڵای لەدوورخستنەوەی فەیلییە كوردەكاندا هەبوو، زۆر دڕندانە كوژرا.

ئەوانەی دەستی تۆڵەی خوایان نەگەیشتووەتێ ئەوە جاریێ نۆرەیان نەهاتووە، ئەمانە لەقوللەی قافیشدا بن دەستی مەرگیان دەگاتێ و درەنگ بێت یان زووو نۆرەیان دێت، ئەوانەش ئەم بەرێزانەن: سەدام حسەین، تەها یاسین رەمەزان، عیززەت دووری ، عەبدولخالق عەبدولعەزیز، نووری فەیسەڵ شاهر، عەلی حەسەن ئەلمەجید كەبەعەلی كیمیاوی ناسراوە، تاریق عەزیز، سەعدوون شاكرو زۆری تر.

هەندێك لەئەندامانی سەركردایەتیی شۆڕش هەن هیچ پەیوەندییان بەم ئەنجومەنەوە نییە مەگەر ئەوەندەی ناویان لەلیستی ئەندامیەتیدا تۆماركراوە، چونكە ئەمانە بەكردەوە بەشداری ناكەن لەدەركردنی بڕیارەكاندا، لەمانە: مامۆستا تەها محێدین مەعروف كەهیچ ئاگای لەبڕیارەكانی مەكتەبی كاروباری باكوور نییە بەڵكو وەك هەر هاووڵاتییەكی ئاسایی، لەرێی دەنگوباسی ئێزگەو رۆژنامەكانەوە دەیانبیستێت. بەپێچەوانەی ئەمەش بەڕێز تەها یاسین رەمەزانە كە لەدەرەكردنی بڕیاردا پرس و راوێژی پێدەكرێت و بەرێژەی ٩٥٪ ئاگاداری هەمووشتێكە، ناوبراو یەكێكە لەو سێ كەسەی دەستیان لەو ستەمو

زۆرداريييانەدا هەيە كەبەرامبەر گەلی عێراق بەگشتیو گەلی كورد بەتايبەتی كراوە، كەدوانەكەیتر سەدام حسەينو عەلی حەسەن ئەلمەجيدن.

ئەوەی لەم دوو تەنايەدا(تەها ياسين رەمەزانو تەها محيدين) سەيرە ئەوەيە كەهەردووكيان كوردن، بەلأم جياوازيی نێوانيان لەوێدايە كەتەها محێدين مەعرووف نكوولّيی لەرەگەزی خۆی وەكو كوردێك نەكردووە هەرچەندە رۆشنبيرەو چەند زمانێك دەزانێت، بەلأم تەها ياسين رەمەزان لەكونی خۆی هەلّگەراوەتەوەو ويژدانی خۆی فرۆشتووەو بۆتە ئەندامی دەستەی موخابەرات. بەلأم هەردوو تەها ، لەرووی ملكەچكردنيان بۆ بەرەی شەڕ، چونيەكن.

بانگەوازێك بۆ برايانی كوردی نيشتەجێی بەغدا

پێش هەموو شتێك، هەروەكو لەبەشەكانی تری كتێبەكەم(كورد دوژمنی خۆت بناسە)دا ئاماژەم پێداوە، من بەرەگەز كوردم، لەقەزای قەلأدزێ لەدايكبوومو ماوەی زياتر لەچارەكە سەدەيەكی ژيانم لەبەغدا بەسەربردووە، ئەمەش وايكردووە زۆربەی دۆستو برادەرانم لەكوردو عەرەب، هەتا ۱۹۷٦/۹/۱۱ لەوانەن كەدانيشتووی بەغدان كەلەوێ لەدامودەزگا ئەمنييەكاندا كارم دەكرد. دەشتوانم پێبەپێی زانيارييەكانم؛ بلّێم كەكوردە نيشتەجێيەكانی بەغدا، ئەگەر لەگەلّ كوردی نيشتەجێی كوردستاندا بەراورد بكرێن سەرمان لەشتێك سوڕدەمێنێت ئەويش ئەوەيە كەرێژەی هاوكارانی رژێم لەكوردی نيشتەجێی بەغدا لەچاو هاوكارانی رژێم لەوانەی لەكوردستاندان زۆر كەمە، ئەمەش مايەی شانازيكردنە، چونكە شتێكی بەلّگەنەويستە كەئەو كوردەی لەبەغدا دەژی زياتر بكەوێتەبەر گوشاری سياسی لەلايەن رژێمەوە بەتايبەتی ئەگەر ئەو كوردە

ـسایەتییەکی ناوداربێت. جا ئەوانەی توانییان بەرەنگاریی تەماعی
..یی و گۆشاری سیاسی بکەن و ملیان بۆ بەعس کەچ نەکرد، ئەوە
ـلایەن عەرەب و خودی بەعسییەکانەوە رێزدارترن. چونکە لەبەغدا،
ـرۆڤی کورد توانیویەتی کەسایەتیی خۆی لەناو کۆڕوکۆمەڵی سیاسیو
ـاری کاریدا بسەپێنێت، ئەوەش لەرێی زیرەکیو لێهاتوویی و ئاکارو
ـکیو زمانزانییەکەیەوە، بۆیە دەبینین کاسبکاری کورد لەبەغدا دەستیان
بەسەر بازاڕی شۆڕجەدا گرتووە کەرێژەیان لەو بازاڕە بازرگانییەدا دەگاتە
٪٦٠.

ئنجا ئەگەر پەیوەندیی کورد بەسێ نەتەوەی فارس و تورك و عەرەبەوە
بەراوردبکرێت دەبینین پەیوەندییەکە لەگەڵ عەرەبدا پتەوترە، چونکە
کوردو عەرەب زیاتر لێکتر دەگەن. جا سەرباری هەوڵەکانی سەدامو
ئەلبەکر بۆ دروستکردنی کەلێنێك لەنێوان کوردو عەرەب هەروەها
هەوڵدانیان بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، بەلآم دەبینین دۆستایەتییەکی بەتین
لەنێوان کوردو عەرەب لەعێراقدا هەیە کەهەموو مەرگەساتەکانی نێوانیان
لەبیر خۆیان بردۆتەوە.

لەمەش گەورەتر ئەو ئاگادارییەیە کەدەمەوێ ئاراستەی خێزانە
کوردەکانی دانیشتووی بەغدای بکەم کەدەشێ شتێکیان بەسەر بێت
پەشیمانی کەڵك نەگرێت، چونکە دەبێت وریابن و خۆیان بپارێزن.

لەساڵی ١٩٧١ەوە، واتە ساڵێك دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار،
مەکتەبی کاروباری باکوور بڕیارێکی دەرکرد بۆ دوورخستنەوەی کورد
لەزێدی خۆیو دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیان بەلآم جێبەجێکردنی
ڕاگیرابوو هەرچەندە چاوەڕواندەکرا لەهەر ساتێکدا بێت جێبەجێبکرێت،

چونکە هاووڵاتیی عێراقی هەمیشە چاوەڕوانی شتی چاوەڕوان نەکراو دەکات لەلایەن سەرۆکی عێراقی سەدام حسەین(حزبی بەعس).

خوێنەری بەڕێز: هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکانی عێراقدا کارم دەکرد چەندین جار گویم لەبەڕێز سەدام حسەین بووە گوتوویەتی کوردە دەوڵەمەندەکانی بەغدا بەهۆی حزبی بەعس ماڵو سامانیان کۆکردۆتەوە، هەرکاتێکیش بینیمان پێویستمان بەو ماڵو سامانەبوو ئەوە لێیان دەسێنینەوەو دیدەینەوە بەخاوەنی شەرعیی خۆی کەحزبی بەعسی دەسەلاتدارە...کەواتە با رەنج بدەنو ماڵو سامان کۆبکەنەوە هەتا رۆژیان دێت.

ماوەیەك لەمەوبەر برادەرێکی خۆشەویستم لەو کوردە دەوڵەمەندانەی بەغدا سەردانیکردم، بۆمی گێڕایەوە چۆن کوڕەکەی لەکاتێکدا پارەیەکی زۆری پێ بووە کوژراوە، تەواو لەوەش دڵنیایە کەبکوژەکانی، ئەندامانی بەعسن. چەند سەعاتێك لەگەڵ ئەو برادەرەدا دانیشتم قسەم لەگەڵداکردو هەوڵمدا قایلی بکەم کەبگەڕێتەوە بۆ کوردستانو سامانەکەی لەناو گەلەکەیو لەخاکی خۆیدا رەنیو بێنێت، زۆر نموونەشم خستە بەرچاوی لەسەر ئەو ئازادییەی لەکوردستاندا بەرکەماڵە کە لەگەڵ بەغدا بەراورد ناکرێت.

جا بەنیسبەت کاری ئازاد لەشاری سلێمانی، ئێستا چەندین کۆمپانیا هەیە لەهەموو جۆرە کاروبارێکی بازرگانیدا کاردەکەن بێئەوەی سانسۆریان لەسەربێت مەگەر لەبارێکدا سەرپێچییەکی نایاسایی بکەن. بۆنموونە ٢٥٠ کۆمپانیای بازرگانی هەیە کە لەتۆماری رێکخراوە خێرخوازەکان لەکوردستاندا کاردەکەنو تۆمارکراون، لەگەڵ نزیکەی ١٥٠ کۆمپانیای‌تر کەهێشتا تۆمارنەکراون لەکاتێکدا هیچ گیروگرفتێکیان

لەپێش نییە کەشایەنی باسکردن بێت. ئەو برادەرەم بۆمی باسکرد چۆن دامودەزگا ئەمنییەکان گێچەڵ بەدەوڵەمەندەکان دەکەن، زیندانیان دەکەن و تەنها بەبەرتیلی زۆر بەریاندەدەن ئەمەش بێئەوەی چاوپۆشی لەو کەسانە بکەن کەخزمەتی رژێمیان کردووە یان لەریزی حزبی بەعسدان.

ئەمرۆ دەوڵەمەندی کورد لەبەغدا، دەبێت هەرچییەکی پەیداکردوە بیداتە بریتی ژیانی خۆی ئەگەر بیەوێت بژی.

بەعسییەکان لەزۆر باردا دانیان بەنەتەوەی کورددا نەدەنا، بۆ نموونە لەناوەراستی حەفتاکاندا، کچێکی کورد لەبەغدا بەشاجوانی عێراق هەڵبژێردرا بەڵام لایەنە پەیوەندارەکان بۆ ئەوەی وێنەی ئەو کچە بڵاوبکرێتەوەو هەڵبژاردنەکەی بکرێت بەرەسمی مەرجی گۆرینی ناوو رەگەزەکەییان بەسەریدا سەپاند، بەڵام کچەکە بەوە رازی نەبوو ئیتر کەسیش بەو هەواڵەی نەبیستو رۆژنامەکان بڵاویان نەکردەوە.

زۆرجار خوێندکاری کورد لەدوا قۆناغەکانی خوێندندا پلەی بەرزیان بەدەست دەهێنا بەڵام ناوو نەتەوەیان دەگۆردرا بۆ ئەوەی خانەوادەکەی خانوویەکی لەبەغدا پێبدرێت لەگەڵ مووچەیەکی مانگانە بۆ هەتاهەتایە ئنجا خوێندکاری زیرەك رەوانەی هەندەران دەکرا بۆ خوێندن بەڵام وەکو عەرەبێکی عێراق، زۆر نموونەی تری لەم بابەتە هەیە.

ئەلبەکرو سەدام لەسەرەتاوە پێکهاتبوون کەکێشەی نەتەوەی کورد یەکلایی بکەن و بەهەمبوو شێوەیەك بەرەنگاری ببنەوە، جا لەپرۆسەکانی سەرژمێرکردنی شاری بەغدا هەمیشە لەزیادبوونی بەردەوامی ژمارەی کورد لەوێ دەترسان و چاوەرێی ئەوەیان دەکرد رۆژێك دادێت کوردی بەغدا راپەرن و پەلاماری دامودەزگاکانی رژێم بدەن، بۆیە لەم روانگەیەوە رژێم هەمیشە بۆ هەلێك دەگەرا کورد بۆ دەرەوەی پایتەخت دووربخاتەوە،

ئەوەی هانی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەی دەدا تەها یاسین رەمەزان و خەیروڵلا تەڵفاح بوو کەدەستی بەسەر چەند خانوویەکی خەڵکی کورد و ماڵ و سامانیاندا لەبەغدا گرت ئەوەش دوای تاوانبارکردنیان بەتۆمەتی بێباخەی زیندانیکردن یان کوشتن یان دوورخستنەوەیان بۆ دەرەوەی وڵات.

شایەنی باسە رژێمی عێراق کاتی خۆی، لیستێکی پێشکەشی کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان کرد تێیدا داوایکرد ٢ ـ ٣ ملیۆن کورد بۆ وڵاتە عەرەبییەکان دووربخاتەوە تا ئەوان وەکو هێزی کار بۆ خۆیان بەکاریان بێنن، بەڵام سەرۆك معمەر قەزافیی دۆستی گەلی کورد رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەکۆبوونەوەکەدا بەرەنگاری ئەم بیرە شەیتانیە بۆوەو لەرێی راکێشانی چەند دەنگێك بۆ لای خۆی، پرۆسەکەی پووچەڵکردەوە، ئەوەبوو بەرێز حافز ئەسەدی سەر کۆماری سووریا دەنگی خستە پاڵ دەنگی بەرێز قەزافیو هەوڵە نامرۆییەکەی عێراقیان هەڵوەشاندەوە. بەڵام بەعسییەکان دوای ئەوەی ئەم هەوڵەیان سەرینەگرت دەستیاندایە پرۆسەیەکی‌تر ئەویش دەرکردنی فەیلییە کوردەکان بوو بۆ ئێران، ئەوەش دوای دەستگرتن بەسەر هەموو ماڵ و سامانێکیاندا و ئاودیوکردنیان بەجلوبەرگی خۆیانەوە. ئەوانیش کەخاوەنی چەندین ملیۆن دیناربوون و زێرنگەرو خاوەن کۆمپانیای هاوردن و هەناردنی کەلوپەل بوون و زەویوزاری زۆریان هەبوو، هیچیان بۆ دەرنەچوو، ئەو دەمە ململانێی گەورە لەنێوان سەرانی رژێم بەرپابوو لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی ماڵ و سامان و موڵکی ئەو خەڵکە لەناو خۆیاندا.

بۆیە رووی دەمم دەکەمە هەموو کوردێکی دانیشتووی بەغدا کەئاگایان لەخۆیان بێت لەزەبری بەعس و ئەوە بزانن کە لەبەغدا هیچ یاسایەك

پارێزگاری لەکورد ناکات، با هەموان ئەوەیان لەبەرچاوبێت کە بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن بەعس لەبەغدا دەرتاندەکات.

خوێنەری بەرێز: دەمەوێت دەربارەی مەسەلەی راگواستنی کورد لەبەغدا رووداوێك باس بکەم کە بەسەر خۆمدا هات. جارێکیان بەرێکەوت لەئۆتومبێلەکەمدا دوو کەس لەکادیرانی بەعسم لەگەڵدابوون کەهەرسێکمان ماڵمان لە(حي الضباط)بوو، یەکێکیان خوالێخۆشبوو سەعدوون غێدان بوو، ناوی ئەویتر ناهێنم چونکە ئێستا ماوەو لەبەغدا دەژی. کاتێك ئۆتۆمبێلەکە لەخانوویەکی گەورەی سەر شەقامی سەرەکی نزیکبۆوە داوای مۆڵەتم لێکردن تا بۆ کارێکی تایبەتی بچمە ئەو ماڵە، کەگەڕامەوە لێمیان پرسی: ئەم خانووە هی کێیەو چەند کەسی تێدا دەژی؟ گوتم: خانووی عەقید شەوکەت نەجیبە، هەر خۆیو هاوسەرەکەی تێدا دەژین کەخزمێکی نزیکمە. بەسەرسووڕمانو ئاگادارکردنێکەوە بەیەك دەنگ گوتیان: بەپێویستی دەزانین ئاگادارت بکەین خانوویەك بەم گەورەییو خۆشییەو تەنها دوو کەسی بەرەگەز کوردی تێدا بژی مایەی ئەوەیە دەستی بەسەردا بگیرێت و خاوەنیشی لەبەغدا دەربکرێت. کاك رەفیق هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە بڕیاری دوورخستنەوەی کورد لەبەغداو دەستگرتن بەسەر ماڵو سامانیاندا جێبەجێبکرێت. گوتم: ئایا ئاگاداریان بکەم؟ گوتیان: ئەوە نەکەیت، ئەمە نهێنییەکی دەوڵەتە.

پاشتر خاوەنی خانووەکەم ئاگادارکرد بەڵام گوێیان بەقسەکەم نەداو تەنانەت بڕواشیان پێنەکردم.

جارێکیتر لەرووداوێکی لەو جۆرەدا، خوا لێخۆشبوو خالید زاحی کەبەڕێوەبەری نەرمانگەی رەگەزنامەبوو لەم مەسەلەیە ئاگاداریکردم و

پێمی ڕاگەیاند کەدۆستو ناسیاوی خۆم لەکوردەکان لەم بارەیەوە ئاگادر بکەمەوە کەهەر دەقەیەك بێت، ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێت.

لەدیدارێکمدا لەگەڵ بەڕێز مام جەلالدا ئامۆژگاریکردم کەمنیش خانووبەرە لەبەغدا بکڕمو بەناوی منداڵەکانمەوە تۆماری بکەم لەبەر پاشەڕۆژیان. منیش ئەوەی باسمکرد بۆم گێڕایەوەو گوتم: من هەموو دەقەیەك چاوەڕێی ئەوە دەکەم ئاشکرام بکەن، بۆیە نامەوێت وابکەم ڕژێم دەست بەسەر یەك بست زەویمدا بگرێت.

ئنجا مام جەلالم بەوە قایلکرد کە بەهۆی ئەوەی شارەزای سیاسەتی سەدامو ئەلبەکرم کەڕۆژانە دەست بەسەر ماڵو سامانی کوردی دانیشتووی بەغدادا دەگرن، ئەوە هەتا لەسایەی حزبی بەعسدابم ئامادەنیم بستێك زەوی لەپایتەختدا بکڕم.

کاتی خۆیشی لەبەغدا چەند بنەماڵەیەکی کوردی نیشتەجێی ئەوێم لەو ڕووەوە ئاگادارکردۆتەوە کە بەباشی نازانم ناویان بێنم. یەکێك لەو بنەماڵانە بەگوێیکردمو هەرچی هەیانبوو لەگەڵ خۆیاندا دەریانکرد بۆ لەندەن.

بەپێی خەمڵاندنە خۆجێیەکان، نزیکەی یەك ملیۆن کورد لەبەغدا دەژی، بەدڵنیاییشەوە دەڵێم ئەگەر ڕۆژێك بێت دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت ئەوە ژمارەی ئەوانە دەگاتە دوو ملیۆن کەس بەلام بۆ مەبەستی خۆپاراستنو لەترسی زەبری حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەبینین کوردی نیشتەجێی بەغدا، سەری داخستووەو کوردبوونی خۆی ئاشکرا ناکات... بەلام کاتی خۆی دێت.

ئەی ئەو کوردانەی لەبەغدا نیشتەجێن، ئەوەتان لەبەرچاوبێت کەهەموو یەکێکتان تۆمارێکی ڕەشی هەیە کە لەلقێکی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیی

ئاسایشی گشتییدا هەڵگیراوە بێئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی کەئەمە وەزیرەو ئەوەی‌تر باڵوێزە، یان پەیوەندیی بەگەورە لێپرسراوانی بەعسەوە هەیە کەمەبەستم ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە. چونکە هەموو کوردێك لەژێر چاودێری وردایە کەژمارەی خێزانەکەی چەند کەسە، جموجووڵی ڕۆژانەیان، جۆری ئەو ئۆتۆمبێلەی هەیانە، ژمارەی تەلەفۆنەکەیان و ڕۆژانە بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ کێدا دەکەن... ئینجا ڕۆژانە بۆی هەیە تۆمەتێکی بۆ هەڵبەسترێت و سەری تیابچێت . چونکە بەلای حزبی بەعسەوە، ملیۆنێری کوردی نیشتەجێی بەغدا، سامانی لەسەر خاکی عەرەبدا کۆکردۆتەوەو ئەو شوێن و پلەیەی کەگرتوویەتی هی هەر عەرەبێکی عێراقییە کە لەبەغدا دادەنیشێت، دەرەنجامی ناڕەوای ئەم هەڵسەنگاندنەش دیارە کەسامانی ئەو کوردە دەبێت هی عەرەب بێت و دواجار بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە کەلێرەدا حزبی بەعسی دەسەڵاتدارە، تەنانەت ئەم کوردە ئەگەر تەنها بەرەگەز کوردیش بێت و هیچ پەیوەندییەکی لەدوورو لەنزیك بەهاوپشتە کوردەکانیەوە نەبێت.

لەوانەیە هەندێك کورد بڵێن ئێمە گوێ نادەینە ئەم ئاگاردارییانەی ڕەفیق پشدەری چونکە لەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا دۆست و ناسیاومان هەیە کەدەبنە قەڵغانێك لەهەر گیروگرفتێکدا تێی بکەوین. بەڵام با ئەوانە بزانن کەهیچ دەسەڵاتێك لەعێراقدا ناتوانێت ڕەخنە لەبڕیارێکی مەکتەبی کاروباری باکوور بگرێت کەخودی سەدام بەڕێوەی دەبات. دوو ڕووداوی دەستگیرکردن هەیە کەناویانم نایەتەوە یاد، یەکێکیان لەکاتێکدا گیرا نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بریکاری وەزیر دەرەوەدا دەخوراد بێئەوەی پلەی دپلۆماسیی بریکاری وەزیری لەبەرچاو بگرێت. دووەمیشیان لەکاتێکدا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ ئەندامێکی

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا دەکرد تەلەفۆنەکەی لەدەست ڕاپسکێنراو دەستگیرکرا.

جاکاتێك یەکێکمان قسە لەگەڵ کوردێکی ناوداری بەغدا دەکات بۆ گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێی بۆ کوردستان دەبینین کابرا بەهانەی ئەوە دەهێنێتەوە گوایە لەبەغدا بەرژەوەندیگەلێکی هەیەو ناتوانێت دەستیان پێدابێنێت نەکا گومانی لێبکرێت چونکە لەوێ هەموان لەزەبری سەدام حسەین دەترسن. یان کابرای کورد بیانووەکەی ئەوە دەبێت گوایە لەکوردستاندا، بەهۆی ناکۆکیی نێوان هەردوو حزبە گەورەکە، ئارامی نییە، چونکە بەلایەوە ، کاتێك سەرکردەی هەردوو حزب بەرێزان جەلال تالەبانیو مەسعوود بارزانی دەبینێت لای بەیانی پێکەوە تەوقەدەکەن هیچ بەدووری نازانێت سەر لەئێوارە شەڕ لەنێوانیاندا بەرپابێت. جا لەکوردستاندا خەڵك بڕوایان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازو یەکجارەکی بۆ شەڕی ناوخۆ، لەدەستداوەو پشتیان بەخوا بەستووە ئەم مەسەلەیە بەلایەکدا بخات . چونکە ئاشتی لەکوردستاندا کەوتۆتە دەست دەوڵەتە زلهێزەکان، جەنگیش بەدەست چوار دەوڵەتی دراوسێوەیە.

جا دوای جێگیرکردنی هێزی هاوپەیمانان لەبنکەی ئەنچەرلیك، نزیکەی ١٥٪ی کوردی بەغدا گەڕانەوە بۆ کوردستان هەرچەندە ئەم ڕێژەیە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی کوردی نیشتەجێی ئەوێ، کەمە. چونکە کورد زۆر شت هەیە سەری لێدەرناکات. بۆ نموونە مێشکی ئەوە وەرناگرێت کەئەوانەی کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦یان خوڵقاند پێڕەوو ستراتیجی خۆیان گۆڕیوەو لەسەنگەری خیانەتەوە چوونەتە سەنگەری نیشتمانپەروەری، باشە ئایا یاریکردن بەچارەنووسی گەلان بەم شێوەیە دەبێت؟ مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە.

بەلام من رووی دەمم دەکەمە ٨٠٪ی ئێوە کەبەغداتان بۆ بەسەربردنی ژیانتان هەڵبژاردووە، ئێوەی رۆشنبیرو سیاسەتمەدارو کارگوزار لەهەموو بوارێکی‌تری زانستیداو دەڵێم: دەبوایە خەڵکی کوردستان سوودی لەساما‌ن‌و زانستەکانتان وەربگرتایە، چونکە وەك دەڵێن نان بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش، جگە لەوەی هەتا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە. ئێمە لێرە پێویستمان پێتانە هەرچەندە ئیدارەی کوردی لەکوردستاندا کاری جددیی بۆ ئاسانکردنی گەڕانەوەتان نەکردووە. بۆ نموونە مامۆستای کۆچکردوو مەلا جەمیل رۆژبەیانی، ئەگەر لەکوردستاندا بوایە بەو ئاسانییە دەستدرێژی نەدەکرایە سەر هەرچەندە شەرعی ئاینی ئیسلام وشەی(ئەگەر)ی قەدەغەکردووە، چونکە ناوبراو بلیمەتێکی سەردەمەکەی بوو. خوالێی خۆشبێت.

دواشت کەباسی بکەم ئەوەیە کاتێك فلانە کەسی کورد، حکومەت بۆ پۆستی وەزیری یان لێپرسراوێکی گەورەی دەزگایەکی دەوڵەتی دەیپاڵێوێت یەکسەرو زۆر بەنهێنی قسە لەگەڵ هەردوو سەرکردە جەلال تاڵەبانی‌و مەسعوود بارزانی دەکات کەئەوانیش پیرۆزبایی ئەو پۆستەی لێدەکەن ئەمەش گوایە بەناوی ئەوەی کابرا لەوشوێنەیەوە خزمەت بەم حزبەی ئەمان دەکات بێئەوەی ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرە لێکبدەنەوە کەئەم کارە، تەنها خزمەتی بەرژەوەندییە کەسایەتییەکانی ئەو پیاوە دەکات‌و چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت خێر بۆ کوردستان بداتەوە، لەوانەشە هەبێت بپرسێت: رەفیق پشدەری ئەدی تۆ؟ چۆن بەو پلەیەت گەیشتیت؟ منیش دەڵێم: کات‌و بارودۆخێك کەمن بەسەرم برد لەهی ئەمڕۆ زۆر جیاوازبوو، جا ئەوەی بۆ من رێکەوت، بۆ خەڵکی‌تر رێناکەوێت!

جارێکیان دوو سەرۆک عەشیرەتی کوردم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ دیدەنیی بەرێز سەعدوون غێدان کە لەبەرئەوەی جێبڕوای هەردوولا بووم ڕۆڵی وەرگێڕی لەنێوانیاندا بینی. زۆر سەرم لەوە سووڕما کەئەودوو سەرۆک عەشیرەتەکە هانیاندام لەلای سەعدوون غێدان لەسەر حسابی ئەویتر بەشانو باڵیدا هەڵدەمو باسی ئازایەتیو ناوبانگی بکەم لەناو عەشرەتەکەیدا کەدەتوانێت زۆرترین ژمارەی چەك لەناو خەڵکی کورددا دابەش بکاتو لەرووی خزمەتکردنی حزبی بەعس، لەخەڵکیتر خزمەتگوزارتر دەبێت. منیش خۆم پێنەگیراو بەروویدا هەڵشاخام گوتم: من بۆ ئەوە لەگەڵتاندا هاتووم کەوەکو وەرگێڕ بم نەك دەلاڵ بم لەزیادکردنێکی بازرگارنیدا. ئەوان سەریان داخست. لەبەرئەوەی ئەو دوو کەسە ئێستا لەژیاندان چاوپۆشی لەناوهێنانیان دەکەم.

برای کوردی بەشەرەفم کەنیشتەجێی بەغدای پایتەختی دەسەلاتی زۆردار: ئایا بڕیارتانداوە خوێنتان بەفیڕۆ بڕوات؟ ئەدی خودا نەیفەرمووە ﴿ولا تلقوا بايديكم الى التهلكة ...﴾بۆیە تکام ئەوەیە باش بیر لەقسەکانم بکەنەوەو هەتا کارلەکار نەترازاوە پاشەڕۆژی منداڵەکانتان دەستەبەربکەنو خزمەتێکی کوردستان بکەن، چونکە خەڵکێك لەپێش ئێوە هەوڵیانداوەو هیچیان بۆنەکراوە، هەموشمان قەرزاری نیشتمانی دایکمانینو هەردەگەرێینەوە بۆ باوەشی.

لەوانەشە ئەمانەی باسمکردن بەلای ئەوانەی ئاگاداری سەردەمی دەسەلاتی رژێمی عێراقین نامۆ نەبێت بەلام بەلای ئەوەی داهاتووەوە شتێکی سەیرە کەئەم ئەوەیە هاوچەرخی سەردەمی ئازادیو سەربەخۆییە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانداو ئاشنای پرۆسەکانی زاڵدەستیو کۆیلەیی بەعس نییە.

ئه نجومه نی سه رکردایه تیی شۆڕش و مه کته بی کاروباری باکوور

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تیی شۆڕش ماوه‌یه‌کی که‌م دوای کوده‌تای ١٧ی ته‌مموزی ١٩٦٨ دامه‌زرا، به‌ڵام مه‌کته‌بی کاروباری باکوور له‌سه‌ره‌تای حه‌فتاکاندا دامه‌زرا، ئامانجی ئه‌م دوو ده‌زگایه‌ش کۆنترۆڵکردنی عێراق و جێبه‌جێکردنی ته‌واوی خواست و ئاره‌زووه‌کانی سه‌رکردایه‌تیی به‌عسه له‌عێراقدا. شایه‌نی باسه هه‌موو بڕیاره‌کانی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تیی شۆڕش یان مه‌کته‌بی کاروباری باکوور ته‌نها له‌سه‌ر قسه و به‌ئیمزای سه‌دام حسه‌ین ده‌رده‌چن. مه‌کته‌به‌که‌ش زیاتر له‌دادگایه‌کی عورفی ده‌چێت بۆ سه‌رکوتکردنی بزووتنه‌وه کوردییه‌کان هه‌روه‌ها کۆنترۆڵکردنی کوردستان. هه‌موو کێشه‌یه‌کیش که‌رووبه‌ڕووی دامووده‌زگا سه‌رکوتکه‌ره‌کانی وه‌کو موخابه‌رات و ئیستخبارات و ئاسایش ده‌بێته‌وه ئه‌وه دوای داڕشتنی، ره‌وانه‌ی مه‌کته‌بی کاروباری باکوور ده‌کرێت که‌له‌وێ بڕیاری له‌سه‌ر ده‌درێت ئینجا ره‌وانه‌ی وه‌زاره‌تی به‌رگری یان وه‌زاره‌تی ناوخۆ یان وه‌زاره‌تی کشتوکاڵ ده‌کرێت به‌پێی په‌یوه‌ندی. هه‌ندێك جاریش کێشه‌که به‌ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تیی شۆڕش ده‌درێت تا به‌پێی یاسایه‌ك مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدابکرێت که‌مشتومڕ هه‌ڵنه‌گرێت. زۆرجاریش مه‌کته‌بی کاروباری باکوور، پێش ئه‌وه‌ی لایه‌نه په‌یوه‌نداره‌کان بڕیاری خۆیان له‌سه‌ر کێشه‌که ده‌ربکه‌ن ئه‌و بڕیاری خۆی ده‌دات، بۆ نموونه له‌سه‌ره‌تای گرتنی ئه‌ندامانی سه‌رکردایه‌تیی کۆمه‌ڵه‌ی ره‌نجده‌ران که‌باڵێکی یه‌کێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو، به‌ڕێز شه‌هاب و هاوڕێکانیم ئاگادارکرد که‌ئه‌و لێکۆڵینه‌وانه‌ی رۆژانه له‌گه‌ڵیاندا ئه‌نجامده‌درێن رۆتینن، هه‌روه‌ها هه‌وڵه‌کانی ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه بۆ ئازادکردنیان یان که‌مکردنی حوکمه‌کانیان بێسووده، چونکه ده‌مزانی

کەمەکتەبی کاروباری باکوور، پێشتر بەفەرمانی سەدام حسەین حوکمی لەسێدارەدانیانی دابوو، بۆیە تکام لێکردن هاوکاریم بکەن بۆ فڕاندنی کوڕی سەدام حسەین بۆ ئەوەی وەکو بارمتە بۆ ئازادکردنیان بەکاری بێنن. لەبەرگەکانی کتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدوورودرێژی باسی ئەمەم کردووە، بەلاّم لەبەرئەوەی هیچ دەسەلاّتێکی ترم نەبوو ئەوەبوو حوکمە ناڕەواکەیان جێبەجێکرا.

بەرێز سەدام حسەین لەساڵی ١٩٧٤ەوە کەدۆسیەی کوردو شیعەو دەوڵەتی ئێرانی گرتەدەست لەسەر خۆی بەپێویستی زانی کەهەوڵبدات ئەم کێشە گرنگانە چارەسەر بکات کەپەیوەندییان بەئاسایشی دەوڵەتەوە هەیە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کەهەرچی خراپەکارییەکی حکومەتی عێراق کەدەرهەق کوردو شیعەی عێراق و دەوڵەتی ئێران جێبەجێکرابێت بەفەرمان و داڕشتنی سەدام حسەین بوو... بەلاّم ببینن چ نەخشەیەکی داڕشت و چیکرد: کابرا واتەنی: هات چاکی بکات بەلاّم خراپی کردا

بڕیارەکانی مەکتەبی کاروباری باکوور بۆ سەرکوتکردنی کورد:

. سەدام حسەین لەرێی ئەم مەکتەبە سێ بڕیاری گەورەوگران و ناڕەوای دەرهەق بەکوردی فەیلی، ئێزدی دەرکردوە، لەگەڵ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان سۆرانی و بادینانی لەکوردستاندا.

فەیلییەکان:

گەلی کورد نکوولّی لەخەباتی فەیلییەکان ناکات کە بەدرێژایی چەندین ساڵ لەپێناو رزگاریی کوردستاندا قوربانیی زۆریان داوە، ئەمانە بەرەگەزو بنەچە کوردن و هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئێمەدا نییە. بەلاّم سەدام حسەین، وەکو پیلانێکی شەیتانی ، دروشمی(پەرت بکە، زاڵبە)ی لەمەڕ کۆلۆنیالیستە کۆنەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنا، ئەوەبوو لەرێی

ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسەوە وای بڵاوکردەوە گوایە فەیلییەکان عەجەمن و بەناوی ڕەگەزی کوردییەوە بەدزییەوە لەئێرانەوە هاتوون بۆ عێراق و پاشان توانییان بازاڕی بەغداو پارێزگاکانی‌تر کۆنترۆڵ بکەن، هەروەها ئەو سامانەی کۆیان کردۆتەوە ماڵی گەلی عێراقە بەکوردو عەرەبەوەو ئەو سامانە دەبێت بۆ ئەمان بگەڕێتەوەو...زۆری‌تر لەم جۆرە واتەواتانە. هەروەها لەبەرئەوەی فەیلییەکان مایەی مەترسین بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی عەرەبی ئەوە دەبێت دەسەڵاتداریەتیی عێراق کاری پێویست بۆ دژایەتیکردنیان بکات. بۆیە هێزەکانی دامودەزگا ئەمنییەکان کەوتنە گرتنیان کەهەتا ئەمڕۆ، دەیان لاوی فەیلی کەخرابوونە زیندان و گرتووخانەکانەوە، بێسەرو شوێنن...

بۆ زانیاریی خوێنەریش ئەوەی لەسەرەتاوە ئەم بیرەی هێنایە ئاراوە سێ کەس بوون: ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سالح مەهدی عەمماش و سەدام حسەین. ئەمانە لە کودەتای تەممووزی ١٩٦٨ەوە پیلانیان بۆ ئەم کارە ناڕەوایە داڕشتووە، ئنجا بەکردەوە دەستیاندایە کۆچ پێکردنی فەیلییەکان و دوورخستنەوەیان بۆ سنووری ئێران، ئەمەش دوای ئەوەی دەستیانگرت بەسەر هەموو ماڵ و سامانێکیان. ئەم کردەوە نامرۆییە هاندەرێکی بەتین بوو بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی فەیلییەکان لەگەڵ کورددا، زیاد لەمەش قینی کوردی دژی ڕژێمی بەعس لەجاران زیاترکردو لەئەنجامدا کردەوەیەکی تری درندانەی خستە سەر لیستی کردەوە نامرۆییەکانی حزبی بەعس.

ئێزدییەکان:

پێڕەوانی ئەم بیروباوەڕە ئاینییە لەکوردستانی باشووردا لەقەزای شنگارو شێخان و تەلعەفەر دەژین. ژمارەیان ٤٠٠ ـ ٥٠٠ هەزار کەسێکە،

ژمارەیەکی کەمیشیان لەحەڵەب(سووریا)و ئەرمەنستان‌و کەفکاسیان.
ئەمانە نزرگەیەك بەپیرۆز دەزانن کە لەناوچەی هەکاریی سەر بەشاری موسڵە، نزرگەکە مەزاری شێخ ئادییە(شەرەفەدین ئەبو فەزائلە کە لەساڵی ١١٦٢ز کۆچی دوایی کردووە)و خاوەنی کتێبی جیلوەیە کەکتێبی ئاینی ئێزدیەکانە. ئەمانە بەرەگەزو بنەچە کوردن، زۆر جۆر نەهامەتی‌و ئێش‌وئازارو گرتن‌و ئەشکەنجەدانیان لەلایەن رژێمی عێراقەوە بەسەرهاتووە کە لەئەنجامی سووربوونیان لەسەر کوردبوونیان، دوچاریان هاتوون.
ئێزدییەکان لەساڵی ١٩٦٣وە کەعەبدولسەلام عارف بوو بەسەرکۆماری عێراق دووچاری هەموو جۆرە راوەدوونان‌و دژایەتیکردنێك هاتوون ئەمەش بۆئەوەی نکوولّی لەرەگەزی کوردییان بکەن‌و دان بەعەرەب بوونیاندا بنێن، بەلاّم ئەمان تا ئەمرۆ ملیان نەداوە .
لەساڵی١٩٦٨ەوە کەحزبی بەعس حوکمی گرتەدەست گوشاری زیاتریان کرایەسەر. سەدام‌و ئەلبەکر هەموو جۆرە رێوشوێنێکیان گرتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گلاّوەکانیان، بۆیە دەستیانکرد بەتالاّنکردنیان‌و رووخاندنی گوندەکانیان‌و راگواستنیان لەزێدی باوباپیرانیان. هەموو ئەم کردەوانەش لەپێناو ئەوەی ئێزدییەکان دەستبەرداری نەتەوەکەیان ببن‌و ببنە عەرەب‌و سەنگەری خەباتی کوردایەتی چۆڵ بکەن. ئەمانیش لەم پێناوەدا سەدان قوربانییان داوە، ئەمانیش وەکو فەیلییەکانیان بەسەرهات.
نوێنەرانی ئێزدییەکان لەچەندین دیداری ئاشکرا بەحکومەتی عێراقییان گوتووە کەکەس نکوولّی لەرەسەنایەتیی نەتەوەی عەرەب ناکات‌و گوایە عەرەب سەرداری هەموو نەتەوەکانی ترن، بەلاّم ئێمەش

لەلای خۆمانەوە (واتە ئێزدییەکان) نکوولّی لەکوردبوونی خۆمان ناکەین چونکە ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی دابونەریت و ئاین و یاسایە میرەکەیان، تەحسین بەگی ئێزدی کە لەمانگی تشرینی یەکەمی سالّی ١٩٨٠دا وە نەمبینیوە، ئەتا ئەمرۆ کوردێکی نیشتمانپەروەرەو زیرەك و ئازاو دلّسۆزە. لەشۆڕشی ئەیلوولدا بەشداریکردووە، ئنجا دوای هەرەسەکە چوو لەلەندەن بژی. من باشی دەناسم چونکە پەیوەندییەکی بەتینم لەگەلّیدا هەیە، هەمیشە بەئامادەبوونی مامۆستای کۆچکردوو ئیبراهیم ئەحمەدو حاتەمی تەیی کوردان خوالێخۆشبوو عەلی کەمال و قارەمانی خوالێخۆشبوو عومەر دەبابەو بەڕێز دکتۆر لەتیف رەشیدو هەرکوردێك کەئاواتی سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی کوردییە، ئامادەی دانیشتنەکانمان دەبوو. لەهەرسێ بەرگی کتێبەکەم(کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا بەدووروودرێژی باسی ئەم کەسایەتییەو هەروەها باسی ئەو ئێزدییانەم کردووە کە لەبەندیخانەی ئەبو غرێب لەگەلّمدابوون، جا ئەم میرە کوردە رۆلّێکی گەورەی هەبوو لەڕووی خۆگرتنی ئێزدییان و سووربوونیان لەسەر کوردبوونیان.

لەهەمانکاتدا ناپاك و بێورەشیان تێدابوو، ئەوەبوو شێخێکیان کەناوی مەمۆی ئێزدیبوو، بەرامبەر پارەیەکی مۆلّ دەستیدایە هاوکاریکردنی دەسەلاّتدارێتیی عێراقی و دەیگوت: (ئێمەی ئێزدی بەرەگەز عەرەبین و بەهیچ شێوەیەك ناچینەوە سەر رەگەزی کورد، دەستەلاّتداریەتیی عێراقیش بەهەموو شێوەیەك یارمەتیدا بۆئەوەی زۆرترین ژمارە لەئێزدییان لەدەوری ئەم کۆببنەوە، بەکردەوەش ناوبراو توانی ١٪ی ئێزدییەکان قایل بکات کەرەگەزیان لەکوردەوە بۆ عەرەب بگۆڕن، بەمەش سیاسەتی بەعس لەڕووی نانەوەی دووبەرەکی لەڕیزی ئێزدییاندا

شکستی خوارد. لەم سالانەی دواییشدا شێخ تەحسین بەگی ئێزدی، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ئێزدییەکان لەچ بارودۆخێکدا دەژین، ژیانی خۆی لەپێناویاندا خستە مەترسییەوەو لەلەندەنەوە گەڕایەوە بۆ عێراق و توانی ٩٩٪ یان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

دووبەرەکی نانەوە لەناو کورددا، رێنمایی مەکتەبی کاروباری باکوور

رژێمی عێراق بەدرێژایی سالانی رابردوو، بۆ دژایەتیکردنی گەلی کوردستان وەکو کۆلۆنیالیستی زۆردار بیری کردۆتەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەگەلان نابەزن. یەکێك لەرێوشوێنەکانی رژێم نانەوەی ئاژاوەو پشێوییە لەناو گەلی کورددا ئەوەش لەرێی بەکارهێنانی چەند رێبازێك کەیەکێکیان ئاینە. وەك دەزانین لەناو کورددا ژمارەیەکی زۆر مەسیحی هەن کەهەرگیز نەبیستراوە ناکۆکییەکیان لەگەل برا کوردە موسلمانەکانیاندا هەبووبێت، هەروەها مەسیحیی کورد هەرگیز لەکوردایەتی و تێکۆشان لەپێناو مەسەلەی رزگاریی گەلی کورد دانەبڕاوە، جگە لەوەی مەسیحییەکان نکوولییان لەکوردبوونیان نەکردووە. بەلام رژێمی عێراق بەفەرمانێکی توندی بەرێز سەدام حسەین گوشاریان خستە سەر مەسیحییەکان بۆ گۆڕینی رەگەزیان بەوەی رەگەزنامەی عەرەبی بەوانەیان بدەن کە لەکوردستاندا دەژین، لەم پێناوەشدا رژێم هەموو رێوشوێنێکی بەکارهێنانی گوشاری خستە گەڕ بۆئەوەی هەموو مەسیحییەکی کورد رەگەزی بکات بەعەرەب، زۆرجاریش بەخشینی پارەی مۆل و تەماعی ئابووری، مرۆڤ دەخاتە دەریای بیرکردنەوە بەلام ئەم رێگەیە لەگەل مەسیحییەکاندا بێسوودبوو، چونکە بەعسییەکان لەبەر نەزانییان کەئەوەندە قینیان لەهەموو کوردزمانێکە بیریان چوو کەمەسیحیی کورد، ئەویش وەك هەر مرۆڤێکی تر خاوەنی بیروباوەڕی

نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی و رەوشت و ویژدانە، ئیتر نازانم عەقڵییەتی دەسەڵاتداریەتیی حوکمڕان لەعێراقدا چۆن بیری لەوەکردۆتەوە دەتوانێت کەهەست و بیروهۆشی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات!

دەربارەی بادینی و سۆرانیش ئەوە حکومەتی عێراق ئەوساو ئێستاشی لەسەربێت بەردەوامە لەگرتنەبەری هەموو رێوشوێنێك بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان سۆرانی و بادینیدا. دیارە جوگرافیای کوردستان کەدەستکردی خوای گەورەیە، زێی گەورەی تێداهەڵکەوتووە کە لەکوردستانی تورکیا هەڵدەقوڵێت و لەنزیك مووسڵ دەڕژێتە ناو رووباری دیجلەوە. ئەم چەمە لەمپەرێکی سروشتیی دروستکردووە لەنێوان ناوچەی سۆران و ناوچەی بادینان کەئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت پەیوەندیی نێوان کوردی هەردوو دەڤەرەکەی ئەستەم کردووە. هەر لەسالآنی چلەکانیشەوە پرۆژەیەکی عێراقی لەئارادابووە لەپێناو راکێشانی رێگەیەکی خێرا بۆ گرێدانی هەردوو پارێزگای سلێمانیی سۆران لەئەمپەری باکووری رۆژهەلاتی عێراقەوە، بەشاری زاخۆی دەڤەری بادینان لەئەوپەری باکووری رۆژئاوای عێراق. جا هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەبیانوی پڕوپووچ کاریان بۆ پەکخستنی سەرگرتنی ئەم پرۆژەیە کردووە. ئەندازیارێکی کوردی خەڵکی شاری کەرکووك بۆمی گێڕایەوە کە بەیارمەتی چەند خێرەومەندێك، ئەم پرۆژەیەی خستەوە بەرچاوی بەڕێز سەدام حسەین و وای شیکردەوە بۆی کە لەچەند لایەکەوە سوود بەگەلی کورد دەگەیەنێت، بەلآم هەموو جارێك سەرۆکی عێراقی جێبەجێکردنی پرۆژەکەی دوا دەخست ئەمەش بەناوی تێچووی زۆری پرۆژەکەو نەگونجانی لەگەڵ باری نالەباری ئابووریی عێراق. بەلآم کاتێك مەسەلەی دروستکردنی پرۆژەی بەنداوی بێخمە هاتە

ئاراوە؛ کەتێچووەکەی دە ئەوەندەی تێچووی ڕاکێشانی ئەو ڕێگەیەیەو لەهەمانکاتدا دەبوو بەمایەی ڕووخانی دەیان شارۆچکەو گوندی کوردستان. ئەمە سەرباری قازانجی لەڕووی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەناوچەکەدا، ئەوەبوو بەڕێز سەدام حسەین یەکسەر ڕەزامەندی بۆ دەست پێکردنی پرۆژەکە نیشاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایەکەوە کرودستانی ئاوەدان دەکردەوە، لەلایەکیتریشەوە وێرانیدەکرد. بەلاّم شتێکی بەڵگەنەویستە ئامانجی حزبی بەعس وێرانکردنە نەك ئاوەدانکردنەوە بۆیە چەمکی وێرانکردنەکە بەسەر پرۆژەکەدا زاڵبوو. بەلاّم وەکو دەزانین ئیرادەی خوای گەورە هەروەها جەماوەری گەلی کوردستان لەسەرووی ئیرادەی بەعسە کەوایکرد بەنداوی بێخمە تەواوبکرێتو ناوچەی سۆران لەبادینان دابڕێت.

دووبەرەکی لەنێوان عەشرەتە کوردەکانو جووتیارو دەرەبەگ:

یەکێك لەهەنگاوە شەیتان ئاساکانی سیاسەتی دامودەزگا ئەمنییەکان بەکارهێنانی هۆشو گۆشی سادەی دێهاتییان بوو کەدژی یەکتر دنەیان دەدان ئەوەش لەڕێی زیندکردنەوەی ناکۆکییە دێرینەکانی نێوان باوباپیرانی دێهاتییان، یان ڕاسپاردنی پیاوێکی ئاسایش کەتەقە لەمانگای یەکێك بکات یان خەرمانەکەی بسووتێنێت. ئەمە بەهەمان شێوە لەنێوان جووتیارو دەرەبەگدا پێڕەو دەکرێت کەدامودەزگا ئەمنییەکان بەزەبری پارە، وایان لەچەند پیاوێك دەکرد بچنە پاڵ لایەنی دەستدرێژیکار بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی ئاژاوە. یان هەندێك جار دامودەزگا ئەمنییەکان پشتی لایەکیان لەدژی لایەکیتر دەگرتو هانیاندەدا دژایەتیو شەڕی بکات، لەو لاشەوە دەزگای موخابەرات پشتی لایەنی بەرامبەری دەگرتو ئەوی لەبەرامبەرکەی تیژدەکرد تا ئاگرەکە

خۆشتربێت. لەناو عەشیرەتی جافدا ناوبراو حەمەعیسا لەگەڵ موخابەراتدا کاریدەکرد، دەزگای موخابەرات فەرمانی پێکرد تەقە لەخوا لێخۆشبووی مستەفا بەگی جاف بکات. ئەویش بەڕۆژی نیوەڕۆ لەبەرچاوی خەڵکدا تەقەی لێکرد بێئەوەی پۆلیس دەستگیری بکات یان هیچ نەبێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات تا بەو ناوەوە هیچ نەبێت سەعاتێك زیندانی بکات. ئەو پیاوە دژایەتیی عەشیرەتی جافی دەکرد کەئەم عەشیرەتە بەپێی ئاماری مێژوونووسان بەگەورەترین عەشیرەت لەکوردستانی گەورەدا دەژمێردرێت.

زۆر نموونەی تری لەم جۆرە هەیە وەکو ئەوەی لەناوچەی پشدەر روویدا کاتێك دامودەزگا ئەمنییەکان کەوتنە پشتگیریکردن و بەهێزکردنی بابەکر وسوو لەپێناو بەرهەڵستیکردنی ئاغاکانی ناوچەکەو شەڕ پێفرۆشتنیان بەتایبەتی بەو ئاغایانەی ملیان بۆ فەرمانی دامودەزگا ئەمنییەکان نەدەدا. ناوبراو لەشەڕ پێفرۆشتنەکانیدا هەموو دابونەریتێکی دەبەزاند لەکاتێکدا پێشتر لەخزمەتی مستەئاغای مەحموود ئاغادا کاریدەکرد. ئەم بابەکر ناوە، دەزگای ئیستخباراتی سەربازی بەتایبەتی پشتگیری دەکرد، لەئەنجامی ئەمە گیروگرفت و کێشە لەنێوان عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا دروستبوو کەئاکامەکەی تیاچوونی چەند کەسێك بوو. ئاژاوەکە ئاگرێکی لێ هەڵایسا هەتا ئەمڕۆ نەکوژاوەتەوە . لەم میانەیەدا ئاشکرابوو کەئەوەی لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکاندا کاربکات و داخوازییەکانیان جێبەجێ بکات دەروازەی خۆشبەختی لەروودا دەکرێتەوە، بەڵام لەبەرامبەریشدا سەرشۆڕی بەشی دەبێت. ئەوەی بەرەنگاری داخوازییەکانی بەعسیش بوایەتەوە تووشی چەرمەسەری و دەربەدەری دەبۆوە!

دووبەرەکی‌نانەوە لەنێوان کوردو تورکمان لە پارێزگای کەرکووکدا :

هەرچەند لەسێ بەرگی کتێبەکەمدا باسی ئەم کێشەیەم کردووە بەلام دەمەوێت لێرەدا بەکورتی ئاوڕ لەو باسانە بدەمەوە کەپێشتر خۆم لەقەرەیان نەداوە.

حزبی بەعس لەساڵی ١٩٦٨ەوە کەدەسەلاتیان لەعێراقدا گرتۆتە دەست بەردەوامبوون لەکۆچ پێکردنی کورد ئەوەش بەبیانووی جۆربەجۆر لەپێناو دەرکردنی چەندین بنەماڵەو خێزانی کورد لەم پارێزگایەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەروەها بۆ مسۆگەرکردنی دەست بەسەراگرتنی ئەم ناوچە ستراتیجییە کەسەرچاوەی داهاتی سەرەکیو بێشوماری عێراقە.

پرۆسەی کۆچ پێکردنی کورد وردە وردە فراوانبوو ئنجا دانیشتوانی گوندەکانی کەرکووکی گرتەوە کەدەستکرا بەنیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەب لەشوێنیاندا. لەهەمانکاتدا رژێم زیاتر بایەخی بەتورکمانەکان دەداو بەسەر کورددا شایستەیان دەکردن بەوەی مافی هاوولاتییەتیی پلە یەکیان پێدەدان، ئەمەش تەنها لەپێناو جۆشدانی قینی مرۆڤی کورد دژی تورکمان. ئەم پرۆسەیە بەکردەوەش بەری پێویستی خۆیداو ئاژاوەو کێشەی زۆری لەنێوان هەردوو نەتەوەدا دروستکرد. بەلام بەگشتی، رژێم نەیتوانی وایان لێبکات قینەبەرایەتی لەنێوانیاندا رەگ دابکوتێتو لەئەنجامدا ئەوەندەی پێنەچوو تورکمانیش خرانە لیستی دژمنانی بەعسەوەو ئەوەی بەسەر کورددا هات ئەوانیشی گرتەوە، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٧١ەوە.

شایەنی باسە لەساڵی١٩٣٠یەوە هەتا ساڵی ١٩٦٠، برایەتیی نێوان کوردو تورکمان زۆر پتەوبوو هەتا کاتێك شەڕی نێوان شیوعییەکانو تورکمان هەلگیرسا کەخەڵکی کورد لایەنی شیوعییەکانیان گرت.

لەئەنجامدا شەڕێکی گەورە لەکەرکووك روویدا بەلاّم خوا رەحمی کرد ئاگرەکە زوو کوژایەوە، ئەوەی هەبوو تۆوی قینەبەرایەتی لەدڵی هەندێك توندڕەوو خەڵکی ناحاڵیی کورددا چەکەرەی کرد بەتایبەتی دوای ئەوەی هەندێك لەتورکمانەکان دەستیان لەگەڵ دەزگای میتی تورکیدا تێکەڵکرد کەئەم هەنگاوە کەلێنی نێوان کوردو تورکمانی فراوانترکرد.

ئەوەی بەرێز سەدام حسەین لەکەرکوکی دەوێت ئەوەیە کە٨٥٪ی دانیشتوانەکەی بکات بەعەرەب دوای راگواستنی کوردو تورکمان لەم شارەو دەوروبەریدا. واقیعیش دەیسەلمێنێت کەرژێمی بەعس هەتا ئەمڕۆ توانیویەتی ٦٠٪ی باری دیموگرافیی ئەم شارە بگۆڕێت کە لەبەرەبەیانی مێژووەوە ڕوستکراوە، مێژوونووسان شایەدی ئەوەن کەدانیشتوانەکەی کوردو تورکمانو هەندێك خێڵی کۆچەری عەرەبن. جا ئەگەر حکومەتی عێراق بەو هەموو تواناو دەسەلاّتەیەوە توانیبێتی بۆ زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی بسەلمێنێت کەزۆربەی دانیشتوانی شاری کەرکووك عەرەبن ئەوە کورد بەڵگەی بەهێزتری بەدەستەوەیە کەدەیسەلمێنێت تا ناوەڕاستی ساڵەکانی شەستەکان، واتە هەتا ئەو رۆژەی رژێمی بەعس دەسەلاّتی لەعێراقدا گرتەدەست، بەژمارەی پەنجەکانی دەست خەڵکی عەرەب لەگۆڕستانەکانی کەرکووکدا نەنێژراون. هەروەکو پێشتریش باسمکرد ئەوانە کۆچەری بوونو بەناوچەکەدا بەدوای لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان ئەم هەوارو ئەو هەواریان دەکرد، کەواتە ئایا رێی تێدەچێت شارێك، کەبابلیو ئاشوورییەکان لەمێژووی کۆندا باسیانکردووەو لەولاشەوە ساسانییەکان بە(گرمکان) ناویان بردووەو سەرچاوە سریانییەکان بە(بین کرمای) ناوزەدیان کردووە کەئەمانەی دوایی مێژوویان بۆ دەوروبەری سەدەی پێنجەمی پ.ز دەگەڕێتەوە، دەڵێین ئایا رێی تێدەچێت بەدرێژایی سەدان

ساڵ خەڵکی ئەم شارە تەنها دە کەسیان لێ‌مردبێت‌و مردووەکانی گۆڕستانەکان عەرەب بووبن هەروەکو بەڕێز سەدام حسەین دەڵێت، عەرەب نامرێت، ماشەڵڵا بەگەورەیی خوا، ئەمڕۆ تەنها بۆ ئەوە، بێگومان شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەدەسەڵاتی ئیمپراتۆر سەدام حسەین هەر کۆتایی دێت، ئەوساکەش زۆرداری نامێنێت‌و هەموو ستەم لێکراوێك بەمافی زەوتکراوی خۆی دەگات، ئنجا خەڵکی عەرەب کەماڵ‌و زەویوزاری کوردو تورکمانیان داگیرکردووە دەست لەگونان درێژتر دەچنەوە بۆ ناوچەی خۆیان‌و لەئەنجامدا تەنها ئەوەی بەرەگەزو بنەچە کەرکووکی بێت دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك‌و خوای گەورەش پاداشتی ساڵانی ئاوارەیی‌و دەربەدەریی دەداتەوە.

بەپێی ئامارە رەسمییەکانی حکومەتی عێراق، هەتا ساڵی ١٩٥٨ رێژەی ٨٥٪ی دانیشتوانی شاری کەرکووك کوردبوونەو ١٥٪یان تورکمان بوونە. ئنجا بەپێی سەرچاوەکانی ئامار، خەڵکی عەرەبی کەرکووك عەرەبی بیابانن کەدوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق، لەسووریاوە کۆچیانکردووەو لەناوچەی حەویجە نیشتەجێ‌بوون. واتە ئەمانە بەرەگەز عەرەبی رەوەندن، لەوانەشە عەرەبی نیشتەجێی ناوچەکە بڵێت ئەم زەوییەم بەپارەی خۆم کڕیوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەو گوندانەی کەدانیشتوانە کوردو تورکمانەکەیان راگوێزدراوە، بەزەبری زۆر، عەرەبی تێدا نیشتەجێ کراوە، هەموو ئەو پارەیەش کەلەو پێناوەدا خەرجکراوە وەکو بەخششێك لەغەزنەکەی بەڕێز سەدام حسەین دەرچووە. لەگوندەکانی دەوروبەری کەلارەوە، هەر لەگوندی کوڵەجۆوە هەتا جەلەولا، لەگەڵ چەند گوندێکی دەورروپشتی خودی شاری کەرکووك کەکاتی خۆی مەکتەبی کاروباری باکوور فەرمانی توندی بەوەزارەتی ناوخۆو

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کردبوو پارە بۆ ئەو مەبەستە خەرج بکەن و مەسەلەی کۆچ پێکردنی دانیشتوانەکەی و نیشتەجێکردنی عەرەب لەشوێنیاندا ئاسان بکات. لەبنەڕەتدا ماڵی شەرعیی کوردو تورکمان بوون.

ئەی برایانی تورکمان: کێشەی ئێوە لەرێی دەزگای میتی تورکی چارەسەر ناکرێت، بەڵکو رێگەچارەی ریشەیی کێشەکەتان لای برا کوردەکانتانە، چونکە بەدرێژایی ماوەی حوکمی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، ئێوە لەسەرشۆڕیی و چەوساندنەوە بەولاوە هیچیترتان دەستنەکەوتووە، تەنانەت لەکارەساتی ٣١/ئابی ١٩٩٦، ئەو تورکمانانەی بانگەوازیان بۆ مافی رەوایان لەسەر خاك و زێدی داگیرکراویان هەڵدەدا، دەسەڵاتدارێتی عێراق دەستگیریکردن ئەمەش سەرباری پەیوەندیی حزبی تورکمانی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی کەئەمەی دوایی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هەبووە، بەلاَم هێشتا تورکمانە داماوەکان لەرەشبگیری عێراقی قوتار نەبوون.

جا ئەگەر تورکمانێك لەکەرکووك یان هەولێر بمرێت ئەوە دەزگای میتی تورکی تەرمەکەی ناگەیەنێتە گۆڕستان بەڵکو دراوسێ کوردەکانی دەینێژنە بان شانیان و دەیبەن دەینێژن. هەمان باریش بەنیسبەت کوردەوە کەپێش ئەوەی دۆست و برادەرو کەسوکاری بگەنە سەری، دراوسێ تورکمانەکەی بەئەرکی سەرشان هەڵدەستێت. کەواتە بۆچی خەڵکی تورکمان کێشەکەیان لەرێی کوردەوە چارەسەر ناکەن؟ من لەو باوەڕەدام کەتورك، دەستی یارمەتی بۆ تورکمان لەپێناو چاوی کاڵیان درێژناکەن بەڵکو لەبەرئەوەیە کەلەو رێگەیەوە کفری و هەولێرو کەرکووك و تەلەعفەرو گوندەکانی دەورووپشتی ئەوشارو شارۆچکانە داگیر بکەن. جەنەراڵە

تورکەکان کە٦٥٪ی خاکی کوردستانیان داگیرکردووە دەمیان چەشەبووە بۆ داگیرکردنی رووبەری زیاتر لەکوردستاندا. بەلاّم پشت بەخواو ئیرادەی گەلی کوردستان، ئەو نیازە گلاّوەیان نایەتەدی.

لەدیدارێکدا لەگەڵ برایەکی خۆشەویستی تورکمان لەوانەی شانازی بەدۆستایەتییانەوە دەکەمو کەپابەندی سیاسی هەیە، لەبەردەم خەڵکێکی زۆردا(ئەمەش تەنها بۆ بیرخستنەوە دەهێنمەوە) پێم گوت: ئەوسا هەردوولامان لەسەرئەوە رێکەوتبووین زیندووەکەمان تەرمی مردووەکەمان بەشان بگەیەنێتە گۆرستان، ئەمەش تەنها لەرێی ئەوە دێتەدی پەنا نەبەینەبەر یەکێك لەدەوڵەتانی دراوسێ، چونکە کەس چاوەرێی خێرو چاکە لەم دەوڵەتانە ناکات بەڵکو زیانیان بۆمان هەیە، کوردیش دەڵێت: لەکوورە نزیك بێتەوە پزیشکی بەردەکەوێت، جا ئەگەر لەئاگر نزیك بیتەوە لەوانەیە دەستوپلو دەموچاوت بسووتێت، خۆ ئەگەر زیاتر خۆت پاراست لەوانەیە گڕ تەنها جلوبەرگت بگرێتەوە، خۆ ئەگەر خۆت لەمەش پاراست ئەوە هەر دەبێت بۆنی دووکەڵت لێبێت کە بەهۆیەوە خەڵکی لێت دەبێزرێن، چونکە زۆر زەحمەتە داگیرکاری زۆردار، کەبڕوای بەکتێبە ئاسمانییەکان نییەو بایەخ بەپەرستگە پیرۆزەکان نادات، دان بەمافی گەلانی ژێردەستەیدا بنێت، مافە نەتەوەییەکانی تورکمانیش تەنهاو تەنها لەدۆسیەی کورددایە، زەمانەش ئەمە دەسەلمێنێت، ئەمڕۆ یان سبەی.

بەو برادەرە تورکمانەم گوت: دەبینم واتێدەگەن لەپێگەی پەیوەندییەکانتانەوە لەگەڵ دەسەلاّتداریەتیی تورکیدا دەتوانن نەتەوەکەتان بپارێزنو مافەکانی بێننەدی؟! کەواتە مادەم خۆتان وادەبینن ئەدی بۆچی دەسەلاّتداریەتیی تورك قایل ناکەن کەدان بەمافی ٢٣ ملیۆن

کەسی کوردا بنێت لەکوردستانی باکووردا کە لەسادەترین مافیان بێبەشن! ئەوسا ئێوە، بەم کارەتان پەیوەندییەکانی کوردو تورکمان بۆ مەتا هەتایە پتەوتر دەکەن.

بەڵام کاتێك لێپرسراوێکی حزبی تورکمانی رۆژژمێرێکی دیواری پێشکەش کردم، لەنەخشی رووی رۆژمێەکە موچڕکم بەلەشدا هاتو بەراستی ترسم لێ نیشت، چونکە ئەوهێمایانەی دەربارەی پارێزگاکانی کوردستان لەسەری نەخشرابوو وای بۆ بینەر رادەنواند گوایە نەتەوەی تورکمان لەکوردستانی باشووردا، زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن و لەبەرامبەردا کورد کەمینەن. ئەم وێناکردنە زیادەڕەوییە کە لەهەمانکاتدا هەڵەکارانەیە، تەنها قینەبەرایەتی و ئاژاوەو دوژمنایەتیی لەنێوان کوردو تورکمان لێدەکەوێتەوە. ئنجا کاتێك زیاتر لەو رۆژژمێرە وردبوومەوە بینیم لەچاپخانەیەکی تورکیا چاپکراوە، ئیتر راستیی نیازو تەماعکارییەکانی تورکیام بۆ ئاشکرابوو کە لەرێی حزبی تورکمان ئیلی، تەماعی کردۆتە کوردستان، هەروەها بۆم دەرکەوت کەئەندامانی حزبی تورکمان هەرچەندە ئاکاری سیاسییان باڵاو پاك بێت بەڵام گوێ لەمستی دەزگای میتی تورکین و لەبەرامبەریاندا دەسەڵاتی مێروولەیەکیان نییە.

لەو وتووێژەدا لەگەڵ ئەو برادەرە تورکمانییەدا گوتم کە بەپێی ئامارەکانی توماری دەزگای میتی تورکی، نزیکەی(٣) ملیۆن تورکمان لەکوردستانی باشووردا هەن، ئەم ژمارەیەشم لەرێی کۆمەڵەی خاچی سووری تورکی دەستکەوت کاتێك خێزانە کوردەکانی بەناوی تورکمان تۆمارکردبوو ئەوەش بۆ ئەوەی خۆراکیان بەسەردا دابەش بکات. جا لەرێی ئەم ئامارە هەڵانەوە، دەزگای میتی تورکی هەوڵدەدات کوردستان، وەکو قوبرس داگیرو کۆنترۆڵ بکات لەکاتێکدا ئەم کۆمەڵەیە (خاچی

سووری توركی) خۆی چاك دەزانێت كەئەو خێزانە كوردانەی بەتوركمان تۆماری كردوون، لەپێناوی بژێو، خۆیان بەتوركمان ناونوسكردووە. جا ئەگەر بێتو ڕۆژێك لەڕۆژان ئامارێكی ڕێكوپێك لەكوردستاندا جێبەجێبكرێت دەبینین كەئەو ژمارە خەیاڵییە دێتە سەر ژمارەیەكی زۆر بچووك، ئەمەش مشتومڕ هەڵناگرێت چونكە واقیعی حاڵ ئەمە دەسەلمێنێت و بەری ڕۆژیش بەبێژنگ ناگیرێت.

ئەو خۆراكەی هێنرایە كوردستان و ویژدانی چەند كوردێكی پێكڕدرا، بایی(١٣) ملیۆن دۆلار بوو كەرێكخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی بۆ كردوستانی تەرخانكردبوو بەلام دەزگای میتی توركی دەستی بەسەر ٥٠٪ی ئەو پارەیەدا گرت و بەناوی چەند كەسێكەوە ئەسپاردەی چەند بانكێكیكرد، ئەوەی گەیشتە دەستی ئێمەی كوردیش بەرماوەكەبوو. جا ئەگەر بنەماڵەی بارزانی دەستی بەسەر ماڵ و سامانی كورددا نەگرتایەو نەبوایەتە مایەی داڕماندنی ئابووریی كوردستان ئنجا تێكدانی بارودۆخی ئەمنیی هەرێمی كوردستان و لەدەستدانی باری ئارامی و قەوارەی كوردی، ئەوە دەزگای میتی توركی نەیدەتوانی چاو ببڕێتە خاك و سامانی كوردستان و، لەئەنجامدا خاكمان نەدەبوو بەشانۆی دەوڵەتانی ناوچەكەو بەمانۆڕە سەربازییەكانیان لەكوردستاندا تەڕاتێن بكەن. جا بەدڵ تكام لەو برادەرە توركمانەم كرد كەبەراستی كار بۆ ئەم مەسەلانە بكات بەشكو بارودۆخەكە یارمەتی بدات و دەستی هەبێت لەرزگاركردنی گەلی كوردستان لەسەرشۆڕی.

دووبەرەكی و ئاژاوەنانەوە لەنێوان دانیشتوانی هەولێرو سلێمانی

لەوەتەی حزبی بەعس لەعێراقدا دەستەلاتی گرتۆتە دەست، پەیوەندییەكانیان لەگەڵ جەنەراڵەكانی توركیادا لەچڵەپۆپەدایە.

هەردوولا دەربارەی چۆنیەتیی سەرکورتکردنی بزووتنەوە کوردییەکان ، لەهەرکوێیەك بن، تەبان، ئەوەش لەپێناو دەستەبەرکردنی ئارامیو ئاسایشی سنووری نێوان خۆیان ئنجا بۆ چەوساندنەوەی کورد. لەهەمان کاتدا حزبی بەعسو جەنەڕاڵەکانی تورکیا لەسەر ئەوەش ڕێککەوتوون کە لەدامودەزگاکانی ڕاگەیاندنیاندا باسی تورکمان نەکەن کەکەمینەیەکی نەتەوەیین لەعێراقدا، بەلاّم دەستەلاّتداریەتیی عێراق کەوتۆتە بایەخدانێکی زۆر بەتورکمانەکانی ناو هەولێر هەرچەندە ئەوانە زۆربەیان بەزمانی زگماکی خۆیان نادوێن بەڵکو زمانی عەرەبی بەسەریاندا زاڵە سەرباریشی، ڕژێمی عێراق یانەیەکی بۆ کۆبوونەوەو کات بەسەربردن بۆیان تەرخانکردووە بەناوی یانەی برایەتیی تورکمانی، سەبارەت بەخوێندنیشیان لەخوێندنگەکاندا ئەوە بەزمانی عەرەبی بوو.

پێڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم هەروەها چاووڕاو لەگەڵداکردنو پاشان تەمای دارایی، گشت ئەمانە لەدوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥وای لەخەڵکی هەولێر بەگشتیو تورکمانەکانیان بەتایبەتیکرد، کە بەئاشکراو بەژمارەی زۆر بچنە ڕیزی حزبی بەعسەوە. هەندێکیان ئەمەیان لەپێناو بەدەستهێنانی پلەوپایەکرد بۆیە دەستیاندایە پێشبڕکێ لەگەڵ پارێزگاکانیتر بۆ خزمەتکردنی حزبی بەعسو ملکەچکردن بۆ سەرکردایەتیی ڕژێم کەخۆی لەبەرێز سەدام حسەیندا دەبینێتەوە کەتووشی لەخۆبایی بوونو خۆبەزلزانین بووە. چونکە هەرکەسێك شیعرێکی پێداهەڵبڵێت یان گۆرانییەکی بەسەردا بڵێت یەکسەر بە(١٥٠) دینار پاداشت دەکرێت، بۆ نموونە گۆرانیی (زێڕە)ی لەمەڕ هەولێر کە لەدامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێم بەردەوام لێیاندەدایەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ خەڵکی سلێمانی نایەوە، چونکە بینییان دامودەزگا

ئەمنییەکان داوایان لێدەکەن گۆڕانییەکی بەهێزتر بۆ بەشانوباڵی سەرۆکدا هەڵدان بڵێن، لەهەمانکاتدا ئەمە بووە مایەی نیگەرانیی زۆر لای کوردە نیشتمانپەروەرەکان لەهەموو جێیەکدا، ئنجا دامودەزگا ئەمنییەکان دەستیاندایە دووبەرەکی نانەوە لەنێوان دانیشتوانی هەردوو شار (هەولێرو سلێمانی) کە لەئەنجامدا لەهاوینەهەوارو سەیرانگاو تەنانەت لەرێوبانەکاندا، قرەو هەراو ئاژاوەی لەنێوان خەڵکی هەردوو شاردا لێکەوتەوە. بەداخیشەوە ئاسەواری ئەم بارە نالەبارە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامەو بەزەقی دەبینرێت، بەتایبەتی لەشاری سلێمانی.

ئەوەی دوای ئەوە بۆم دەرکەوت و موچڕکی بەلەشمدا هێنا، سەرنجمدا تەماعکارییەکانی حکومەتی عێراق زۆر فراوانتربوون و کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی شاری هەولێر وەکو کەرکووك تەعریب بکەن، ئەوەبوو رژێم دەستیدایە ئاسانکاری بۆ هاوولاتییانی دانیشتووی شاری مووسڵ و دەوروبەری کەخانوو زەویوزار لەشاری هەولێر بکڕن و لەوێ کاسبی بۆ خۆیان بدۆزنەوە، لەبەرامبەریشدا کەوتە ئاسانکاری بۆ هاوولاتیی کوردی دانیشتووی هەولێر کەبۆ هەرکوێ بیەوێت باربکات و کورد بۆ هەولێر بارنەکات. ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ وتەقەلایەم (بەحوکمی پەیوەندییەکانم) کەدام بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ناومالم لەسلێمانییەوە بۆ هەولێر کەچی هەوڵەکەم شکستی خوارد، ئیتر دوای ئەوە زانیم کەئەم تەگبیرە بەفەرمانی بڕیارێکی مەکتەبی کاروباری باکوورەو بۆ ئەوە دانراوە کەرێگە بەهاوولاتیی کورد نەدرێت بۆ شاری هەولێر باربکات.

راستیان گوتووە ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە، چونکە ئەگەر رژێمی عێراق جەنگی کەنداوی هەڵنەگیرساندایە ئێستا دەستی

ئەعريب گەيشتبووە شاری هەولێری دێرین، بەڵام خوای گەورە بەزەیی بەکورددا هاتەوە.

کوردو ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس

ڕێکخستنەکانی مەکتەبی سیاسیی گرووپی بەڕێز مام جەلال(لەشەستەکاندا) ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لەوەی کورد نەچنە ریزی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس مەگەر بەژمارەیەکی کەم، هەتا دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کاتێك سەرکردایەتیی پارتی، لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبی بەعسدا ڕێککەوت بەناوی نزیکبوونەوەی ڕێکخستنەکانی هەردوو حزب لەپێناو چەسپاندنی برایەتیو پەیوەندیی دۆستایەتی لەنێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا. دوای ئەوە حکومەتی عێراق کەوتە بەکارهێنانی هەموو جۆرە گوشارێك بۆ ئەوەی کورد بچنە ریزی حزبی بەعسەوە، ئنجا دۆسیەیان بۆ هەموو ئەندامانی ڕێکخستنەکانی پارتی کردەوەو چەند ئەندامێکی کاراو چالاکی عەرەبی بەعسییان هەڵبژارد کەهەوڵبدەن زۆرترین ژمارە لەئەندامانی پارتی، بکەن بەبەعسی. لێرەدا کەمتەرخەمی نواندنی بنەماڵەی بارزانی بەرامبەر کادیرە حزبییەکانی پارتی لەدوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ گورزێکی کوشندەی بەگەلی کوردستان گەیاند کە لەئەنجامدا خەڵکێکی کەم لەئەندامانی پارتی لەو داوەی بەعس رزگاریان بوو.

- چالاکیی شارەزایانەی کادیرە بەعسییەکان بۆ ڕێکخستنی خەڵکی کورد لەریزی حزبی بەعسدا گەیشتە لووتکە، ئیتر وای لێهات لەهەموو جێیەك لەدەرگای ماڵی هەموو کوردێکیان دەدا، بەڵام خوای گەورە، ستەمکارانی کرد بەگژ یەکتردا. ئەوەبوو سەدام حسەین کەوتە گیانی هەرکەسێك کە لەکوردستاندا خراپەی کردووە، یان هەندێکی زیندانی کرد یان دووری

خستنەوە یان لەماڵی خۆیاندا دەستبەسەریکردن، وەکو تاوانکاری زۆردار شوکری حەدیسی کەبۆی نەبوو لەدەرگای حەوشەی ماڵی خۆی بترازێت. کەن ریراو یەکێك بوو لەوانەی رێکخستنی حزبی بەعسی هێنایە سلێمانی و رۆڵێکی گەورەی لەبڵاوکردنەوەی حزبی بەعس لەناو گەلی کوردستاندا بینی.

جا رێکخستنی حزبی بەعس، لەبەرئەوەی ئاواتی کورد بەدی ناهێنێت و بەزۆر بەسەریدا دەسەپێنرێت ئیتر ئەندامی کورد، دوای ماوەیەك بەجێی دێڵێت. رێکخستنی حزبی بەعس رێکخراوێکی سەرکوتکەری تیرۆریستە کار لەدژی هەموو بزاڤێکی شۆڕشگێڕی نیشتمانی و رزگاریخواز دەکات، ئەوەش لەپێناو کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتانی دراوسێ، هەروەها ئەگەر بۆی لوا جیهانیش داگیردەکات. تەنها ناونیشانی ئەم حزبە بەسە بۆ ئەوەی هەرکوردێك لەرێکخستنەکانی دەربکات با ماوەیەکی زۆریش ئەندامی بێت.

بەرێز سەدام حسەین کەئەو ژمارە خەیاڵییانەی بۆ دەچوو دەربارەی ئەو کوردانەی چوونەتە ریزی حزبی بەعسەوە لەخۆشییان وەختەبوو شاگەشکەبێت، نەیدەزانی یان خۆی لەوە گێل دەکرد کەئەمانە، ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر لەخاکی کوردستانیش دەریاندەکەن ، ئەوەبوو راپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ روویداو بەچاوی خۆمان بینیمان بەعس چی بەسەرهات و ئەوەی کورد بەسەر بەعسیدا هێنا، با بەدەواری شەڕی نەکردووە.

جارێکییان بەڕێز سەدام حسەین سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی کاتێك گوتم من بەعسی نیم. چونکە ئەو بەتەمابوو من پلەیەکی گەورەی حزبیم لەریزی رێکخستنەکانی حزبی بەعسدا هەبێت. بەڵام من هەرچەندە لەگەڵ

دامودەزگا ئەمنییەكانی بەعسدا كارم دەكرد ئەوەی هەبوو لەرووی ڕێكخستنەوە بێلایەن بووەو ئەوەی بەتەمابوایە بچێتە ریزی دامودەزگا ئەمنییەكانەوە بەرهەڵستیم دەكردو نەمدەهێشت ئەوەبكات، بەڵكو دوای ئەوەی لەسەر داواكەی هەتەر دەبوو، دەمبرد بۆ بارەگایەكی حزبی بەعس تاببێتە بەعسی. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە ٩٨٪ی ئەو كوردانەی ببوون بەبەعسی، لەكاتی راپەرینی ١٩٩١دا دژی حكومەتی عێراق وەستان.

سەرەتا خەڵكێكی زۆر لەكورد چوونە ریزی ڕێكخستنەكانی حزبی بەعسەوە، ئەمانە تێیاندابوو لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشێكی نوێی كورد لەدوای ئاشبەتاڵ، تەمابڕاو ببوون، هەندێكیان وای بۆ دەچوون كەهاوكاریكردنی دامودەزگا ئەمنییەكان جگەلەوەی بژێوی مسۆگەر دەكات لەهەمانكاتدا گێچەڵ پێكردن و بەڵای رژێمیشی لێدووردەخاتەوەو خۆی و خێزانی پارێزراو دەبن. هەندێكی تر كەعەودالی پارەو دەسەڵات بوو، بینی دەست تێكەڵكردن لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەكاندا كورتترین ڕێگەیەكە ئەو ئامانجانەی بێنێتەدی. بەڵام ئەوەی لەهەموو جۆرەكانی‌تر نالەبارتربوو ئەوەبوو كەكاتێك چووە ریزی دامودەزگا ئەمنییەكانەوە وەك سەگی هاری لێهات بەربووە گیانی كورد. هەشبوو بەسەربەرزی مایەوەو ملی بۆ رژێم دانەخست و هەتادوا هەناسە بەرگری كردو ژیانی خۆی لەپێناو كوردو كێشەی ڕەوای گەلەكەی بەختكرد. ئەوەی راستیش بێت ئەم جۆرەی دوایی، خودی دەسەڵاتدارانی رژێمیش سەریان لێیان سووڕما، چونكە مرۆڤی نیشتمانپەروەرو سەركەش وەكو خۆر وایە، پرشنگی لەكەس شاراوە نییە مادەم ڕێگەی راستی گرتۆتەبەر. بۆ نموونە دوای ئاشبەتاڵ، وەكو نوێنەرێكی دەوڵەت چاوم بەو سەركردەو

سیاسەتمدارانە دەكەوت كەدەگەڕانەوە بۆ عێراق، یەكێك لەوانە تێكۆشەری خوالێخۆشبوو سالح یووسفی بوو كە لەئوتێلی كیلۆپاترە چاوم پێكەوت، لەو دیدارەدا رەحمەتی ئەوەندە توند بوو دەتگوت نوێنەری ئەو شۆڕشەی كوردە كەهێشتا ئاشبەتالی پێنەكراوەو بۆ ئەوە هاتووە رێككەوتنێك دەربارەی چارەسەركردنی دۆزی كورد سازبدات.

گفتوگۆكانم لەگەڵ شەهید سالح یووسفی بەدووردرێژی بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی گێڕایەوە، حەپەسانم زیاتربوو كاتێك گوێم لەبەڕێوەبەربوو گوتی: ئەگەر سالح یووسفی لەجێی مەلا مستەفا دەبوو ئەمە بەسەر كورددا نەدەهات بەلام تازە كار لەكار ترازاوە، چونكە دوای رووخانی شۆڕش ئیتر ئەم پیاوە لەتوانایدا نییە ئەوەی رماوە هەڵیبسێنێتەوە.

دەربارەی پاڵەوانی كۆچكردوو عەلی عەسكەری، بەڕێوەبەری بەشی سیاسی لەبەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی دوای ئەوەی دیدارێكی لەگەڵ خوالێخۆشبوودا سازدا گوتی: ئەم پیاوە بەراستی شایەنی رێزلێنانە، ئەگەر ئەم سەرۆكی بزوتنەوەی كورد بوایە، بەهۆی توندییەكەی زۆر زەحمەت دەبوو گفتوگۆی لەگەڵدا بكرێت، بەراستی شایەنی رێزە.

بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازیش دەربارەی شەهید دكتۆر خالد حەمە سەعید گوتی:ناردبووم بەشوێن خالد حەمە سەعیددا كەچەند پرسیارێكی لێبكەم، بەلام سەیرمكرد بەرامبەر ئەو كەسایەتییە بەهێزەو بڕوای پتەوی بەكێشەكەی، ناچارم رێزی لێبگرم، بۆیە راپۆرتێكم دەربارەی بیروڕایەكانی بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد بەرزكردەوە،

ـەڵی خۆشمدا وام لێکدایەوە کە جوان نییە جارێکیتر بەدوویدا
ـێنەوە بەڵکو پێویستە بەخۆی بچێ بۆ ماڵی یان بۆ شوێنی کارەکەی..

ـەربارەی ئەندامەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانیش
ـەحوکمی لەسێدارەدانیان دەرچوو، دادوەری لێکۆڵینەوە پێمی گوت: (
ـکە رەفیق لەنێوان خۆماندا بێت، ئەم تاقمە شایەنی لەسێدارەدان نین،
ـیاو هەرئەوەندەی لەدەست دێت شانازی بۆ ئەو رۆشنبیرییە فراوانەو
ـگیانی شۆڕشگێڕییەیان بکات ، بڕواشم پێبکە بەش بەحاڵی خۆم
ـیندانیشیان پێرەوا نابینمو ئەوەی لەتوانامدا بێت دەیکەم بۆ
ـزگارکردنیان، چونکە ئەمانە سوودیان بۆ گەلی کوردستان دەبێت.
ـەبارەیانەوە قسەم لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیکردووە کەچی گوتی:
کێشەکەیان بەدەست بەڕێز جێگری سەرۆکە... تەنها ئەو بڕیار لەسەر
چارەنووسیان دەدات .

خوێنەری بەڕێز سەرنجی ئەم هاوسۆزییەی دەسەڵاتداران بدە بەرامبەر
ئەو بەناو تێکدەرانە، لەلایەن کێشەوە؟ دادوەرێکی لێکۆڵینەوەی ئاسایش
بەو شێوەیە باسی شەهابو جەعفەرو هاورێکانیان دەکات، ئەمەش تەنها
لەبەر ئەوەبووە کەگیانی نیشتمانپەروەریو فیداکاری لەپێناو گەلی
کوردستان لەناو ئەوانەدا بینیوە دوور لەهەر جۆرە دەست تێکەڵکردنو
خیانەتکارییەك...جا ئازایەتیو جوانمەردی لەهەموو ئانو سەردەمێکدا
جێی خۆی لەهەموو دڵێکدا کردۆتەوە.

وەزارەتی ئەوقاف

هەمیشە تەنسیق لەنێوان وەزارەتی ئەوقافو خەیروڵڵا تلفاحدا هەبووە
چونکە ناوبراو هەرچەندە وەزیری ئەوقاف نەبوو، بەڵام هەمیشە ئاگاداری

وردودرشتی کاروباری ئەم وەزارەتە بووەو لەبارەی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارە جۆربەجۆرەکان، تەنها قسەی ئەمی دەخوارد.

وەزارەتی ئەوقاف هەندێك جار خەیروڵلاّ تلفاحی لەوە ئاگادار دەکردەوە کە ئەو مەلایانە ئاشکرا دەکات کەهاوکاریی ڕژێم دەکەن، ئەوەش بەوەی بەئاشکرا پێیان دەڵێت : (تۆ سەر بەئێمەیت)، تەنانەت جارێکیان مەلا عەلی عەبدولعەزیز، لەوەزارەتی ئەوقاف شکاتی لێکردبوو کەدەبێتە مایەی ئاشکراکردنی لەناو جەماوەردا. جا ئەو مەلایەی ملی بۆ فەرمانەکانی ڕژێم دادەخست خەیروڵلاّ تلفاح بەشێخ ناوی دەبردو دەیگوت: (ئەو مەلایەی شەرم لەمێزەرە سپییەکەی نەکات دەبێت ئاشکرا بکرێت). مەلاکان دەبوایە هاوکاری ڕژێم بکەن، ئەوەی وتاری هەینی هەبوایە دەبوایە هیچ نەکات هەتا وتارەکەی بەچاپکراوی لەلایەن بەعسەوە بۆ دەهات کەدامودەزگا ئەمنییەکان سەرپەرشتی ئەم کارانەیان دەکرد.

زۆرم دەربارەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ نووسیوە (بڕوانە هەرسێ بەرگی کتێبەکەم: کورد دژمنی خۆت بناسە) بەلاّم دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان دەسەلاّتداریەتیی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕشدا(١٩٧٤)، ئەلبەکرو سەدام کەوتنە کارکردن بۆ قایلکردنی گەلی کورد بەوەی گوایە ئەو شەڕە، دژی دەستەیەکی تێکدەرەو ئەوانیش (حزبی بەعس) دان بەسەرجەم مافە ڕەواکانی گەلی کورددا دەنێن، بۆیە دەستیاندایە دامەزراندنی ناوەندو دەزگاکانی بەناو ئۆتۆنۆمی کە بەلایانەوە خۆی لەهەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن(المجلس التشريعي والمجلس التنفيذي)دا دەبینییەوە، هەروەها چەند وەزارەتێك بۆ کورد دابنرێت بەوەی کەسایەتیی بەرەگەز کورد بیگرنە دەست. دەربارەی ئەو وەزیرانە، لەگەڵ داوای لێبوردندا دەڵێم ئەمانە لەڕووی

خزمەتکردنی کوردێکی نیشتمانپەروەریش دەستەوسان بوون، وەك ئەوەی نیشتەجێی بکەن یان بژێوی دەستەبەر بکەن، یان بۆ نموونە لەفەرمانگەیەکدا دایەزرێنن، یان تەنانەت کوردێکی نیشتمانپەروەر لەزیندانو گرتووخانەکانی بەعس ئازادبکەن ، بەلاّم لەهەمانکاتدا هەمیشە دەستی بالاّیان هەبووە بۆ وێرانکردنی هەر گوندێکی کوردستان لەبەر هەر هۆیەك بێت، یان فەرماندان بەجێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی دەیان کەس لەرۆلّە بەشەرەفەکانی کوردستان. لەولاشەوە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانو ئەنجومەنی راپەراندن، پالاّوتنو هەلّبژاردنیان بەفەرمانی مەکتەبی کاروباری باکوورو تەزکیەی دامودەزگا ئەمنییەکان بوو هەرچەندە هەندێك لەو ئەندامانە هەولّیاندا مل بۆ ئەو دامەزراندنە نەدەن، بەلاّم کێ پرکێشی دەکات فەرمانی بەرێز جێگر(سەدام حسەین) بشکێنێت، چونکە ئەوکاتە رێککەوتنێك لەنێوان حزبی شیوعیو حزبی بەعسدا هەبوو کەبەرەیەکی هاوبەشیان پێکهێنابوو، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەشیوعییە کوردەکان، بوون بەئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانو ئەنجومەنی راپەراندن کە لەگەلّ رێزی زۆرم بۆیان، ئەوانیش وەکو وەزیرە کوردەکان، لەرووی خزمەتکردنی رۆلّەکانی گەلی کوردستان دەستەوسان بوونو خاك بەدامەنی ئەوەی ئارەزووەکانی حزبی بەعسی پشتگوێ دەخست یان فەرمانێکیانی جێبەجێ نەکردایە. بۆ نموونە رژێمی عێراق، خوالێخۆشبوو شاکر فەتاحی تەنها لەبەرئەوە کوشت کەشتێکی گوتبوو بەدلّی حزبی بەعس نەبوو. یان شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی، سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان، بەهۆی کەمتەرخەمیکردنو ملنەدانی بۆ ئارەزووەکانی حزبی بەعس لەکۆرێکی رۆژنامەوانیدا کەبۆی گیرابوو، بەپلەی تێبینەر خانەنشین کرا. ئنجا پێویست ناکات بلّێم وەزیرەکان

یـاخود بریکارەکانیـان یـاخود کارمـەندەکانی هـەردوو ئەنجومـەنی یاسـادانان و راپـەڕاندن کەدەسـتیان لەگـەڵ دامودەزگـا ئەمنییـەکاندا تێکەڵبوو لەوان باشتر بوون چونکە هەموو خۆشی و رابواردنێکی ئەم دنیایەیان بۆ مسۆگەر کرابوو بەڵام ڕێزو سەربەرزی خۆیان دۆڕاندبوو.

ئەو کوردانەی هاوکاری رژێم بوون

دوای ڕووداوەکانی کوردستان وەکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١و کۆڕەو، هـەروەها دیـاریکردنی ناوچـەی ئـارام و دانـانی هـێزی هاوپـەیمانان لەئەنچـەرلیك، پاشـان هـەڵبژاردنی پەرلـەمان(١٩/٥/١٩٩٢) و پاشـتر و لەهـەمان سـاڵدا پێکـهێنانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، هاوکـارو دەستوپێوەندەکانی رژێم لەخەڵکی کورد، بوون بەچوار بەشەوە:

١ . ئەوانـەی لەسـەر خـەیاڵ دەژیـان و چاوەڕێیـان دەکـرد بـەعس بگەڕێتەوەو دەسـت بەسـەر کوردسـتاندا بگرێتـەوە، ئەمـەش بۆ ئـەوەی پلەوپایەی ئەوسایان دەست بکەوێتەوە کەئەمانەش لەلای خۆیانەوە سێ جۆر بوون:

ا ـ ئەوانەی دەستیان بەخوێنی شەهیدانی ڕێگەی رزگاریی کوردستان سورببوو.

ب ـ ئەوانـەی فەرموودەکـەی خـوای گـەورەیان بەسـەردا دەسـەپێت کـە لـەقورئاندا فەرویـەتی ﴿ واذا لقوا الذين امنوا قـالوا امنـا واذا خلـوا الى شياطينهم قالوا انا معكم انما نحن مستهزءون ﴾ (البقرة: ١٤) ، چونکە ئەمانە هەلومەرجێکیان بۆ خوڵقاوە لەگەڵ تەماعکارییەکانیاندا ناگونجێت کەتەنـها بەکۆکردنـەوەی پـارە کۆتـایی نایـەت. ئەمانـە توانیویانـە هاوسـەنگییەکی نابەرامبـەر پێکبێنـن، ئەوسـا بـەڕێژەی ٨٠٪ هاوکـاریی دامودەزگـا ئەمنییـەکانیان دەکـردو بـەڕێژەی ٢٠٪ پـەیوەندییان لەگـەڵ

...زوتنەوەی کوردیدا هەبوو کەدەیانویست نەکەونە کێشە لەگەڵ
...نیشداو ئەویش دژایەتی نەکردن. جا هەموو هۆشمەندێك چاك و خراپی
... جیادەکرێتەوە.

ج . ئەوانەی لەدامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا پۆست و پلەی ئیدارییان گرتە
دەست، ئەمانە تەنانەت ئەگەر بزووتنەوەی کوردیش لێبوردنیان بۆ
...ەربکات بەڵام گەلی کوردستان خۆشی ناوێن، چونکە ئەم تاقمە بۆ ماوەی
چەند دەهەیەك، لەبەرامبەر ئێش و ئازارەکانی گەلی کوردستاندا
بێبەلوێست بوون و شتیان لێبینراوە کە لەبیر ناچێتەوە.

٢ ـ ئەوانەی کوردستانیان لەترسان بەجێهێشت نەبادا دەستی تۆڵەی
کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بیانگاتێ لەپای ئەو تاوانانەی ئەنجامیان
دابوو.

ئەمانە ناوبەناو دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ سەردانیی کەسوکاریان،
بەڵام وەکو غەریبە وان، چونکە هەرچەندە رێزی شایستەی میوانیان
لێدەنرێت(چونکە مافی پەنابەرییان لەهەندەران وەرگرتووەو پارەدارن)
بەڵام خەڵك ئەو بایەخەیان پێنادات.

٣ ـ ئەوانەی بەئارامی و هێمنی لەکوردستاندا دەژین و کۆمەلانی خەڵکی
کوردستان ئەوپەڕی رێزی شیاویان لێدەنێت لەسۆنگەی ئەو خزمەتانەی
لەرۆژانی سەختدا پێشکەشیان کردن لەکاتێکدا ئەوان لەلووتکەی
دەسەلاتیاندا بوون، ئەمانە ئێستا هەندێکیان لەبازاڕ کاسبی دەکەن و
هەندێکی‌تریان لەدامودەزگا رەسمییەکانی حکومەتی هەرێمدا پۆستی
ئیدارییان بەدەستە.

٤ ـ جۆرێکی‌ترمان هەیە کەئەگەر دەسەلاتیان هەبێت ئەوە لەدڕندەییدا
وێنەیان نییە، خوا پشتیان نەدات. ئەمانە بەپێی فەرمانەکانی دامودەزگا

ئەمنییەکان لەکوردستاندا ماونەتەوەو وەکو ڕۆبۆت فەرمانی ئەواز جێبەجێ دەکەن. نە هەستی نیشتمانییان هەیە نە هەستی مرۆیی. ئامادەن هەموو فەرمانێکی ڕژێم جێبەجێ بکەن ئەوەش لەپێناو سێ شت:

ا - ئارەزووی بێسنووریان بۆ کۆکردنەوەیماڵو سامان بەزووترین کات.

ب - مێژوویەکی ئەوەندە ڕەشو ڕسوایان بەرامبەر گەلی کردستان هەیە کە لەتاریکیدا(وەکو شەمشەمەکوێرە) نەبێت هەڵناکەن، چونکە ئەمانە ڕووناکیی ئازادی، کوێرایيان دادێنێت بۆیە هەمیشە دژی ئازادینو لەگەڵ کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستاندا نایانکرێت.

ج - یەکێك لەڕێوشوێنەکانی دەزگای موخابەرات دوای دەستگیرکردنی کەسێك یان خزمێکی ئەوکەسە، بادانی باڵیەتی، بەشێوەیەك کەزیرەکانە تەگبیری بۆ دەکرێت بێئەوەی لەخوابترسن یان شەرم لەخۆیان بکەن، دەبینین کاری وای بەسەر دێنن کەئێش بەدڵی بگات تاخواستەکانیان بێنێتەدی... بەڵام لەخوا بەزیادبێت ژمارەی ئەو کوردانەی هاوکاریی دامودەزگا ئەمنییەکان دەکەن، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

ژمارەیەکی کەم لەکادیرانی بەعس(عەرەب) هەبوون کە بەراستی خزمەتی گەورەیان بەکورد گەیاندو هەوڵیاندەدا کێشەی کوردی چارەسەر بکەن، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٤ کاتێك سەدام حسەین دۆسیەی کوردی گرتە دەست هەموو ئەوانەی لەدەسەڵات دوورخستەوەو هەندێکی دەستبەسەرکراوەو ئەوەیتر پۆستێکی گەورەی بەدەستە بەڵام بێئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت چونکە لەفەرمانگەیەکدا لێپرسراوی کارگێڕییە!

دوای ڕزگارکردنی جەزائیر، ئەوانەی هاوکاریی ڕژێمی کۆلۆنیالیستیان کردبوو و هەڵوێستی خیانەتکارانەیان هەبوو وڵاتیان بەرەو فەڕەنسا

بەجێهێشت کەتا ئەمڕۆ گیروگرفتێکی گەورەیان پێکهێناوە لەمیانەی پەیوەندییەکانی نێوان جەزائیرو فەرەنسا بۆ گێڕانەوەیان بۆ جەزائیر.

ئەوساوئێستاشی لەسەربێت، دووبەرەکی نانەوە کاریگەرترین چەك بوو کەحوکمەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دژی گەلی کوردستان و براقە رزگاریخوازییەکەی بەکاریان هێنابێت. هاوکات زۆر هۆکار پاڵیان بەهەزاران کوردەوە ناوە کەبۆ دەرەوەی وڵات کۆچ بکەن، ئێستاش کەیازدە ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕیوە کەچی کۆچکردن هێشتا بەردەوامە، ئەوانەش کەبیر لەگەڕانەوە بۆ کوردستان دەکەنەوە، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. تۆبڵێی کاتی ئەوە نەهاتبێت ئاوارەکانمان بیر لەو هەلومەرجە نوێیەی کوردستان بکەنەوە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سەدام حسەین؟ ئایا بیریان لەکەشی گونجاو نەکردۆتەوە کەئارەزووی ئاوارە بێنێتەدی و وای لێبکات بگەڕێنەوە بۆ وڵات؟ من وای دەبینم گۆڕانکاریی دەسەڵات لەعێراقدا، تەنهاو بەپلەی یەکەم خزمەت بەهاووڵاتیی چەوساوەی کورد دەکات کەلەوەتەی بووە خەبات دەکات، لەهەمانکاتدا زیان بەتەنها بەتاوانکارانی جەنگ دەگەیەنێت کەبوون بەمایەی چەرمەسەری و دەربەدەری بۆ کورد، ئەمانە ڕۆژیان دێت و هەروەکو حەزرەتی لووط پێغەمبەر فەرموویەتی: ﴿ الیس الصبح بقریب ﴾!

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لەئێران هاتنەدی بەهۆی ڕووخانی دەسەڵاتی شا لەئەنجامی شۆڕشی مەزنی ئێران، ئەو کوردە ناودارانەی لەئێران دەژیان گەڕانەوە عێراق و لەلایەن دەسەڵاتداریەتیی عێراقەوە بەپێزانین و ڕێزلێنانەوە پێشوازییان لێکرا. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ یش لەکوردستانی باشوور، بەشێکیتریان گەڕانەوە بۆ کوردستان و خودی

بەڕێز مەسعوود بارزانی بەوپەڕی ڕێزلێنانەوە پێشوازیی لێکردن، بەڵام یەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی کورد کەنەگەڕایەوە بۆ کوردستان ، عەبدولوەهاب ئەتروشیبوو.

دەربارەی ئەو ناپاکە بەکرێگیراوانەی کورد کەکار بۆ موخابەرات دەکەن و بۆ هەل دەگەڕێن زیان بەکوردستان بگەیەنن: زەحمەتە بناسرێن و ئاشکرا بکرێن مەگەر بەرێکەوت یان بەلێهاتوویی پیاوانی ئاسایش کەخۆیان بۆ خزمەتکردنی کوردستان تەرخانکردووە یان لەڕێی سەرانیانەوە ، بۆ نموونە کە لەبەندیخانەی موخابەرات بووم، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا سەرم سووڕما کاتێك ئەو ناوە نهێنییەمیان بەڕوومدا دایەوە کە لەمیانەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ بارزانیدا هەمبوو کاتێك ڕاوێژکاری کاروباری باکوور (کوردستان) بووم لای بەڕێز سەدام حسەین، ناوە نهێنیەکەم (بەیرووت مارتینس)بوو، تەنها منو مەسعوود بارزانی دەمانزانی!

لەساڵی ١٩٤٦ەوە بەتایبەتی لە ١٩٧٥/٧/٥ەوە، بنەماڵەی بارزانی، تاکە سیمبوڵی خەباتی کوردایەتیبوون لەسەرانسەری کوردستاندا، شایەدیدانیان لەڕووی تەزکیەکردنی کەسێك وەکو نیشانەیەکی شانازیبوو کە لەتۆماری مێژووی کورددا تۆمار دەکرا، بەڵام دوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ هەروەها ئەو ناپاکییە مێژووییەیان کە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا خۆیان خستە باوەشی سوپای عێراق تاکوردستانی ئازاد داگیر بکات کە لەئەنفالە بەدناوەکان دژوارتربوو، ئیتر بنەماڵەی بارزانی وایان لێهات ئەوان پێویستیان بەتەزکیەکردن بوو لای گەلی کوردستان تا لێیان ببوورێت. لەوانەیە خوێنەری بەڕێز کەئەمە دەخوێنێتەوە بزە بیگرێتو لەبەرخۆیەوە بڵێت ئەمە چۆن دەبێت لەکاتێکدا بنەماڵەی

بارزانی زیاتر لەنیوەی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردووەو سامانێکیان لەژێردەستدایە کەدەوڵەتانی دراوسێ خەونی پێوە دەبینن. بەڵام عن دڵنیاتان دەکەم کەبەردەوامبوونی واقیع هەتا سەرنابێت، چونکە مادەم بۆ پێش خۆت نەچۆتە سەر، ئەوە بۆ تۆش ناچێتە سەر.

بڕواش ناکەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەهۆی ئەو چەرمەسەری و نەهامەتییانەی بەسەریاندا هاتووە ناوو روخساری لێپرسراوانی ئەنجومەنی یاساداناو ئەنجومەنی راپەڕاندنی لەمەڕ دەزگای ئۆتۆنۆمی لەبیربچێتەوە کە ئەمڕۆ لەدامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا پۆستیان بەدەستە. کەسیش هەڵوێستی ئیجابیی ئەو بەڕێزانەی کوردی لەبیرناچێتەوە کەلەگەڵ ئەوەی هاوکاریی حکومەتی عێراقیان دەکرد بەلام خزمەتی هێژایان بەگەلی کوردستان گەیاند، وەکو بەڕێزان شێخ ئەحمەد نەقشبەندی، مامۆستا بابەکر مەحموود ئاغای پشدەر، مامۆستا سیروان عەبدوڵلا بەگی جاف. ئەمانە هەڵوێستی مەردانەیان هەبوو کە لەبیرناچێتەوە هەرچەند لای رژێم پۆستی گەورەیان هەبوو.

گەشتوگوزار، چەکی کوشندەی دەستی مەکتەبی کاروباری باکوور بۆ سەرکوتکردنی کورد :

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار لەسەردەمی پاشایەتییدا دامەزرا، ئەو کاتە رژێم بایەخی زۆری بەهاوینەهەواری سەلاحەدین دا بەهۆی تایبەتمەندییە تەندروستییەکانی بۆ پاراستنی لەشساغیی پاشا کەنەخۆشیی تەنگەنەفەسی هەبوو .

ئەوکاتە لەهاوینەهەواری سەلاحەدیندا حەوت خانووی گەورە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دروستکرا لەگەڵ کۆشکێکی تایبەت بۆ خاوەن شکۆ پاشا، هەروەها بیست و یەك خانوویتر بۆ دەستوپێوەندو

یاوەرو کارمەندو پاسەوانان دروستکرا لەگەڵ ئۆتێلی پیرمام و گازینۆیەك بۆ گەشتیاران، ئنجا کاربەدەستان دوای ماوەیەك کەوتنە بایەخدان بەسەری رەش و زاویتەو چەند شوێنێکی تر کەشاوینەهەوار بوون.

حزبی بەعسیش لەوەتەی خۆی بەسەر گەلی عێراقدا سەپاندووە بایەخێکی زۆری بەبواری گەشتوگوزار داوە کەئەمەش لەپێناو چەند شتێکدا بووە، چونکە بەرێزان ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سالح مەهدی عەمماش و سەدام حسەین، هەر لەساڵی ١٩٦٩وە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کەمەسەلەی گەشتوگوزار بۆ سەقامگیرکردنی دەسەلاتی زۆرداریان و کۆنترۆڵکردنی گەل بەکاربێنن ئەوەش لەژێر دروشمی دەستەبەرکردنی ئارامی و خۆشیی هاوولاتیی کوردو خولقاندنی کەشێکی وا بۆی کەچەرمەسەرییەکانی رابردووی لەبیربچێتەوە بەشێوەیەك کەلەگەڵ لێبووردەیی و نەرمونیانی و ئایدۆلۆجیای بەعسی دەسەلاتداردا بگونجێت، بۆیە سەرانی رژێم، هەموو رێوشوێنێکی پێویستیان بۆ بواری گەشتوگوزار لەسەرانسەری عێراقدا دەستەبەرکردو لەئەنجامی بواری گەشتوگوزار نەشونمای کردو بوو بەچەکێك لەگازی خەردەل و V.X مەترسیدارتر دەرچوو لەسەر گەلی کوردستان. ئەم بارەش هەتا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو.

ئەرك و بایەخدانی سەرەکیی مەکتەبی کاروباری باکوور راکێشانی کەسایەتییە سیاسییەکان بوو کەسەرۆکی عێراق(سەدام حسەین) لێیان دەترساو هەمیشە بەتەمای ئەوەبوو پشتی هەندێکیان بشکێنێت یان هەندێکیان بەزەبری هەرەشەو ئابڕووبردن و ناوزڕاندن ناچاربکات دەست لەگەڵ رژێمدا تێکەڵ بکەن.

بۆیە زۆربەی کارمەندانی بنکە گەشتوگوزارییەکان(لەژن و پیاو) سەر بەدەزگای موخابەراتن. بۆ نموونە ناوەندەکانی رابواردن و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەو بنەکانەی گەشتوگوزاردا لانەی پیاوخراپان بوو، وەکو کوافیرەکانی ژنان کەهەلدەستان بەوێنەگرتنی هاوسەری کەسایەتییە سیاسییەکان لەباری سێکسیدا یان لەکاتی دواندنیاندا ئنجا بەکارهێنانی ئەو وێنانە بۆ ناچارکردنی ئەو ژنانە تا هاوکاریی دەزگای موخابەرات بکەن بۆ ئەوەی هەواڵی هاوسەرەکانیان بەدەزگا ئەمنییەکان بگەیەنن یان تەنانەت ژەهراویکردنیان. هەمان شت لەگەڵ سیاسەتمەدارەکاندا بەکاردەهێنرا کەکامێرای شاراوەیان لەژووری ئۆتێلەکاندا بۆ دادەنان و کچیان بۆ دەکردنە ژوورەوە تا دەستیان لەگەڵدا تێکەڵ بکەن کەوێنەکەیان نیشان دەدرایەوە زۆرجار لەمەراقان دڵیان دەوەستا! یان بەلێزانیینەوە قومارخانەکانیان بەکاردەهێنا بۆ رووتاندنەوەی ئەو جۆرە کەسانە پاشان ناچارکردنیان بۆ قەرزکردن بەمەش پشتیان دەشکاندن ، یان ئەو کەسەیان سەرخۆش دەکرد یان بەماددەی بێهۆشکەر خەویان لێدەخست ئنجا لەسەر چەند بارێکی نەشیاو، بەخەوتوویی وێنەیان دەگرت، یان بەزۆر دەستدرێژییان دەکردە سەر شەرەفی هاوسەری هەندێك کەسایەتی کەدیارییان دەکرد. هەموو ئەم رێوشوێنە دوور لەرەوشت و نامرۆڤانەیە لەلایەن دەزگای موخابەراتەوە بەکاردەهێنرا کەپیاوەکانیان لەبنکەکانی بەڕێوەرایەتیی گەشتوگوزاردا کاریان دەکرد. شایەنی باسە کەئەم پێڕەوە بیژۆکانە تا ئەمڕۆ لەلایەن زۆربەی دامودەزگا موخابەراتییەکانی دەوڵەتانی جیهان بەکاردێت و بۆتە چەکێکی کاریگەری دەستیان بۆ سەرکوتکردن و هەڵسووڕاندنی کەسایەتییە ناودارەکان بەو ئاوایەی کەموخابەرات دەیەوێت.

لەکوردستانی خۆشەویستیشماندا، خوا پایەداری بکاتو خەڵکە باشەکەی بۆ بپارێزێت، خەڵك بایەخێکی زۆر بەزیندوکردنەوەی جەژنی نەورۆز دەدەن کەدەبینین خێزانەکان دەچن بۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکانو سەر چەمو رووبارەکانو بناری شاخەکان، لەوێ رۆژگار بەخۆشی بەسەر دەبەن، هەڵدەپەڕن، چییان بەدڵ بێت دەیخۆن بێئەوەی کەس لەکەس بکەوێتو بەدەگمەن دەبیستین رووداوێکی نابەجێ رووبدات کەسەرو دڵی خێزانە سەیرانکەرەکان تێکبدات.

دەزگای موخابەراتو وەرزش

عێراق ماوەیەکی بەخۆیەوە بینی تێیدا بێزاری وبێتاقەتی، هەموو دانیشتوانی گرتبۆوە بەتایبەتی دانیشتوانی بەغدادی پایتەخت. بەرێز سالح مەهدی عەمماش مەسەلەی وەرزشی هێنایە ئاراوە بۆ ئەوەی خەڵك خەریكو خەرکاو بکاتو بیرو هۆشیان لەمەسەلە نیشتمانییەکان دووربخاتەوەو هاووڵاتیی عێراق لەسیاسەت دووربکەوێتەوە ،ئیتر پیاوانی ئاسایش دەستیانکرد بەپڕوپاگەندەکردن بۆ پاڵەوانی جیهانیی بەرەگەز عێراقی، عەدنان قەیسی کەماوەیەك کەهەستو هۆشی خەڵکی کۆنترۆڵکردو وای لێهات ئەوەی بۆی نەکرایە بێت بۆسەیری پاڵەوانبازییەکان لەیاریگاکاندا، بەتەلەفزیۆن سەیری دەکردو هەموو سەریان سوورمابوو کەدەیانبینی عەدنان قەیسی، زۆرانبازی لەگەڵ پاڵەوانانی جیهان دەکات وەکو جۆ فرێزیو هیتر بێئەوەی بزانێ ئەوە هەمووی فێڵو کەڵەك بوو چونکە خۆیان لەگەڵ پیاوانی موخابەراتدا رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی براوەو دۆڕاو، کێ دەبێت!

لەکۆتاییدا بەرێز ئەحمەدد حەسەن ئەلبەکر دڵنەرمی خۆی نیشاندا کاتێك کۆتایی بەم سیناریۆ ساختەیە هێناو بڕیاریدا عەدنان قەیسی،

ـاوەیەکی دیاریکراودا خاکی عێراق بەجێبێڵێت و ئەویش بەیەکجاری
عێراقی بەرەو ئەمریکا بەجێهێشت و ئەمریی پاڵەوانییەتییەکی ساختەی
ـەوا بەجێما ...خوا رووڕەشی بکات.

موخابەرات، مەلهاکان بەڕێوە دەبات

جارێکیان گەورە لێپرسراوێکی دەزگای ئاسایشی ناوچەی باکوور(...) بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگهێشتی کردم بۆ (ملهی المسبح) لەبەغدا، ویستی پەلەبکات و لەکاتی بڕینی بلیتەکان پێشم بکەوێت بەلاّم من رامگرت و داوام لێکرد لەدەرگای پشتەوە بچینە ژوورەوە، ئەویش سەری لەو کارەم سووڕماو داوای روونکردنەوەی لێکردم. بەپێچەوانەی ئەوەی ئەو دەیویست، پەنایەکی چەپەکم هەڵبژاردو لێی دانیشین و نەمهێشت بانگی بۆیەکە بکات کە بەپێی پلە بەرزەکەی ئەم خزمەتمان بکات، ئیتر بۆیەکە وەك هەر هامشۆکەرێکی ئاسایی کەدێتە مەلهاکە، خزمەتیکردین. کچێکی سۆزانیش ویستی بماندوێنێت و لەگەڵماندا دانیشێت بەلاّم من پێیدا هەڵشاخام کەلێمان دووربکەوێتەوە. لێرەدا برادەرەکەم خۆی بۆ نەگیراو بەڕوومدا تەقییەوە، گوتی: ئەرێ کاك رەفیق چیتە؟ بۆچی بەم شێوە سەیرە رەفتار دەکەیت؟ منیش بەدەنگێکی نزم بۆم روونکردەوە کەئەوانەی لەوێ کاردەکەن، هەر لەدەرگاوانەکەوە هەتا کچە سۆزانییەکە، سەر بەموخابەراتن.

ئەم پیاوە یەکێك بوو لەجەللادەکانی بەعس کە لەدامودەزگا ئەمنییەکان لەکوردستاندا کاری دەکرد، ژمارەیەکی زۆری لەخەڵکی بێتاوان بەکوشتن دابوو، هەموو کارێکی کوشتن و لەناوبردنی گەلی کوردستان بوو لەکاتێکدا لەبەغدا، لەبەردەم دەسەلاّتی سەدام حسەیندا دەسەلاّتی مێشوولەیەکی نەبوو.

جارێکی تر لەگەڵ بەڕێز ڕەشید عارف، بانگێشت کرابووین بۆ مەلهایەك لەبەسرە کەپیاوێکی‌ترمان لەگەڵدابوو، ئەوەندەی پێنەچوو یەکێك لەبۆیەکان بوو بەقڕەی لەگەڵ کابرای سێیەمماندا و بردیان بۆ گرتووخانە. بۆ بەیانی ئێمە چووین بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش لەبەسرە تا ئەو برادەرمان بەر بدەین، بینیمان ئەو بۆیەی کەبرادەرکەمان شەڕی لەگەڵدا کردبوو ئەفسەری دەزگای موخابەراتەو دەبێت تکای لێبکەین بۆئەوەی برادەرەکەمان ئازاد بکرێت دەنا تووشی ڕۆژە ڕەشی خۆی دەبێت، ئینجا زۆر بەزەحمەت توانیمان برادەرەکەمان لەژێر چنگی پیاوانی موخابەرات دەربکەین.

پیاوانی دەزگای موخابەرات سڵ لەهیچ شتێك ناکەنەوە، تەنانەت بواری دیپلۆماسیش بەو تایبەتمەندیی خۆپارێزییەی کەئەندامەکانی هەیانە، لەدەستی پیاوانی موخابەرات ڕزگاریان نابێت.

کەسایەتییەکی سیاسەتمەداری ناسراوی کورد بۆمی گێڕایەوە لەگەڵ برادەرێکی عەرەبدا کەپۆستی سکرتێری یەکەمی هەیە لەباڵوێزخانەیەکی عێراق لەیەکێك لەدەوڵەتانی کەنداو، ئەمانە لەگەڵ دوو کچی سۆزانیدا لەشوقەیەکدا، شەوێکیان بۆ خۆیان ڕادەبوێرن لەناکاو پۆلیسی ناوخۆ بەچەکەوە بەسەر شوقەکەدا دەدەن. برادەرەکەم دوای ئەوەی پێناسەی دیپلۆماسیی خۆی دەنوێنێت گوایە خۆپارێزیی دیپلۆماسی هەیە بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن و بەئوتومبێلی موخابەرات دەیبەن بۆ جێیەکی تایبەتی. کاتێکم زانی ئەو برادەرەم بەتەلەفۆن هاواری بۆ دەبردم کەرزگاری بکەم. بەپەلە چووم بۆ بنکەی پۆلیس کەلەوێ گوتیان گوایە بەریانداوە، منیش چووم بۆ شوقەکەی کەئەویش مەسەلەکەی بەوردی بۆم باسکرد، گوتی: کاتێك پۆلیس دای بەسەرماندا بینیم یەکێك لەکچەکان

تەلەفۆنی بۆ شوێنێك كردو تەنها گوتی (هەموو شتێك تەواو بووە) پاشان خستمیانە ناو ئۆتومبیلێكی تایبەت و گەیاندمیانە بەردەرگای شوقەكەم.

. بەڵام برادەرەكەم دیار نەماوە: منیش تا ئێستا نەموێراوە ئەم مەسەلەیە لای كەس باس بكەم جگە لەوەی كەسیش باسی نەكردووە.

خوێنەری بەڕێز: لێرەدا دەمەوێ هەندێ رووداو بێنمەوە كە بەسەر چەند كەسایەتییەكی عەرەبدا هاتووە لەوانەی سەر بەڕێكخستنی حزبی بەعسن.

عەبدولكەریم مستەفا نەسرەت

هێزەكانی موخابەرات بەفەرمانی بەڕێز سەدام حسەین، عەمید روكنی چەتڕباز(مظلي)عەبدولكەریم مستەفا نەسرەتیان كوشت كە لە٨ی شوباتی ١٩٦٣، فەرماندەی فیرقەی وەزارەتی بەرگریبوو، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش و مەكتەبی سەربازی بوو. ناوبراو لەرێی ناوزڕاندنی كوشتیان، ئەوەبوو نەگبەتێكی بێوژدان لەوانەی خۆیان بەهەرزان دەفرۆشن، لەسەر تەلەفزیۆن بەدرۆ ئیعترافی كرد گوایە بۆیە ئەو كەسایەتیەی كوشتووە چونكە بەرگری لەخۆی كردووە دژی دەستدرێژیكردنی ناوبراو لەسەر شەرەفی ژنەكەی ، بۆیە نەك تەنها بەكوشتنی وەستان، بەڵكو ئابڕووشیان برد.

فوئاد ركابی

قوربانییەكیتری زەبری بەڕێز سەدام حسەین، فوئاد ركابییە كەیەكەمین ئەمیندداری سەركردایەتیی هەرێمایەتیی حزبی بەعس بوو لەعێراق، هەروەها یەكەم بەعسی بوو پۆستی وەزیر لەحكومەتی عێراقدا بگرێتە دەست، پاشان بوو بەئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی یەكیەتیخوازانی سۆشیالیست، هەروەها پلان دارێژەرو جێبەجێكەری پرۆسەی

تیرۆرکردنی سەرۆك عەبدولکەریم قاسم بوو کەبەرێز سەدام حسەینی گەیاندە لووتکە.

ناوبراو لەناکاو بەتۆمەتی سیخوڕیکردن دەستگیرکرا، لەکاتێکیشدا لەبەندیخانەی باقووبە بوو، پیاوێکی موخابەرات لەوانەی خرابوونە ناو زیندانییەکانەوە چەقۆیەکی لێدا گوایە فوئاد رکابی ویستوویەتی بەکاری بەدڕەوشتی دەستدرێژی لێبکات ئەویش (موخابەراتەکە) بەرگری لەخۆی کردووە. کاتێك چەقۆکەی لێدرا کەس نەهات بەلایەوە هەتا گیانی لەدەستدا. پاشان بکوژەکەی درا بەدادگاو دەستەلآتداریەتیی عێراق گوتیان گوایە لەسێدارەدرا، بەلآم دوای ماوەیەك ئەو پیاوە(بکوژەکە) بینرا بۆتە فەرمانبەر لەباڵوێزخانەی عێراق لەسۆفیا.

موقەدەم داود جەنابی

یەکێك بوو لەئەنجامدەرانی بزووتنەوەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی، لیوای هەشتی کۆنترۆلکردو دایە دەست عەقید عەبدولغەنی راوی، ئنجا خۆی بەفەوجێکەوە چووە سەربەغدا. پاشان کرا بەفەرماندەی کۆلیجی سەربازیو دواتر بوو بەفەرماندەی فیرقەی دەهەمی زریپۆش و پاشتر فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی بەغدا. بەلآم بەهۆی ناکۆکییەکی لەگەڵ حسەین کاملی زاوای سەرۆك سەدام حسەین، لەهەموو دەسەلآت و پۆستێك خراو بە بڕیارێکی دادگای سەربازی کە بەتۆمەتی بەدڕەوشتی لەلایەن دەزگای موخابەراتەوە تۆمەتبارکرا، لەسوپا دەرکرا. بێگومان بەرەنگاریکردنی شێرێکی برسی لەدەشتدا، زۆر ئاسانترە لەبەرەنگاریکردنی ئەم شەیتانانە.

شەفیق کەمالی

یەکێك بوو لەبەشداریکەرانی کودەتای بەعسییەکان، وەزیری دەوڵەت بووە، هەروەها ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و نەتەوەیی، بروانامەی ماجستێری هەبوو لەفەلسەفەدا، لەگەڵ کوڕەکەیدا(لەشەوی زاوایەتیدا) پێکەوە کوژران ئەوەش بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە بەڕێز سەدام حسەین لێی ناڕازی بوو، لەلایەکیتریشەوە عودەی سەدام حسەین تەماعی کردبووە بووکە نازدارەکەی کوڕەکەی شەفیق کەمالی.

داوای لێبوردن لەخوێنەران دەکەم ئەگەر هەستی قێزهاتنەوەیان جۆشابێت بەڵام مەبەستم ئەوەیە تیشك بخەمە سەر هەندێك لای تاریکی ستەمی دەسەلاتداریێتی لەعێراقداو نهێنییەکانیان ئاشکرا بکەم بۆ ئەوەی هۆش و بیری گەنجەکان رۆشن بکەمەوە بەو مەبەستەی یەکبگرن لەدژی زۆرو ستەم.

هەروەکو پێشتر باسمکرد، بەڕێز سەدام حسەین لەڕێی دامودەزگاکانی گەشتیاری و رابواردن، توانی بەغدای پایتەخت کۆنترۆڵ بکات، لێرەشدا بەنیازم ئەو کردەوانەی کە لەڕێی گەشتیارییەوە لەکوردستاندا ئەنجامیدا، بخەمە بەرچاو.

لەرۆژی ٢٠٠٢/٦/١٧ کاتێك خەریکی داڕشتنی بەشێکی ئەم نووسینەم بووم، گوێم لەئێزگەیەکی کوردی بوو هەواڵێکی بڵاودەکردەوە دەربارەی بەردەوامبوونی دەسەلاتداریێتی عێراق لەسەر ڕێڕەوی دێرینی خۆی لەرووی راگواستنی خەڵك لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی. لێرەدا بیرم لەعەقڵی سەرۆکی عێراق کردەوە کەچۆن بیردەکاتەوەو تا ئێستا بەبێ بچڕان لەسەر دابونەریتی خۆی بەردەوامە، وەکو ئەو سیسرکە هاتە بەرچاوم کەدەیەوێ بەشوێنێکدا بڕوات ناگەڕێتەوە مەگەر پان بکرێتەوە.

سەرۆکی عێراق لەبەر چەند هۆیەك نەیتوانی ئەو سەرکەوتنانەی لەناوەڕاستو باشووری عێراق بەدەستی هێنان، لەکوردستاندا بەدەستیان بێنێتو خەڵکی کوردی بۆ کۆنترۆڵ نەکرا. بەزۆری پێم وایە مۆرکی ئاینی کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا زاڵە هەروەها پابەندبوونیان بەدابونەریتەوە وای لەکورد کرد بتوانن بەرەنگاری فەرمانڕەوایانی عێراق ببنەوە. من لێرەدا لەواقیع لانادەم کەداکۆکی لەنەتەوەکەم بکەم، چونکە گەلێکی گەورەوگرانی وەکو گەلی کوردستان بەشی خۆی خەڵکی ناپاكو دەروون نزمو بێورەی تێدایە. چونکە کاتێك موختاری گەڕەك لەئارادابوو، خەڵك ئاگاداربوون کەئەمانە دەستیان لەگەڵ ڕژێمدا تێکەڵە، بەڵام ئەوەی هەبوو ڕۆڵی ئەمانە تەنها خەبەردان و ڕابەریکردن بوو، تەنانەت تێیاندابوو لەموختارەکان خزمەتی گەورەی بەهەندێك خێزانی کورد گەیاند لەوانەی ناویان لەلیستی ڕەشی دامودەزگا ئەمنییەکاندا تۆمارکرابوو.

دامودەزگا ئەمنییەکان بۆ جێبەجێکردنی نیازە گڵاوەکانیان لەکوردستاندا، هەمیشە دەزگا گەشتەوەرییەکانیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە، خەڵکی شارۆچکەی قەڵادزێ تائێستا لەبیریانە کاتێك دەسەڵاتداریەتی عێراق، سێرکێکی نمایشکاریی بەتایبەتی لەکۆماری میسری عەرەبییەوە هێنا کەژمارەیەکی زۆر کچی سۆزانییان لەگەڵدابوو. دامودەزگا ئەمنییەکان لەقەڵادزێ میواندارییانکردن بۆئەوەی ماوەیەکی دووردودرێژ بمێننەوەو رەوشتی زۆرترین ژمارە لەلاوانی ناوچەکە تێکبدەنو داوێنپیسی بڵاوبکەنەوە هەروەها بەقومار، باخەڵی پیاوەکان خاڵی بکەن. بەڵام خەڵکی بەشەرەفی شارۆچکەی قەڵادزێ بەرەوڕووی ئەم هەوڵە گڵاوەی ڕژێم بوونەوەو لەم ڕووەوە مامۆستای تێکۆشەر، مەلا محەمەد دڵگەیی کەناوی وەکو نیشتمانپەروەرو کوردپەروەر ڕۆیشتووە،

هەڵوێستی مەردانەی بەرامبەر ئەم هەوڵەی رژێم نیشاندا، ئەوەبوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی کۆکردەوەو خۆپیشاندانێکی گەورەی لەژن و پیاو لەشارۆچکەکەدا سازدا کەپەلاماری دامودەزگا ئەمنییەکانیانداو بەرهەڵستیی بوونی ئەو ژنە سۆزانییانەیان لەشارۆچکە بەشەرەفەکەیاندا کرد.

ئەمە، ئەندامانی تیپی سێرکەکەی لەژن و لەپیاو ناچارکرد لەترسی رق و تووڕەیی خەڵکەکە، شەو لەبنکەی پۆلیسی قەڵادزێدا رۆژبکەنەوە. رۆژی پاشتر میوانە ناحەزەکان بنەوبارگەیان پێکەوەناو چوونەوە بەغدا بۆ ناوباوەشی دەزگای موخابەرات کەرەوانەی کردبوون. هاوکات چەند بێویژدانێك هەبوون لەوانەی هاوکاری دامودەزگا ئەمنییەکان بوون و رۆڵی بەرچاویان هەبوو لەرووی یارمەتیدانی پیاوانی دامودەزگا ئەمنییەکان بۆ پروپاگەندەکردن بۆ ئەو سێرکەو سەرخستنی کارەکەی و ئاسانکاریکردن بۆ هاتنی بۆ شارۆچکەی قەڵادزێ و دەستنیشانکردنی جێ وڕێی گونجاو بۆ حەوانەوەیان... بەڵام لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوون و رەنجیان بەباچوو.

گومان لەوەدا نییە سەرۆکی عێراق، کاتێك لەدوورەوە بەشە رزگارکراوەکەی کوردستان دەبینێت کەچۆن هەوڵ و تێکۆشانی چەندین ساڵەی خۆی و سەرکۆمارو فەرمانڕەواکانی پێش خۆی بەباچووە، ئەوە هەست بەئەوپەڕی دەستخەڕۆیی دەکات. شایەنی باسە پرۆسەی شۆڤێنیستی عەرەبی کەدەسەڵاتداریەتیی عێراق بەدرێژایی حەفتا ساڵ هەوڵی لێبڕاوانەیدا بۆ جێبەجێکردنی نیازەکانی، ئەمڕۆ بەئاشکرا ئەنجامەکەی بێهوودە دەرچوو. ئەمڕۆش سەرنجدەدەین UN لێبڕاوانە سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەو بنکە گەشتەوەرییەکان لەهەموو

جێیەکی رزگارکراوی کوردستان لەنەشونمادایە کەمەبەستیش بەدیهێنانی خۆشیو رابواردنی گەلی کوردستانە، هەروەها قیرتاوکردنی دوورترین رێوبانی سەرسنوور لەکوردستانی باشووردا نیشانەی ئەو نەشونماکردنەیە. ئەمڕۆش کۆمەلانی خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هەوڵێکاری زیاترن کەبۆیان ئەنجام بدرێت. چونکە بواری گەشتوگوزار، کەدەبێت لەژێر چاودێریی بەرێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاردا بێتو لەراستیدا دەبێت لەخزمەتی خۆشگوزەرانیی هاوولاتیدابێت بەلام لەکوردستاندا، کەزولمو ستەم باڵی بەسەردا کێشابوو، زۆر شوێن دەبینین کەخوای گەورە هەموو تایبەتمەندییەکی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی بۆ مرۆڤ تێدا فەراهەم کردووە بەلام پشتگوێ خرابوو، وەکو هاوینەهەواری سەری رەشو سەلاحەددین کەقیبلەگای خەڵکی بەشەرەفی هەولێر بەتایبەتیو هەموو کوردستان بوو بەگشتی، کەچی دەبینین ئەمڕۆ لەوەتەی بنەماڵەی بارزانی دەستی بەسەرداگرتووە بۆتە بنکەی هەمیشەیی ئەوان وەکو بارەگایەکی حزبیو سەربازی، ئەوان کەدەستیان بەسەر ماڵو سامانی کوردستاندا گرتووە کەچی ئەم دوو هاوینەهەوارە بەخەڵکی کوردستان رەوانابینن.

لەلایەکیترەوە، دەبینین ناوچەی گەشتەوەریی تەوێڵەو بیارە لەپارێزگای سلێمانی، گرووپی(جند الاسلام) کەئەمڕۆ ناوی بە(انصار الاسلام PAK) رۆیشتووە، کۆنترۆڵیکردووە. ئەم گرووپە وەکو خەڵك باسیان دەکەن توندڕەونو دان بەباقی مەزهەبو بیروباوەڕو تەنانەت حزبە ئیسلامیەکانیشدا نانێن کە لەناوچەکەدان گوایە تەنها پێڕەوو ئایدۆلۆجیای ئەوان، لەرووی شەرعی ئاینی ئیسلامەوە راستو دروستە. بەلام لێرەدا دەمەوێت ئەوەتان وەبیربێنمەوە کە لەخەسلەتەکانی موسلمان

ئەوەیە هەرچییەکی بۆ خۆی بوێت و خۆشی بوێت، دەبێت بۆ موسڵمانیشی بخوازێت، چونکە پێغەمبەری مەزن(ﷺ) لەماڵی خۆی هیچی لەخەڵکی نەدەگرتەوە، هیچی بۆ خۆی گل نەدەدایەوە، بەڵام ئەگەر دادپەروەری لەکایەدا نەبوو ئەوە هەمیشە هێز باڵادەستە، هاوکات هیچ یاسا یان دەقێکی ئاسمانی رێگە بەکەس نادات خێروبێرەکانی سروشت بۆ بەرژەوەندیی کەسایەتیی خۆی پاوان بکات، بەڵام ئەمانە ئەگەر بەڵگەی ئەوە بێننەوە کەپێغەمبەری خوا(د.خ)، بەدەقی خوایی کەخاوەنی بەزەییبووەو، رەحمەتبوو بۆ هەموو جیهان ﴿وما ارسلناك الا رحمة للعالمین﴾بەڵام لەشەڕی بەدردا ئاوی لەقورەیشییەکان گرتەوە، ئەوە لەبەرئەوەبوو کەئەوان کافربوون...کەواتە تۆبڵێیت لایەنگرو هەوادارانی PAK بەو چاوە کەپێغەمبەر لەشەڕی بەدردا قورەیشییەکانی هەڵسەنگاندبوو، سەیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن؟!

لەبەرئەوەی منیش لەنزیکەوە ئەم گرووپە توندڕەوە ناناسم، ناتوانم ئەوەی لەمێشکیاندایە بخەمە بەرچاو، چونکە وەکو حەزرەتی ئیمامی عەلی کوری ئەبو تالیب(ر.خ) فەرموویەتی: (نێوانی راستیو ناراستی چوار پەنجەیە) ئنجا بەدەستی ئامازەی بۆ نێوان گوێچکەیو دەمیکردبوو... بەڵام سەرباریشی، دەڵێم خەڵك بەپێی رواڵەتەکان حوکم دەدەن، ئەوەی لەبەرچاویشە ئەم گرووپە(انصار الاسلام) تەوێڵەو بیارەیان داگیرکردووە کەئەمەش نە لۆجێك پێی رازییە نە ویژدان، بۆیە تەنها ئەوەندەم لەدەست دێت لەخوا بپاڕێمەوە و تکا لەو گرووپە بکەم کە لەئاست خەڵکدا دڵنەرم بنو کۆتایی بەزاڵدەستیی چەکدارییان لەناوچەکەدا بێننو ئاشتیو تەبایيو بەزەییو خۆشەویستی بکەن بەپێرەویان، چونکە هەروەکو شاعیرێکی عەرەب گوتوویەتی:

مل پێدان بەزەبری چەك ناچێتە سەر....

بەزمانی شیرین مار لەکون دێتە دەر

دووساڵ لەمەوبەر بەخت یارم بوو کاتێك بەدیداری تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو بیروباوەڕ قایم و دڵسۆزی خاکی کوردستان مامۆستا مەلا عەلی باپیر شادبووم، لەراستیشدا ئەوەی لەم پیاوەدا بۆم دەرکەوت مایەی هیواو خۆشیبوو، ئنجا تەنها خوا ئاگاداری ناو دڵانە. لەناو ئەو قسەوباسانەی کردمان، مەسەلەی داگیرکردنی ناوچەی گەشتەوەریی ئەحمەدئاوا(پشتی خورماڵ)بوو کەرێگە بەخەڵك نادەن سەردانی ئەو هاوینەهەوارە دڵفرێنە بکەن، ئنجا لەمیانەی گفتوگۆکانماندا تکام لێکرد دەرگا لەرووی خەڵکی گەشتیاردا ئاوەڵا بکەن بۆ ئەوەی سەردانی ناوچەکە بکەن و تێکەڵیان بن تاهیچ نەبێت شارەزای بروباوەڕی ئەمان بن.

مەکتەبی کاروباری باکوورو وەزارەتی ئەوقاف

مزگەوتەکان بەگشتی و خودی مەلاکان بەتایبەتی، هەمیشە لەژێر چاودێری دامودەزگا ئەمنییەکاندا بوونە بۆ کۆنترۆڵکردنیان بەمەبەستی بەرکارهێنانیان بەپێی پێویست و لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆجیای حزبی بەعس و بەڕێز سەدام حسەیندا.

لەو رۆژەوەی هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی درا لەرێی تەقاندنەوەی مەلاکان کەبۆ ئەوە نێردرابوون، سەدام حسەین لێهاتوویی دامودەزگا ئەمنییەکانی نیشاندا هەروەها تا چەندێك دەتوانێت وەزارەتی ئەوقاف و زانایانی ئاینی بخاتە ژێر رکێفی خۆی و بەکاریان بێنێت. بەڕێز سەدام حسەین لەدیدارێکیدا لەگەڵ وەزیری ئەوقاف گوتبووی: (ئەمڕۆ

وەزارەتی ئەوقاف لەعێراقدا خزمەتی عێراق و حزبی بەعس دەکات، هەروەها لەوەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ زیاتر داکۆکی لێدەکات).

سەربارێشی باروودۆخی مەلای کورد لەکوردستاندا زۆر لەباروودۆخی مەلا عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوور باشتر نەبوو، چونکە ئەمانەی دوایی ژمارەیەکی کەمیان توانیویانە خۆیان لەژێر چنگی بەعس قوتار بکەن ئەوەش یا بۆ دەرەوەی عێراق هەلاتوون یان وازیان لەپیشەی مەلایەتی هێناوەو لەکونی مالدا بەژیانی کولەمەرگی رازیبوونە. بەلام لەکوردستاندا لەسایەی بوونی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و هەلکەوتی هەندێک ناوچەی سنووری و سەختی هەندێک ناوچە کەرژێم نەیتوانیوە کۆنترۆلیان بکات، ژمارەیەکی زۆر لەمەلاکان لەزەبری رژێم رزگاریان بووە، هاوکات مەلای واش هەبووە خۆی فرۆشتووەو دەستی لەگەل دامودەزگا ئەمنییەکاندا تێکەلکردووە کەژمارەیان لەپەنجەی دەست تێناپەڕن و پێویست ناکات ناویان بێنم، بەلام ئەو قورئانەی لەسنگیاندایە شایەنی ئەوەیە تۆبەیان پێبکات یان قین و خەشمی خوایان بەسەردا دابارێنێت.

هەموو مەلاکانی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگە بەشداریی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیان کردووە، مزگەوتەکان هەمیشە وەکو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بەکارهێنراون جگەلەوەی دەرس و دەوری قورئان و وانەی خەباتی تێدا گوتراوەتەوە. دوای ئاشبەتالیش(١٩٧٥)، زۆربەی مەلاکان گەڕانەوە بۆ باوەشی رژێم و سەردانی دامودەزگا ئەمنییەکانیان کرد ئەوەش یەکەم: لەپێناوی بژێو، دووەم: لەترسی زەبری ئەو دامودەزگایانە دژی خێزانەکانیان. بەلام ژمارەیەکی کەمیان هاوکاریی ئەو دامودەزگایانەیان کرد، بەلکو زۆربەیان لەسەر هەلوێستی شۆڕشگێڕانەیان مانەوە جگەلەوەی زۆر مەلا هەبوون کە بەراستی هەلوێستی قارەمانانەیان

هەبوو لەهەموو سەردەمێکداو کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان شایەدییان بۆ دەدەن، لەوانە: مامۆستا مەلا ئەحمەدی وەرتێ. رەوانبوون، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی (سەرۆکی خولی ئێستای یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان. سلێمانی) مامۆستا مەلا ساڵح کانی چێذری کەدانیشتووی کەرکووك بوو، رژێم لەسەر هەڵوێستە مەردانەکانی دەستگیریکردو زۆر ئەشکەنجەیدا ئنجا چاوێکیان دەرهێنا، ناوبراو لەناوەراستی مانگی حزەیرانی ساڵی ۲۰۰۱دا کۆچی دوایی کرد.

هەروەها مامۆستا مەلا محەمەد دەڵگەیی کەرژێم دەستگیریکردو زۆر ئەشکەنجەیدا ئەمەش کاتێك بەرەنگاری دەسەلآتداریەتیی بەعس بۆوە کاتێك ویستیان دانیشتوانی قەلآدزێ راگوێزن. ئەمرۆش دەبینین دۆسیەی ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکەی قەلآدزێ پشتگوێخراوە لەکاتێکدا هەموو خانووەکانی رووخێنراون. ئنجا رژێم، مامۆستا مەلا محەمەد دەڵگەیی بەدەستی بەستراوەوە لەزیندان دەرکردو هێنای بۆ قەلآدزێ تا بەچاوی خۆی، داروپەردووی خانووەکان ببینێت بۆئەوەی خۆیو هەموو کەسێك کە لەخۆی رادەبینێت رووبەرووی رژێم ببێتەوە، تەمبێ ببێت. سەرباریشی، بینیمان کەچۆن بنەماڵەی بارزانی، ماڵی ئەم مامۆستا تێکۆشەرەیان لەهەولێر تالآنکرد کاتێك لەتاو هێزەکانی رژێم، هەولێری بەجێهێشت کەچەکدارەکانی پارتی لە۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ دا پێش سوپای رژێم کەوتن.

لەفەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشەویستیدا(د.خ) هاتووە کەزانایان وەرسەی پێغەمبەرانن، بەم پێیە، زانایانی ئاینی هیچ بەهانەیەکیان بەدەستەوە نەماوە بۆ خزمەتکردنی پەیامی خواییو جۆشدانی گیانی فیداکاری لەناو جەماوەری گەلی کوردستان لەرێی وتارەکانیانەوە، ئەمە

جگە لەکاری بێوچانیان لەپێناو داکۆکیکردن لەمافی زەوتکراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەرنەدانی رێگەی تێکۆشان هەتا شەهید بوون.

ململانێی نێوان هەردوو بەرەی بەشەڕهاتوو لەکوردستاندا(یەکێتی و پارتی) لەسەرەتایەوە یەکەم هۆکاری پەکخستنی شۆڕشی کوردبوو، هەروەها مایەی ئاژاوەو نەگبەتیو کۆسپی سەرەڕێی رزگاربوونی گەلی کوردستان بوو. کەواتە ئاشتبوونەوەی ئەم دوو بەرەیە یەکێکە لەکارە گرنگەکانی شەرعی ئاینی ئیسلامەو لەهەمانکاتدا خزمەتکردنە بەشۆڕشی کورد. بۆیە پێم وایە کەدەبوایە وتاربێژەکان، کەخەڵکی لەرۆژانی هەینی لەمزگەوتەکاندا بەهەزاران کەس لێیان کۆدەبنەوە هەروەها لەشەوە پیرۆزەکاندا دادەنیشن گوێیان لێدەگرن دەتوانن رۆڵی خۆیان بەباشی بگێڕن لەرووی ئامۆژگاریکردنی خەڵك. ئەم زانا ئاینییانە، ئەگەر لەمزگەوتەکانداو بەناوی قورئانەوەو دوور لەهەر دەستەگەرییەکی حزبی یان سیاسیو زیاد لەوە(خوا پەنامان بدات) دوور لەهەموو جۆرە ریاکارییەك، ئەگەر بەدڵو بڕوایەکی پتەوەوە یەکبگرن دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر ببینن بۆ هەوڵدان بۆ یەکلاخستنی ناکۆکیی نێوان یەکێتیو پارتی ئنجا وابکەن ئەم دوو بەرەیە لەدەسەلاّت بخەن. دەبا زانایانی ئاینی تاقە جارێك لەژیانیاندا گوێ بەو مەترسییانە نەدەن کەهەڕەشەیان لێدەکاتو لەپێناو رزگاریی گەلی کرودستان، لایەنی خەتابارو کەڵەکباز لەم ململانێیەدا ئاشکرا بکەن. کەئەمەیان کرد ئنجا با خوێنیان؛ میحرابی مزگەوتەکانیان سووربکات، چونکە ئەو کاتە بەهەشت جێگەیان دەبێت، خۆ ئەمانە لەحەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب نازداترنین کە لەناو میحرابی مزگەوتدا شەهیدکرا... کەواتە ئێوەی زانایان کە بەتەمای

بەهەشتن و قورئانتان لەسنگتاندا هەڵگرتووە ئەوە ئەنجام بدەن کەئێستا عەرزم کردن...

بەلام بەداخەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی مەلاکانمان بەحزبەکانەوە گرێدراون، دەست وپێیان بەستراوەتەوەو کارێکیان لەدەست نایەت کەهەم مرۆڤ رازیبکات هەم خوای گەورە. بۆ نموونە، ئاگادارین کەچۆن کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتگیریی هەموو هەنگاوێکی مەلا عەلی عەبدولعەزیز دەکات با هەنگاوەکانیشی پێچەوانەی رێڕەوی شۆڕش و ئاواتەکانی گەلی کوردستان بێت، ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆر لەدۆست و یاوەرانی نزیکی مەلا عەلی، دان بەوەدا دەنێن کەناوبراو پەیوەندیگەلێکی گومان لێکراوی هەیە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان، سەرچاوەی گومانەکانیشیان ماڵ و سامانە زۆرەکەی مەلا عەلییە هەروەها هەڵوێستە سیاسییەکانی دژی ئیرادەی گەلی کوردستان... تەنها خوداش لەراستییەکان ئاگادارە. جا ئەگەر لیژنەیەك پێکبهێنرێت و لەبڕی ماڵ و سامانی مەلا عەلی بکۆڵرێتەوە دەبینین توانیویەتی لەماوەیەکی کورتدا کەناگاتە دە ساڵ، سامانێکی زۆری پێکەوەناوە لەزەویوزار و خانووبەرەو بیری ئیرتوازی و پارەی نەختینە، لەکاتێکدا ئەم زاتە نە بازرگان بووە، نە بەڵێندەر، بەڵکو پێشنوێژ و تارخوێن بووە، یان شۆڕشگێڕێك بووە لەسەنگەردا شەڕیکردووە، کەواتە ئەمەت لەکوێ بوو؟

دەربارەی هەڵوێستەکانی مەلا عەلیش، دەیتوانی رۆڵی هەبێت لەرەوتی ئاشتیی و برایەتی لەنێوان حزبە کوردستانییەکان و ئیسلامییەکانیشدا، چونکە ناوبراو زانایەکی ئایینییەو شارەزای شەرعە، هەروەها لەبنەماڵەیەکی ئایینییە کەناوبانگیان لەهەموو کوردستاندا بڵاوبۆتەوە...

بەڵام بەداخەوە، هەمیشەو تائەمرۆ هەوڵیداوە لەپێناو بەرژەوەندییە کەسایەتییەکانی‌و بۆ ماڵ‌و منداڵی خۆی، کاربکات.

لەوانەیە مەلا عەلی بتوانێت پاساو بۆ هەڵویستەکانی بێنێتەوە، بەڵام وتارەکەی لەکۆبوونەوەی رۆژی پێنجشەممە ١٩٩٦/٩/٢٦ (دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦)کاتێك وەکو میوان لەیەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان . هەولێر بانگیشت کرابوو وتوێژەکان لەپرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣) ی پەرلەمانی کوردستان (حکومەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە تایبەت بەناولێنان‌و بڕوادان بەئەندامەکانی کابینەی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، مەلا عەلی عەبدولعەزیز بەدەق گوتبووی: (شایەنی باسەو زۆر دڵخۆشین بەم رۆژە زیاتر بەوەی کە لەراستیدا کەهیچ پەرلەمانێکی جیهانی‌و سیاسەتی نێودەوڵەتی وەکو ئێمە نەماندیوە کەوا(فیفتی فیفتی) دوو کەس کەوا یەکێکیان بەرپرسیاریەتی زیاتر نەبێ لەوەی تریان، ئەوا هەروەکو بەسوننەتی قورئان قەت قابیل نیە شتی ئەوها ﴿ لو کان فیهما الهین الا الله لفسدتا ﴾ئەمە مومکین نیە هەموو کەسێك خۆی بە مسؤولی یەکەم بزانێ لەوڵاتێکدا دوایی ئەوبارە بەردەوام بێ، ئێستاکە دڵخۆشین بەوەی کەوا(الحمد لله) لایەنێك خاوەنی خەباتێکی چەند ساڵەیی کەمەسؤولیەتی یەکەم لەئەستۆ ئەگرێ ئومێدەوارین انشاء الله کارەکەمان زۆر چاك دروست بێت).

مەلا عەلی عەبدولعەزیز بەم پشتگیریکردنەی بۆ هەنگاوی بارزانی کەشاری هەولێری داگیرکرد کەدەشیزانی بەپشتیوانیی سوپای عێراق بووە، نیشانەی رەزامەندییەتی لەسەر ئەو کارە، پیرۆزباییکردنیشی لەم هەنگاوە خیانەتکارانەیە هەروەکو لەوتارەکەیدا هاتووە رەهەندی زۆر

دەگەیەنێت کە ئەمە بۆ خوێنەر بەجێدێڵم. هاوکات ژمارەیەك لەزانایانی ئاینی، زۆر بەتوندی لەرەوتی شۆڕشی کوردستان لایانداوەو دژی لایەنەکەیتر وەستاونەتەوە کە لەراستیدا ئەمانە دەبوایە بێلایەن بوونایە چونکە ئەوەیان مایەی سەربەرزی دەبوو بۆیان.

ژیان بەبێ هیوا نابێت و هیواش بەبێ ژیان نابێت. راستیان گوتووە کە مرۆڤ، ئەگەر چارێك نووچیدا، نابێت هیوابڕێت، چونکە دەشێ لەژیانیدا زۆرجار تەگەرەی بێتەرێ، بۆیە مرۆڤ دەبێت وریابێت و کارێك نەکات وەهابکەوێت ژیانی لەدەستبدات بەڵکو تەنیا ئازاری پێبگات. شۆڕشی گەلی کوردستانیش کەبنەماڵەی بارزانی ئاشبەتاڵیان لێکرد زەبرێکی کەمەرشکێن بوو بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەیشت، چونکە ورەی شۆڕشگێڕان و نەوەی نوێشی رووخاند... مردنیش راستییەکەی لەهۆشی مرۆڤدا جێگیرە، بەڵام ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتبێت ئەوەیە کەگەورەی خێزان، خیانەت بکات.

زۆربەی سەرکردەو شۆڕشگێڕانی کورد، لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشێکی نوێ لەکوردستاندا تەمابڕاوبوون، دەمبینین خەم روخساریانی ژاکاندبوو، دەتگوت کوتەکێك بەسەریاندا کێشراوە. لەبەرامبەریشدا سەرکردەکانی بەعس و کادیرەکانیان گەز گەز بالآیاندەکرد، قاقای پێکەنینیان بەرز دەبۆوەو دەیانگوت کارێك دەکەین مرۆڤی کورد، لەدە دەرگا بدات تا چەقۆیەك پەیدادەکات خواردنی پێئامادەبکات، هەروەها هەتا سەدەیەکیتریش بیر لەشۆڕشێکی نوێ نەکەنەوە. بەڵام ئەفسووس، بەدرەفتاریيان و خراپ بەرێوەبردنی کاروباری کوردستان و کۆنترۆڵکردنی خەڵکەکەی و نواندنی زاڵدەستیی نابەجێ وای لەخەڵك کرد بیر لەدامەزراندنی حزبێکی سیاسی بکەنەوە تا ئەو بۆشاییە سیاسییە

ببکاتــەوە، خــوای گــەورەش فەرموویــەتی: ﴿ولقــد کرمنــا بــني ادم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطيبات وفضلناهم على كثير ممن خلقنا تفضيلا﴾(ئایەت) . کەواتە مرۆڤ لەسەر سەربەرزی دروستکراوە، تەنانەت ئیمامی عەلی (ر.خ) لەم رووەوە گوتوویــەتی: (دوژمنت تــوورە مەکە بەوەی بەبچووکی بزانیت ، چونکە دەشێ تۆڵەت لێبکاتەوەو خراپت بەسەر بێنێت).

سوپاس بۆ خوا کە بێنەقلیی حکومەتی عێراق و سیاسەتە چەوتەکەی، بوو بەمایەی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێ لکوردستاندا ئەوەش دوای ماوەیەکی کەم لەئاشبەتاڵ. ئنجا لەپێناو بەرگیریکردن لەزاڵدەستیی تاکە حزب و کۆنترۆڵکردنی گەلی کورد، جارێکیتر ژمارەی حزبە سیاسییەکان زۆر بوو .

خەڵك بەپەرۆشەوە چاوەڕێی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چەکدارییان دەکرد، بۆ نموونە خەڵك کەوتنە باسکردنی جموجوولێکی چەکدار لەدژی دەسەلاَت لەشاخ و دۆڵەکانی قەندیل، هەروەها گوایە هێزەکانی پۆلیس، راوەدووی جووتیارێکی چەکدار دەنێن کەتەهها چەند کەسێکی لەخزمانی خۆی لەگەڵدایە و گوایە ئەو چەکدارە ، لەسەر کێشەی زەوی، جووتیارێکی کوشتووە. ئەویش خوالێخۆشبوو حەمەی مەلا شەریف بوو کەدواتر بوو بەیەکەم شۆڕشگێری دامەزرێنەری بنکەی خەباتی چەکداری لەشاخەکانی کوردستان لەدوای ئاشبەتاڵ بەماوەیەکی کەم. ئەم پیاوە داستانە، نەسیاسیبوو نەخاوەنی هەست ونەستی نیشتمانی یان نەتەوەیی، هەموو مەبەست و ئامانجێکی ئەوەبوو لەدەستی پۆلیس هەڵبێت، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان سەرگوزشتەو چیرۆکی قارەمانیەتییان دەبارەی دەگێڕایەوە ئەوەش بەو ئاواتەی کەحزبێکی

سیاسی کوردی دابمەزرێنێت و بڵێسەی شۆڕشێکی نوێ لەکوردستاندا چەخماخەبدات. ئنجا خەڵك، حەمەی مەلا شەریفیان ناونا(کوێخا رینگۆ).
مامۆستای تێکۆشەر مەلا محەمەد دەلگەیی لەلای خۆیەوە رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەوەی حەمەی مەلا شەریف بۆ مەبەستێکی پێچەوانەی واقیعەکەی وێنابکات، چونکە مامۆستای ناوبراو بەلایەوە وابوو کەدەبێت ئەم پیاوە، بەردەستی پۆلیس نەکەوێت چونکە ئەم کارە سوودێکی گەورەی بۆ ئێستاو دواڕۆژی گەلی کوردستان دەبێت.

دوای ماندوبوونێکی زۆر، توانیم مەکتەبی کاروباری باکوورو بەرێوبەرەکەی(سەدام حسەین) قایل بکەم کەبوونی حەمەی مەلا شەریف وەکو رووکارێکی نیشتمانی، لەچەند لایەکەوە خزمەت بەحزبی بەعس دەگەیەنێت، ئنجا لەکۆتاییدا توانیم بیری دانوستان لەگەڵ گرووپێکدا کەژمارەیان (٥ - ٧) کەس دەبوو لەلای حکومەتی عێراقی دروستبکەم. ئەم مەسەلانەم لەهەرسێ بەرگی کتێبەکەم(کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا باسکردووە، پاشان سوپاسی خوام کرد کەتوانیومە یەکەم بنکەی پێشمەرگە لەشاخەکانی کوردستاندا، لەدوای ئاشبەتاڵی شۆڕشی (١٩٦١) دامەزرێنم.

بەبیانووی گەشتەوە مۆڵەتم لەدەسەلاتداریەتیی عێراقی خواست و رومکردە بەیرووت. دوای ٢٦ رۆژ؛ لەرێی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، چاوم بەبەرێز مام جەلال کەوت. سەرەتا ئاگادارم کرد کەچیتر توانام نەماوە لەسایەی حزبی بەعسدا بژیم و رۆژانە ببینم چەند تاوان دەرهەق گەلی کورد ئەنجام دەدەن، هەروەها تێمگەیاند کەبارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر پێویستی بەرێکخراوێکی سیاسیی کوردییە. ئنجا بەرێزیان کەوتە باسکردنی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان، بەڵام بیروڕای دەربارەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش پێچەوانەی بیروڕایەکانی من بوو، چونکە ئەو وای بۆ دەچوو کەدواخستنی وادەی هەڵگیرساندنی شۆڕش، لەپێشخستنی باشترە؛ ئەمەش لەپێناو ئەوەی کەبەعسییەکان لەخراپەکارییاندا بەردەوام بن و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوای چەشتنی ئازاری زۆر، هەست بکەن پێویستیان بەم ڕێکخستنە سیاسییە کوردییەیە.

ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لەراستیدا دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن چەند کوردێکی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕی دوورەوڵات؛ بەسەرکردایەتیی بەڕێز مام جەلال لەو رۆژگارە سەختەدا کەگەلی کورد گیرۆدەی زەبرێکی کوشندەبوو لەسۆنگەی هەڵوێستی گوماناویی سەرکردەکەی(بارزانی) کەئاشبەتاڵی بەشۆڕشەکەیان کرد، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵسانەوەیەکی بێوێنەبوو. چونکە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حزبێکی شۆڕشگێڕ لەورۆژەدا بەرەنگاریکردنێك بوو دژی ئیدارەی دەوڵەتانی ناوچەکەو بەتایبەتی دژی بنەماڵەی بارزانی کەهەرسیان بەشۆڕش کردبوو.

خەڵکی نیشتمانپەروەری کورد لەگەڵ هەموو ئایدۆلۆجیای جیاوازیان و بیروباوەڕی لێکدووریان دڵشادبوون، چونکە ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بوو بزیسکەکەبوو، دیارە بڵێسەش لەبزیسکەوە دروست دەبێت. لەئەنجامدا خەڵك هیوایان بەوەدەستهێنانی ئازادی پەیداکردەوە، چونکە ئەوەی لەدایکدەبێت، بەئازادی لەدایکدەبێت و هیچ کەسێك رازی نییە لەسایەی زەبرو کۆیلایەتیدا بژی . جا دوای وتووێژێکی چەند سەعاتی لەگەڵ بەڕێز مامەم جەلالدا، بەدڵێکی خۆش و کامەرانییەوە کەمژدەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشم پێیە، گەڕامەوە بۆ بەغدا، سەرەتا چوومەماڵەوە بینیم دایکم

چاوەڕێمـە، هەسـتی بەخۆشـییەکەم کردبـوو چونکـە بەدەموچاویـــەوە دیاربوو، گوتم: (مژدەم بدەرێ، هەواڵێکم پێیە خەڵکی کوردستان پارە بۆ بیستنی دەدەن، لەمێژە وێڵی دوای ئاوی زیندەگیم، ئەوە ئەمڕۆ دیتمەوە، دایە بزانە کەوا مام جەلال حزبێکی نوێی دامەزراندووە) دایکم لەخۆشییان دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و کەوتە پاڕانەوە بۆ مـام جـەلال و حزبـە نوێیەکەی.

هەروەکو لەگەڵ مام جەلالدا ڕێکەوتبووین، ئەو ڕێنماییانەی پێمی دابوو بـەوردی جێبـەجێم کـردن و ئـەوەی بەمەسـەلەکەوە پـەیوەندار بوو ئاگـادارمکرد کەشۆڕشـی ئـەمجارەی گـەلی کوردسـتان بەسەرکردرایەتیی حزبێکە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کەمام جەلال ڕابەرایـەتیی دەکـات. لەوانـەی ئاگـادارمکردن کەبێنـە ریـزی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستانەوە ئەمانە بوون:

عـەلی عەسـکەری: بەفـەرمانی بنەماڵـەی بـارزانی شـەهیدکراو ڕاسـت بەدەسـتی یـەکێك لەجـەلادەکانیان ئـەویش سـامی عـەبدولڕەحمان بـوو کەچـەکی R.B.G ی بەفـەرمانی ئیدریـس بـارزانی بـەکارهێنا بـۆ ئـەوەی جەستەی پارچە پارچە ببێت.

دکتۆر خالد حەمە سەعید: ئەمیش بەهەمان شێوە بەفەرمانی بنەماڵەی بارزانی بە R.B.G کوشتیان کـەدووبارە سـامی عـەبدولڕەحمان کارەکـەی ئەنجامدا سەیر لەوێشدایە سـامی عـەبدولڕەحمان، سـاڵی ١٩٦٣ کـاتێك دوابـەدوای کودەتـای بەعسـییەکان بـەغدای بـەرەو کۆیـە بەجێهێشـت، مامۆستا عـەبدوڵلا کانیمارانی ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـی بـۆ ڕزگـارکردنی لەمەرگ، ئەوەبوو ماوەیەك لەماڵی خوالێخۆشبوو کاکە زیاد محەمەدئاغا لەکۆیـە مایـەوە. هـەر شـەهید خـالیدیش بـوو کەیارمـەتی سـامی

عەبدولڕەحمانیدا کە لەڕێکخستنەکانی پارتیدا کارێکی دەستبکەوێت کاتێک لای بارزانی قسەی خێری بۆکردبوو لەکاتێکدا لەکوێیە کەس گوێی پێنەدەدا، تەنانەت بارزانی گوتبووی: (ئەم شیوعیە بەلای بۆ خۆی سازاندووەو ئێوەش دەتانەوێت کاری بۆ بدۆزنەوە...باشە، با قسەی ئێوەبێت) پێدەچێت سامی عەبدولڕەحمان، ئەو رقەی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتبێت کەدکتۆر خالید کاتی خۆی یارمەتیداو ئەم خۆی بەکەمتر زانیوە... بەڵام وەکو نەیدەتوانی رزگاری بکات، دەبا هیچ نەبوایە خۆی جەلادی نەبوایە!.

شەهاب ، جەعفەرو ئەنوەر: بەفەرمانی سەدام حسەین لەسێدارەدران.

شەهید ئارام: بەدەستی تەحسین شاوەیش کوژرا کەفەرماندەی مەفرەزەیەکی ئاسایشی گشتیی بوو لەژێرەوە کاری بۆ بنەماڵەی بارزانی دەکرد کەبۆ ئەوە رەوانەی ناوچەکەیان کردبوو نیازە گلاوەکانیان لەدژی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان جێبەجێبکات.

عومەر مستەفا(عومەر دەبابە): بەنەخۆشیی کۆچی دوایی‌کرد.

مەسعوود محەمەد: کوڕی زانای پایەبەرز مەلا محەمەدی جەلی زادە، ئەمیش بەنەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی‌کرد.

ئەمانە خوا بەگەورەیی خۆی لێیان خۆش بێت هەمیشە سیمبولی خەباتی شۆڕشگێڕبوون لەکوردستاندا. ئەوانەی ماون بەڕێزان محەمەدی حاجی تایەرو عەلی مام رەزا کەئێستا لەسلێمانی دەژین، خوا تەمەنیان درێژ بکات.

لادانەکانی یەکێتیی کەکاریان کردە سەر رەوتی شۆڕش

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەرۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ کەدەکاتە ٢٧ساڵ، دووکاری لێوەشاوەتەوە کە بەگوڕزێکی کوشندە لەسەر

ڕەوتی خەباتی کوردی دەژمێردرێت، یەکەمیان: شەڕی ناوخۆیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە تائەمڕۆ بەردەوامە ئەوەش ئەگەر ماودی دوای ڕاوەستانی شەڕ بەجەنگی سارد لەنێوانیاندا لەقەڵەم بدەین هەرچەندە بەڕێز مام جەلال و سەرکردایەتیی حزبەکەی، ئەوساو ئێستاش ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی. دووەم کار: ڕێگەدان بەهێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەبنکەوبارەگاو ئۆردوگای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بدەن لەڕێی بەکارهێنانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی هەرچەندە پێش پەلامارە سەربازییەکەی ئێران، بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسووم، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو هەنگاوە ئاگادارکردەوەو لەئەنجامدا یەك کەس بەرنەکەوت و تەنها زەرەروزیانێکی کەم بەچەند خانوویەك کەوت.

من لەلای خۆمەوە، تائێستا خۆم بەقەرزاری ئازادیی چاپەمەنی لەسایەی دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانم کەتا ئێستا یەکێك لەسەر بڵاوکردنەوەی سێ بەرگی کتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە) ڕێگەی پێنەگرتووم لەکاتێکدا لەزۆر شوێنی نووسینەکاندا باسمکردوون و گیروگرفتم بۆیان ناوەتەوە، بەڵام وەکو گوتم: ئازادیی چاپەمەنی لەم ناوچەیەی کوردستانی ئازاددا بواری بۆ خەڵك هەموارکرد ئاگاداری وردودرشتی ژیانی سیاسیم بن و بەو زانیاری و ڕاستییانەش بزانن کە لەلامن.

دووبەرەکی فاکتەری کەمەرشکێنی گەلی کورد

ململانێی ناوخۆ بەدینەهێنانی یەکڕیزیی و یەکڕایی، هەمیشە هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی کورد بەمافی ڕەوای خۆی نەگات و خوێنی مرۆڤی کورد، بەدەستی هاوخوێنی بەفیڕۆبڕوات، لەکاتێکدا هەموو کتێبە

ئاسمانییەکان ئەم نەریتانەیان قەدەغەکردووە هەروەکو خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ ومن يقتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فيها، وغضب الله عليه ولعنه وأعد له عذاباً عظيماً﴾(ئایەت) هەروەها پێغەمبەری مەزن(د.خ) کەفەرموویەتی: (لزوال الدنيا اهون على الله من قتل مؤمن بغير حق) .

پێم وایە شەڕی ناوخۆی کوردان میراتییەکە لەباوباپیرانمانەوە بۆمان بەجێماوە، هەندێك جار شەڕ لەنێوان میرنشینە کوردییەکان یان عەشرەتەکاندا هەڵدەگیرسا، بەڵام پێبەپێی پەرەسەندنو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ئێستا بۆتە شەڕی نێوان حزبە سیاسییەکان کەدیارە لەئەوسا توندترە . لەم بارودۆخەی ئێستاشدا کەبۆ کورد هەڵکەوتووە، ئەگەر ناکۆکیو شەڕی ناوخۆ نەبوایە ئەوە کورد بەمافی خۆی دەگەیشت... بەڵام خوا خەتابار بگرێت.

هۆی دواکەوتنی کورد لەبەدەستهێنانی ئازادیو هەنگاونان شانبەشانی گەلانی ئازاد، بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە:

١ ـ لێنەهاتوویی سەرکردە کوردەکانو دەستەوسانییان لەیەکخستنی وشەی کورد لەپێناو بەکارهێنانی یەکریزیو یەکرایی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد، جا لێنەهاتوویيو دڵسۆزی نەنواندن، تواناو کاردروستایی لەناوبرد.

٢ـ کەمی ژمارەی رۆشنبیرانو ئاگایانی سیاسی لەناو خەڵکی کوردستاندا وایکرد دیدی مرۆی کورد بەرامبەر پێشهاتەکان نابینابێت و هەڵسەنگاندنی بۆ رووداوەکان لاواز بێتو چاكو خراپ لێکتر جیانەکاتەوە، دیارترین نموونەش هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١ە.

٣ ـ چوار دەوڵەتی دراوسێی کوردستان (عێراق، سووریا، تورکیاو ئێران) ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لەرووی ئاژاوەنانەوەو بەرەنگاربوونی هەر بزووتنەوەیەکی ڕاستگۆی جەماوەری کورد لەپێناو ئازادی. موخابەراتی ئەو چوار دەوڵەتە ئەوساو ئێستاش پارەی سۆڵ بۆ بزووتنەوەکان تەرخاندەکەن تا کوڵ بدەن و، ئەگەر ملیان نەدابێت پیلانیان بۆیان گێڕاوە کەئەم هەنگاوە شەیتانیانەیە تا ئەمڕۆ بەردەوامەو پرۆسەی ئاشتی لەکوردستاندا لەباردەات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش گیرۆدەی چەرمەسەری و دەربەدەری و ماڵوێرانی دەکات. بۆ نموونە لەوەتەی ناوچەی ئارامی دژەفڕین دەستنیشانکراوەو هێزی هاوپەیمانان لەئەنجەرلیك جێگیرکراون، ئیدارەی دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان هەموو سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردستان دەبەستن . کاتێکیش توانییان تۆوی ئاژاوەو دووبەرەکی بچێنن و شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوو زلهێزی کوردستاندا هەڵگیرسا، ئیتر کۆبوونەوەکانی ئەوان کەمبۆوە، ئێستاش ئەوان لەبەیاننامە ڕەسمییەکانیان بەئاشکرا هاوار دەکەن کەرازی نین ئەمریکا دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی عێراق ئەمەش لەترسی ئەوەی نەبادا کوردستانی باشوور، مافە ڕەواکانی بێنێتەدی کەشتێکی بەڵگەنەویستە ئەمە کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ سەر ئاشتیی ئەو وڵاتانە، ئنجا لەگەڵ داخی زۆرماندا دەبینین هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان، لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا هاوبیروڕان جگە لەسەرۆك و خۆشەویستی گەلی کورد، سەرۆك معمەر قەزافی خوابپارێزێت.

ڕێگەچارەی کێشەکەمان و دەرمانی دەردە کاریگەرەکەمان تەنها یەکێتی و یەکبوون و یەکگرتنە کەئەمەش بەسەقامگیرکردنی بیروڕای

راستگۆو کۆمەکی هێزو بازووی دڵسۆزان نەبێت نایەتەدی ئەمەش لەرێی پاکسازیکردنی سەرچاوەکانی خراپەکاری و گەندەڵی لەکوردستانداو یەکخستنی گەلی کورد لەسایەی یەك ئالادا، ئەڵبەت رۆژێکیش دێت ئەم خەونە دێتە دی.

پێغەمبەری مەزن فەرموویەتی: (کەسی ئیماندار دووجار لەیەك شوێندا پێوەنادرێت)، بەلاّم سەرکردەو سەرۆکەکانمان هەمیشە دەکەونە هەمان هەڵەی پێشوویان ، هۆی ئەمەش بۆ سوود وەرنەگرتن دەگەڕێتەوە لەئەزموونەکانی رابردوو هەروەها نەشارەزایی و تێکەوتنیان بەوەی دەبنە بەکرێگراوی ولاّتان.

دوای ئەوەی مەلامستەفا بارزانی و ئیدریس و مەسعوودی کوڕی، ئاشبەتاڵیان بەشۆڕشی کورد کرد لەپێناو ماڵی دونیا، پێشمەرگەکانی شۆڕش و ئەندام و کادیرە حزبییەکانی پارتی؛ بەدەر لەپلەی حزبی و دەوری سیاسییان، بوون بەسێ بەشەوە: بەشێکیان خۆیان تەسلیمی حکومەتی عێراقی کردو خۆیان دایە دەستی قەدەر کەزۆربەی ئەمانە زەرەرمەندبوون، بەشێکیان ئاوارەیی و دوورەولاّتییان هەڵبژاردو بوونە پەنابەر لەولاّتە جیاجیاکانی جیهان کەئەمانە براوەبوون، بەشێکیشیان روویانکردە ئێران و لەسایەی حکومەتی شای ئێران ژیانیان بردەسەر کەئەمانە لەهەموان زیاتر زەرەرمەندبوون.

لەکەسایەتییە ناسراوە سیاسییەکان کە لەگرووپی یەکەم بوون و گەڕانەوە بۆ عێراق: سالّح یووسفی کەدەسەلاّتداریەتیی عێراق تیرۆری کرد، عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید محەمەد سەعید کەبنەماڵەی بارزانی شەهیدیانکردن، دارا تۆفیق و لوقمان مستەفا بارزانی و سایر مەلامستەفا بارزانی، دەسەلاّتداریەتیی عێراق تیرۆری کردن، نوری ئەحمەد

تەها لەماڵی خۆیدا کۆچی دوایی کرد، عومەر مستەفا(عومەر دەباب) لەباوەشی شۆڕشی کوردستاندا بەنەخۆشی کۆچی دوایی‌کرد، کاکە حسەین خانەقا لەماڵی خۆیدا کۆچی دوایی کرد، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەم دواییانەدا دەسەلاتداریەتیی عێراق تیرۆری‌کرد، عەبدولوەهاب ئەترووشی چووە ڕیزی موخابەراتی عێراقیی، عەبدوڵڵا ئاغای پشدەرو ڕەشید سندی گەڕانەوە بۆ ڕیزی بنەماڵەی بارزانی، شێخ ڕەزا گولانی لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران، گەڕایەوە بۆ عێراق وەهەتا ڕووداوەکانی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦دایەوە ئنجا چووەوە باوەشی بنەماڵەی بارزانی، کاکە زیاد ئاغا لەکۆڕەوە مەزنەکەی گەلەکەمان (نیسانی ۱۹۹۱، کۆچی دوایی‌کرد.

بەشی دووەم کەڕوویانکردە هەندەران و ئاوارەییان هەڵبژارد ئەم بەڕێزانە بوون: ئیبراهیم ئەحمەد، د.فوئاد مەعسووم، د.کەمال فوئاد، د. مەحموود عەلی عوسمان، شەمسەدین مفتی، نوری شاوەیس، مستەفا قەرەداغی، د. شەفیق قەزاز، جەوهەر نامیق، ڕۆژ نووری شاوەیس، فازل میران، عەدنان مفتی، عارف تەیفوور، کەریم سنجاری، سامی عەبدولڕەحمان، محەمەد ئەمین محەمەد بەگ، عەبدولڕەحمان بێداوی، موحسن دزەیی، عەلی سنجاری ، عەبدولڕەزاق فەیلی، عادل موراد، ئازاد خەفاف، کەمال شێخ غەریب، حەمەی عەزیز.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی و کاک نەوشیروان مستەفا هەرپێش ئاشبەتاڵ، بۆ هەندێك کاروباری سیاسی بەفەرمانی سەرکردایەتیی حزب لەدەرەوەبوون.

بەشی سێیەم لەپاڵ بنەماڵەی بارزانیدا مانەوە کە بەهەرزان فرۆشتنیان، ئەمانە ژیانیان لەسایەی شای ئێران و بارزانیدا هەڵبژارد کەئەمانەبوون: عەلی عەبدوڵڵا، خورشید شێرە، مەلا قادر، یوونس ڕۆژبەیانی،

عەبدولوەهاب ئەترووشی، شێخ ڕەزا گولانی، ڕەشید سندی، عەبدوڵڵا ئاغای پشدەر، جەمال نامیق، فازل میران، خەلیل ئیبراهیم ... ئەمەو ئەوانەی باسکردن، هەتا هەڵگیرسانی شۆڕشی خوالێخۆشبوو ... مەیێنی سەربەخۆبوون، دوای ئەوە دووبارە چوونەوە پاڵ بنەماڵەی ... زانی جگە لەعەبدوولوەهاب ئەترووشی کەچووە ریزی موخابەراتی عێراق، هەروەها خەلیل ئیبراهیم کەگومانی لێدەکرا پەیوەندی بەدەسەلاتدارانی عێراقەوە هەبێت.

مەحموودئاغا کاکە زیادئاغا لەدوای ئاشبەتاڵ و هەتا لەگەڵ خێزانەکەیدا ئێرانی بەجێهێشت و لەئەورووپا داوای مافی پەنابەری کرد هەر سەربەخۆ مایەوە. ناوبراو کوڕی حەمە ئاغای کۆیەیە (چاپەمەنی تەیی کوردان). مەحموود ئاغا سیاسەتمەدارێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزو چاونەترس و شۆڕشگێربوو.

کورد، بەدرێژایی مێژووی، هیچ شۆڕشێکی ئەوەندەی شۆڕشی ئەیلوول نەیجایاند(١٩٦١-١٩٧٥) کەلەو ماوەیەدا هەموو کوردی لەژێر یەک ئاڵادا یەکخست و پشتگیریی زۆربەی خەڵکی کوردی لەسەرانسەری جیهاندا بەدەستهێنا. بەلام ئەوەی گەلی کوردو بەتایبەتی سیاسەتمەدارەکانی بەتەمای نەبوون ئەوەبوو کەبارزانی هەرەسی پێبێنێت هەرچەندە زۆر ڕێوشوێن لەئارادابوو کە لەرێگەیانەوە، گەورەکانی ڕازی بکات و ... ماڵوێرانی و کوشتاری خەڵکی کورد لەکوردستان دووربخاتەوەو بەوشێوەیە کۆتایی بەو شۆڕشە مەزنە نەهێنێت، ئەمە جگە لەوەی بارزانی ، هەمووهەوڵەکانی لەبارابردنی شۆڕشی گەلی کوردستانی پووچەڵکردەوەو تەنانەت بەتوندی دژایەتی ئەوانەشی کرد کەویستیان لێبڕاوانە هەوڵبدەن شۆڕش هەرەس نەهێنێت، ئەوەبوو لە ١٣ی ئازاری

١٩٧٥ تێکۆشەری شۆڕشگێڕ حەمەئاغای مێرگەسووری کوشت کەهەوڵیدا بەرهەڵستی بکات و هەرەس بەشۆڕش نەهێنێت.

لەکۆبوونەوەیەکدا لەم بارەیەوە، خوالێخۆشبوان، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەسکەری ی عومەر دەبابە بەهەموو زانایی و زیرەکییەکیانەوە هەوڵیاندا بارزانی قایل بکەن کە لەبڕیاری ناڕەوای ئاشبەتاڵی شۆڕش پەشیمانی بکەنەوە لەبەر رەهەندە مەترسیدارەکانی. ئینجا زۆر پێشنیاریان خستە بەرچاوی کەپێش ئەوەی بچنە لای، لەناو خۆیاندا لێیان کۆڵیبوونەوە کەپێشنیارەکان هەموو لایەکیان رازیدەکرد، بەڵام بێسوودبوو، خوالێخۆشبوو دکتۆر کامل عەتار بۆمی گێڕایەوە کەئەوان، ئاگاداری ئەم کۆبونەوەیە بوون و بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەنجامی باشیان لێدەکرد. هەروەها گوتی من و سیاسەتمەدارو فەرماندە سەربازییەکانی تر لەکۆبوونەوەیەکدا بەشداربووین کەبەڕێز فاروقی مەلا مستەفا نوێنەری حزبی شیوعی (قیادەی مەرکەزی) بوو لەو کۆبوونەوەیەدا کاك فاروق زۆر هەوڵی لەگەڵ بارزانیدا کەرێگەچارەیەکیتر بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە نەك ئاشبەتاڵ کەبارزانی لەبەردەمی ئامادەبوان زۆر سووربوو لەسەر ئەنجامدانی. کەچی بەڕێز رەشید سندی، لەبریتی بارزانی وەڵامی فارووقی مەلا مستەفای دایەوەو گوتی: بارزانی، لەدوای روخانی کۆماری مهاباد کەرووبکردە یەکێتیی سۆڤێت توانی دوای دوانزە ساڵ بگەڕێتەوەو سەرکردایەتیی ئەم شۆڕشە مەزنە بکات، کەواتە چی تێدایە ئەگەر ئێستا بەپێی گوشاری پێشهاتەکان هەرەسی پێ بێنێت، دوای ماوەیەکی کەمیش بێت شۆڕش هەڵدەگیرسێنێتەوە.

ئەم هەوڵ و تەقەلا دڵسۆزانە لەگەڵ بارزانیدا کەڵکیان نەبوو، چونکە توندیی ئەو فەرمانانەی پێی کرابوون کەئاشبەتاڵ بەشۆڕش بکات لەوە

زۆر گەورەتربوون. هەروەها زاڵدەستیی بارزانی لەسەر شۆڕش فاکتەرێکی بەهێز بوو لەدژی بیروڕاو هیواو ئاواتی ئەو بەرێزانە، بۆیە بارزانی ڕێگەخۆشکەری خیانەتکاری بوو کەشتێکی بەڵگەنەویستیشە گەورە، ئاو دەڕێژێت و بچووک پێی تێدەخات. بەلاَم بەپشتیوانی خواو تێکۆشانی خەڵکانی وورەبەرزو نیشتمانپەروەر، بێدەسەلاَتی و بێورەیی، هەموو سیاسەتمەدارو شۆڕشگێڕەکانی نەڕووخاندو لەماوەیەکی کەمدا کەچاوەڕوانکراو نەبوو ، گرووپێك لەشۆڕشگێڕە هەرە دڵسۆزەکانی گەلی کورد یەکیانگرت و شۆڕشێکی تریان بەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرساندەوە کەلەوانە کۆمەڵێك بوون لەوانەی پێش ئاشبەتاڵ لەهەندەران بوون وەکو بەرێزان: مامە جەلال، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسووم، عەدنان مفتی، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی و هی‌تر. بەلاَم خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی ڕاستی گوت کاتێك گوتی: ئەگەر نەتوانین درێژە بەشۆڕشەکەمان بدەین ئەوە دەتوانین شۆڕشی خەڵکی‌تر لەناوبەرین!

بەراستیش هەمووی دوو مانگ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا تێنەپەڕی کاتێك بنەماڵەی بارزانی دەستیانکرد بەکۆسپ وتەگەرە نانەوە لەبەر ڕێی شۆڕشی نوێدا کەئەم بارە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، ئەوەش سەرەتا لەڕێی دامەزراندنی (القيادة المؤقتة)بوو کەکوردستانی بەسەر دووپارچەدا دابەشکرد کەئەم بارەشیان تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

لێرەدا ڕووی گلەییم ئاراستەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەم و دەڵێم دەبوایە لەڕوانگەیەکی وردترەوە سەیری واقیعەکەیان بکردایەو، لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیدا

پەیوەندیی بەرفراوانیان لەگەڵ هەموو سەرانی شۆڕشی ئەیلوولدا بکردایە کەلەو کاتەدا لەهەندەران بوون. لەرێی مام جەلالەوە ئاگاداری هەندێك لەو پەیوەندیانە بووە بەڵام دەبوایە ئەو مەسەلەیەیان فراوانتربکردایەو حسابێکیان بۆ رۆڵی دەزگا موخابەراتییەکانی دەوڵەتانی دراوسێ بکردایە کە بەهەزار باردا، شۆڕشی نوێیان هەڵدەسەنگاند، بەرێوەبەری ئاسایشی ناوچەی باکوور(عێراق) بۆمی گێڕایەوە کەئەوان هەمیشە پەیوەندییان لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکانی تورکیاو ئێران هەبوو لەوبارێتەوە بێئەوەی گوێ بدەنە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان حکومەتەکانیان.

چەند نیشانەو بەڵگەیەك هەیە لەسەر ئەوەی کەقیادەی موەقەتە، رەزامەندی لەدەزگا موخابەراتییەکانی دەوڵەتانی دراوسێ وەرگرتبوو، بۆ نموونە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیم دەروازەی گفتگۆ لەنێوان سەرکردایەتیی حزبی بەعس و بەرێز مام جەلالدا بکەمەوە، لەم رووەشەوە هەنگاوی باشم نابووو هیوای زۆرم بەئەنجامەکانی هەبوو چونکە یەکێتیی نیشتمانی، تاکە حزبێك بوو لەکوردستاندا کەبشێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت ئەمەش چونکە هیچ گوشاری دەرەکی لەسەر نەبوو کەرێگە لەسەقامگیرکردنی ئاشتیو پاراستنی ئاسایش و مافەکانی هاوولاتیی کورد بێنێتەدی. بەڵام لەناکاو گۆرانکارییەکی کتوپڕ بەسەر هەڵوێستی حکومەتی عێراقییدا هات کەنەمزانی هۆی چی بوو! دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت کەدامەزراندنی قیادە مووەقەتە، بوو بەمایەی ئەوەی دەسەلأتدارانی عێراق بایەخ بەشۆرشی نوێی گەلی کوردستان نەدەن، چونکە پێدەچێت ئەوان تەواو لەوباوەرەدابن کەلایەنێك هەیە، بێئەوەی پێویست بەئەمان(بەعس)

بکات، شۆڕش پەکبخەن. خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود محەمەد، کاتێك مەسەلەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گەلی کوردستانم بەسەرکردایەتیی مام جەلال و لەژێر ئالای یەکێتیی نیشتمانییدا بۆ کردەوە یەکسەر گوتی: چاکتر وایە مام جەلال، لەگەڵ کوڕەکانی بارزانیدا رێکبکەوێت، چونکە ئەوان رێگەی پێنادەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان بکات و تەگەرە دێننە رێگەی.

بەراستیش وادەرچوو ، جا ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەخودی بارزانی و بنەماڵەکەی، هەمیشە کۆسپی رێگەی شۆڕشەکانی کردستان بوون لەهەموو بەشێکی کوردستانی گەورەدا.

لێرەدا دەمەوێت لەدڵەوە سلاوێکی شۆڕشگێڕانە ئاراستەی سەرکردەو ئەندامە بەشەرەفەکانی پارتی بکەم کەهەمیشە نیشتمانپەروەرو بەئەمەك بوون، بەلام حەزدەکەم پرسیارێکیان ئاراستە بکەم کە بەبیری هەموو سیاسەتمەدارێکی کورددا دێت: ئێوەی سەرانی پارتی، عەرشی بارزانی و ئەمرییەکەیتان دروستکرد، هەرگیز خودی بارزانی پاڵنەرتان نەبووە بۆ نواندنی نیشتمانپەرەری، ئەوەی لەتواناتاندابوو کردتان بۆ سەرخستنی شۆڕشی کوردستان کەئەو سەرۆکایەتی دەکرد، بەلام ئێوە هەمیشە دەتانبینی چۆن بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە ماڵی کوردی دابەشدەکرد (10 for me , 1 for you) ، ئاگاداریشن چۆن ماڵ و سامانیان کۆکردەوەو دوای ئاشبەتاڵ پێکردنی شۆڕشی کوردستان، بەناوی خۆیان و کەسوکاریانەوە لەبانکەکاندا ئەسپاردەیان کردن.

دوای ئاشبەتاڵ، ئەوانەی روویانکردە ئێران هەوڵیاندا رێکخستنەکانی پارتی یەکبخەنەوە، بەلام پیاوانی ساواك(موخابەراتی ئێران) رێگەیان لێگرتن و چەند کادیرێکیان لێیان دەستگیرکرد. کاتێکیش تۆمەتی

سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پارتییان درایە پاڵ، ئەوان بۆ خۆ ڕزگارکردن نایان بەسەر بنەماڵەی بارزانییەوە کەچی بنەماڵە، نکوولی لەوەکرد! چونکە بارزانی ڕایگەیاندبوو کە(جارێکی‌تر درێژە بەشۆڕش نادەم‌و کورد بەکوشت نادەمەوە)، دوای ئاشبەتاڵیش دەیگوت (جارێکی‌تر سەرکردایەتیی هیچ شۆڕشێک ناکەم‌و خەڵکی بێتاوان بەکوشت نادەم)، بۆیە بنەماڵە، بەم کارەیان، گەورەکانیان ڕازیکردو هەتا شۆڕشی نوێ بەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرسا، ئەوان بەپێی ئەو فەرمانانەی پێیان درابوو، ڕێگەیان بەشۆڕش نەدا.

کەواتە ئەی ئەندامە بەشەرەفەکانی پارتی، دوای هەموو ئەمانە بۆچی چوونەوە ژێر سایەی بنەماڵەی بارزانی؟ بۆچی نەچوونە ڕیزی شۆڕشەکەی بەڕێز تاڵەبانی کەلەوێ، لەئێستا شکۆمەندتر دەبوون‌و پلەشتان بەرزتر دەبوو؟ چونکە بنەماڵەی بارزانی بەکەس ڕازی نییە مەگەر سەری بۆ شۆڕ بکات‌و تەواو گوێ لەمستی بێت!بەلاّم لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانیدا تاکە حزبی کوردستانیان پێکدەهێنا، هەروەها پشتگیریی سەرجەم جەماوەری کوردستانتان بەدەست دەهێنا‌و کوردیش بەماقە ڕەواکانی خۆی گەیشتبوو و ڕۆژی بەم ڕۆژە نەدەگەیشت. ئەوسا ئیدارەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەهۆی شارەزایی‌و ئەزموون‌و زانیاریتان لەناوخۆی وڵات‌و لەدەرەوەیشدا، لەئێستای بەهێزتر دەبوو.

بێگومان ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوبارەیدا چەند دەستکەوتێکی دەبوو:

١ ـ دەوڵەتانی ناوچەکە سڵیان لێدەکرد‌و حسابیان بۆ دەکرد، بڕواو مەرجی خۆیان‌و حزبی کارتۆنییان بەسەردا نەدەسەپاند.

٢ ـ مامەڵەی دەوڵەتانی زلهێز لەجیهاندا لەگەڵیدا بەشێوەیەکی‌تر دەبوو.

٣. باری ئابووریی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان لەئەمڕۆی زۆر باشتر
..بوو، چونکە جەستەی دروست لەبیری دروستدایە، ئنجا سەرکردایەتیی
..او دادپەروەر هەرچی چاکەیە ئەوەی لێ دەبینرێت، ئێوەش ئەگەر
..گەڵ ئایدۆلۆجیای تاڵبانیدا ناگونجێن، بۆچی لەهەندەران بیرتان لەوە
..کردەوە کەحزبێکی سیاسی دامەزرێنن؟ خۆ شارەزاییتان هەبوو، لەو
..ووەوە پسپۆڕ بوون! ئەوسا پلەوپایەیەکی بالآترتان دەبوو کەهەموو
..یەك حسابی بۆتان دەکرد.

لەوانەیە هەندێك گەنج لەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕەوتی شۆڕشی کوردستان نین، بەتوندڕەوو لایەنگری لایەنێك تۆمەتبارم بکەن، بەڵام ڕاستییەکەی وانییە، چونکە ئەوەی سێبەرگی کتێبەکەمی خوێندبێتەوە ڕاستییەکەی بۆ دەردەکەوێت، جگە لەوەی من یەکەم کەس نیم کە بەخراپەبردنی ناوی بارزانی سنوورم بەزاندبێت. جگە لەوەی من هەمیشە حسابم بۆ شتەکان کردووە، ئەوەتا دکتۆر مەحموود عەلی عوسمان، ساڵی ١٩٧٧ نامیلکەیەکی بەناونیشانی(هەڵسەنگاندنی ڕەوتی شۆڕشی کوردو هەرەسهێنانی‌و پەندو ئامۆژگارییەکان کەلێوەی هەڵێنجراون) دەرکرد لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری پارتییەوە. دوای ئەو، سامی عەبدولڕەحمان کتێبێك‌و بەیاننامەیەکی دەرکردو سەرباریشی حزبێکی لەدژی بنەماڵەی بارزانی دامەزراند(پارتی گەلیی کوردستان) ، ئنجا پرۆفیسۆر کەمال مەجید نەك هەر بەئاشکارکردنی ڕاستییە بێپەردەکان لەسەر بنەماڵەی بارزانی نەوەستایەوە بەڵکو لەلەندەن، لەبەردەمی خەڵکێکی زۆردا ڕووبەڕوو هەموو پێشێلکاری‌و زیادەڕەوییەکانی بنەماڵەی بارزانی بەڕووی مەسعوود بارزانیدا دایەوە کە بەدرێژایی شۆڕشی کوردستان ئەنجامیانداوە.

ئیدریس بارزانی لەگەشتە یەك لەدوای یەکەکانی کەبۆ پێکهێنانی قیادە موەقەتە ئەنجامیدا، هەموو ئەو بەڵێنانەی پێشێلکرد کە لەدیدارەکانیدا لەهەندەران بەئەندامانی پارتی دابوو، چونکە ئەوان لەسەر ئەمانە رێککەوتبوون:

١ ـ پەیوەندییەکان بەتەنها لەگەڵ ولاتانی دراوسێدابن، ئەوەبوو بینیمان چۆن درترین دوو سوپا بەهەموو تفاقێکی جەنگییەوە هاتنە کوردستان کەبنەماڵەی بارزانی بۆ شکاندنی پشتی کوردو سەرشۆڕکردنی، پێشیان کەوتن. بۆ نموونە کاتێك هەموو حزبە کوردستانییەکان بەبۆنەی یادی ٢٢ ی بەهمەنی ساڵی ١٩٨٨ کۆبوونەوەو بەڕێزان محەمەد مەتەڕی‌و ئەمیری، نوێنەری کۆماری ئیسلامیبوون، نوێنەری بنەماڵەی بارزانی (فازل میران) بێشەرمانە لەبەرچاوی ئەو هەمووە گوتی: (بارزانی کاتی خۆی لەپێناو خزمەتکردنی شای ئێران شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد، لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا لەپێناو ئێران ئەو شەڕەی کردەوە، ئەمڕۆش هەر بەناوی بارزانییەوە ئامادەیی خۆمان نیشاندەدەین کەپێش هەر حزبێکی‌تر ئامادەین کۆماری ئیسلامی رازیبکەین‌و شەڕی دوژمنەکانی بکەین.

٢ ـ نەهێشتنی دووبەرەکی، کەچی وەکو بینیمان درێغییان نەکرد لەهەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ، لەوەش دژوارتر لەدوای رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، دەبینین حزبە کوردستانییەکان هەریەکە لەلای خۆیەوە پێشبڕکێ دەکات بۆ رازیکردنی بنەماڵەی بارزانی، دیارە ئەمە تەنها بۆ کوژاندنەوەی خوێن‌و کپکردنی ئاستی دووبەرەکییە هەروەها زەمینە خۆشکردن بۆ داوارۆژێکی باشتر بۆکوردستان بەلام بنەماڵەی بارزانی ئەو

بەربەستەی لەبەرامبەر پرۆسەی هاوپەیمانیەتیی کوردیدا دروستی دەکات، هەتا دێت بەرزتری دەکات.

٣ ـ پابەندبوون بەهەڵوێستی مەردانەو زیادەڕەوی نەکردنی لەسیاسەتی ناوخۆو دەرەوەدا بۆئەوەی کاریگەریی خراپی نەبێت لەسەر حزبە کوردستانییەکانی تر یان دەوڵەتانی دراوسێ ئیتر ڕەگەزو ئاینیان هەرچییەك بێت، نموونەی ئەم پێشێلکارییانەش ئەوەندە زۆرن بەدەیان کتێب تەواو نابن، بۆنموونە مەرگەساتی عەشیرەتە کوردەکان دوایی نایەت، شەڕی حزبە کوردییەکان بەفەرمانی دەوڵەتانی دراوسێ ئەوەندە زۆرو ئاشکران هەموو کەسێك دەیانزانێت ، بەلام ڕووداوی وا هەیە هەست و ویژدان بریندار دەکەن و لەمرۆڤایەتی بەدوورن، وەکو هەڵوێستی مەردانەو پاڵنەری مرۆیی کەوای لەمولازم ڕەباح عجیل ساری تکریتی کرد (کەناوبراو سەر بەعەشیرەتەکەی سەدام بوو) لەگەڵ ڕەنا ئیبراهیم خەلیل ئەلناسری هاوسەری(خزمی یاوەرێکی سەدام حسەین بوو) کەسێکی سێمانگان بوو، لەگەڵ مولازم عیسام عەبدوڵلا بەکر ئەلقەیسی، بەرەو ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵێن کاتێك دەسەلاتداریەتیی بەعس سەرقاڵی گێڕانی ئاهەنگی لەدایکبوونی سەدام بوو لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩٨دا. ئەو تاقمە چوونە هەولێر بەو نیازەی کەرووبکەنە دەرەوەی وڵات و لەوێ؛ لەئەورووپا مافی پنابەرێتی وەربگرن، بەلام بەتەنسیق لەنێوان دەزگای موخابەراتی عێراق و دەزگای پاراستنی لەمەڕ پارتی، ئەوسێ کەسە دەدرێنە دەست ڕژێم کەهەرسێکیانی کوشت و دوای سێ ڕۆژ تەرمەکانیانی دایەوە بەکەسوکاریان کەئاسەواری ئەشکەنجدان، بەئاشکرا بەجەستەیانەوە دیاربوو.

کەواتە ، برایانی ئەندامی پارتی: کاتێك دوور لەچاوەکانی بنەماڵەی بارزانی، لەماڵەوە ئەم کتێبانەم دەخوێننەوە بڕواناکەم لاریتان بەرامبەر یەك وشەم هەبێت، ئیتر نازانم بۆچی غیرەتتان ناجووڵێت؟ خۆ دوای ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ چەندین کەسایەتی و لێپرسراوی پارتیم بەتەنیا بینیوەو ئەو پرسیارەم لەهەموویان دووبارە کردۆتەوە کەئایا ئاگایان لەمەسەلەی ٣١ی ئاب هەبووەیان نا؟ هەروەها هەڵوێستیان چی بووە بەرامبەری ، کەچی سوێندیان دەخوارد لێی بێئاگابوون!، کەواتە ئێوە بەو پلەوپایەیەی هەتانە چۆن بەو ڕەفتارانەی پارتی ڕازین کە بەوشێوەیە پارە کۆدەکاتەوەو شۆڕشی کوردستان پەکدەخات، ئنجا سەرباریشی ئەم هەموو پێشێلکارییانەی بنەماڵەی بارزانی دەبینن کەهیچ حسابێکیش بۆ ئێوە ناکات ... ئێوە دەبوایە بەیاننامەیەکتان دربکردایە تێیدا، ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب ئیدانە بکەن یەلام...؟

بنەماڵەی بارزانی کەتوانی ڕەزامەندیی دەزگا موخابەراتییەکانی چوار دەوڵەتی دراوسێ بەدەست بێنێت و دەستی بەسەر زۆربەی داهاتی کوردستاندا گرتووە کە بەملیۆنان دۆلاری بۆ هەڵدەڕژێت، هەروەها چەك و تەقەمەنی دەوڵەتانیشی لەبەردەستدایە، ئیتر من بەقەڵەمێکەوە تەنها خوام هەیە پەنای بۆ بەرم و لێی بپاڕێمەوە کەپشتوانیم بکات بۆ ئەوەی بەم چەکەم تۆڵەی گەلەکەم بکەمەوە کەئینشاڵڵا دەشیکەمەوە.

٤ ـ ماڵ و سامانی کورد کەبنەماڵەی بارزانی لەدوای ئاشبەتاڵەوە دەستی بەسەردا گرتووە، لەپێناو خزمەتی گەلی کورددا بەکار بهێنرێت کە بەپێی تۆمارەکان بە ٧ ملیۆن دۆلارو ٤٥ ملیۆن دیناری عێراقی مەزەندەکراوە، ئەمە جگە لە قازانجی ئەو پارەیە لەبانکەکاندا.

ـەو ڕۆژەوە کەقیادە مووەقەتە دامەزراوە هەتا ئێستا، کورد گیرۆدەی
ـخانەتیو چەرمەسەری زۆربووە کەچی نەمانبیست لەوپارە دزراوە، یەك
ـپـان بکرێت بەقەرەبووی زیـانێك یـان لەپرۆژەیـەکی ئاوەدانکردنـەوەدا
ـشـداربکرێت، ڕۆژ بـەرۆژ پارەکەیشـیان زیـاد دەبێـت، بـەپێی
ـەزەندەکارییەکانم بۆ داهاتی خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل هـەروەها
ـزرگانییە ئاشکرایەکەی نێوان بنەماڵەی بارزانیو دەوڵەتانی دراوسێی ـ
ـدەستکەوتیان نزیکـەی سـێ ملیـار دۆلارە کەهەمیشـە دەڵێـن ئـەوان
ـخزمەتی گەلی کوردستاندانو ماڵو سامانی کورد پارێزراوە بۆ ڕۆژی
ڕەش، ئیتر نازانم چ ڕۆژێکیان مەبەستە!

کورد دەڵێن پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش، بۆ ئەمەش شتێك دێنمەوە کە لەبەشەکانی کتێبەکەمدا باسمکردووە: بارزانی دوای ئەوەی ساڵی ١٩٥٩ گەڕایەوە بۆ عێراق، پارەیەکی زۆری ئێرانیی پێدام کە لەبازاڕ بیگۆڕمەوە، دیارە بڕوای بەمن بوو. کەپارەکەم بردە بازاڕ کابرای سەڕاف گوتی ئەم سکەیە کۆن بووەو لەمێژە کاری پێناکرێت چونکە هـی سـەردەمی ڕەزا شایە. تکا لەخوێنەر دەکەم سەرنجی یەك شت بدات، بارزانی بەدرێژایی (١٢) ساڵ سامانێکی زۆری لای خۆی هەڵگرتبوو لەکاتێکدا هاوەڵەکانی لەبرسـان مردبوون، چونکـە ئەوانـەی بـۆ ڕووسـیای سـۆڤێت لەگـەڵیدا چووبوون باسی شتی سەیروسەمەرە دەکەن کە لەپێناو پەیداکردنی نان بەسەریاندا هاتووە، بەڵام بارزانی بیری لەوە نەکردەوە دەست لـەوپارە شاردراوە بدات کە بەخوێنی ئەوان کۆیکردبۆوە.

تۆ بڵێیت کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان لەئاشبەتاڵەکەوە تـا ئـەمڕۆ ئەوەندە دەردەسەرییان نەچەشتووە کەبنەماڵەی بارزانی ئەو پارەیەی کە لەلایەتی دابەشی بکات، ئەو پارەیەی لەشای ئێرانیان وەرگرت لـەبری

جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان؟ ئنجا بارزانی دوای ئەوەی چوو بۆ ئەمریکا. لەوێش یەك ملیۆن دیناری وەرگرت! لەدانیشتنێکدا لەگەڵ کوردێکی ئاوارەی هەندەران لەوانەی شارەزاییەکی چاکی هەیە لەبواری بازرگانی و ئەندازیاری و ئاوەدانکردنەوەداو لەئاوارە دەوڵەمەندەکان دەژمێردرێت. دەربارەی ئەو ماڵ و سامانە پرسیارم لێکرد کەبنەماڵەی بارزانی دەستیانکەوتووە، ئەو برادەرە گوتی: من لەبەردەمی خوا دان بەوەدا دەنێم کەئەگەر کاروباری ئاوەدانکردنەوەی کوردستانم بدرێتە دەست و ئەو ماڵ و سامانەی کەبنەماڵەی بارزانی دەستی بەسەرداگرتووەو کە بە ٣ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت بخرێتە بەردەستم، دەڵێم دەتوانم کوردستان بەشێوەیەك ئاوەدان بکەمەوە کەس لەوە جوانتری نەبینیبێت، ئنجا کەفیلیی ئەوەش دەکەم کارگەو دامەزراوی وا دروست بکەم کەپێویستییەکانی کوردستان دابین بکەم و یەك بێکار نەبینن مەگەر خەڵکی نوقستان و کەم ئەندام، زیاد لەوەش دەوڵەتانی دراوسێ و بازرگانە ملیۆنەرەکانی جیهان ناچار بکەم شێت بن هەتا پشکێکیان لەمامەڵەو بازرگانیکردن لەگەڵ کوردستاندا دەست بکەوێت. کەواتە بنەماڵەی بارزانی ئەمرۆ چۆنیان دەوێت با بەوشێوەیە بیبەنەسەر، بەلام دەبێت بزانن کەقەرز، کۆن دەبێت و نافەوتێت... خوای گەورەش فەرموویەتی ﴿یا ایها الذین امنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلکم تفلحون ﴾.

موخابەراتو ئەنفال

خـوای گـەورە، ئـادەمیزادی بەسـەر هـەموو بوونـەوەرەکانیتردا شایستەکردووەو هەرچی لەگەردوونداية خستوویەتییە خزمەتی مرۆڤ. ئەموو مرۆڤێکیش بەئازادی لەدایکدەبێت بەڵام زۆرداران بەکۆیلەی دەکەن . پەیامی پێغەمبەری خوا خواش(د.خ) شۆڕشێك بوو بۆ پشتگیریکردنی کۆیلە دژی گەورەکان... کەواتە، تۆبڵێی ئاینێکی لێبوردەی وەکو ئاینی ئیسلام کەرێگەی داوە مرۆڤ لەپێناو بەرگری لەخۆکردن، مرۆڤ بکوژێت، ئایا بەقەلاچۆکردنی گەلێك رازییە کەتەنها تاوانێکیان ئەوەیە کوردن.

زۆردارەکانی حزبی بەعس لەهەڵمەتەکانیان بـۆ قـەلاچۆکردنی کـورد، وشەی ئەنفالیان بەخۆڕایی بەکارنەهێناوە بەڵکو نیازێکی خراپیان لێی هەبووە.کەشەیتان ئەو دەرسەی پێداون. یەکێك لەو نیازانەی بەکارهێنانی ناوی سوورەتێکی پیرۆزی قورئان بۆ حەلاڵکردنی لەناوبردنی نەتەوەیەك پاساوی کردەوەیەکە تەنها ستەمکارە بێبەزەییەکان پێی قایلنو بڕوایان بەوەیە کەخوا، فەرمانی بـەو کردەوەیـە داوە کەئاینـە ئاسمانییـەکان حەرامیانکردووەو خودی مرۆڤ دڵی لێی دەبێزرێت. ئەنفال واتە ماڵو دەستکەوتێکە کە لەشەردا دەستدەکەوێت، ئەوانەش کەخوێنخۆرەکانی سەدام لەناویان بردن خەڵکی بێچەكو نەداربوون، لەزەویو کۆختەکانیان بەولاوە هیچیتریان نـەبوو کەشـەڕکەر تـەماعی تێبکـات...جگـە لـەوەی شـەڕکەر ، رازی نییـە منداڵ زیندەبەچاڵ بکاتو ژن بکوژێتو جەستەی کوژراوێکی بێچەك بشێوێنێت.

ئێستا ئێمە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو رۆژەین کەخوای گەورە لێشاوی قینی بەسـەر سـەدام حسـەینو دەسـتوپێوەندەکانی دابارێنێت بـۆ ئـەو تاوانانـەی ئەنجامیاندا، چونکە ئەوەی بـەزەیی لـەدڵیدا نـەبێت، خـواش

بەزەیی پێدا نایەتەوە. وەکو پێشتر لەکتێبەکانمدا باسمکردووە، باسی شتێك ناکەم لێی ئاگادار نەبم، بەڵاو ئەو مەرگەساتەی بەسەر کوردستانی باشوور(باکووری عێراق) دا هات کەدڕندانەترین پرۆسەی تاوانکارییە لەلایەن دڕندەترین کەسەوە بەرامبەر بەگەلێك کردبێتیو هەوڵیدابێت بەئاگرو ئاسن، گەلی کوردستان بتوێنێتەوەو ترس و تۆقین بخاتە دڵی هەرکەسێکەوە کەپرکێشی دەکاتو وەك مرۆڤ داوای مافی خۆی دەکات، ئەمە ناچاریکردم شتێکی لەسەر بنووسم هەرچەندە لەوکاتەدا لەعێراقدا نەبووم، بەڵام بۆ نووسین پشتم بەو نووسینانە بەست کەدەزگاکانی بڵاوکردنەوە لەناوخۆو لەدەرەوەی عێراقدا بڵاویان کردەوە، هەروەها دیدارەکانم لەگەڵ چەند دۆستێکی دێرین لەوانەی خێزانو کەسوکاریان ئەنفالکراون بەتایبەتی لەناوچەکانی دەوروبەری کەرکوكو قەرەداغ. شایەنی باسە مامۆستا سەلاح رەشید رۆڵی سەرەکیی بینی کەدەرگای وەزارەتەکەی (وەزارەتی مافی مرۆڤ) بۆ کردمەوەو ئاسانکاریی بۆم کردم کەبەڵگەنامەو ئەو نووسراوانەی خستە بەردەستم کە بۆئەم مەبەستە پێویستم پێ بوو ، هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستا مەنسوور مجەمەد کەریم بەڕێوەبەری گشتیی لەوەزارەتی مافی مرۆڤ کە یارمەتیاندامو بەڵگەنامەی پێویستیان خستە بەردەستم دەربارەی گەورەترین پرۆسەی جینۆساید دەرهەق بەگەلی کوردستان کەمرۆڤایەتی، لەدوا چارەکی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە بینی.

لەمێژە خۆم ئامادە دەکەم بچمە بنجو بنەوانی لایەنە پەنهانەکانی ئەم کوشتارە بەکۆمەڵەوەلەمەبەستەکەی تێبگەم تا بەسادەیی بیخەمە بەردەستی خوێنەران ئنجا بەپێی تێگەیشتنی خۆم، رەهەندەکانی بەکورتی دەربڕم.

هەرگیز نەمانبیستووە پیاوکوژێك لەسزا رزگاری بووبێت، ئەگەر ئەمڕۆ سزا نەدرێت ئەوە سبەینێ بەسزای خۆی دەگات. دەربارەی بەڕێز سەدام حسەین ئەوە پێویستی بەوە نییە دادگایی بکرێت تا وەکو هەڵسووڕێنەرو جێبەجێکەری پرۆسەکانی ئەنفال تاوانبار بکرێت... بەڵام هەر بۆ تۆڵە سەندنەوە لەبەرامبەر تاوانی ئەنفالەکان، دەبێت سەدام حسەین و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدرێنە دادگا. بەزۆری ، چارەنووسی پیاوکوژ کەدادگایی دەکرێت یا لەسێدارە دەدرێت، یا زیندانی دەکرێت یا بەکەفالەت بەرەڵا دەکرێت. مەبەستم ئەوەیە کەیەکێك لەو خاڵانەی دەبێتە مایەی مشتومڕی نێوان دادوەرو داواکاری گشتیو پارێزەردا هۆکاری کوشتنەکەیە !

جائەگەر بپرسین چی پاڵی بەسەدام حسەین و حزبی بەعسەوە نا کەرۆڵەکانی گەلی کورد لەناوبەرن و زیاد لەوە هەوڵبدەن قەڵاچۆیان بکەن؟ ... ئایا چی پاڵی بەسەدام حسەن و حزبی بەعسی دەسەڵاتدارەوە نا ئەنفالەکان دابهێنێت کەدرندانەترین تاوانی کۆمەڵکوژییە لەدوا چارەکی سەدەی بیستەمدا دەرهەق بەمرۆڤایەتی ئەنجام درابێت کەتێیدا ٤٥٠٠ گوندو شارۆچکە وێرنکران هەروەها دەیان هەزار کەس تیاچوون کەتائەمڕۆ، کەسوکاریان چاوەڕێی هەواڵێکیانە، جگە لەکوژراوانی زیاد(٥) لەهەزار کەس لەژن و منداڵ لەماوەی چەند ساتێکداو بریندار بوونی زیاد لە(١٠) هەزار کەسی بێتاوان لەکیمیابارانی هەڵەبجەدا ساڵی ١٩٨٨ بەدەستی بەعسییەکان، هەموو ئەم تاوانانەو دەیانی تریش لەپێناوی چی جێبەجێکران کەحکومەتی عێراق تائێستا دەرهەق گەلی کوردستان پێڕەویان دەکات.؟

گیروگرفتی بەرێز سەدام حسەین و حزبی بەعس گرێی دەروونیە لەناخیاندایەو لەناخی هەموو داگیرکەرێکدایە کەتوندوتیژی و زاڵدەستی بۆ ملکەچ پێکردنی گەل بەکاردێنێت. ئەم بیرکردنەوە چەپەڵە وەکو ڤایرۆس وایە کەدەچێتە خوێنەوەو لەناومێشکی دەسەلاتدارو زەبربەدەستاندا هێلانە دەکات بەبێ جیاوازیی ئاین و نەتەوە، بۆیە جیاوازی چیە لەنێوان ئیڤانی رووسی و هتلەری ئەلمانی و سەدامی عێراقی؟ لەراستیشدا مۆرکی رۆشنبیری و پێکهاتەی کۆمەڵگە، لەزەبروزەنگی ئەم کەمدەکاتەوەو بەر بۆ ئەوەی تر بەرەلا دەکات بۆیە جیاوازییەکە لەرواڵەتدایە، بەلام لەناوەرۆکدا هەموو ئەوانە یەکن کەچارەسەرکردنی کێشەکەیان تەنها ئەوەیە بەزەبری هێز رووبەڕوویان بوەستێت چونکە ئەم جۆرە کەسانە بڕوایان بەلۆجیك نییەو دان بەدیالۆگ و تێگەیشتن نانێن. بیروباوەڕی ئەوانەش لەم بارەیەوە بەکارهێنانی هەموو جۆرە رێوشوێنێکە لەپێناو پاراستنی دەسەلات و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بەئاگرو ئاسن.

ئەنفالەکان زۆر بەرێکوپێکی بەرنامەیان بۆ دارێژرا، واتە لەئەنجامی هەڵچوونی دەروونی یان بڕیاری سەرپێیی یان قینی سەرزارەکی جێبەجێنەکرا، بەڵکو ئامانجێکی ستراتیجی شۆڤێنی بوو چەند مەبەستێکی هەبوو وەکو:

١ ـ لەرێی کۆمەڵکوژی و ئاوارەکردن، ژمارەی دانیشتوانی کوردستان کەم بێتەوە.

٢ ـ تۆقاندنی خەڵك لەپێناو بەرگرتن لەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕی هەوڵدان بۆ بەرەنگاربکردنی دەسەلات.

٣ ـ رووخـاندنی گونـدو شـارۆچکە کوردییـەکان کەبـەدەنگ پـێرەوی ـ‌ەسەوە نەچوون‌و سەنگەرو لانەی حەوانەوەی پێشمەرگەبوون.

٤ ـ قوتاربوون لەئەرکی لەبەڕێوەبردنی هەندێك ناوچەی سنووری یان ـ‌ڕووبەری ناوچە ستراتیجیەکان‌و کردنیان بەناوچەی قەدەغە(محرمة)بۆ ـ‌ەوەی کۆنترۆلکردنیان ئاسان بێت.

٥ ـ تێکدانی ژێرخانی ئابووریی جووتیاری کـوردو ناچارکردنی کـە ـ‌شاردا بژی، ئەمەش بۆ شێواندنی کۆمەڵگە.

بەپێی ئامارەکانی لایەنە پەیوەندارەکان دەربارەی رێژەی دانیشتوان لەدوای جەنگی عێراق ـ ئێران، زیـاتر لەیـەك ملیـۆن سـەربازی عـێراقی کـوژراوە لەمانـە ٥٪ یـان کـوردن، ئەمـە جگـە لەسـەدان هـەزار برینـدارو کەمئەندام‌و بێ‌سەروشوێن‌و دیل، لـەکاتێکدا بارودۆخی کورد لەعـەرەب باشتربوو کەبەو ئەندازەیە بەشداریی جەنگیان نەکردووە چونکە هەلاّتووی کورد، شوێنی هەبوو پەنای بۆ بەرێت.

بۆ نموونە خوالێخۆشبوو محمد هەرکی (سەرۆك عەشیرەت) کە بەهۆی ئەوەی بنەماڵەی بارزانی دوژمنایەتی دەکرد چەکی بۆ رژێم هـەڵگرت‌و بەتـەواوی سـەری بۆ بەعس نەویکرد، بەفـەرمانی سـەدام حسـەین کـوژرا ئەمـەش چونکە رازی نـەبوو شانبەشانی سوپای عێراق بەشداری بکـات لەجەنگ دژی ئێران.

واتە پرۆسەکانی ئەنفال باشترین رێگەچارە بوو بۆ هێنانەدیی ئامانجی ستراتیجی لـەرووی هاوسـانیکردنی رێـژەی دانیشـتوان لـەنێوان کـوردو عەرەب لەعێراقدا.

هەندێك سیاسەتمەدار وای رادەگەیەنن گوایە حزبە کوردییـەکان رۆڵـی سەرەکییان هەبوو لەرووداني ئەنفالـەکان ئەمـەش بەهۆی هاوکـاریکردنی

ئێران دژی عێراق کەئەمە سەدام حسەینی تووڕەکردو پاڵی پێوەنا تۆڵە لەخەڵکی کوردستان بکاتەوە بەتایبەتیش کەئامادەیان بەو هێرشە سەربازییەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر شاری کەرکووک دەدا کەبۆ لێدانی نەوتەڵانەکان. هێزی ئێرانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو.

ڕاستییەکەشی پێچەوانەی هەموو ئەمانەیە، چونکە هاوکاریکردنی حزبە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا تەنها لەبەرئەوەبوو کەئێران تاکە ڕێگوزەرێکیان بوو بۆ هەندەران. ئنجا هێزەکانی یەکێتیش کەپەلاماری نەوتەڵانەکانی شاری کەرکووکیاندا بەفەرماندەیی مامۆستا نەوشیروان مستەفا کەنزیکەی(٣) هەزار پێشمەرگەی قارەمان بوون، پێویستیان بەکەس نەبوو لەگەڵ خۆیاندا بیبەن چونکە خۆیان لەسوپا دەچوون. ئنجا ئەو هێرشە سەربازییە بۆ سەر دامودەزگاکانی نەوتی عێراق بەو ئەندازەو قەوارە گەورەیەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەزەرەوزیانێکی زۆری بەهێزەکانی دەوروبەری کەرکووک گەیاندو کارگێڕیەتیی بەعسی تۆقاند کەئەم بوێرو ناکاوەی پێگەیشت لەناو سەنگەری خۆیداو لەئەنجامدا ناردنی نەوتی عێراق بۆ ماوەی ٧٢ سەعات وەستا، ئەمە نیشانەی لێهاتوویییەکی سەربازیی و لێزانییەکی شارەزایانەیە لەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانییدا بەو توانا کەمەیانەوە لەوڕۆژەدا، چونکە پێشمەرگەکانی خۆی بەختەکرد لەپێناو بەرگریکردن لەخاک و نیشتمانی، بەرتەکدانەوەی دەسەڵاتی عێراقی دەستەبەر نەکردبوو کاتێک پەلاماری سەربازگەکانی دەدا، ئنجا ڕژێمی فاشیستمی عێراقی کە لەساڵی ١٩٦٣وە بەنیازی دەستگرتن بەسەر سامانی نەوتی کەرکووک و تۆرخکردنی ئەم

سامانەو سوودەکانی تەنها بۆ عەرەب، دەستیکردووە بەجێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕینی باری نەتەوەیی لەپارێزگای کەرکووکدا.

حکومەتی عێراق لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢دا سیانزە گوندی کوردی دەوروبەری شاری کەرکوك وێرانکردو لەهەمان ساڵدا(٣٣) گوندی‌تری ناحیەی دووبز وێرانکرد کەدواتر ناوەکەیان بۆ دبس گۆڕی. لەهەمان ساڵدا، چەند خێزانێکی عەرەبیان لەناوەڕاستی عێراق هێناو دوای ئەوەی زەوییەکانیان پێ فرۆشتن‌و بەناویانەوەکردن، لەوێ نیشتەجێیان کردن. دوای ئەوە دەیان هەزار خێزانی عەرەبیان هێناو لەشاری کەرکووکدا نیشتەجێیان کردن کەئەم پرۆسەیە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. دوای ئەوەش ساڵی ١٩٧٢ ناوی ئەو پارێزگا دێرینەی کوردیان لەکەرکووکەوە بۆ تەئمیم گۆڕی بۆئەوەی بۆ یەکجاری ئاسەواری مێژوویی ئەم شارە بگۆڕن کەهەزاران ساڵە هەیە.

جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفال وەکو خۆی، ئامانجێکی بنەڕەتیی حکومەتی فاشیی عێراق بوو، بێگومان بۆ جێبەجێکردنی تەنها یەکێك لەکادیرە باوەڕپێکراوەکانی دەزگای موخابەرات هەڵدەبژێردرێت بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دڕندانەیە لەعەلی حەسەن ئەلمەجیدیان باشتر دەستنەکەوت کەبۆ ئەم کارە بشێت. ئەویش لەئەنجامی لێهاتوویی‌و کارامەیی لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کوردستان ناونرا: عەلی کیمیاوی.

زۆربەی کادیرانی دەزگای موخابەرات‌و بەڕێوەبەرەکانی بەشەکان بەشداریی ئەم پرۆسەیەی جینۆسایدەیان کرد شانبەشانی هێزە سەربازییەکانی عێراق بەرێکوپێکی ئەنجامیاندا، بەڵام تۆمارەکانی

جوانمەردیی شەڕکەری عێراقی هەندێك هەڵوێستی بۆ چەند ئەفسەرێکی عێراقی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەنفالەکاندا تۆمارکردووە.

لەم ڕووەوە چەند کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ چەند ئەفسەرێك پێکهێنرا کەسەرپێچی سەربازییان لێوەشاوەتەوەو فەرمان و یاساکانیان پشتگوێ خستووە وەکو ئەو کۆمیتەیەی بۆ ئەفسەرێکی(دوو ئەستێرە) پێکهێنرا کەتاوانەکەی ئەوەبوو یارمەتیی ژنێکی سکپڕی دابوو گوللەیەك بەر سکی کەوتبوو و ئەمە ببوو بەهۆی لەباربردنی سکەکەی. جا لەکاتێکدا ئەم ژنە گیانی دەدا داوای پەرداخێك ئاوی کردووە، تاوانی ئەفسەرەکەش ئەوەبووە کەئەو پەرداخە ئاوەی بەو ژنە داوە کە لەسەرەمەرگدا بووە.

هەڵوێستی حکومەتە دراوسێکان لەکاتی کیمیابارانەکەدا

هێزی ئاسمانیی عێراق شاری هەڵەبجەی بە(غاز الخردل، سارین، تابون) بۆردومانکردو بوون بەمایەی کوشتن و بریندارکردنی هەزاران ژن و منداڵ و بەساڵداچووی ئەو شارە. لێرەدا کەس نکووڵی لەڕۆڵی جوامێری دەوڵەتی ئێران ناکات کەسنووری شارۆچکەو نەخۆشخانەکانی کردەوەو ئەوەی لەتوانایدابوو پێشکەشی بریندارەکانی کرد کەڕوویان لەسنوورەکانی کردبوو، ئنجا ئەوەی پێویستی بەچارەسەر لەدەرەوەی وڵات هەبوایە بەتایبەتی بۆ ئەورووپا، ئەوە ئاسانکاریی بۆ دەکرد، پاشان ڕێگەی بەدەزگای ڕۆژنامەوانی ڕۆژئاوادا کەبێنە ناو سەنگەرەکانی واقیع لەهەڵەبجە لەرێگەی ئێرانەوە بۆئەوەی لەرێی وێنەگرتن و دیدارو ریپۆرتاجەوە، ئەو تاوانە نامرۆییە بگەیەننە ئێزگە جیهانییەکان بۆئەوەی هەموو کەسێك ئاگاداری ئەم تاوانە ناڕەوایە بێت.

دەربارەی نیازی پاڵ ئەم کردەوە جوانمەردانەیەی ئێران ئەوە بۆ خوای گەورەی بەجێدێڵم کەهەر خۆی بەناو دڵان دەزانێت، چونکە دەوڵەتی

ـێران کەلـەو ڕۆژە سـەختەدا سـنوورەکانی لـەرووی لێشـاوی خـەڵکی ـێـەوماودا کردەوە چاکەیەکە هەرگیز لەبیرناچێتەوە.

وەزارەتـی دەرەوەی تورکیا لـە٩ی ئـەیلوولی ١٩٨٨دا لـەرێی دەزگاکـانـی ـگەیاندنیەوە، ئەم تاوانکارییەی بـۆ جیـهان ئاشـکراکرد ئـەوەش دوای ـەوەی بەشێك لەوانەی بـەگازە ژەهراوییـەکان برینداربـوون گەیشـتنە ـورکیا، دەوڵەتی تورکیا لەبلاوکردنـەوەی هەواڵەکـەدا پشـتی بەشـایەدی بەچاودیتەو بەڵگە بەست.

لـەکاتی ئـەنجامدانی ئـەم تاوانـەدا مـن لـەگوندی ڕاژان بـووم لەسـەر سـنووری ئـێران کـەبارەگای مەکتـەبی سیاسـیی پـارتی دیموکراتـی کوردستـانی لێبـوو، وەك لەبەشـەکانی تـری کتێبەکـەمدا باسمکردووە من بەنـهێنی لـەوێ بـووم، سـەرقاڵی پرۆسـەی ئاشـتی بـووم لـەنێوان هـەردوو حزبی سەرەکیداو نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوومو ئەمەی دەینووسم لەو خەڵکانەم بیستووە کەخۆیان کارەساتەکەیان بینیوە.

هێزەکـانی هـەردوو حزبـی سـەرەکی بەیارمـەتیو هاوکـاری ڕێکخسـتنە ناوشـار توانییـان دەسـت بەسـەر شـاری هەڵەبجـەو هاوینـە هــەواری ئەحمـەدئاوا بگـرنو ناوچەکـە لەبـەعسو پیـاوانی دەسـەڵاتی عـێراق ڕزگاربکـەن، بـەڵام بەرپەرچدانـەوەی حکومـەتی عـێراقی دڕندانـەتربوو، چونکـە لـەو بـاوەڕەدام کەئـەوەی خـەڵکی هەڵەبجـە لـەکاتی بۆردومـانی کیمیابارانەکـەدا بەسـەریاندا هـات، دۆزەخ بـووە بـەخۆی کـەدۆزەخیش لەباسکردن نایەت.

جاش خەفیفەو موستەشارەکان

مـرۆڤ کۆمـەڵێك دژایـەتیو خەسـڵەتە، جوانـترین خەسـڵەتی بـاڵا کەهەستونەست لای هەموان دەبزوێنێت هەستی نیشتمانپەروەرییە کە

لەمنداڵییەوە لەگەڵماندایەو تەنها هەندێك هاندەری پێدەوێت تا دەربکەوێت.

پێغەمبەر(د.خ) کاتێك شاری مەککەی بەجێهێشت ، فرمێسك بەچاوانی هاتە خوارەوە لەتاو خەم و پەژارەی بەجێهێشتنی زێدی خۆی لەکاتێکدا کەس وەکو پێغەمبەر(ﷺ)ی خواناس نییە، کەچی خۆی بۆ نەگیراو هەستی نیشتمانیی خۆی دەربڕی کە لەناخی هەموو مرۆڤێکدایە، بەڵام هەندێك سات مرۆڤ لەتاوی تووڕەیی و تەماع وای لێدێت نیشتمان و ئەرکی سەرشانی لەبیردەچێتەوە بۆیە پشتی لێهەڵدەکات و بەناپاك دەدرێتە قەڵەم، ئەی نابینیت کاتێك لەناپاکیدا زیادەڕەویی دەکات دوای ماوەیەك پەشیمان دەبێتەوە.!

خوێنەری خۆشەویست: نامەوێ پاساو بۆ ئەوانە بێنمەوە کەخیانەتیان لەنیشتمان کردو چەکیان دژی شۆڕشی کوردستان هەڵگرت، نەخێر ، بەڵام ئەگەر لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کەوایان لەئامر فەوج و مەفرەزە تایبەتەکانی دەزگای موخابەرات و ئەمن کرد بەو شێوەیە بچنە پاڵ رژێم، دەبینین ژمارەیەکی کەمی ئەوانە بەیەکجاری ئابڕوویان تکاوەو هەستی نیشتمانییان دۆڕاندووە، ئەمانە هەر دەبێت کەوتبنە بەر کاریگەریی هۆکاری لاوەکیی و وای لێهاتبێت لەپێناوی پارەدا چەك دژی گەلەکەی هەڵبگرێت.

بەڵام زۆربەی ئەوانەی بەرامبەر شۆڕشی کوردستان وەستان بەهۆی تووڕەبوونیان بووە لەئەنجامی ترسان یان هەڵاتنیان لەتاوی زەبری دەسەڵاتداران یان زۆریان لێکراو ئەوانیش وەك بەرگری لەخۆکردن دژی شۆڕش وەستان.

لەبەشەکانی تری کتێبەکەم(کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا بەدوورودرێژی باسی عەشایەرەکانی کوردستانم کردووە کەیەکەم کەس بوون چوونە پاڵ ڕژێمو دژی شۆڕش وەستانو ئەم هەڵوێستەیان بەهۆی دوژمنایەتیکردنی بارزانی بوو لەبەرامبەریان کەگەورەکانیانی کوشتو جگە لەتۆقاندنیان ، بوو بەهۆی ئاوارەبوونیانو ئەوانیش تەنها ئەوەیان بۆمایەوە پەنا بۆ دەسەلاتدارێتی عێراق بەرن.

ژمارەیەکی زۆری ئامر مەفرەزەی سەر بەدەزگای ئەمنی گشتی یان دەزگای موخابەرات بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان حزبە کوردستانییەکان بوو کەدەستیاندایە خیانەتکاری.

سەیر ئەوەیە زۆربەی ئەو ئامر فەوجو ئامر مەفرەزانە، وەلائی خۆیان بۆ حزبە کوردستانییەکان دەردەبڕیو لەگەڵ ئەو حزبەدا ڕێکدەکەوت کەخۆی بەدڵی بووە، وەك ئەوەی مانگانە مووچە بۆ حزبەکە ببڕنەوەو لەبەرامبەردا، حزبەکە چاوپۆشی لەخیانەتکارییان بکات بێئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان ئاستی دڕندەییو خوێنڕێژیی ئەم یان ئەو ئامر فەوج لەبەرامبەر گەلی کورد، دەبینین هەندێك لەوانە دەستیان بەخوێنی کورد سووربووەو لەئەنفالەکاندا بەشدارییان کردووە کەئەمانە وەکو ڤایرۆس وان هەردەبێت لەناوببرێن، بەلام دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بڕیاری لێبووردن کەدەرچوو هەموویانی گرتەوە، بەلام ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کەببینین ئەمڕۆ، ئەوانە پلەو پۆستی گەورەیان لەئیدارەی کوردستاندا بەدەست بێتو بەپاڵەوان لەقەڵەم بدرێن لەکاتێکدا لەرووی مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی سادەدا هەروەکو ئەوسا تووڕەو تڕۆن.

دەمێکە دەمەوێ شتێك لەسەر هەموو ئەوانە بنووسم کەشانبەشانی ڕژێم چەکیان هەڵگرتو باسی چاکەو خراپەکانیان بکەم، بەلام ئەوەندە

بەسە کەئێستا دەینووسم و ئەگەر تەمەن باقی بوو ئەوە کتێبێکیان لەسەر دەردەکەم، چونکە ئەوانە لەوەتەی شۆڕشی کوردستان سەریهەڵداوە ڕۆڵی خۆیان بینیووەو دەبێ خەڵك ئاگاداری ئەو ڕاستییانەبن کە لەلا من، لەو ڕاستییانە تێیاندایە هەموو کەسێك شانازی پێوەدەکات و تێیاندایە مرۆڤ شەرمەزاردەکات، شایەنی باسە کەژمارەی بەناو فەوجی خەفیفە لەکوردستاندا گەیشتە ٥١٥ فەوج، هەروەها ژمارەی ١٠٠ مەفرەزەش هەبوو کەسەر بەداموودەزگا ئەمنییەکان بوو .

خیانەتکاری، بۆ سەرەتای دامەزراندنی قەوارەو ئیدارەی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە کەبێگومان تەنها لەکوردستان و لەناو موستەشارەکاندا نەبووە بەڵکو لەهەموو کات و جێیەکدا هەبوو.

سامری هەروەکو قورئانی پیرۆز بۆمان باسدەکات، سیانزە سەدە لەمەوبەر خیانەتی لەوپەیمانەکرد کەلەگەڵ خودا وموسا پێغەمبەر کاتێك حەزرەتی خوداو مووسا پێغەمبەری(ﷺ)بەدرۆخستەوەو خەڵکی فریودا پەیکەری گوێرەکەیەك بپەرستن لەزێر دروستیکردبوو، سامری کونێکی لەناو سکی پەیکەرەکە کردبوو کەدەمی و پاشی پێکەوە دەبەستەوە ئیتر کەرووەو با دایدەنا دەنگێکی لێدەهات بیستەر سەری لێی سووڕەما . لەسەردەمی پێغەمبەریشدا(د.خ) هەر لەکەسوکاری خۆی هەبوو دایە پاڵ قورەیش و دژی پەیمامی ئاسمانی وەستا . هەروەها دەبینین لەناو خەڵکی عەرەبی فەلەستین کەئەمانە خاوەنی کێشەکی پیرۆزن کە رووبەڕووی ئیسرائیل وەستاون و بەرگری لەخاك و ئاین دەکەن، دەبینین عەرەبی موسڵمانیان تێدا دەبینین دەستیان خستە ناو دەستی حکومەتی ئیسرائیل و خیانەتیان لەنیشتمانیان کرد. لەبەرامبەریشدا لەناو ئیسرائیلییەکاندا کەلەبەرچاوی هەموو جیهان بانگەشە دەکەن گوایە

ههموو گهلانی جیهان یهکگرتوو ترن، دهزگا ئهمنییهکانی ئیسرائیل
حهوت ئیسرائیلییان لهریزی هێزه چهکدارهکان دهستگیرکرد دوانیان
ئهفسهر بوون و پێنجهکهی تر سهربازبوون، کهئهمانه چهکیان بههێزه
فهلهستینیهکان فروشتبوو لهکاتێکدا مووچهی زۆریان ههبوو لهسایهی
حکومهتهکهیانداو بهخۆشی دهژیان. لهم بارهیهوه ئێزگهی رادیۆی لهندهن
لێدوانێکی لهسهر ئهم ههواڵهداو گوتی: لهمهودوا فهلهستینیهکان
پێویستیان بهوه نییه چاوهرێ بکهن ههتا دهوڵهته عهرهبییهکان چهکیان
دهدهنێ مادهم ئهم جۆره ئهفسهرو سهربازانه لهریزی سوپای ئیسرائیلدان
کهچهکیان پێدهفرۆشن.

جا ئهگهر ئهمه حاڵی ئهو گهل و دهوڵهتانه بێت، تۆبڵێی بارودۆخی کورد
لهوبارهیهوه چۆن بێت لهکاتێکدا بهسهرچوار دهوڵهتدا دابهشکراون و
بوونهته ژێر دهستهی سێ نهتهوهی جیهانی سێ؟!

ژمارهی ئهوانهی چهکیان بۆ رژێم ههڵگرت، ئهگهر لهگهڵ ژمارهی
دانیشتوان و گهلانیتردا بهراوردبکرێت بۆمان دهردهکهوێت ئێمه باشترین.
بهڵکو موستهشارو ئامرفهوجی وا ههبوو خزمهتی زۆر گهورهی بهشۆرشی
گهلی کوردستان و خهڵك گهیاند، خزمهتی وا کهشایهنی بهخشینی
نیشانهی پاڵهوانیهتییه پێیان چونکه ئهوانه لهشوێنی مهترسیداردابوون و
ههمیشه ژیانیان لهمهترسیدار بووه چونکه لهناوجهرگهی ئاگرهکهدابوون و
لهباوهشی دهسهڵاتی عێراقدابوون کهسهرۆکهکهی بهزهیی بهنزیکترین
کهسدا نههاتۆتهوه ههر ئهوهندهی گومانی لێکرا.

لهوێنهی ئهمانه لهکوردستاندا زۆرهو ههڵوێستی وایان ههبووه
نووسینهوهیان بهچهند دێرو رۆژنامهیهك کۆتایی نایهت بهڵکو دهبێ
کتێبێکی بۆ تهرخان بکرێت، لهوانه: حاجی عهلی سسته لهقهڵادزێ،

هەروەها منداڵەکانی عەباسی مەمەند ئاغا لەناوچەی بیتوێن و، زەیدی عومەر ئاغای سوورچی لەناوچەی هەولێر. زۆری‌تر هەن داوای لێبوردن دەکەم کەلێرەدا ناویان نابەم، ئەمەش لەوانەیە بەئەقەست نەبێت، بەلاّم هەموو ئەمانە گیانی دەیان هەزار کەسیان لەخەڵکی کوردستان پاراست کەلەریزی فەوجەکانیان وەریانگرتن بۆئەوەی سەربازی نەکەن کەجەنگی عێراق. ئێران سەدان هەزار کەسی بەکوشتدا ، جا بەهۆی ئەم فەوجانەوە، زیاد لە ٦٥٠ هەزار کەسی کورد بەسەلامەتی و بەبێوەی لەناو خێزان و کەسوکاری خۆیاندا دەژیان و خەریکی کاروکاسبی خۆیان بوون دوور لەهەموو جۆرە مەترسییەك. هەندێك لەو عەشرەتە چەکدارانە پلەوپایەیەکی تایبەتیان هەبوو کەحسابیان بۆدەکرا، راستییەکەشی ئەوەیە چەکدارەکانی فەوجەکان و مەفرەزەکانی دامودەزگا ئەمنییەکان داردەستی راپەرینی گەلی کوردستان بوون.

جا ئیدارەی خراپی حزبی بەعس و پرۆسەکانی قەلاّچۆکردنی گەلی کوردە ترس و تۆقینی خستە دڵی ئەمانەو وای لێکردن هەر کەهەلیان بۆ هەڵکەوت لەدژی دەسەلاّتی بەعس بوەستن هەروەکو لەراپەریندا بینیمان. هەروەکو لەبەشەکانی‌تری کتێبەکانمدا باسمکردووە، سەر لەشکر(قائدفیلق)ێك هەموو موستەشارەکانی کۆکردبوّوە و زۆر بەبێشەرمانە نیازی حکومەتی عێراقی لەلایان ئاشکراکردبوو، کەپێشمەرگە لەهەر گوندێکدا ببینرێت ئەوە گوندەکە بۆدرومان دەکرێت، لێرەدا موستەشارەکان بۆیان دەرکەوت کەبارەکە مەترسیدارەو حکومەت نیازی خراپەو هێشتا جیاوازی ناکات لەنێوان پێشمەرگە کەماوەیەکە دژی رژێم وەستاوە، لەگەڵ ئەو کوردە چەکدارەی ژیانی خۆی لەپاڵ رژێمدا بەسەر بردووە.

ئنجا راپەڕین ڕوویداو سەنگەرەکان گوازرانەوە، پاشان لوولەی تفەنگەکان ڕووبەڕووی ڕژێمی زۆردار کرانەوە... خوا هەموومان بۆ خزمەتی کوردستان یەکبخات.

لێرەدا دەمەوێ بانگەوازێك ئاراستەی هەموو موستەشارەکان(ئامر فەوجەکان) بکەن کەبارودۆخی هەلاوێردە کردنی بەملیۆنێر، داوایان لێدەکەم بەچاوی بەزەییەوە ئاوڕ لەخەڵکی کوردستان بدەنەوەو لەوسامانەی کەسەرۆکی عێراقی پێی بەخشیون، بەشێکی ببەخشنە خێزانی-شەهیدەکان چونکە چ زەرەرێك دەگەیەنێت ئەگەر هەریەکەیان خێزانێکی دەربەدەر بەخێو بکات کەرژێم ستەمی لێکردووە؟ ئەو سامانەی لەلای ئەمانەیە ماڵی گەلە، لەبیریشمە موستەشارێك گوتی: هەرکاتێك بنەماڵەی بارزانی، ئەو ماڵو سامانەی لەلایانە گێڕایەوە کە بەنزیکەی ٣ ملیار دۆلار مەزەندەکراوە، ئەوە ئێمەش ئەوەی لەلامانە دەیگەڕێننەوە.

نامەیەکی کراوە بۆ مامۆستا مەلا کرێکارو هاوەڵەکانی

دوای ڕێزو سلاو

وەکو هەر موسڵمانێکی ئاشتیخواز، سۆزی خۆمت پێکەش دەکەم لەگەڵ سلاوی شۆڕشگێڕانەی کوردێك کەهەموو ئاواتێکی، ڕزگاریی کوردستانە، لەمنەوە بۆ تۆ سلاوێکی برایانە، کەکلیلی دەروازەی دلانە.

ئیمامی بەڕێز...

دوای ئەوەی دەستتان بەسەر ئەو CD یەمدا گرت کەسێ بەرگی کتێبەکەمی لەخۆی گرتبوو؛ ئەوەی بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان هەردوولامان پێمدابوون کە بەچەند بەرگێك، لەسەر ئەرکی خۆتان چاپیان بکەن، بەو هیوایەی کەکتێبەکانم بگەنە بەردەستی هەموو خوازیارێکی ڕاستیو ناسینی دوژمنی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان.

بەزۆری پێموایە دوای ئەوەی CD یەکەتان خوێندوەوەو بۆتان دەرکەوت کە ناوەرۆکەکەی دەکێشتە سەر دۆستو هاوپەیمانتان، ئیتر ئەمە نا چاریکردن بەڵێنی چاپکردنی ١٠٠٠ دانە لەکتێبەکەم بشکێنن کەوەک پشتگیریەکی شۆرشی فیکریم دابووتان، نەك هەر ئەمە بەڵکو، ئێوە بوون بەمایەی زەرەر پێگەیاندم لەرووی مادییەوە جگە لەبەفیڕۆدانی کاتم بەچاپکردنەوەی نووسینەکەم لەسەر CD یەکیتر، چونکە ئەوەندەی بێهوودە هەوڵمدا بتانبینم ئیتر لەوەدەستخستنەوەی CDیە تیاچووەکەم تەمابڕاوبوم، ئەمەش لەبەرئەوەی کابرای برادەرتان(...) گوتی : (مەلا کرێکار ئەوەی لەلای بووە لەدەستیداوە، هەروەها کەمجار بەڵێنی دەباتە سەر، بۆیە ئەوەندەم لەدەستهات کەبڵێم: خوا جەزای بداتەوە.

بەرێزان : هەروەکو لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا روونم کردۆتەوە، من بەرەگەز کوردم، شانازیش بەم رەگەزەمەوە دەکەم، خەڵکیش شایەدی لەسەر دەستپاکیو ئیمانداریی باوباپیرانم دەدەن... تا ئێستا کارێکم نەکردووە خوا پێی ناخۆش بێت، هەروەها واشم نەکردووە دەوڵەتە دراوسێکانو هەندێك لەحزبە کوردستانییەکان لێم زویر بنو لەوە زیاتر قەستەسەرم بن.

ئەوەی منی بەم بارەی ئێستام گەیاندووە پشتگوێ خستنی دەسەڵاتی زۆردارو هۆنینەوەی راستییەکانە بەهەستێکی نیشتمانپەروەرانە کەئاینی ئیسلام لەمەدا هاندەرمە، هەروەها کۆمەڵانی خەڵکیش هانم دەدەن کەلەم کارەمدا بەردەوام بم، خوای گەورەش پشتیوانمەو هەر ئەویشە ئاگاداری ناودڵانەو فەرموویەتی: ﴿قل لن يصيبنا الا ما كتب الله لنا﴾ .

بەرێز ماموستا مەلا کرێکار: منو تۆ سێ جار بەیەك گەیشتووین ، هەریەکەمان شارەزای بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیای ئەویترمان بووە، جا لەە

ـیانەیـەدا دوو نـاوکۆیی هەیـە کـەمن و تـۆ پێکـەوە گرێـدەدات، ئـاین و ـەتەوە. ئەوەندەی هەیە ئەوەی لەسەری کۆك نین گوزارشتکردنە لەدیدو ـۆچـوون بەرامبـەر جیـهان و رووداوەکـانی دەوروپشـتمان ؛ چونکـە ـەریەکەمان ئامانجێکی ئاشکرای هەیە. ئەوەی لەناو دڵانیشدا شاراوەیە ، ئەوە خودا بەخۆی دەیزانێت.

کەبەرێزتان دەتانەوێ بەپێی ئەوەی لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە، گەلی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و لەسەر ئەو پێودانگە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن کەکاتی خۆی پێغەمبەری خوا(د.خ) مامەڵەی پێکردوە بێنەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کەپێغەمبەر فەرموویەتی: (یسّروا ولاتُعسروا).

لـەوەش گـەورەتر ئەوەیـە کـەئێوە، لەوەتـەی دامـەزراندنی حزبـە ئیسـلامییەکەتان راگـەیاندووە، رەنگ‌وبـۆی نیشـتمانپەروەریی شۆڕشگێڕانەمان تێدا هەست پێنەکردووە، وردتر بڵێین(کوردایەتی) تێدا نییە، چونکە مۆرکی داخراوێ ئاینی بەسەرتاندا زاڵە بێنەوەی گوێ بدەنە هەستی کوردو ستەمی دەوڵەتانی دراوسێ بەرامبەر کوردستان.

دەربارەی خۆشم، هیوادارم گەلی کوردستان بتوانێت پێ‌بەپێی شەرعی قورئـان جێ‌پێـی خـۆی لـەگۆڕەپانی سیاسـیدا بکاتـەوە بۆئـەوەی نـەکا رووداوی‌تـر بەسـەردابێن و بایەکـە، بەپێچەوانـەی خواسـتی شـەنکەرەوە هەڵبکات و ئەوسا خۆمان بدۆڕێنین ! چونکە من لەو بڕوایەدام ئەمجارە گەلی کوردستان، ئەگەر ئەم هەلە لەدەست خۆی بدات ئەوە هەتا چەندە دەهەیـەکی‌تر شتێکی وای بـۆ هەڵناکەوێتـەوە، بۆیـە دەبێـت ئـەم هەلـە بقۆزینەوە، چونکە هەل، هەمیشە هەڵناکەوێت.

سـەرباری ئەو زەرەروزیانانـەی شـەڕی نـاوخۆی نێـوان هـەردوو حـزب PDK و PUK بەرەوتی شۆڕشی کوردیان گەیاندووە، لەولاشەوە ناکۆکیی

نێوان حزبە ئیسلامییەکان‌و یەکنەگرتنیان ، کەمتر زیانیان پێمان نەگەیاندووە. ئەمە جگە لەوەی سەرجەم حزبە ئیسلامییەکان، هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر خیانەتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ نەبووە، شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەحزبە کوردستانییەکان لەدەڤەری هەڵەبجەدا، ئەگەر کۆک‌و تەبابوونایەو لەژێر ئالآی یەک سەرکردایەتیی نیشتمانپەروەری زانای وا بوونایە کەهەلومەرجەکەی رەچاوبکردایە، ئەوە رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت. وەك دەشزانین لەهەڵبژاردنە دەورییەکانیان، سەرۆکی پێشەوای خۆیان، مەلا عەلی عەبدولعەزیزیان هەڵنەبژاد، بەڵکو مامۆستا عەلی باپیر زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، جا مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز، لەرێی داننەنان بەواقیعدا، گێرمەوکێشەی دروستکردو بوو بەمایەی سەرهەڵدانی ئەو حزبە نوێیە ئیسلامییانە. لەدیدارێکدا لەگەڵ مامۆستا مەلا عەلی باپیردا بۆم دەرکەوت کەئەم پیاوە، کەسایەتییەکی سیاسیی ئیسلامیی نیشتمانپەروەرە هەوڵ بۆ کوردایەتی دەدات، جگە لەوەی مرۆڤێکی کراوەو بلیمەتە.

دەربارەی باقی حزبە ئیسلامییەکانی‌تر، ئەگەر یەکدەنگ بوونایە ئەوە دەبوونە سێیەم زلهێزی کوردستان‌و خەڵکێکی زیاتر لەدەوریاندا کۆدەبوونەوە جگە لەوەی دەبوونە بەربەست لەبەر رێی جمووجووڵی گومان لێکراوی هەندێك حزبی سیاسی بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی. چونکە لەبەردەم پەیوەندیی هەریەکە لەم حزبە ئیسلامییانە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، نیشانەیەکی پرسیارو سەرسوورمان هەیە!

یەکگرتنی ئیسلامیی لەنێوان ئەم حزبانە شکۆو پلەوپایەیەکی لێ دەرسکا کە بەهۆیەوە بەرگیریی لەدەستێوەردانی بێپەردەی ئێران دەکرد لەرووی گۆڕینی ئایدیۆلۆجیای ئەم حزبانەو سەپاندنی مەرج بەسەریاندا

هەروەکو ئێستا بەبەردەوامی دەبینین کە لەرێی هەندێك پیاویەوە، بۆ رووخاندنی قەوارەی کوردی ئەنجامیدەدات.

ئەم یەکگرتنە کەشێکی سیاسیی وای دەخولقاند کەدوو حزبە گەورەکەی ناچاردەکرد لێکتر نزیك ببنەوەو قسەیان بکەن بەیەك، ئەمەش رۆلی خۆی دەبینی لای سیاسەتمەدارو سەرکردە کوردەکان.

ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی ئاشتییە، ئەوەی کەقەوارەی کوردیمان پێ دروست دەکرد، جا ئەگەر ئاشتی لەراپەرینەوە بەرقەرا بوایە ئەوە رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت.

حزبە ئیسلامییەکانی هاوسنووری ئێران کۆمەلێك گیروگرفتیان بۆ ئیدارەی کوردی دروستکردووەو بوونە هۆی نائارامیو نەمانی ئاشتی لەناو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا ئەمەش لەرێی ناکۆکییە زۆرەکانیان کەپرۆسەی کۆنترۆلکردنی ئیدارەی هەرێمو پاراستنی سنووری کوردستانی لاوازکردووە، کەئەمە رێگەی لەبەردەمی ئێران خۆشکردووە بەشێوەیەکی فراوانتر دەست بخاتە گرووپنی بێگانە فەراهەمکرد کەئیدارەیەکی نوێ لەناوچە سنوورەییەکاندا دروست بکەن، تەنها خوداش دەزانێت هەندێك لەم گروپە ئیسلامییانە لەکوێ دروستبوونو چییان دەوێت!

بەهیوابووم ئەگەر بینیمن ئەوە لەنزیکەوە بیانناسمو باشتر لێیان تێبگەم، بەلام هەولەکانم بۆ بینینیان سەرینەگرت. ئەوەی هەبوو لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتانەی لەسەر ئەوان بەرچاوم کەوتو ئەوەی لەدەمی ئەو کەسانەوە بەرگوێم کەوت کەماوەیەك لەگەلیاندا بوون، هەروەها لەئەنجامی ئەو رووداوانەی ئەم دواییەی کوردستان کەدرایە پال ئەوان، بۆم دەرکەوت کەئەو کردەوانە، نە ئاین دانیان پێدادەنێت، نەهۆشو نەلۆجیك.

هەرچەندە بەڵگەنامەی پێسەلمێنم کەمە بۆ پشتگیریکردن لەقسەکانم، بەڵام بەپێی ئەو بەڵگە هۆشەکییانەی دەستم کەوت دەتوانم بڵێم کەئەو گرووپە ئیسلامییەی ناوی (جند الاسلام)ی لەخۆی نابوو، بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دراوسێ کاری دەکرد لەپێناو لەقکردنی بناغەی ئیدارەی کوردیو شێواندنی ئارامیو ئاسایش لەوڵاتدا. چونکە ڕێی تێناچێت ئەمانە، لەژێر ئاڵای ئایندا، دوژمنایەتیی سێ ملیۆن کورد بکەنو هەڕەشە لەو ئیدارە بچووکەی بکەن کە لەسەر بەشێکی بچووکی خاکی کوردستان دایمەزراندووە، ئەویش دوای خەباتێکی درێژخایەن لەماوەی دەیان ساڵ کەتێیدا ماڵو گیانیان نایە پێناو بەدیهێنانی ئازادیو سەرخستنی ئەو ئەزموونەی ٤٢ ملیۆن کورد لەجیهاندا چاوی لەسەریەتیو بەئاواتەوەیە سەربگرێت تا سەرانسەری کوردستانی گەورە بەخۆشی بژی.

من هەرچەندە ئەوەندەم لەتەمەن بڕیوە کەتەماعم بەدونیاو پلەوپایەی دونیایی نەماوە، جگە لەوەی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە هەڕەشەی گرتنم لەسەرە، بەڵام من بەوپەڕی شانازییەوە ئامادەم ببم بەپاسەوانێکی دڵسۆزی پاراستنی ئیدارەی کوردی بەدەر لەوەی سەرۆکایەتیی ئیدارەکە بەدەست تاڵەبانی بێت یان بارزانی. کاتێکیش لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا داوام لەو دوو سەرکردەیە کرد دەست لەکار بکێشنەوە مەبەستم شکاندنی ئیدارەکە نەبوو ئەوەندەی مەبەستم، گۆڕینی ئەو دوو سەرکردەیە بوو کەپێکنایەن، هەموو ئاواتێکیشم ئەوەیە خوای گەورە ئەم ئەزموونەمان بۆ سەربخات کەکورد، زیاد لەهەشتا ساڵە خەباتی بۆ دەکات. بەبێ چەندوچوون، ئەوەی بەرهەڵستی ئەم ئەزموونە بکات هەم خوا غەزەبی لێدەگرێت هەم دووژمنایەتی گەلی کورد بۆ خۆی دەسازێنێت. دەربارەی دان نەنانی ئاینیش بەکردەوەی ئەو گرووپە ئیسلامییانە، دەڵێم کەخوای

گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمانی پێمانکردووە گوێڕایەڵی پێغەمبەرین و سوننەتەکانی پێڕەو بکەین، ئینجا لەکتێبەکانی (السيرة)دا نەمانبیستووە کەپێغەمبەر(د.خ) پلانی بۆ تیرۆرکردنی یەکێك لەگەورە پیاوانی قورەیش لەسەرانی کوفر دارشتبێت لەوانەی کەبەدرێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ لەرووی کوفرەوە کەس هاوتایان نەبوو، بۆیە هەوڵی تیرۆرکردنی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح - سەرۆکی حکومەتی هەرێم(سلێمانی)، بەو شێوە خۆکوژییە، هەوڵێکی ستەمکارانەبوو بۆ پەککخستنی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و ناشیرینکردنی وێنەی حکومەتی هەرێم و دەرخستنی لێنهاتوویی کورد لەوەی کە بەئازادی ولاتی خۆیان بەرێوەبەرن،هەروەها بۆ ئەوەبوو کەوا بنوێنرێت گوایە گەلی کورد، گەلێکی دڕندەیە لەواتای مەدەنییەت و شارستانیبوون تێناگات و لەگەڵیدا هەڵناکات... دەنا ئەم گرووپە چییان لەتیرۆرکردنی د. بەرهەم دەستدەکەوێت؛ ئەم لاوە رۆشنبیرەی دەستی لەژیانی خۆشی و نازی ئەورووپا هەڵگرتووەو نیوەی تەمەنی لەوێ بەسەربردووەو هاتووە ژیانی زەحمەت و پڕ دەردەسەری لەکوردستاندا هەڵبژاردووە تا ئەوەندەی لەتوانایدایەو بەپێی زانایییەکەی، خزمەتی رۆڵەکانی گەلەکەی بکات.

باشە بۆچی ئەو هەوڵە لەپێناو تیرۆرکردنی سەرۆکی عێراق(صەدام حسەین) و دەستوپێوەندەکانی نەدرا کەدەستیان بەخوێنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان سووربووەو رێزی قورئان و مزگەوتەکانیان پێشێل کرد، تەنانەت هەوڵەکانیان بۆ تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و کوشتنی خەڵکی بێتاوان، تەنها خزمەت بەچوار دەوڵەتی دراوسێ دەکات و ئارەزووەکانی ئەوان دێنێتەدی. ئنجا ئەوەی بۆتە داخی دڵم ئەوەیە کەئەم گرووپە، خەڵکێکی ئازاو ئیماندار بەبێ هوودە بەکوشتدەدەن، ئەو پاڵەوانانەی

کەئامادەبوون لەپێناو ئەوەی بڕوایان پێیەتی خۆیان بتەقێننەوەو بەنرخترین شت لەدەست خۆیان بدەن کەگیانیانە.

کەواتە لێرەدا، ئایا مافی ئەوەم نییە سەرزەنشتی ئەو مامۆستایانە بکەم کەئەی جێرە قارەمانانە بەشێوەیەك بەکوشت بدەن کە نە یاسای ئاسمان نە یاسای زەوی پاداشتیان ناداتەوە لەسەری‌و بەخۆڕایی و بێئەوەی خزمەت بەکێشەی رەوای گەلی کوردستان بگەیەنن، تیابچن.

ئەو کردەوە خۆکوژییانە، بۆچی لەپێناو تۆقاندنی دوژمنانی کورد نەبێت کەدەوڵەتە دراوسێ داگیرکەرەکانی کوردستانن، بۆچی لەپێناو سەپاندنی ئیرادەی کوردی نەبێت بەسەر ملهوڕیی حکومەتەکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی مل بۆ رەوایی مافەکانمان بدەن‌و دانیان پێدا بنێن.

کەواتە بەسە... چیتر شەڕ بەئیدارەی کوردی مەگێڕن‌و هەوڵبدەن کۆڵەکەکانی ئەزموونەکەمان سەقامگیر بکەن...

براکەم شەرم دەکاو بکوژی باوکمانی وەلاناوە

نەئاین بەمە رازییە نەخوا دانی پیاناوە

هیوادارم دەربارەی بەکرێگیراویەتیی ئەو گرووپە ئیسلامییە ، بەهەڵەدا چووبم، بریا پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەسەلماندو بەدگومانیمانیان دەرەواندەوە، ئەمەش لەرێی جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی خوای گەورەو دڵفرەوانیی ئاینی ئیسلام بەوەی گەلی کورد رێزی بکەن، چونکە رەزابوونی خوای گەورە لەرەزابوونی خەڵکەوەیە، هەروەها لەپشتگیریکردنی ئەزموونی کوردییە هەتا ئەوکاتەی خوا سەریدەخات، ئەوساش گەل بریار دەدات کەکێ وڵات بەڕێوە دەبات.

دەربارەی ئەوەش کەعەقڵ لەگەڵ کردەوەکەی ئەم گرووپەدا نییە، دەڵێم: ماوەیەك لەمەوبەر بیستمان چەند گۆڕێکیان هەڵداوەتەوە(٢٠٠٢/٦/١٧)و

تەرمی ئەو مردوانەیان لێدەرکردوون کە لەمێژە لەوێ نێژراون.

جا ئەگەر کەسایەتیی تەرمی ناو ئەو گۆڕانەش بخەینە لاوەو ئەم کردەیەوە بەعەقڵ هەڵسەنگێنین، تۆ بڵێی هۆشمەندێك هەبێت ڕێگە بدات گۆڕی شەیتانیش هەڵبدرێتەوە؟... ئەم کردەوەیە، نەمرۆڤایەتی پێی ڕازییە، نەقورئانیش ڕێگەی پێدەدات.

جگە لەمە، ئەو تەرمانە خەڵکێکی خراپەکارنەبوون تا بەم دڕندایەتییە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کوردیش دەڵێت: مرۆڤ کەمرد، شەیتانیش دەستی لێهەڵدەگرێت ! جگە لەوەی ئەم زاتانە خاوەنی تەریقەت بوون. لەڕێگەی مریدەکانیانەوە ئاینی ئیسلامیان بەهەموو جیهاندا بڵاوکردەوە، جایەکێك لەسیفەتەکانی موسڵمان ئەوەیە هەروەکو قورئانی پیرۆز لەسەرەتای سوورەتی بەقەرەدا فەرموویەتی: ﴿ ومما رزقناهم ينفقون ﴾، ناندانی خەڵك لەڕێی خوادا یەکێکە لەسیفەتە چاکەکانی موسڵمان کەخوا لێی ڕازیدەبێت و فەرمانیشی پێکردووە . تەکیەو خانەقای خاوەن تەریقەتەکان ڕۆژانەو بەردەوام و لەهەر کوێ بووبن . نانی سەدان بەڵکو هەزاران خەڵکی هەژارو داماویانداوە، من بەخۆم ئەمەم لەتەکیەی شێخ قادری چوڕسەو تەکیەی کەسنەزانیدا بینیووە، تەنانەت جارێکیان کە لەخزمەت شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانیدا بووم کەشێخ، هەزاران مریدی لەدەوری خڕببونەوە، لەو ئامۆژگارییانەی شێخ دەیکردن گوێم لێنەبوو شتێکی دژی شەرع وئاینیان پێبڵێت، ئامۆژگاری دەکردن ڕاست بڕۆن، ڕێگەی شەرعی خواو سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) بەرنەدەن، سیخوڕی بۆ هیچ لایەنێك نەکەن، خیانەت لەنیشتمان نەکەن، هەروەها خۆشەویستیی نیشتمان لەئیمانەوەیەو زۆر ئامۆژگاریتر کەمرۆڤایەتی پێی ڕازییە. ئینجا ئێوە، ئەگەر خاوەن تەریقەتەکان بەبڕوادار نازانن و

گوایە رچەکەیان نەشیاوە، ئەوە بەربەرچدانەوەی کاری نەشیاو، بەئەنجامدانی کاری خراپ و نەشیاوتر نابێت؛ ئەمەش فەرمانی پێغەمبەرە(د.خ) کەگوێڕایەڵبوون بۆ فەرمانەکانی حەزرەتی پێغەمبەر ئەرکی سەرشانمانە.

بەڵام زۆر بەداخەوە، سوقراتی داناى یۆنانی جوانی گوتوە کە(مشتومڕ مەکە لەگەڵ یەکێکدا کەکتێبێکی خوێندۆتەوە). داوای لێبوردنیش دەکەم کە ئەم پەندەم هێنایەوە بەوهیوایەی ئەمان نەگرێتەوە، بەڵکو من ئەوەندەم لەسەرە بڵێم: خوای گەورە ڕێنیشاندەرمانە.

ئنجا دەربارەی نەگونجانی کردەوەی ئەم گرووپە ئیسلامییە لەگەڵ لۆجیکدا دەمەوێ ئەوە روونبکەمەوە کە بەپێی هەموو شەرعە ئاسمانیی و زەمینیەکان، لاری لەوە نییە هەرکەسێك بڕوای بەهەرچییەك هەبێت مادەم ئەو بڕوایە، زیان لەئازادی خەڵکیتر نەدات. چونکە ئازادیی بیروباوەڕ، لەهەموو ئان و سەردەمێکدا هەبووە، ئەوەی لەو بیروباوەڕەش بەرپرسیارە ئەوەندەی لەسەرە ئامۆژگاری بەرامبەرەکەی بکات کە لەرووی بیروباوەڕەوە لەگەڵیدا کۆك نییە، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ﴿ لا اكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي ﴾، جگە لەچەند فەرموودەیەك کەئاماژە بەوە دەدەن کە لەگرۆی ئادەمیزاددا، لەدوای خوای پەروەردگار لەخودی پێغەمبەر(د.خ) نەرمتر و بەبەزەییتر نەبووە بەرامبەر بەمرۆڤ ... خوا ئێمەی لەنەبوو دروستکرد، بێئەوەی هیچمان هەبێت رزقمانیدا، بێئەوەی دەسەڵاتیشمان هەبێت تەمەنی پێمان بەخشیوە، هەر خواشە کەمرۆڤ سەربەرز دەکات و دەیشکێنێت، ئەمانەو زۆر بەخششیتر کەخوا پێمانی بەخشیوە بەڵام نەمانبینی کەسێك کوفر بکات یا نکوڵی لەبوونی خوا بکات خوا پەنامان بدات... سەرباریشی دەبینین خوا چەند

ێبوردەیە، ئەدی هەر خۆی هەرە خاوەنی بەزەیی نییە! کەواتە ئێوە کێن و چین تا ئالأی ئیسلام هەڵکەن و لاف بەسەر خەڵکدا لێبدەن و خۆتان لەو خوایە بەگەورەتر بزانن کەئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەکە ڕاگرتووەو لەنێوان ئاوەکاندا زەوی داڕشتووە!

برا هاوئیمانەکان، ئێوە ئەگەر وەکو خۆتان دەڵێن موسڵمان بن، ئەوە خوا فەرمانی بەوەی کردوتانە، نەکردووە، خۆ ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوەی دەیزانین، وەحیتان بۆ هاتووە رایگەیەنن... دەنا ئەگەر لارییەکتان لەئیدارەی کوردستاندا بینیوە بۆچی لەگەڵ کاربەدەستدا دانانیشن تاڕاستی بکەنەوەو بیهێننە سەر ڕاستەڕێ... خۆ ئەگەر نە ئەوەشن و نەئەمە، بەپیرۆزی خاك سوێندتان دەدەم لەکۆڵ کوردببنەوە.

ئێوە ئەی ئەوانەی بەیداخی ئیسلامتان کردوە بەئالأتان و دوور لەجیهان، لەبستێکی کوردستاندا مەلأستان خواردووە، چاکتر نەبوو هەر لەسەرەتاوە خەڵکتان بەلای خۆتاندا راکێشایەو وێنەی شێواوی ئیسلام چاك بکەن کەرەفتاری هەندێك لایەنگرو هەوادارای حزبە ئیسلامییەکان شێواندوویانەو، بەم کردەوەیەتان قوڕەکەتان خەستتر نەکردایە؟

ئەوەی چەك و تەقەمەنی پێتانداوە دەیتوانی ئەوەندە پارەتان بداتێ ئەو بەشەی کوردستانی پێ ئاوەدان بکەنەوە کەئێستا خۆتانی تێدان، ئەوەی کەئێوە بوون بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوە بیانییەکان و ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست لەئاوەدانکردنەوەی هەڵگرن.

لەسەرتان پێویستە قەرەبووی داماوی و بێبەشیی ئەو خەڵکە بکەن بۆ ئەم چەند ساڵەی لەدەستیان چووە، بەلأم خوا پشتیوانمانە.

بەرێزان مامۆستا مەلا کرێکارو هاوەڵەکانی

لەدوا دانیشتنماندا لەسەر چەند خاڵێك رێككەوتنین دەربارەی رێگەچارەی رزگاریی گەلی کوردستان و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دادپەروەری لەناو خەڵكداو کەئەمە تەنیا لەرێی رزگاربوون لەهێزەکانی میلیشیا دێتەدی کە ئیدارەی کوردستانیان کۆنترۆڵکردووە، لەسەررووی هەمووشیانەوە بنەماڵەی بارزانی. ئەم ئاواتەش تەنها لەرێی دەسەلاتی سەربازیی UN دێتە دی ئنجا دوای ئەوە خەڵك لەوەدا ئازادن دەنگ بۆ کێ دەدەن.

جگە لەمە، خەڵکی بڕواداری کوردستان هەرگیز بڕوایان بەراستگۆیی حزبە ئیسلامییەکان و بەشداربوونیان لەئیدارەی کوردیدا نەبووە، دەنا لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەنگی تەنها بۆ ٧٪ ی پاڵێوراوە ئیسلامییەکان نەدەدا. ئێوە دەبوایە ئەو وێنە شێواوەی خۆتان چاك بکردایەو باوەڕی جەماوەرتان بۆ خۆتان رابکێشایەو خەڵکتان هانبدایە شۆڕشی جیهادی بکەن، لەمەش گرنگتر: ئایا ئەم شۆڕشە بۆکێ و دژی کێ بێت؟ ئنجا دوژمنی راستەقینەی گەلی کوردستان کێیە؟

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿عسى ان تكرهوا شيئاً وهو خير لكم وعسى ان تحبوا شيئاً وهو شر لكم والله يعلم وانتم لا تعلمون﴾.

دەستپێکی ئەم گرووپە ئیسلامییە بەکوشتنی یەکێك لەسەرانی نزیکی بنەماڵەی بارزانی کەئەویش فرەنسۆ هەریرییە، ئەو خۆبەزلزانەی رۆژانە رووبەکی بنەماڵەی بارزانی ناشیرین دەکردو قینی خەڵکی بەرامبەریان دەجۆشاند، دەڵێم تیرۆرکردنی ئەو پیاوە، بنەماڵەی بارزانی تۆقاندو وای لێکردن بیر لەوە بکەنەوە وریابن و پارێز وەربگرن، ئەمەش هانیدان کە لەیەکێتی نیشتمانیی کوردستان نزیك ببنەوە هەرچەندە ئەمە خزمەت

ـەکێشەی کوردی ناکات بەڵکو هۆکاری سەرەکیی لێکدوورکەوتنەوەی ـەکێتیو پارتییە.

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم نووسینەم لەبەرچاو بگرنو هەست بەوە بکەن کە شتێکی دڵخۆشکەرەیە مرۆڤ ئەوەی دەستبکەوێت کە بەلایەوە بایەخدارە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کەهەمیشە گرنگتر هەیە.

هەندێك جار خۆم بەگوناهبار دەزانم کەنەمتوانی بتانبینم، چونکە لەوانەیە بمتوانیایە رێنمونیتان بکەم بۆ خێری هەموو لایەك، یان حوکمدانم بەپێی شەرع، بەڵام تۆ دەتەوێ، منیش دەمەوێو خۆاش ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێ...

ئیتر خۆشیتان

خزمەتکاری کوردو کوردستان

رەفیق پشدەری

وەسیەتنامەی شەهید قازی محمد

خوێنەرانی خۆشەویست، خوشک و برای هاوخوێن و هاوزمانم سلاوی خواتان لێبێت لەهەرکوێ هەبن، بیروباوەڕتان هەرچی بێت.

لێرەدا دەمەوێ ئەوەتان بەبیربێنمەوە کە هەر زانیاری، یان ئامۆژگاری، یان ئاشکراکردنی نهێنی، یان زیادەڕەوی، یان پیاهەڵدانێکتان لەنووسینەکانمدا خوێندبێتەوە ئەوە هەمو مەبەستێکم تەنها یەک شت بووە، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە کە هیواو ئاواتی هەمو کوردێکە.

لەوانەشە، خوێنەری بەڕێز، بۆی بتکرێت یان بدەیتە قاقای پێکەنین کاتێک سووربونم لەسەر ئەم مەسەلەیە بەدی دەکەیت، من کە بێ عەشرەت و بێ حزب و بێ سامان و بێ دەسەلات و بێ هیچ پشتیوانێکی دەرەکیم... بەلام بڕوای تەواوم بەخوای پەروەردگارو توانای بێپایان، هەروەها بڕوام بەرەوایی داواکەم و ئیرادەی گەلی کوردستان هانیداوم کە لەسەر ئەم ئامانجەم سووربم و هەولی بۆ بدەم تا دەیهێنمەدی، هەروەکو شاعیری عەرەب فەرموویەتی: «اذا الشعب یوما اراد الحیاة... فلابد ان یستجیب القدر». لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەم بەلکو زیاد لەمە سوێند دەخۆم کەئێمە بەئاواتمان دەگەین، لەم بیروباوەڕەمدا پشتم بەفەرموودەی پێغەمبەری خوا(د.خ) بەستووە کەفەرموویەتی: (ما ضاع حق وراءه مطالب). جا ئەگەر چاو بەهەر کتێبێکی ئاسمانی و هەوال و دەنگوباسی خەلک لەمێژووی کۆن و نوێدا بخشێنن سەرنجدەدەن کەسوودی ئەوەیە پەند لەبەسەرهاتی ئەو خەلکە وەربگرین و نەکەوینە هەلەکانیانەوە.

لەبەرئەوە بەباشم زانی ئەم وەسیەتنامەیەی شەهید قازیی محەمەدی سەرکۆماری کوردستان بخەمە بەرچاوتان لەپێناو زیندووکردنەوەی یادی

ـەم سەرۆکە قارەمانە، چونکە ئەویش هەوڵیداوە نەمربێت و هەموو ـوانەش لەوپێناوەدا تیاچوون هەمان مەبەستیان بووە کەهەتا رۆژی ـیامەت یادیان بکرێتەوەو کردەوەکانیان بکرێن بەسەر مەشق هەروەکو ـەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر(د.خ) لەو رووەوە لەقورئانی پیرۆزدا ـەرمووی: ﴿ واجعل لي لسان صدق في الاخرين ﴾.

ئەم ئامانجەش تەنها لەرێی خۆلادان لەخۆشییەکانی دونیاو تەماعەکانی دێتەدی، شاعیرێکی داناى عەرەبیش جوانی فەرمووە:

لاتخضعن لمخلوق على طمع

فان ذلك نقص منك في الدين

واسترزق الله مما في خزائنه

فان رزقك بين الكاف والنون

لەوەبەرچاوخستنی ئەم وەسیەتنامەیەی سەرۆکی تێکۆشەر دوو مەبەستم هەیە، یەکەمیان: بەرچاوخستنی ئەوەی ئەو زاتە فەرمانی پێکردووە کە ئامۆژگاری گەلی کوردستان و لێپرسراوانی دەکات، دووەمیان: دەشێ ئەم وەسیەتنامەیە ئاگادارکردنێك بێت بۆ سەرکردە کوردەکان کەهێشتا کاروباری کوردیان بەدەستە لەپێناو دەستەبەرکردنی دواڕۆژێکی رۆشن و پرشنگدار بۆ گەلی کورد، چونکە هێشتا کار لەکار نەترازاوە، دەبا ئەوەی بەسەر شەهید قازی محەمەددا هات بێتە پەند بۆ هەموو هۆشمەندێك.

بسم الله الرحمن الرحيم

میللەتی رۆڵەو برا عەزیزەکانم، برا بەش خوراوەکانم ، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم، لەم دوایین ساتەکانی ژیانمدا، چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم، وەرن بەخاتری خوا چیتر دوژمنایەتیی یەکتری مەکەن؛ یەک بگرن و پشتتان وەیەکتری بدەن، لەبەرابەر دوژمنی زۆردارو زاڵم بوەستن، خۆتان بەخۆڕایی بەدوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ؛ تاکاری خۆی پێتان جێبەجێ دەکات و قەت بەزەیی پێتاندا نایە، لەهەر هەلێکدا بێ، قەت لێتان نابووریێ.

دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زۆردارن، بێ بەزەیین ، رەمزی سەرکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەك؛ یەکگرتن و یەکبوونە، پشتگیری تەواوی میللەتە، هەر میللەتێك یەکێتیی و تەبایی نەبێ؛ هەردەم ژێردەستی دوژمنانی دەبێ، ئێوە گەلی کورد: هیچتان لەگەلانی سەر ئەم گۆی زەویە کەمتر نییە،بەڵکو لەپیاوەتیی و غیرەت و لێهاتوویی، لەزۆر لەو گەلانەی کەرزگاربوون لەپێشترن، ئەو میللەتانەی کە لەچنگی دوژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو، وەك ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان رزگارکردووە، یەکێتییان لەنێواندا هەبووە، بائێوەش وەکو هەموو گەلانی رووی زەوی ،چیتر ژێردەست نەبن، هەر بەیەکگرتن و حەسوودی بەیەك نەبردن و خۆنەفرۆشتن بەدوشمنان لەدژی نەتەوەکەمان دەتوانن رزگار بن.

براکانم چیتر فریوی دوژمن مەخۆن، دوژمنی کورد لەهەر رەنگ و دەستەو قەومێك بێت؛ هەر دوژمنە، بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێناکات، بەیەکترتان بەکوشت دەدا، تەماحو وەبەردەنێ، یەدرۆو فرو فێڵ بەگژ یەکتردا دەکا، لەناو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورد، دوژمنی عەجەم

لەهەموویان زاڵمترو مەلعوونترو خوانەناسترو بێبەزەیترە، لەهیچ تاوانێك بەرانبەر بەگەلی كورد دەست ناگێڕێتەوە، هەر بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی كورد؛ غەرەزو كینەی ریشەداری هەبووەو هەیەتی، تەماشاكەن بڕوانن تەواوی گەورەپیاوانی گەلەكەتان؛ لەسمایل ئاغای شكاكەوە بگرە؛ تا جەوهەر ئاغای برای‌و هەمزە ئاغای مەنگوڕو چەندو چەندین مرۆڤی دیكە؛ هەر هەموویان بەفریودان ئارامیان كردنەوەو خەڵكیان لەپشت كردنەوەو ئینجا زۆر نامەردانە؛ كوشتیانن، هەموو ئەوانەیان بەسوێند و قورئان فریو دان كەگوایە عەجەم نییەتی خێری لەگەڵیاندا هەیەو چاكەیان لەگەڵدا دەكات، بەڵام هەر كوردیٚ خۆش باوەڕەو بەسوێندو سۆزی عەجەم فریوی خواردووەو باوەڕی پیٚ هێناون، كەچی تائێستاش بەدرێژایی مێژوو، كەس نەیدیوە تاكو جارێكیش عەجەم بەسوێندو وادەو ئەو پەیمانانەی كە بەسەرانی كوردی داوە، وەفای پیٚ‌بكاو وادەكانی لەگەڵ كورد بەجیٚ بگەیەنیٚ، هەر هەمووی درۆزن فروفێڵ بووە؛ جاوا من وەكوو برایەكی چووكەی ئێوە، لەرێگای خوادا، بۆخاتری خودا پێتان دەڵێم: یەكتر بگرن‌و قەت پشتی یەكتر بەرمەدەن، دڵنیا بن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتیٚ، دیارە ژەهری تیٚكردووە، بەسوێندو بەڵێنی درۆی عەجەم فریو مەخۆن، كەئەگەر هەزار جار دەست لەقورئانی پیرۆزیش بداو بەڵێنتان پیٚ بدا، دڵنیابن تەنیا مەبەستی فریودانی ئێوەیە؛ تاوەكو فێڵێكتان لیٚ بكا.

وا من لەدوایین ساتەكانی ژیانمدا بەخاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەكەم، پێتان دەڵێم‌و خوا بۆ خۆی دەزانیٚ كەمن ئەوەی لەدەستم هات؛ بەسەرو بەگیان‌و تێكۆشان، بەئامۆژگاری‌و رێنوێنی‌و رێگەی راست نیشاندانی ئێوە؛ درێغیم نەكردووە، ئێستاش لەو ساتەداو

لەوبارودۆخەدا؛ دیسان پێتان رادەگەیەنم کەچیتر فریوی عەجەم نەخۆن، باوەڕ بەسوێندو دەست لەقورئان دان‌و بەڵێن‌و سۆزەکانیان مەکەن، چونکە عەجەم نە خوادەناسن‌و نە باوەڕیان بەخواو پێغەمبەر هەیەو نە باوەڕیان بەرۆژی قیامەت‌و حساب‌و کیتاب هەیە، لەلای ئەوان ئێوە هەر لەبەرئەوەی کەکوردن، باموسڵمانیش بن ، تاوانبارو مەحکوومن، بۆ وان دوژمنن، سەرومال‌و گیانتان بۆ ئەوان حەلاڵەو بەغەزای دەزانن، بەڵێند وانەبوو من بڕۆم و ئێوە بەدەست ئەو دوژمنە دڵڕەشانەوە بەجێ بهێڵم. زۆرجاریش بیرم لەرابردوو گەورەپیاوانمان کردۆتەوە؛ کەعەجەم بەفریوو سوێندو درۆو حیلە گرتوویانن‌و کوشتوویانن، چونکە لەمەیدانی نەبەردیدا پێیان نەوەستان و نەیانتوانیوە لەبەرانبەریاندا رابوەستن. ناچار بەدرۆو فڕوفێڵ هەڵیان خەڵەتاندوون؛ کوشتویانن.

من ئەوانم هەر هەموویان لەبیر بوو، قەتیش باوەڕم بەعەجەمان نەکردووە، بەڵام عەجەم لەپێش گەرانەوەیان بۆ ئێرە چەندین جار وەلام‌و راسپاردەیان بەنامەو بەناردنی کەسی ناوداری کوردو فارس، بەدانی بەڵێن‌و پەیمانی یەکجار زۆرو بۆرەوە کەدەوڵەتی عەجەم‌و شا خۆی نیەتی خێریان هەیەو ئامادەنین تەنانەت دڵۆپێك خوێن لەکوردستان برژێ.

ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بەچاوی خۆتان دەبینن؛ ئەگەر سەرانی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردباو خۆیان بەحکوومەتی عەجەم نەفرۆشتبا؛ ئێمەو ئێوەو کۆمارەکەمان؛ وای بەسەردا نەدەهات.

ئامۆژگاری‌و وەسیەتم ئەوەیە: با منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللەتی کورد هیچمان لەمیللەتانی دیکە کەمتر نییە؛ ئیللا خوێندن نەبێ،

بخوێنن بۆ ئەوەی لەکاروانی گەلان دوا نەکەون، هەر خوێندن چەکی کوشندەی دوژمنە.

دڵنیابن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باش بێ؛ زۆر باشیش بەسەر دوژمنانتان سەردەکەون، ئێوە نابێ بەکوشتنی من و برازا ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکو ئێمە لەو رێگایەدا بەخت بکەن؛ تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان.

دڵنیام لەدوای ئێمەش زۆر کەسی دیکە هەر بەفێڵ و دووڕوویی لەبەین دەبرێن.

دڵنیام زۆر لەوانەی لەدوای ئێمەش دەکەونە دوای فڕوفێڵی عەجەمان؛ لەئێمەش زاناترو لێهاتووتر دەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد. وەسیەتێکی دیکە بۆ ئێوە ئەوەیە لەخوای گەورە داوابکەن؛ هەرچییەکتان بۆ سەرفرازیی ئەو گەلە کرد؛ کۆمەکتان لەئەو بێ؛ دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخاو کۆمەکتان دەکا. رەنگە بڵێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم، لەوەلامدا دەڵێم: بۆ خوایە من سەرکەوتووم؛ چ نیعمەتێک و چە سەرکەوتنێک لەوە گەورەتر، کەئێستا وا من لەرێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەرو ماڵ و گیانم لەپێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕ بکەن من خۆم لەدڵمەوە ئارەزووم بوو؛ ئەگەر مردم بەمەرگێك بمرم کە لەحوزووری خواو رەسوولی خواو گەل و میللەتەکەمدا ؛ رو سووربم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە.

خۆشەویستەکانم کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە ، هەروەکوو لەماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس لەهەر جۆرە کارو کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێ دەسپێرن؛ ئیتر کەس مافی چاوچنۆکی پێ نییە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێك لەئەندامانی ئەو ماڵە

کارێکی لەدەست دێ؛ لێی گەڕێن بابیکا. ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەر ڕێی‌و نابێ بەوە دڵگیربن کەیەکێك لەئێوە بەرپرسیارەتیی گەورەی بەدەستەوەیە؛ ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەر شانی کەسێك‌و بەڕێوەی دەبا؛ دیارە لێی دەزانێ‌و بەرپرسیاریەتیی گەورتریش لەبەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە.

دڵنیابە برا کوردەکەت هەر چاکترە؛ دوژمن کینەی لەدڵەو ئەگەر من بەرپرسیاریەتیی گەورەم لەسەر شانی نەبوایە؛ ئێستا لەژێرداری سێدارەدا ڕانەدەوەستام، بۆیە نابێ لەگەڵ یەکتردا چاوچنۆك بن، ئەوانەی فەرمانی ئێمەیان بەجێ نەدەگەیاند، نەك هەر فەرمان جێبەجێ‌نەکەن؛ بەڵکو پەتەواوی دوژمنایەتیان دەکردین، لەبەرئەوەی خۆمان بەخزمەتکاری خەڵکی خۆمان دەزانی، ئێستا ئەوان لەنێو ماڵ‌و متداڵی خۆیان؛ لەشیرین خەودان، بەڵام ئێمە بەناوی خزمەتکردن بەمیللەت؛ وا لەژێرددرای سێدارەین‌و خەریکم دوایین ساتەکانی ژیانم بەم وەسیەت نامەیە تەواو دەکەم، جا ئەگەر منیش بەرپرسیاریەتیی گەورەم لەسەرشان نەبوایە، ئێستا منیش وەك ئێوە لەناو خاوخێزان‌و لەماڵی خۆم لەشیرین خەودا دەبووم؛ ئەوەی کەئامۆژگاریتان بۆ دوای خۆم دەکەم؛ ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیاریەتیانەی کە لەسەر شانمە، دڵنیام ئەگەر کەسێکی دیکە لەئێوە؛ بەرپرسیاریەتیەکانی منی وەئەستۆی خۆی گرتبا، ئێستا ئەو لەشوێنی من لەژێر سێدارە دەبوو، وا من بەمەبەستی ڕەزایەتیی خوداو بەپێی بەرپرسیاریەتیی سەرشانم، وەکو کوردێکی خزمەتکاری گەل‌و لەرێگای کاری چاکدا(امر بالمعروف) ئەو چەند ئامۆژگارییەم کردن کەهیوادارم لەمەودوا عیبرت وەربگرن‌و بەتەواوی گوێ لەئامۆژگارییەکانم بگرن، بەهیوای خوای گەورە بەسەر دوژمنانتاندا سەرکەون.

١ ـ باوەڕتان بەخوداو ﴿ماجاء من عند الله﴾ و پەرستنی خوداو پێغەمبەر(د.خ)و بەجێگەیاندنی ئەرکی ئاینی پتەوبێ.

٢ . یەکێتیو تەبایی لەنێوان خۆتاندا بپارێزن، کاری نەشیاو لەبەرانبەر یەکتردا مەکەنو چاوچنۆك مەبن؛ بەتایبەت لە بەرپرسیاریەتیو خزمەتکردندا.

٣ . خوێندنو زانستو پلەی زانیاریتان بەرنە سەرەوە؛ بۆئەوەی کەمتر فریوی دوژمنان بخۆن.

٤ . باوەڕ بەدوژمنان مەکەن، بەتایبەت بەدوژمنی عەجەم، چونکە بەچەند هۆو رێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە، دوژمنی گەلو نیشتمانو ئاینتانە. مێژوو سەلماندوویەتی کەبەردەوام لەکورد بەبەهانەیەو بەکەمترین تاوان دەتانکوژێو لەهیچ تاوانێك بەرانبەر بەکورد دەست ناگێڕێتەوە.

٥ . بۆ چەند رۆژێك ژیانی بێ قیمەتی ئەم دنیایە خۆتان مەفرۆشن بەدوژمن، چونکە دوژمن دوژمنەو جێگەی هیچ باوەڕپێکردنێك نییە.

٦ . خیانەت بەیەکتری مەکەن، نە خیانەتی سیاسیو نە گیانیوماڵیو نامووسی، چونکە خیانەتکار لای خوداو مرۆڤ سووكو تاوانبارە، خیانەت بەرووی خیانەتکاردا دەگەڕێتەوە.

٧ . ئەگەر یەکێك لەئێوە توانی کارەکانی ئێوە بەبێ خیانەتکردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نەوەك لەپێناوی چاوچنۆکیو بەخیلیدا دژی بوەستن، یان خوا نەکا لەسەری بڕن بە جاسووسی بێگانە.

٨ . ئەو شوێنانەی لەوەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوتو نەخۆشخانەو قوتابخانە، ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێو سوودیان لێوەردەگیرێ.

٩ . ئێوە لەخەبات و هەوڵ و تێکۆشان نەوەستن؛ تاوەک هەموو گەلانی دیکە لەژێر چەپۆکی دوژمنان رزگارتان دەبێ، ماڵی دنیا هیچ نییە، ئەگەر وڵاتێک هەبێ: سەربەستییەک هەبێ و، ماڵ و خاک و نیشتمانەکەو هی خۆتانبێ؛ ئەو کاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت و ئابڕوو تیشتمانیشتان دەبێ.

١٠. من پێم وانیە حەقی خودا نەبێ، حەقی دیکەم لەسەربێ، بەڵام ئەگەر کەسێک لای وابوو، لەکەم تا زۆر شتێکی لای منە، سەروەتی زۆرم جێ هێشتووە، باپچێ لەواریسانم داوابکا و وەری بگرێتەوە.

تا ئێوە یەکتر نەگرن، سەرناکەون، زوڵم و زۆر لەیەک مەکەن، چونکە خوا زۆر زوو زاڵم لەبەین دەبا و نابوودی دەکا، ئەوە بەڵێنی خواوەندە بێکەم و زیاد، زاڵم دەڕووخێ و نابوود دەبێ، خوا تۆڵەی زوڵمی لێدەکاتەوە.

هیوادارم ئەوانە لەگوێ بگرن و خوا سەرکەوتووتان بکات بەسەر دوژمناندا، وەک سەعدی فەرموویەتی:

مراد ما نصیحت بود وگفتیم

حوالت باخدا کردیم و رفتیم

خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان

قازی محەمەد*

---

* سەرچاوە: سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەمکردنی بەدرەدین ساڵح، گۆڕینی بۆ کرمانجی: سامی ئەنگۆشی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل ١٧٤.

خوێنەری خۆشەویست

ئەم وەسیەتنامەیەی سەرەوە، قازیی محەمەد چەند سائێك پێش لەسێدارەدانی نووسی، واتە لەساڵی ١٩٤٧دا نووسراوە، کەواتە ڕێی تێنا چێت بارزانی نەیخوێندبێتەوە لەکاتێکدا ماوەیەك لەگەڵ سەرۆکی شەهیددا ژیاوە، دەنا کاری پێدەکرد، بەلاَم لەناوەڕۆکەکەی لایداو ئاشبەتاڵی بەشۆڕشی کوردستان کرد کەدەیتوانی لەومیانەیەدا هەڵوێستێك بنوێنێت مێژوو تا هەتا هەتایە بەنەمری باسی بکات. لەوانەیە یەکێك بڵێت بارزانی ، لەمنداڵییەوە لەناو عەشایەرە دوورەکاندا ژیاوە دوور لەهەر زانست و زانیارییەك و هەتا کۆچی دوایی کرد کەسێك نەبووە فێری سیاسەت و بواری ئیدارەی بکات... بۆیە دەبینین هەڵسوکەوتەکانی نامەنتیقین و شیاوی سەرکردەیەکی کوردنیین و بوون بەهۆی گەورەترین نسکۆ کە گەلی کورد دووچاری هاتووە.

باشە ئەی سیاسەتمەدارەکانی وەکو دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو شەرەفکەندی، ئەو دوو سەرکردەیەی کورد کەیەك لەدوای یەك کەوتنە داوی ئێرانییەکان و، لەئەنجامی شەهیدبوونیان، گەلی کورد شارەزاترین دوو کەسی سیاسەتمەدارو ئابووریناس لەدەستدا کەژنە ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی دەربارەی قاسملوو نوسیبووی(لەژیانمدا، بەکەسێك نەگەیشتووم کەلەم سەرکردەیەی کورد زیرەکتربێت، مَن کورد دڵنیا دەکەمەوە کەهەتا لەسایەی سەرکردایەتیی کەسێکی وەك دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو بێت ئەوە ئازادیی خۆی بەدەستدێنێت).

ئێرانییەکان توانییان فریویان بدەن و لەئەنجامی پیلانێکی دڕندانەدا تیرۆریان کردن، جگە لەتاوانە دزێوەکەی کارەساتی (٣١ی ئابی ١٩٩٦ کاتێك بەرێز مەسعوود بارزانی بەپاڵپشتی سوپای عێراق، هێزەکانی

یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لەبەشێکی خاکی ئازادکراوی کوردستان بەدەرنا... من تەواو لەوباوەڕەدام کەئەو بەئیرادەی بەڕێز مەسعوود بارزانی نەبوو، بەڵکو پیلانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی داگیرکەری کوردستان بوو... دەنا چی وا لەسەرکردەکانی کورد دەکات هەمیشە بکەونە داوو پیلانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە؟

هۆی ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی پاراسایکۆلۆجی بۆ زۆربەی سەرکردەکانی کورد بکرێت لەوانەی تێکەڵاوییان هەبووە لەگەڵ حکومەتانی هاوسنووری خاکی کوردستان، دەردەکەوێت کەبوونە مایەی دروستبوونی هەست و هەڵسوکەوتی ناسروشتی لەناو کورددا، ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- گەلی کورد ماوەیەکی دوورودرێژە لەژێر زەبری زوڵم و ستەمی حکومەتانی داگیرکەری کوردستاندا ئەژی کەهیچ بەرهەڵستێکیان نەبووە و کوردیش کەسی نەبووە پەنای بۆ بەرێت.

بەکۆیلەکردنی درێژخایەن جۆرە لاوازییەك لەئیماندار دروستدەکات و مۆرکی بێوەرزی و کورتبینی دروستدەکات و وا لەکۆیلە دەکات لەیەکەم خەندەی گەورە دوژمنەکاندا خۆی بەدەستەوە بدات و بڕوا بەفرمێسکی درۆزنانەی دوژمنان بکات بێئەوەی سەرنجی کارەکانیان بدات(الفضل بن موسی الشیبانی) دەڵێت: (ڕاوچییەك لەڕۆژێکی ڕەشەبادا ڕاوە چۆلەکەی دەکرد، ڕەشەبا خۆڵی کرد بەناو چاویدا بۆیە هەر چۆلەکەیەکی دەگرت باڵی دەشکاند و دەیخستە ناو تووڕەکەکەیەوە، چۆلەکەیەك بەهاوڕێکەی گوت: بڕوانە چەند دڵی ئەرە بەرامبەرمان... ئەو فرمێسکانەی نابینیت؟ ئەوەی تر گوتی: مەڕوانە فرمێسکەکانی، بڕوانە کردەوەی دەستی)!

٢ـ حکومەتە کۆلۆنیالیستەکان، کوردیان لەدێهاتەکانیان ڕاگواستو زۆریان لێکردن لەشارەکاندا نیشتەجێبن: لەئەنجامی ئەمەش جووتیاریان لەپیشەی جووتیاری دوورخستەوەو فێری ژیانی شاریان کرد، ئەویش هەم کشتوکاڵی لەبیرچۆوە هەم بەژیانی شاریش ڕانەهاتو کورد واتەنی لەهەردوو جەژنەکە بووا لەبەرئەمەشە دەبینین جووتیاری کورد، ئەگەر خوێندەواریش پەیدا بکات ئەوە هێشتا نابێتە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی وا کەدۆستو دوژمن، چاکو خراپ لێکتر جودابکاتەوەو لەئاکامدا لەپێناو پاراستنی شەرەفی، هەمیشە لەبەردەم گەورە کۆلۆنیالیستیەکانیدا سەرکزو داماوە.

٣ ـ یەکێك لەرێوشوێنەکانی کۆلۆنیالیستان ئەوەبوو رێگەیان بەمرۆڤی کورد نەداوە بازرگانیی ئازاد بکاتو بەحەلاڵی نانی پەیدا بکات، بەڵکو ناچاریانکردووە لەرێی دەسەلاتەوە بژێوی پەیدا بکات ئەمەش وەك پاداشتێك بەرامبەر خیانەتکارییەکانیو هاوکاریکردنی رژێمە داگیرکارەکان. لەراستیشدا پەیداکردنی نانی حەلاڵ حیکمەتێکی خوایی تێدایە کەسوودی دەروونی بۆ خاوەنی هەیە، لەم رووەوە لوقمانی حەکیم(رەزای خوای لێبێت) بەکورەکەی فەرمووە: (کورم پشتت بەکاسبی حەلاڵ قایم بێت، چونکە ئەوەی هەژار کەوتبێت گیرۆدەی سێ دەرد بووە: لاوازی لەئایندا، کورتهێنان لەهۆشیداو لەدەستدانی پیاوەتی، لەهەموو ئەمانەش دژوارتر ئەوەیە کەخەڵك سووکایەتی پێدەکەن.

٤ ـ سەرکردەیەکمان نەبووە خەسڵەتەکانی سەرکردەیی تیابێت کە لەو ڕێگەیەوە ریزەکانی یەکبخاتو بمانگەیەنێتە ئاوات، ڕۆژهەلاتناسێکی ئەورووپی لەمیانەی وەسفکدنی کورددا گووتویەتی: (کورد بەئەسپێکی رەسەن دەچێت کەتەنها سوارێکی لێهاتووی کەمە!).

خوێنەری خۆشەویست

مەبەستم لەمانەی پێشەوە ئەوەیە کەویستوومە ئەوە بخەمە بەرچاو کەسەرکردەو سەرۆکەکانمان سوودیان لەهەڵەکانی باوباپیرانمان وەرنەگرتووە بۆیە ئێمەش بێئەوەی بەلاپەڕەکانی مێژوودا بچینەوەو سوودیان لێوەربگرین، هەمان ڕێچەمان گرتەبەر.

دوا وتە:

لەکۆتایی ئەم کتێبەدا دەمەوێ بەکورتی، بارودۆخی ئێستای کوردستان هەڵسەنگێنم کە بەقۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێ.

عێراق:

تا ئەمڕۆ (١١/٨/٢٠٠٢) گۆڕانکارییەکی وامان لەلایەن سەدام حسەینی سەرۆکی عێراقی، دەرهەق مەسەلەی کوردی بەدی نەکردووە، چونکە سیاسەتە شۆڤێنییەکانی لەتەعریب و تەبعیس و ڕاگواستن و ڕەشبگیرو لەسێدارەدان بەردەوامە، ئەمەش لەکاتێکدا ناوبراو لەبەر زەبرو هەڕەشەیەکی ئاشکرای جۆرج بۆشی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە کەرایگەیاندووە لەعێراق دەدات و سەدام حسێن لەدەسەلات لادەبات.

دەوڵەتە عەرەبییەکان:

زۆربەی سەرکردە عەرەبەکان بەرهەڵستی پرۆسەی لێدانی عێراق و لەدەسەلات خستنی سەرۆک سەدام حسەین دەکەن، هەروەها جەختدەکەن لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕیان دەربارەی دابەشنەکردنی خاکی عێراق، هەموانیش دەزانن کەدابەشکردنی عێراق تەنها لەپێناو پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردییە، لەناویشیاندا تەنها سەرۆک معەمەر قەزافییە

ئەسوورە لەسەر حەتمی بوونی رزگارکردنی کورد لەکوژەوەری و سەردەسەری ... ئەمەش هەلوێستێکە هەرگیز لەیاد ناچێت.

سەرکردە عەرەبەکان، دەبوایە ئارەقەی شەرمەزارییان بڕشتایە هەر ئەوەیان بکردایەتەوە سەرکردەی پالەوانی کورد سەلاحەدینی ئەیووبی، چۆن رۆژێک بوو، پێش ۲ هەزار شەرڤانی کورد کەوتبوو کەزۆربەیان خەلکی هەولێری قەلاومنارەبوون لەکوردستانی باشوور، ئنجا زۆربەیان لەمیانەی بۆ دووەم جار پاککردنەوەی خاکی عەرەبی لەفەلەستین، تیا چوون ، کەپێشتر بۆ یەکەمجار ئەو خاکە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب(ر.خ) داگیرکرابوو، کەچی ئەمرۆ دەبینین دەولەتە عەرەبییەکان بەهەموویانەوە ناتوانن شوێن پێیەک بۆ خۆیان لەخاکی فەلەستین بگرن، هۆی ئەمەش تەنها بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لەگەل ئەو هەموو توانا سەربازی و تفاقە جەنگییانەیانەوە، تۆزقالێکی ئازایەتی سەلاحەدینی ئەیووبیان لەگیاندا نییە... وەک دەشزانین زۆر کەمن گۆرستانەکانی دەولەتە عەرەبییەکان کەگۆری شەهیدانی کوردیان تیا نیە، لەو کوردانەی کە بەدرێژایی مێژوو بەدەنگ هاواری عەرەبەوە چوون بۆ رزگارکردنی خاکیان.

لەوەتەی کوردستان پارچە پارچەکراوە بەچاوی خۆتان دەبینن کەداگیرکەران چیمان پێدەکەن، زیاد لەوەش ئێوەی سەرکردەی عەرەب پشتگیری سەدام حسەینتان کردووە و ئەوپەری هاوکاریشیان کردووە، هەر ئەویش بەبەلگەوە نەخشە دارێژەرو جێبەجێکەری ئەنفالەکان و کیمیابارانە، جا ئەگەر بەراستی هەولتان بدایە دەتانتوانی سیاسەتە چەواشەکانی راست بکەنەوە، لەملاشەوە لاپەرەیەکی نوێ لەبەرووی

دۆستایەتیکردنی کورددا هەڵبدەنەوە... بەڵام ئایا ئێوە شتی واتان لەدەستدێت؟..

تورکیا:

بلند ئەجەویدی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بەپشتبەستن بەهێزی جەنەراڵەکانی تورکیا، بەبێ ترس و بەوپەڕی لەخۆڕابینین رایگەیاند کەهێزەکانی تورکیا لەبۆسەدان بۆ هەر جموجوڵێکی کورد لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەکوردستانی باشووردا لەدوای رووخانی رژێمی ئێستای عێراق، هەروەها پلان دادەرێژن بۆ داگیرکردنی شاری مووسڵ و کەرکووک. بەڵام ئەوەی بارودۆخەکەی گۆڕی ئەوەبوو کە لەسەرەتای مانگی ئابی ۲۰۰۲ دا، پەرلەمانی تورکیا بڕیارێکی دەرکرد تێیدا رێگەی بەکورد لەتورکیادا کەبەزمانی کوردی بخوێنن، هەروەها دانانی ئێزگەیەکی رادیۆو یەکێکی تەلەفزیۆن کەبەرنامەکانی بەزمانی کوردی بلاوبکاتەوە، ئنجا هەڵگرتنی حوکمی عورفی لەکوردستانی باکووردا. ئەمە بڕیارێکی دڵخۆشکەرەو مایەی خێردانەوەیە ئەگەر دەسەلاتدارانی تورکیا جێبەجێی بکەن و لەهەمانکاتدا وازلەدەستێوەردانە ناڕەواکانیان لەکوردستانی باشوور بێنن و پیاوەکانیان لەتابووری پێنجەم بەرنە دەرەوەی خاکمان.

سووریا:

حکومەتی سووریا ئێستاش، وەکو ئەوسا لەسەر ئەو پەیمانەیەتی کەلەگەڵ حکومەتی عێراق و ئێران ئیمزایکردووە بۆ یارمەتیدانی یەکتر لەپێناو بەرەنگاریکردنی هەر جموجوڵێکی سەربازیی کوردی، تا ئەمڕۆش سووریەکان ، سەرباری هەبوونی ۳ ملیۆن کورد لەسووریادا، هێشتا دان بەمافی کورددا نانێن تەنانەت پشتێنەی سەوزیان وەکو

سنوورێك لەبەردەمی کورددا داناوە نایەڵن تێکەڵی ناوچەو هەرێمەکانی تری ناو سووریا بن.

ئێران:

لەرۆژی کودەتای ئیسلامی بەسەر حکومەتی شا، هەتا ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، رۆژ بەرۆژ روو لەخراپییە، ئەمەش وای لەهەردوو وڵات کردووە یارمەتییەکی سنووردار پێشکەشی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بکەن لەپێناو بەکارهێنانیان وەکو داردەستی مەرج سەپاندن لەکاتی پێویستدا، ئەوەی مل بۆ رێنماییەکان کەچ بکاتو فەرمانەکانی دەوڵەتی بەرامبەر جێبەجێ بکات ئەوە کۆمەك دەکرێت، لەمیانەی ئەو یارمەتییانەش بەکارهێنانی خاكو سنووری دەوڵەتەکەیە لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە بۆ هاتووچۆکردن بۆ دەرەوەی وڵات.

دەربارەی هەڵوێستیان لەئاست مەسەلەی کورد ئەوە وەك دەوڵەتەکانی‌ترە لەرووی بەرەنگاریکردنی هەر جموجوڵێکی سەربازیی کوردی هەروەکو لەوبەیاننامەیەدا بەرچاو دەکەوێت کەبەرێز ئایەتوڵلا خومەینی لەساڵی ١٩٧٩ دەریکردو تێیدا رایگەیاند کە(من وەکو فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، داوا لەهێزە زەمینیو ئاسمانیو دەریاییەکان دەکەم هەرچی زووترە بەتوندی لەدوژمنانی شۆڕش بدەن، بچنە کوردستان تا ئاگری ئاژاوەی کوردستان بکوژێننەوەو کۆتایی پێ بێنن)، ئەمە بەیاننامەی سەرکردەی شۆڕشی ئیسلامی بوو لەسەرەتای خۆگرتنی دەوڵەتی نوێی ئێراندا.

جا دوژمنایەتیی دەوڵەتی ئێرانی ئیسلامی، ئەوسێاو ئێستاش باری گەلی کوردی گران کردووە ئەمەش بەهۆی کاریگەرییەکەی چونکە

سنووریان پێکەوە دووورودرێژە هەروەها بەهۆی ئاینەوە کەکۆماری ئیسلامی هەوڵدەدات نەتەوەی کورد لەو بۆتەیەدا بتوێنێتەوە هەرچەندە پێغەمبەر(د.خ)لای ئەوە نەبوو یاوەری پایەرز سەلمانی فارسی خۆی بەنەتەوەی فارسی خۆیدا هەڵنێت، ئەوپیاوەی کەشەرەفی ئەوەی پێبرا پێغەمبەر لەرۆژی شەڕی خەندەقدا دەربارەی ئەو گوتی: (سەلمان لەئێمەیە ئالوبەیت).

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەپیرۆزباییان لەشۆڕشی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی بەڕێز ئایەتوڵلا خومەینی کرد، لەپێناو ئەوە نەبوو ببینن دوژمنایەتیی حکومەتی ئیسلامی لەدژیان، توندترو دژوارترە، چونکە ئاینی ئیسلام ئاینی بەزەیی‌و دادو یەکسانییەو هەرگیز نەمانبیست ئاینی چەوساندنەوەو ستەمو زۆرداری بێت..لەشۆڕشە جەماوەرییەکەی دژی ئێران، کورد دەستی گەورەی هەبوو لەرزگارکردنی کوردستان‌و ڕێککەوتن لەگەڵ نەتەوەکانی‌تر بۆ ئەوەی یەك بەرە دروستبکەن دژی شای ئێران کەهەوڵیدەدا زمانی کورد ریشەکێش بکات‌و سامانەکانی لووش بدات... ئەوەبوو زۆربەی سیاسەتمەدارانی کورد پەیوەندییان بەسەرانی شیعەوە هەبوو لەهەندەران پێش ئەوەی ئێران رزگار بکرێت... بەڵام خەڵك وایان نەدەزانی کەرژێمی کۆماری ئیسلامی، بەم شێوەیە کەئاین‌و مرۆڤایەتی قێزی لێدەکاتەوە، مامەڵە لەگەڵ گەلی کورددا دەکات.

لەوەتەی خوای گەورە دەرووی رەحمەتی خۆی لەرووی کورددا کردۆتەوەو بەشێکی خاکەکەی رزگاری بووە، دەبینین دەستێوەردانی ئاشکراو بێپەردەی ئێران بەچاوی خۆمان دەبینین لەکاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و ئەمە بۆتە مەترسییەك بەئاشکرا هەڕەشە لەم قەوارە بچووکە دەکات، هاندەرو پاڵنەری سەرەکیی شەڕی پکەکەو (جند

الاسلام)، دەوڵەتی ئێرانە. لەبارەی(جند الاسلام) شتێکم لەم کتێبەدا نووسیوە، ئەموانیش دەزانن ئەگەر پشتوانیی دەوڵەتی ئێران نەبێت ئەوانە نەیاندەتوانی خۆیان لەبەردەم هیچ حزبێکی کوردستانیدا بگرن کەچەندین دەهەیە تێدەکۆشن.

دەربارەی پەکەکە، ئەوانە لەمێژە تێکۆشانی چەکدارییان دژی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی تورکیا راگرتووە لەکاتێکدا دەبینین خەباتی چەکدار دژی گەل و قەوارەی کوردی لەکوردستانی باشووردا رادەگەیەنن کەدەبوایە پشتگیرییان بکردایەو بەهەموو هێزو توانایەکیانەوە پشتیان بگرتایە. پەکەکە، وەکو کردەوە سەربازییەکانیان دژی تورکیا راگرتووە، دەبوایە رتوێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن تا جێ پێیەکیان لەکوردستاندا دەست بکەوێت بەبێ قڕەو ئاژاوە، هەموان لەسایەی ئیدارەی کوردیدا بژین وەکو هەموو حزبەکانی تر کەشەڕیان لەدژی دەوڵەتی ئێران و تورکیا راگەیاندووە، تەك ناوبەناو هەڕەشەی داگیرکردنی شارە ئازادکراوەکانی کوردستان بکەن ئەمەش بەناوی رزگارکردنی ئەو شارانە، لەکاتێکدا خودی ئێران یارمەتییان دەدات و نەخۆشخانەی بۆ کردوونەتەوەو ، ئەمڕۆ بارەگای فەرماندەیی گشتییان لەخاکی ئێراندایە. سیاسەتی پەکەکە ئاشکرایە، ئەوەتا ناوچەی شاخی قەندیل و قەڵاتووکانیان داگیرکردووەو چاوەڕێی ئەوەن رژێمی عێراق بڕووخێت تامێرش بکەن و ناوچەی حەوزی دۆکان داگیربکەن لەکاتێکدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵی راوەدوونانی هێزە هەڵاتووەکانی سوپای عێراقە... لەلایەکی ترەوە پەکەکە هەڕەشە لەپارتی دیموکرات و کۆمەڵەی ئێرانی دەکات کەئەگەر بەشێوەیەك دژی دەوڵەتی ئێران بجووڵێنەوە ئەوە لێیاندەدات ... کەواتە پەکەکە هەڕەشە لەشۆڕشی

کورد دەکەن لەهەرکوێ هەبێت... داخی گرانم بۆ ئەو شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرانەی لەپێناوی بیروباوەڕێکی پتەودا خوێنیان دەتەقێننەوە کەچی کۆتاییەکەیان بەوە بگات کەببنە داردەستی ئێران، ئەو دەوڵەتەی هەرگیز و لەپاشەڕۆژیشدا کەمتەرخەمی ناکات لەلێدانی بزووتنەوەی کوردی و دژایەتیکردنی (هەموو ئەم گێرەوکێشەوگیروگرفتانە، دەستکردی دامودەزگای موخابەراتی دەوڵەتانی دراوسێیە).

خوێنەری خۆشەویست ...برا بەڕێزەکان، ئەی سیاسەتمەداران و لێپرسراوانی کوردستانی ئازیز، داوای لێبوردنتان لێدەکەم ئەگەر زیادەڕەویم بەرامبەر یەکێکتان کردبێت، بەڵام خوا ئاگادارە ئاگرێك لەناو هەناوم دەتایسێت هاوارم لێدەکات شتێکی باش بۆ گەلی کوردستان و ئیدارەکەی بکەم، ئەوەی لەمەوپێش گوتوومە، مەبەستم لێی ئەوەبووە کەئەو گەل و حکومەتانەی دراوسێمان چاوەڕێی ئەوەیان لێناکرێت خێر بدەنەوە بۆمان، تاقیکردنەوەش باشترین بەڵگەیە، ئەوانەش وەك دووپشکەڕەشە وان، ئەگەر بۆت ناکرێت پانی بکەیتەوە خۆتی لێلابدە.

هەرچی وڵاتانی دەوروبەرە چاویان بڕیوەتە ئەم بستۆکە خاکەی کوردستان کە بەخواستی خواو سیاسەتی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکاو سووربوونی ئەوگەلەی ئەوساو ئێستایش هەوڵدەدات لەپێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی، رزگاربووە. ئێستا پۆلیسی هاتوچۆو ئاسایش و کارمەندو لێپرسراوانی فەرمانگەکان وەزیرو باقی بەڕێوەبەران ئیدارەی هەرێمی کوردستانی کوردن.

هەندێك جار وام دێتە بەرچاو کەئەو کوردەی لەسەردەستی شۆڤێنیستە عەرەبەکانی وەك پۆلیس و سەرباز و پیاوانی دامودەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق سووکایەتی پێکراوەو زۆرستەمی چەشتوون، ئێستا

کەخۆی لەم ئازادییەدا دەبینێت بەخەونی تێدەگات. سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی رۆڵیان هەبوو لەدامەزران و پەرەپێدانی ئەم ئیدارە کوردییەی پێی ناوەتە دوازدەهەمین ساڵی تەمەنیدا...

سەرەتاش سوپاسی بێپایان بۆ بەدیهێنەری گەردوون، ئینجا سوپاس بۆ ئیدارەی ئەمریکیی خاوەنی پرۆژەی ناوچەی ئارام، ئەم ئەزموونە مۆدێرنە بێوێنەیە، هەروەها سوپاس بۆ رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەپرۆژەی نەوت بەخۆراکی هێنایە کایەو هەروەها تائێستا پشتگیریی ئەو رێکخراوانە دەکات کەکوردستان ئاوەدان دەکەنەوە، کوردستان کەزۆربەی گوندو شارۆچکە سنووربیەکانی وێرانە بوون و ئەمرۆ دەبینین بونەتە بەهەشت. هەروەها سوپاو پێزانینمان بۆ سەرکردەو سیاسەتمەدارو لێپرسراوو کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەرێزان مام جەلالو ، مەسعوود بارزانی، د. فوئاد مەعسووم، کۆسرەت رەسول عەلی، د.رۆژ نووری شاوەیس، د.بەرهەم ئەحمەد سالح، نێچیرڤان بارزانی، عەدنان موفتی ، شەوکەت یەزدین، جەوهەر نامیق و، سەرجەم کارمەندانی ئیدارەی کوردی.

لەراستیدا لەتوانامدانییە وەسفی ئەم ئەزموونە بێوێنەیەی ئەمرۆ بکەم؛ کەدەبینم پێشکەوتن و گەشە لەهەموو بوارەکانی کشتوکاڵ، تەندروستی، ئاوەدانی لەبەرچاودایە... ئەوەتا نزیکەی هەزار کۆمپانیای ئاوەدانکردنەوە لەکوردستاندا دەستبەکارن جگە لەکۆمپانیاکانی بازرگانی... لەهەموویشی گرنگتر ئەو کەشی ئازادییەی خەڵك بەسەریدەبەن کەهەموو میوانێکی دەرەوەی کوردستان و تەنانەت ئەورووپاش هەستی پێدەکات... ئەمە شتێکە رۆژێك لەرۆژان تەنها بەخەیاڵماندا دەهات و ئەمرۆ هاتۆتەدی... کەواتە ئایا ئەمە شایەنی ئەوە

نییە نوێژی سوپاسگوزاری بۆ بکەین تاییپارێزین... ئایا شایەنی ئەوە نییە هەموومان یەك ریز بوەستین لەدژی تێکدەران ئینجا پشتگیری ئاوەدانکەران بکەین... ئایا ئەمە شایەنی ئەوە نییە هەموومان پیی بۆ ئەوەبکەینەوە هەوڵ بۆ بەرێوەبردنی ئەم ئەزموونە بدەین و زیاد لەمەش پەرەی پێبدەین تا هەموو ئەو شارو شارۆچکانەمان بگرێتەوە کەلەم ئازە بێبەشن!"

خوایە ئەم ئەزموونەمان درێژە پێبدەیت و کوردستان بەخۆشی خەڵکە موسڵمانەکەی ئاوەدان بکەیت و لەبەلای ناگەهان بمانپارێزیت.

لێرەدا دەمەوێ نامەیەکی کراوە ئاراستەی بەڕێزان جەلال تالەبانی و مەسعوود بارزانی بکەم وەك بانگەوازێك نەك داوای لێبوردن، بانگەوازێك کەخێری نەتەوەی کوردی بەدەمەوەبێت، بۆیە بینیم ناچارم لەم کتێبەدا بڵاویبکەمەوە، چونکە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر سەیرمکرد ئەمە باشترە لەوەی لەرێی نووسینگەکانیان بۆیان بنێرم کەدەستی کەسی پێڕانەگات، یان تەنانەت ئەگەر بەدەستیشیان بگات ئەوە نایخوێننەوە، چونکە ئەمە بۆتە نەریتیان کەخۆیان لەو پلەوپایەیەدا بینیوتەوە، بێگومان چاوپێکەوتنیشیان لەوە زەحمەترە کەمرۆڤ بیری لێبکاتەوە، چونکە ئەو بەربەستەی دەستوپێوەندو پاسەوانەکانیان دروستیان کردووە هەگەر بڵندە بەئاسمانەوە بیبڕێت، بۆیە ئەم نامەیەی لەم کتێبەدا بڵاودەبێتەوە، لەرێی دۆستەکانیانەوە پێیان دەگات و ئەوسا ناچاردەبن بیخوێننەوە.

بۆ هەردوو سەرکردەی کاربەدەست، مامۆستا جەلال تاڵەبانی و ڕێزدار مەسعوود بارزانی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

پیرۆزبایی لەخۆتان و هەردوو ئیدارەی کوردی دەکەم بۆ ئەو سەرکەوتنەی بەدرێژایی ماوەی رابردوو بوو بەمایەی بەرزیی پلەی کورد بەو شێوەیەی کەوای لەئەمەریکای خاوەن گەورەترین دەسەلاّت و هێز لەجیهانداکرد کەبایەخ بەکوردستان بدات بێنەوەی بایەخ بەدەستکەوتە خۆییەکانی بدات. کاتێك هەواڵی بانگێشتکردنتانم بۆ ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیست لەپێناو وتوێژکردن دەربارەی نزیکبوونەوەی لێدانی عێراق و لەکار لابردنی سەدام حسەین سەرکۆماری عێراق، ئەوپەڕی خۆشی دایگرتم بۆ ئەم بایەخ پێدانە. ئەوسا هەمیشە چاومان لەوەبوو ئێزگەیەکی جیهانی، ناوی کوردستان بێنێت، یان بۆچەند چرکەیەك باسی گەلی کورد بکات ... جا لەمیانەی ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆ دەبینین جیاوازییەکی گەورە بەدیدەکەین لەنێوان بارودۆخی ئەوسامان بەبەراورد لەگەڵ ئێستادا کەکێشەکەمان بۆتە وێردی سەرزاران لەکۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکاندا.

بێگومانم لەوەی کەزانیارییەکانم، بەبەراورد لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لەلای ئێوەیە دەربارەی بارودۆخی ئێستاو هەڵوێستی دەولەتانی دراوسێ و پێگەی سیاسیمان لەجیهاندا، کورت دێنن، بەلاّم لەبەرامبەر گرنگیی ئەو هەڵوێستەی ئەزموونی کوردی پێیدا تێدەپەڕێت هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەم کەئەمەش هانیدام ئەم نامە کراوەیەتان بۆ بنووسم.

سەرۆکە بەڕێزەکان ...

گەورەیی بەرپرسیاریەتیتان و گرنگیی بارەکە ناچارتان دەکات لەبەرامبەری خوای گەورەو ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڵێن بدەن کەهەموو توانایەکی لێهاتوویی سیاسی بخەنەگەڕ، لەو ڕووەوە لەئینگلیزو عەجەمان بلیمەتترین بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد، گومان لەوەدا نییە کەسیاسەتی دەرەوەتان سەرکەوتووبووەو پێویست بەبەڵگە هێنانەوە ناکات هەرچەند نووسینەکانی دوورتوێی کتێبەکانی منتان بەدڵ نییە، بەڵام تەواو لەوباوەڕەدام کەسەرکەوتنتان لەم ئەزموونەدا وا لەخەڵکی کوردستان دەکات لەهەردوو بەشەکەدا، کتێبەکانم بسووتێنن، بەڵام خوانەخواستە، ئەگەر شکستتان خوارد ئەوە هەردوو دنیاتان لەدەستداوەو ئەوسا ئەوخاکەی بەسەریشدا دەڕۆن نەفرەتتان لێدەکات، خێزانی شەهیدەکان و پیرو جوانی گەل سەرزەنشتتان دەکەن و لەئەنجامدا هەموو حزبە عەلمانییەکان و ئیسلامییەکانی کوردستان کەدەستیان لەم مەسەلەیەدا هەیە، لەگەڵ خۆتاندا نغرۆ دەکەن، چونکە ئەوەی بەسەر شای ئێراندا هات، بەسەر ئێوەشدا دێت، چونکە کاتێک خاك تووڕەدەبێت و خەشم و قینی هەڵدەستێت کەس ڕزگارتان ناکات لەدەستی، نە سوپا نە دۆستی نزیك بەفریای ناکەوێت، جا بەڕێزان دیمەنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتێکشکاوی و دۆڕاوی بێتەبەرچاوتان کەدووبارە دەکەونەوە بەردەستی دوژمنە شۆڤێنیستەکان لەعەرەب و عەجەم و تورك.

بەڕێزان ...

لەوانەیە ئاگاداری بارودۆخی خەڵکی نەبن، ئەمڕۆ خەڵك زۆر بەترسەوە ڕووداوەکانی جیهان و ئەوانەی پەیوەندیان بەکوردستانەوە

هەڵمەسەنگێنن و گرەو لەسەر تێکشکان دەکەن، ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر گرنگ ئەویش ڕێکنەکەوتنی نێوەیە هەرچەندە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوولاتان هەمیشە بەباشە باسی ئەو دیدارانەی گەورەئەندامانی حزبەکانتان دەکەن کەژمارەی دیدارەکان لەمەشتا جار تێپەڕیوە، ئەمە لەکاتێکدا واقیع، پێچەوانەی ئەم گەشبینییە دەسەلمێنێت.

پێبەپێی بڵاوبوونەوەی هەواڵی هێرشی ئەمریکی بۆ سەر عێراق لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا، دەبینین حزبە کوردستانییەکان هێشتا سەرگەرمی دیدارو چاوپێکەوتنن، تەنانەت ڕێککەوتنی پارتی لەگەڵ هەندێك حزبی سیاسیدا هێشتا قسەی سەرکاغەزەو لەچەند یاننگێشتێکی نانخواردن و چەند دانیشتنێکی زارەکی تێنەپەڕیوە چونکە بەدەنگەوە چوون بۆ ڕێککەوتن، یەکلاینەیە.

دوو کێشەی سەرەکی لەبەردەم بەرزتاندایە، یەکەمیان: گەیشتن بەرێککەوتنێکی هەمیشەیی کەمەبەستی یەکگرتنە لەنزیکترین هەلدا، دووەمیان: ڕازیکردنی گەل و دروستکردنی پردی لێك گەیشتن لەگەڵیدا. جا بەربەستێکی گەورە هەیە لەنێوان بەرزتان و خەڵکی کوردستاندا، وابزانم ئەوەش لەرێککەوتنی ناو خۆتان ئەستەمترە، لەوەی ئەم بەربەستانەشی دروستکردوە نەمانی بڕوایە لەنێوان سیلایەندا، نێوەو ئەندامانی هەردوو حزبتان، لەگەڵ لایەنی سێیەم کەئەویش گەلە. پێغەمبەری خوا(د.خ) کاتێك لەرێککەوتنامەی حودەیبیەدا تەنازولی بۆ سەرانی قورەیش کرد، یاوەرەکانی سەرزەنشتیان کرد، بەڵام ئەو هەنگاوە دەروازەی سەرکەوتنی موسڵمانەکان بوو بۆ داگیرکردنی مەککە.

بەڕێز مام جەلال: بێگومان بەڕێزتان لەسۆنگەی سەردانیکردنت بۆ لای بەڕێز مەسعوود بارزانی، گلەیی زۆرت لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و [illegible] هاتەوە، ئەی بۆچی بەسەر ئەو هەستەدا زاڵ نابیت و سەردانەکت دووبارە ناکەیتەوە.

دەربارەی تۆش بەڕێز مەسعوود بارزانی، خەڵك باسی لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانین و بەبچووك سەیرکردنی هەموو خەڵك دەکەن، خوای گەورەش نەهی لەم سیفەتانە کردووە، جا ئەگەر وانەبێت ئەوە واقیع واناڵێت. ئێوە لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و بەهێزکردنی لایەنەکەتان و بێهێزکردنی لایەنی بەرامبەر، هەمیشە ئامادەبوون سەد جار لەگەڵ دوژمنانی کورد دانیشن، باشە بۆچی ئەو رق و کینەیەی ناو دەروونتان بەرامبەر بەگەڵ ناسڕنەوە تا ئاشتی و تەبایی بێتەدی و لەئەنجامدا یەککگرتنی لێبکەوێتەوە.

بێگومان ئێوە، دوای رزگارکردنی کوردستان کەهاتنە کوردستان ئەو هەموو خەڵکەتان لەگەڵدا نەبوو کەئێستا گوێ لەمشتانن، سامانێکی واشتان پێنەبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لەبەردەستاندایە، هیچ نییە لەچاو ئەوەی لەبەردەستی میرەکانی کەنداودایەو بایی ئەوەش نییە هێرشێك بۆ سەرکوردستان بشکێنێت بەڵام بۆ کورد زۆرە، کەواتە لاف بەچییەوە لێدەدەن.

کەواتە بەڕێزان، ئەگەر هەستی نیشتمانی و بەزەیی هاتنەوە بەخەڵکدا کاریگەری نەبێت بۆ پەلەکردن لەیەککگرتن و رێککەوتن، دەبا یەکەم بۆ خوا بێت ئنجا بۆپارێزگاریکردنی دەورەکەتان.

تۆبڵێی ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت، ئایا ئێوە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنن؟ بڕواناکەم...کەواتە بەچەپڵەی

جەماوەر لەبۆنەکاندا هەڵمەخەڵەتێن، ئەوە پڕوپاگەندەیە کەخەڵکی جەواشەکار، بۆرازیکردنی ئێوە دەیسازێنن و لەواقیعەوە دوورە.

لایەنگری بەرژەبری فێزو مەرەشە تا سەر نییە، بڕواش ناکەم هەست بەچەرمەسەری گەلی کوردبکەن لەئەنجامی ئەم ناتەبایی و نائارامییە. کەواتە بۆچی بیرلەوە ناکەنەوە گەل لەهەنگاوەکانتاندا بەشداربکەن، چونکە تەنها گەل پاڵپشتانە بۆ پتەوکردنی دەسەڵات، بۆ نموونە: لەدوای راگەیاندنی جەنگ دژی ئەڵمانیا، ئەندامانی حکومەتی بەریتانیا، داوایان لەونستۆن چرچڵ کرد وەزارەتێکی نوێ پێکبێنن، چرچڵ ئەمەی رەت کردەوە بەڵام یەك مەرجی بۆ جێبەجێ کردنی داواکە دانان ئەویش ئەوەیە کەهەموو ئەندامانی حکومەت و لایەنە حزبەییەکان و جەماوەر بەشداربن، ئنجا بەکردەوە سەرۆك وەزیرانی پێشوو وەك وەزیر لەوەزارەتی نوێدا دامەزراند ئیتر جەماوەر بەکوتەك و دارەوە رژانە شەقامەکان بۆ پشتگیرکردنی چرچڵ...کەواتە بەڕێزان، هەتا کار لەکارنەترازاوە بیر بکەنەوە.

بەڕێز مەسعوود بارزانی: له١٩٩١/٢/١٢ کاتێك لەماڵی عزەت بەگ چاوم پێت کەوت نزیکەی ٣هەزار کەس لەبەر باران بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەرکەوتنتان بوون تا بۆ چەند ساتێك بتانبینن... باشە تۆ بڵێی ئێستا هەمان جەماوەرو هەمان پشتگیریتان هەبێت ؟!

کەواتە بۆچی بەخۆتاندا ناچنەوەو بەخۆتان لەو راستییە ناکۆڵنەوە تا بزانن خەڵك هەست بەچی دەکەن و داوای چی دەکەن! تکام وایە وەکو ئەوسا دڵی خەڵك نەك جەستەیان، بەلای خۆتاندا رابکێشنەوە...

بەڕێزان هەردوو سەرکردەی کورد:

ڕۆژگارو تاقیکردنەوەکان ئێوەی قاڵکردووەو پێویستیتان بەئامۆژگاری نەماوە، بەڵام خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە راوێژ بکەین منیش ئەگەر لەو بڕوایەدا نەبم کەدەستپێوەندو پاسەوانەکانتان دیواریکیان بەبیانووی پاراستنتان دروستکردووەو تەنها هەواڵەکان لەم ولەو دەبیستن، ئەوە بەم نامەیە قسەم لەگەڵتاندا نەدەکرد.

تێکشکاندنی ئاواتی دەوڵەتانی دراوسێو بەرژێنی حزبو لایەنە نەیارەکانی ئیدارەی کوردی تەنهاو تەنها لەرێی یەکخستنی ڕیزەکان دەبێت، ئەوەش لەرێی نیازپاکیو راستگۆییو رێگەنەدان بەئیدارەی ئەمەریکی کەقسەی خۆی بەسەرتاندا زاڵ بکاتو ناچارتان بکات لەبەرچاوی جیهان وەك برای تەبا دەرکەون.

بادیدارەکانتان راستگۆبێت نەك مادەیەکی ئیعلامی، بزیا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو لیژنەی مەرکەزیتان پێکەوە بەهەمووی کۆمیتەو بارەگا حزبەییەکاندا دەگێڕا بەتایبەتی بۆ بارەگای حزبە نەیارەکانی وەکو پارتی پارێزگاران وە بنەماڵەی خدر ئاغا سورچی کە لەئەنجامی شەڕی ناوخۆ چەرمەسەرییان بەسەرهات.

تکام ئەوەیە هەرچی زووترە تەنسیق بکەن بۆ یەکگرتن بۆ پێکهێنانی پتەوترین هێز لەکوردستاندا کەهەموان سڵی لێدەکەن، ئنجا دوژمن لەپێش دۆست ناچار بکەن حساب بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکاتو ستافی ئەوئیدارەیە، مێژوو لەتۆماری قارەمانو مەزناندا رێزیان بکات.

لەکۆتاییشدا، ئەگەر رێگەم بدەن ڕووداوێك بەنموونە دێنمەوە کە لەمێژوودا ڕوویداوە هیوادارم ئێوە بگرێتەوە.

لەسەردەمی پاشایەتیدا، بەڕێوەبەری ناحیەی دەربەندیخان دەرەبەگێکی بانگ کردبوو تاچیتر خۆی بەسەر خەڵکدا نەسەپێنێت و زەوییەکانیان نەخاتە ژێر دەستی. دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بەڕێوەبەری ناحیە فەرمانیدا کەدەرەبەگەکە زیندانی بکرێت، ئەویش بەو هێزو دەسەڵاتەی کەهەیبوو ویستبووی بەرامبەری بوەستێت و زیاد لەوەش رێگە نەدرێت فەرمانەکە جێبەجێبکرێت، بەڕێوەبەری ناحیە گوتبووی: دەی من چ زەرەرێك دەکەم کەتۆ فەرمان جێبەجێ ناکەیت و ناچیتە زیندانەوە، وادەزانیت بۆ من دەچیتە زیندانەوە! من هەموو مەبەستێکم بەدیهێنانی دادپەروەرییە!

بەجێبەجێکردنی ئەوەی دەیخوازم و گەلی کوردستان بەهیوایەتی، پێش هەموو شتێك خزمەتکردنە بەبەرژەوەندیی خۆتان، کەواتە بەڕێزان، هەتا کار لەکار نەترازاوە باش بیر لەمەسەلەکە بکەنەوەو رەنجەکەمان بەفیڕۆ مەدەن.

خوایە ئەتۆ ئاگاداریت ... ئەوە من ئاگادارم کرد.

بژی کورد ... بژی کوردستان

رەفیق پشدەری

خزمەتکاری کوردو کوردستان

پێڕست

بابەت — لاپەڕە